تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

نهێنیەکانی
شەری دووهەمی جیهانی

لە ژیاننامەی بەناوبانگترین سەرکردەی ئەڵمانیدا



سوپاسالار گۆنسەر بلومنتریت

وەرگێڕانی: یاسین هێژا

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.Iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

نهێنیەکانی
شەڕی دووەمی جیهانی

لە ژیاننامەی بەناوبانگترین سەرکردەی ئەڵمانیدا
مارشاڵ فۆن ڕۆنشتد سەرکردەی مرۆڤایەتی

دانانی
سوپاسالار کۆنسەر بلومنتریت
سەرۆکی دەستەی ئەرکانی شەڕی ڕۆنشتد

و/ یاسین هێژا

چاپخانەی ڕۆژهەڵات

- ناوی کتێب : نهێنیەکانی شەڕی دووەمی جیهانی
- ناوی نووسەر : سوپاسالار کۆنسەر بلومنتریت
- وەرگێڕانی ـ یاسین مێژا
- بەرگ : ئاگرین باڵەکی
- ژمارەی سپاردن (١٣٨٧) ساڵی ٢٠٠٧
- نرخ: دینار
- چاپ : چاپی یەکەم ٢٠٠٨
- چاپخانە: چاپخانەی ڕۆژهەڵات
- ناوەندی بڵاوکردنەوە : هەولێر کتێبخانەی ئاوێر

Email: h.daneshfar@yahoo.com
Mob: 0750 449 3561
هەولێر ـ شەقامی ئاراس ـ کۆڵانی سینەما سیروان

سیاسەت هەموو جۆرە خیانەتێك وەبەردەهێنێت، بەڵام هەرگیز خیانەتکاران پایەدار ناکات

"رۆنشتد"

سەرکردە سەربازیەکان زیاتر لەوەی بە خەیاڵماندا دێت شایستەی لاواندنەوەن، جیهان هەمووی لە پێشبڕکێ دایە بۆئەوەی حوکم لەسەر کارەکانیان بدەن، بێ ئەوەی گوێ لە قسەی ئەوانیش بگرن، ڕۆژنامەکانیش زۆر بەکەمی باسیان دەکەن، ڕەنگە لە هەزاران کەس کە حوکمیان دەکەن، کەسێك نەبێ سادەترین مانای سەرکردایەتی بزانێت، هەتاکو هی بچووکترین یەکەش.

فریدریکی گەورە

پاشای ڕووسیا

بەناوی خودای گەورەو میهرەبان

پێشەکی وەرگێڕی عەرەبی

ئەو کتێبە لەساڵی ١٩٥٢ بەزمانی ئەڵمانی چاپ و بڵاوکرایەوە، هەر بە خێراییش بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکان وەرگێڕدرا، ئەمەش لەلایەکەوە لەبەر گرنگی زانیاریەکانی بوو، لەلایەکی دیکەشەوە لەبەر بەناوبانگی دانەرەکە و ئەوەی لەجیاتیشی نووسیوەتەوە بوو.

ئێمەش ئەو کتێبەمان لەزمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی بەئاگاداربوون و زانینی بۆچوون و دیدی ئەڵمانەکان، لەگرنگترین ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، هەروەها دوای ئەوەی لە دید و بۆچوونی هاوپەیمانانیش ئاگاداربووین. بەبەراوردکردنی دیدو بۆچوونی هەردوو لایەن دەتوانین بەئاشکرا دەرەنجامی ڕاستییەکانی شەڕی دووەمی جیهانی ڕوون بکەینەوە.

هەروەها ویستمان لە وەرگێڕانەکە، لە شێوازی نوێی لێکۆڵینەوەی مێژووی جەنگ بگەین کەخۆی لەژیاننامەی سەرکردە بەرچاو و دیارەکان دەبینێتەوە، دانەری ئەو کتێبە باس لەوە دەکات کە گرنگترین شت مێشکی سەربازەکان و ڕۆشنبیرانی سڤیلی جەنجاڵ کردبێ نهێنییەکانی جەنگی دووەمی جیهانییە. هەروەها بەڕاشکاوی و بەڕوونی (وەك شایەدحاڵێك) وەڵامی ئەو پرسیارو گرفتانەی هەڵگیرساندنی جەنگ و لەکاتی جەنگیشدا سەریانهەڵدابوو، دەداتەوە، کە ڕۆشنبیران

لەشیکردنەوەیان دۆشدامابوون و نەگەیشتبوونە هیچ ئەنجامێك. راستی نیازی ئاشتی و شەڕی هیتلەر چی بوو؟ چۆن شەڕ هەڵگیرسا؟ راستینەی سوپای ئەڵمانیا لەسەردەمی هیتلەر چی بوو؟ هێزی پیادەی هیتلەر لەسەرەتای شەڕ چۆن چۆنی دەجەنگا؟ راستی پەیوەندی ئەڵمانیا-رووسیا لەپێش هێرشی ئەڵمانیا بۆسەر رووسیا چۆن بوو؟ بۆچی لەکاتی سەرقاڵبوونی ئەڵمانیا بەشەڕی پۆڵەندا، هاوپەیمانان شەڕیان لە دژی رانەگەیاند؟ کاریگەری بانگەشەکانی ئەڵمانیا لەپێش و لەکاتی جەنگدا چۆن بوو؟ سوپای ئەڵمانیا چۆن سوودیان لەئەزموونی شەڕی پۆڵەندا وەرگرت بۆ راستکردنەوەی هەڵەکانیان؟ راستینەی هەوڵەکانی ئاشتی هیتلەر لەکاتی جەنگدا چ بوو؟ بۆچی ئەڵمانییەکان لێگەڕان بەریتانییەکان لە (دانکرك) بەسەلامەتی بکشێنەوە؟ چۆن شەڕی هەورە تریشقە پراکتیك کرا؟ بەرەو پێش چوونی ئەڵمانییەکان لە فەڕەنسا چۆن بوو؟ هۆکارەکانی رمانی فەڕەنسا چی بوون؟ بۆچی ئەڵمانییەکان لەو کاتەی لەلووتکەی سەرکەوتنا بوون هێرشیان نەبردە سەر بەریتانیا لەناو خاکی خۆیان؟ راستینەی بارودۆخی رووسیا پێش هێرشی ئەڵمانیا چۆن بوو؟ راستی دانانی هێزی ئەڵمانی لەبەرەی رۆژئاوا پێش پرۆسەی دابەزاندن (انزال) چۆن بوو؟ دیکتاتۆر چۆن کۆنترۆڵی کردبووە سەر هێزو سەرکردەکان؟ کاریگەری کەمی سووتەمەنی لەسەر ئاکامی شەڕ چی بوو؟، راستینەی لێهاتوویی ئاژانسی ئیستخباراتی ئەڵمانیا چۆن بوو؟ ئەڵمانیا لەدوا ساتەکانی شەڕدا چۆن بەرگری دەکرد؟ راستینەی رووبەڕووبوونەوەی ئەڵمانەکان لە (ئەردین) چی بوو؟ سیفاتە کەسێتییەکانی هیتلەر چی بوون؟ کاریگەری لایەنگیری (رەگەزپەرستی)

لەبەرەو پێشچوونی سەرکردەکانی ئەڵمانی چۆن بوو؟ راستینەی رۆنشتد،سەرکردەی مرۆڤایەتی چی بوو؟ .....

وەلامی ئەو هەموو پرسیارانە لەم کتێبەدا دەخوێنیتەوە، (ئەوەی باسمان کرد بەشێکە لەوەی دەیخوێنیتەوە). ئەوەشیان شایەدحاڵێك بۆت دەگێڕێتەوە کە دەزانێ چی دەڵێ و قسەکانیشی پێش گوتنیان بەباشی لێکدەداتەوە، هەروەها لەگۆترەو کوێرانە قسە ناکات. تاوەکو خۆشیی خوێندنەوەی ئەم کتێبەت لەدەست نەدەین، ئەوەندە پێویست ناکات زیادەدادڕی بکەین دەربارەی ناوەڕۆکی ئەو کتێبەی کە بەزووترین کات دەیخوێنیتەوە، با هەمووی بۆ خوێنەر بەجێبهێڵین، ئەوەی کردمان هەموو چاکەکەی لە پەروەردگارەوەیە، بۆیە سوپاس و ستایشی پەروەردگار دەکەین.

لیوا روکن

مەحموود شیت خەتاب

پێشەکی چاپی دووەم

چاپی یەکەمی ئەو کتێبە بەخێرایییەکی سەرسورهێنەر لەبازاڕاکان نەما، چونکە ئەوە یەکەمین کتێب بوو دەربارەی شەڕی دووەمی جیهانی، کە بەدیدو بۆچوونی ئەڵمانیەکان خۆیان نووسراوەتەوە، لەرێگەی ژیانی مەزنترین سەرکردەی ئەڵمانی دا کەئەویش (مارشاڵ فۆن رۆنشتد)ە. بڵاوکردنەوەی کتێبەکە لەساڵی ١٩٦٠ بوو، واتە لە لووتکەی لادانی عەبدولکەریم قاسم بوو لە رێبازەکەی، قاسم خۆی بەتاکە سەرکردە دادەنا، خەڵکیش راستینەی ئەویان لەسەرکردایەتی دەناسی، بۆیە قاسم وا بانگەشەی دەکرد کە کتێبەکە هەرچەند لایەنی باشی سەرکردەی دڵسۆزی تێدایە، بەڵام لەکەسایەتی ئەو دەدات و گومان دەخاتە سەر سەرکردایەتییەکەی کە خۆی بانگەشەی بۆدەکرد. رۆنشتد حزبی نەبوو، خۆی یەکلاکردبۆوە بۆکاروباری سەربازی، کەسایەتیەکی بەهێزی هەبوو، راستییەکانی دەگوت، دید و بۆچوونی خۆی بەڕاشکاوی بۆ هەموو لایەك رادەگەیاند، هەتاکو لای هیتلەریش. رۆنشتد سیفاتی مرۆڤایەتی بەرزی هەبوو کە زەحمەت لەسەرکردە سەربازیەکانی تری ئەڵمان و رووس و بەریتانی و ئەمەریکایی هەبووبێت. رەنگە هەر ئەو سیفاتانەش بووبێتە هۆی ئەوەی حەز بە وەرگێڕانی ئەو کتێبە بکەم. کاتێك رووسەکان لەستالینگراد و ناوچەکانی دیکەی بەرەی رووسیادا هەندێك سەرکردەی ئەڵمانیایان بەدیل گرت، بەشێك لەو سەرکردانە کۆمەڵەی (ئەڵمانیای ئازاد) یان لە رووسیا پێکهێنا و پڕوپاگەندەیان لەدژی ئەڵمانیا بۆ رووسەکان دەکرد. هەرچەندە رۆنشتد نە لەگەڵ هیتلەر و نە لەگەڵ

رژێمەکەشی هێندە کۆك نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئیدانەی خیانەتی ئەو سەرکردانەی کرد لەخاك و نیشتمانی دایکیان، بەدیدو بۆچوونی رۆنشتد کارەکانی ئەو خیانەتکارانە تەنها ئەوە نەبوو کەنهێنی سەربازی ئاشکرا دەکەن، بەڵکو لەوەش زیاتر خیانەتێك بوو دەبووە هۆی گیان لەدەستدانی زۆرێك لە سەربازە ئەڵمانیەکان لەبەرەی رۆژهەڵات. بۆیە جارێك کە رۆنشتد لەبارەگای سەرکردایەتی رۆژئاوا بوو، گوێی لە پڕوپاگەندەی کۆمەڵەی (ئەڵمانیای ئازاد) بوو، یەکسەر گوتی: (سیاسەت هەموو جۆرە خیانەتێك وەبەردەهێنێت، بەڵام هەرگیز خیانەتکاران پایەدار ناکات) ئەو رستەیە کەمانایەکی قووڵ و بەرزی هەیە، سەرخۆشی کردم و هانیدام ئەو کتێبە وەربگێڕمە سەر زمانی عەرەبی و بیخەمە بەردەستی خوێنەران. لە وەرگێڕانی ئەو کتێبەدا عەمید روکن مونیر فەهمی ئەلجەراح و مامۆستا عەبولڕەحمان مەلاح بە سوپاسەوە هاوکاریان کردم، بەمەش وەرگێڕانەکەم لەبێ خەوشی نزیك بووەوە. ئەگەر هاوکاریەکانی ئەوان نەبووایە ئەو کتێبە ئاوا و بەو شێوازە وردەو بەدیقەت نەدەکەوتە بازاڕەوە، سوپاسی بێ پایانم بۆ پەروەردگار کە یارمەتی دام لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە.

لیوا روکن

مەحموود شیت خەتاب

پێشەکی

بەپێنووسی مارشاڵ فۆن رۆنشتد

لەو سێ ساڵەی کە لە ئینگلتەرا زیندانی بووم زۆر کەس هانیان دەدام چیرۆکی ژیانم بنووسمەوە هەمیشە ئەوەم رەتدەکردەوە،چونکە دەترسام خەڵك بەهەڵە واتێبگات کە من دەمەوێ خۆم بێتاوان پیشان بدەم یاخود رووداوەکان لەبەرژەوەندی خۆم شیبکەمەوە. هەروەها من نامەوێ بەرگێکی دیکە بخەمە بازاڕەوە، چونکە ئەوەندە شوێنە نەماوە بۆ کتێبێکی دیکە. لێرەشدا پێویستە ئەوەش بڵێم کەمن هەرگیز هیچ شتێکی ژیانی خۆم نەنووسیوەتەوە، هەروەها هیچ بەڵگەنامە و شتی وام کۆنەکردۆتەوە. ئیستاش بۆ یەکەمجار تکاو داوای کۆمپانیای (ئۆدهەم) بۆ چاپ کردن رازیبووم بەلەچاپدانی ئەو کتێبە کە دانەرەکەی ئەفسەری روکنی حەرکات لە بارەگای من بوو بۆماوەی چەند ساڵێك کەرابووردا، دواتریش بووە سەرۆکی دەستەی ئەرکانی لای من و هەمیشە وەك و سەرباز و هاورێیەك لەنزیکمەوە بوو، من هاوڕام لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە لە نێو ئەم کتێبەدا هاتووە، بەڵام بێگومان باسی سیفاتی کەسایەتی خۆم بۆ ئەو لێگەڕاوە تاوەکو چۆنی بوێ ئاوا بکات. لێرەدا حەز دەکەم ئەوەبڵێم کە لەکاتی زیندانیمدا لە ئینگلتەرا لەلایەن بەریتانی و ئەمەریکییەکان مامەڵەیەکی گونجاوم لەگەڵ کراوە. هەروەها زۆر لە ئینگلتەرایی و ئەمەریکی و نەتەوەکانی دیکە رێزی منیان گرتووە و سەرپەرشتییان کردوومە لەوکات، کە ناتوانم لێرەدا پاداشتیان نەدەمەوە و سوپاسیان نەکەم. دواڕۆژ وا پێویست دەکات لەسەر نەتەوەکان

ئاڕاستەیەکی هاوبەش بۆ یەکگرتنی ئامانجەکان هەڵبژێرن. خۆزگە خوای گەورە پاڵپشتی مرۆڤایەتی دەکات لە هەڵبژاردنی کارە دروستەکان. بەڕاستی ئێمە هەمووومان تاوان و گوناهمان ئەنجام داوە، کەوا پێویست دەکات، بەڵکو دەبێت لەبیر خۆمانی ببەینەوە. لەبەر ئەو هۆیە ئەوەی لەو کتێبەدایە یەکانگیرە لەگەڵ ئارەزووەکانی من و دانەریش. ئەو کتێبە بە هیچ شێوەیەك شوورەیی و نەنگی بۆ هیچ نەتەوە و کەسێکی تایبەتی تێدانییە، پێویستە شارەزایی و خیبرەی ژیان فێرمان بکات کەوا قەزاو قەدەر لە هەوڵی مرۆڤ بەهێزترە.

فۆن رۆنشتد

پێشەکی دانەر

بەپێنووسی لیوا کونسەر بلومینتریت

زۆر خۆشحاڵ بووم کاتێ مارشاڵ فۆن رۆنشتد رێگای دام دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی وەکو مرۆڤێك و سەربازێکی ئەڵمانیا بنووسم، هەروەها ئەو کارانەی کە کردوویەتی وەك سەرکردەیەکی هەرەمەزنی ئەڵمانیایی. لەگەڵ رۆنشتد وەکو دوو هاورێی خۆشەویست بەیەکەوە ژیاین و بەگیانی سەربازی و راستگۆیی لەخۆشی و ناخۆشی، لەرۆژانی ئاسایی و توندوتیژیی بەیەکەوە بووین. جاری یەکەم لەساڵی ١٩٢٦ بوو کە مارشاڵ فۆن رۆنشتدم ناسی، ئەوکات فەرماندەی کەتیبەی پیادەی ١٨ ی هەڵوەشاوە بوو، لەشاری بادربۆرن(Baderborn)، بەلاّم لەساڵی ١٩٣٢-١٩٣٣ کە پەیوەندیم کرد بە دەستەی ئەرکان، کەبارەگاکەی لە بەرلین بوو، ناسیاوەتیم لەگەڵی بەهێزتربوو، بەلاّم لەوەش زیاتر، ئەوکاتە بەتەواوەتی ناسیم کە لەشەڕی دووەمی جیهانی بەیەکەوە بووین و لەوکاتەش کە هەردووکمان دیل بووین لەدوای جەنگەکە.

هەر لەو کاتەی لەساڵی ١٩٣٩ جەنگ دەستی بێگرد تاکو تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر) ی ساڵی ١٩٤٠ پلەی ئەفسەری یەکەمی روکنی حەرەکاتم هەبوو لە بارەگای مارشاڵ فۆن، ئەوکاتەش پرۆسەی شەڕی پۆلۆنیاو شەڕی بەرەی رۆژئاواش لە گۆڕێدا بوو، لە کۆتایی ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٢ بوومە سەرۆکی دەستەی ئەرکانی بارەگاکەی، هەر لەو پلە و پایەمدا مامەوە تا سەرەتاکانی ئەیلوولی (سێپتێمبەر) ی ساڵی ١٩٤٤،

دوا جاریش لەژێر سەرکردایەتی ئەو بوومە فەرماندەی یەکێك لەو تەشکیلاتانەی بەرەی رۆژئاوا، پاشانیش بەشداری چارەنووسیم کرد لەکاتی دیلیەتی لە ئینگلتەرا. ئەو پیاو بوو، وەك پیاوانی دیکە نەبوو، پیاوێکی مەزن بوو خاوەن رەوشتێکی بەرز بوو. ئەو کتێبە ژیاننامەی مارشاڵ فۆن و، بە کورتی لایەنی مرۆڤایەتی ژیانی مارشاڵ فۆن پیشاندەدات، لەگەڵ ئەو پرۆسە سەربازیانەی کە لە شەڕی دووەمی جیهانی ئەنجامی داون.

بەگشتی مارشاڵ هەموو شتێکی لە کردەوەکانی رابردووی لەیاد ماوە، کە گۆڕەپانەکەی و ئەوەی لە ئەستۆی ئەو دابووە بێتاوانی دەسەلمێنێت، بەڵام چاوپۆشیش لەوە دەکات کە شەخصی خۆی رووبەڕووی زوڵم و شەڕانگێڕی بووبووەوە، ئەو واتە(مارشاڵ فۆن) هیچ کەسێك تاوانبار ناکات، چونکە لە دواڕۆژ دەڕوانێ، نەك لە رابردوو. بۆیە کتێبەکەم یەکانگیرە لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانی ئەو و خۆشم. هیوادارم ئەم کتێبە ڕێگای ئاشتی رووناك بکاتەوە بۆ دواڕۆژ.

کۆنسەر بلومنتریت

لیوای پیادە

بەشی یەکەم

خێزانەکەی و ڕۆژانی یەکەمی

زانیاریەکانی ئەم بەشە، لە رائید (پێشەوای یەکەمی خانەنشین) ئۆدوفۆن ڕۆنشتد برای مارشاڵ فۆن ڕۆنشتد وەرگیراوە، کە ئێستا تەمەنی ٧٤ ساڵە و لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە و ساڵانێکی زۆرە خانەنشین کراوە، ئەو برایە بەشداری کردووە لەگەڵ تاکە کوڕی مارشاڵ ڕۆنشتد (دکتۆر و مێژوونووس خوالێخۆشبوو فۆن ڕۆنشتد) کە لە ساڵی ١٩٤٨ کۆچی دوایی کردووە، لە نووسینەوەی کورتەیەکی ژیانی مارشاڵ فۆن ڕۆنشتد. ڕەنگە زۆر کەم ببیندرێ مارشاڵ فۆن ڕۆنشتد باسی مێژووی کۆنی خێزانەکەیان بکات، هەتاوەکو لە بازنەی هاوڕێ هەڵبژاردەکانیش. چونکە لە سروشتەوە رقی لە قسەکردنە دەربارەی خۆی، ئەوانەی پەیوەندیشیان لەگەڵی هەیە دەزانن ئەو هەرگیز ئاماژە بەخۆی ناکات، تەنها بە رەخنە لەخۆگرتن نەبێت. بۆیە ئەستەمە لەو کتێبەدا بە وردی وەسفی نەریتی خێزانەکەی بکەین، کە بۆ نزیکەی ٨٥٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، لە کوێ و کەی یەکەم فۆن ڕۆنشتد ژیاوە ؟ چی بەسەر هاتووە ؟ هەموو ئەوانە بۆ ئەمڕۆ نەزاندراوە. بۆ یەکەمجار ناوی خێزانی ڕۆنشتدی یەکەم لە دیکۆمێنێکی دەستنووسدا هاتووە کە (برینکان) ی سەرۆکی تەشریفاتی مەترانی ناوچەی (هالبرشتات) کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئەلپ لە ڕۆخی باکووری ڕۆژئاوای چیای (هارز) کە ئەوکات بەشێك بووە لە دەوڵەتی کۆنی ئەڵمانیدا، دایناوە. ئەو (برینکان)ە، ناوی لە تۆمارە فەرمیەکانی ساڵی ١١٠٩ز هاتووە، بەشێکی ئەو بنەماڵەیە لە بەهێزکردنی کۆڵگەکانی نەتەوەی ئەڵمانی لە هەرێمی (براندنبێرگ) ی ڕۆژهەڵاتی ئەلپ

بەشـداریان کـردووە، هـەروەها لـە سـاڵی ١٣٣١ لقێکـی ئـەو خێزانـە سیستـەمێکی دەرەبەگایـەتیان لـە نزیـك (سـتندال) ی رۆژئـاوای ئـەلپ دامەزرانـدووە، کـە تـا سـاڵی ١٩٤٥نـاوی بنەماڵـەی رۆنشـتدی بنچـینەیی (اصلی) لە هەرێمی هارس دۆزرایەوە، ناوی ئەو بنەماڵەیـە لـە پاشمـاوەی قەڵای کۆنی نزیك (هالمشتاد) بە جێگیری مایەوە، کە لـە کـاتی ئێسـتادا رووسەکان خاڵێکی کۆنترۆڵیان لەوێ هەیە.

ئـەوەی پێویسـتە لێـرەدا بیڵـێین ئەوەیـە کـە نێرینـەکانی بـەرەبابی رۆنشتد هەمیشە و بە درێـژایی سـەدەکانی رابـردوو پیـاوی سـوپا بوونـە. ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەروەها لە سەرەتاکانی چەرخی نوێـدا تاڕادەیەکی زۆر لەلایەنی رۆحی و فکریـەوە رۆژئـاوایی بوونـە، هەرچـەندە سنوورێکی سیاسی لە نێوان حکومەتەکانیانـدا هـەبووە، بـەڵام ئاڕاسـتەی "ئەوروپایەکی یەکگرتوو" بۆ هەمیشە لەبەرچاوان بووە بەشـێوەیەك کـە شـایەنی گرنگـی پێدانـە. دوا جـاریش لـە کـاتی بەدەرکـەوتنی وڵاتـانی نەتـەوەیی لـە ئـەوروپا، دووبـارە، داب و نـەریت و کەلـەپووری رۆمـانی و پاشمـاوەی سـەدەکانی ناوەڕاسـت بـەرەو نـەمان چـوون. بـەرەبابی "رۆنشتد"یش لەمە بەدەر نەبوو، بەڵکو لەگەڵ زۆربەی بنەماڵـە ئەڵمانیـە کۆنـەکان لەمـەدا بەشـدار بـوو. لـەماوەی نزیکبوونـەوەی نێـوان وڵاتـانی ئەوروپایی لە سەردەمی ئیمپڕاتۆر شـارلی پێنجـەم، دەبیـنین لـەو کاتـەدا پیاوانی ئەو بەرەبابـە چوونە نـاو سـوپای رایخـی ئـەڵمانی، هـەروەها لـە سلکی سوپای زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوایی بەشداریان کـردووە. بـۆ نموونـە، مارشاڵ هانی فۆن رۆنشتد لـە ژێـر سـەرکردایەتی (ولیـەم ئـۆرانج) لەگـەڵ هۆڵەندییەکان دژی ئیسپانیەکان جەنگاوە، هەروەها کاتێ سوپای رووسیا

له سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا دروست بوو، شتێکی ئاسایی بوو کە زۆربەی پیاوانی ئەو بەرەبابە بخزێنە ناوی.

هەروەها جارێکی دیکە عەقید (جواخین فۆن رۆنشتد) لە ساڵی ١٧٤٦ دەچێتە خزمەتی (هیسییەکان) و لە ئوسکتلەندا دەچێتە پاڵ بنەماڵەی (ستیوارت) کە خەباتیان دەکرد بۆئەوەی دەست بەسەر سوپای حکومەتی ئینگلیزیدا بگرن. هەروەها بەرەبابی رۆنشتد لە گشت شەڕەکانی بڕووسیا شانبەشانی سوپای بڕووسیا بەشداریان کردووە، تەنها لە شەڕی سەربەخۆیی ئەڵمانیا نەبێت کە لە ساڵی ١٨١٣-١٨١٥ هەڵگیرسا.

لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا لەو بەرەبابەدا هیچ نێرینەیەك نەبووە کەپێگەیشتبێ و بەشداری لە شەڕی ١٨١٣-١٨١٥ شەڕی سەربەخۆیی ئەڵمانیا کردبێت.

بەم شێوەیە دەبینین نەوەکانی ئەم بەرەبابە کە ریشەکەیان بۆ ساڵی ١١٠٩ دەگەڕێتەوە بە زۆری پیشەی سەربازیان لە سوپای وڵاتانی رۆژئاوا کردۆتە پیشەی خۆیان. بۆیە دواجاریش دەبینین چۆن مارشاڵ فۆن رۆنشتد دەستی گرت بەسەر داب و نەریتی سەربازی بەرەبابەکەیان.

هەموو کەسێك سیفاتەکانی لە منداڵی بۆ بە میرات دەمێنێتەوە، ئەوەی بیەوێ لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی هەر کەسێك بکات، دەبێت لە رۆژگاری منداڵی و ئەو ژینگەیەی لێی ژیاوە بکۆڵێتەوە. (کرید فۆن رۆنشتد) لە ١٢ی کانوونی دووەم (دیسێمبەر) ی ساڵی ١٨٧٥ لە (ئەسکیرس لیبن) ی رۆژئاوای (کویدلنبرگ) لە دایك بووە، لە نێوان چوار برادا ئەو نۆبەرە بووە، ئەو کاتە باوکی (ملازم) بووە لە کەتیبەی سوار

چاکی پاشای بڕووسیا. بەڵام دایکی (نی فیشەر) کە کچی عەمدەی هەرێمەکە بووە لە نزیك (ماکدبرك) لەو کاتەی کە دایکی ڕۆنشتدی کوڕە گەورەی بوو تەمەنی بچووك بوو، بۆیە هانای وەبەر بەخێوکەرێکی ئینگلیزی برد بۆئەوەی هاوکاری بکات لە بەخێوکردنی منداڵەکەیدا، بەمەش ڕۆنشتد هەر لە خۆوە و بەبێ ئەوەی هەست پێبکات زانیاری لەسەر زمانی ئینگلیزی پەیداکرد، هەروەها زۆر داب و نەریتی ئینگلیزەکانیشی وەرگرت. بەرەبابی فیشەر کە دایکی فۆن ڕۆنشتد وەچەکەی دەچێتەوە سەر ئەوان، لە (هیکنۆتەکان)ە، کە لە فەڕەنساوە بۆ ئەڵمانیا ڕایان کرد (بەهۆی چەوساندنەوەی ئایینی. ڕۆنشتد زۆربەی سیفەتەکانی لە دایکی وەرگرت وەك ئەوەی زۆربەی جار منداڵ سیفەتەکانی دایکی هەڵدەگرێت. لەو سیفەتانەش کە لە دایکی وەریگرت، ئازایەتی و بوێریەکی ڕاستگۆیانە بوو کە لە خوێنی هیکنۆتەکانی باپیرانی دایکییەوە هەڵقوڵابوو.

براکەی ئاوای لەسەر نووسیبوو: "ڕۆنشتد زیرەکیەکەی لە دایکی و گیانی سەربازیەکەشی لە باوکی وەرگرتبوو، هەروەکو باوە و ئاساییە لە پەروەردەکردنی منداڵی نۆبەرەدا، ئەوەی بتوانرێ لە زیرەکی و بلیمەتی و زرنگی پێی دەدرێ، بەمجۆرە گەیشتە ئاستێکی بەرز لە ڕەسم و مۆسیقا، بەڵام دەربارەی توانستی لە تەقلیدکردن، ئەوا لە ڕامان لە قسەی خەڵکانی دیکە سوودی وەرگرت.

"ڕۆنشتد ڕەوشتە ژیربێژیەکەی تا دواساتی ژیانی پاراست، ئەو کاتانەی کە لە بارێکی باش بێت و بە ڕەوشتە بەرزەکانی لەگەڵ خۆشەویستانی دەبێت کە ئارەزووی تێکەڵ بوونیان دەکات، تەنها بە زمانی ئەڵمانی باو قسەی نەدەکرد، بەڵکو بە زمانی هەموو گەلانی دیکە

قسەی لەگەڵ دەکردن، نە ئەڵمانیەکان بە خۆیان و نە بێگانەکانیش نەیاندەتوانی کۆنترۆڵی بێگەنینیان بکەن، بە تایبەت لەو کاتانەی کە رۆنشتد دەیەویست بە بێگەنینیان بهێنێت بە شێواز و لۆژیکە تایبەتییەکەی.

"رۆنشتد خۆی زۆر بەکەمی پێدەکەنی، بەڵام بێ لێکدانەوە بە خێرایی نوکتەی خۆشی دەگێڕایەوە، تا ئەوکاتەی لە کۆلێژی سەربازیش بوو (وەکو براکەی دەیگێڕێتەوە) لاسایی هەڵسوکەوت و جووڵەی سەرکردەکانی دەکردەوە، لە کۆتاییش ئەو توانستەی "لاسایی کردنەوە" لەسەر جوڵە و هەڵسوکەوتی هندنبرغ و هیتلەریشی جێبەجێکرد و لاسایی کردنەوە. (ئەو کاتەی باوکی رۆنشتد بۆ کەتیبەی سوارچاکی سێزدە لە شاری مینز گواسترایەوە، چووە قوتابخانەی دواناوەندی ئەو شارەوە، دوای دەرچوونیشی لەوێ پەیوەندی بەزانکۆوە کرد.

" هەروەها لەمەلەوانگەی سەربازی لەسەر زێی (راین) نزیك مینز، رۆژێك جێ نشینی پاشا، شازادە فریدریك لەوێ بوو، کە زۆری پێنەچوو بوو، ئیمپراتۆر فریدیریکی زاوای مەلیکە فیکتۆریا، ئەوکاتە فریدریك لە مینز بوو بە مەبەستی پشکنینی بەشەکانی سەربازیەوە، لەحەوزەکە یاری لەگەڵ ئێمەی منداڵ دەکرد، بێ ئەوەی ئێمە ئەو کەسە بناسین، لەوکاتەدا ئەو تەمەنی لە ئێمە گەورەتر بوو.

"لەو کاتەدا تەنیا پردی بۆنتۆن هەبوو لەسەر زێی راین، کە پێویستی دەکرد جارجارە بەرزبکرێتەوە تاکو بەلەم و پاپۆڕەکان بتوانن بە ژێریدا بڕۆن، ئەمەش هەستی ئێمەی بزواند و خەیاڵی دوارۆژمان بۆ هات،

براکەم وای بە بیر داهات کە بووەتە (مارشاڵ لە سوپا) و سەرکردایەتی سوپایەك دەکات کە بەرەو باکوور بۆ پێشەوە دەڕوات، منیش (برای رۆنشتد) وام بە بیر داهات کە بوومەت (ئەدمیرال) لە دەریاوانی و کەشتیگەلێکی سەربازی بەڕێوە دەبەم، لە رۆخی رووباریش برای سێیەممان (ئایبەرهارد) بە کڵاوە فراوانەکەی خۆی وەکو فاڵگرەوەیەك خۆی دەنواند.

"بەڕێز (هاربنکتۆن) موڵکێکی لە نزیك مینز کڕی، دۆگلاسی کوڕیشی لە خوێندندا لەگەڵ فۆن رۆنشتد بوو بوونە هاوڕێی یەکتر، چونکە دەیانتوانی بەئینگلیزی قسە لەگەڵ یەکتر بکەن.

"رۆژێك لە رۆژان دۆگلاس ویستی شەڕ بە یەکێکی قوتابخانەکەیان بفرۆشێ چونکە حەزی بە هاوڕێیەتی ئەو نەدەکرد، بۆیە بڕیاریدا لە رۆژی لە دایکبوونی ناحەزەکەی بە یاریەك کە لە شێوەی مەدفەع بوو تۆپبارانی مێزەکەی بکات، بۆیە دۆگلاس و رۆنشتدی برام داوایان لێکردم منیش بەشداریان بکەم لەم کارەدا، بەڵام رەشەبایەکی توند لەناکاو هەڵیکرد و ئاستەنگەکەی تێکدا و بە ناچاری ئەوانەی داوەت کرابوون چوونە ژوورەوە، بەم شێوەیە پیلانەکەمان سەرینەگرت.

(هەندێ منداڵی بچووکیش ویستیان سوود لە بارووت وەربگرن بۆئەوەی پردێکی بچووکی سەر یەکێك لە زێیەکانی راین بتەقێنەوە، بەڵام ئەمەشیان فەشەلی هێنا بەهۆی نقووم بوونی ئەو بەلەمەی کە پیلانگێڕان بڕیار بوو سوودی لێوەربگرن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پیلانە.

ئەم یادگاریانە.... ئەو یادەوەریانەی منداڵیی رۆنشتد بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دوور لە کۆت و بە ئازادی ژیاوە، هەر لەو ماوەیەشدا رۆنشتد

بڕیاریدا ببێتە سەرباز وەك ملکەچ کردنێك بۆ نەریتە کۆنەکان کە وەکو نموونەیەکی بەرز لە مێشکی جێگیربوو بوو. هەر لە مینز باوکی مارشاڵ بۆ فرانکفۆرت گواسترایەوە وەك یاریدەدەری پیادەی ٢٢ کە ساڵی ١٨٨٦ بارەگاکەی لە سەربازگەی فرانکفۆرت بوو "لە وڵاتی میسر لە جیاتی یاریدەدەر، ئەرکانی شەڕ بەکاردێت- تێبینی وەرگێڕی عەرەبی" ، هەروەها لە ساڵی ١٨٨٨ فۆن رۆنشتد و براکەی پەیوەندیان بە فێرگەی قوتابیە سەربازییە نوێکان کرد لە (ئۆرانین شتاین) . ئەو منداڵە کە هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە ١٣ ساڵی بەرگەی مەشقێکی سەربازی دژواری گرت، کە لەوکاتەی سوپای بڕووسیا ئەم جۆرە مەشقە دژوارەی لەسەر قوتابیانی فێرگەکە جێبەجێ دەکرد، هەر لەو رەوشەدا بوو کە رۆنشتدی بچووك سەرەتا هەستی بەوە کرد کە زۆر پەرۆشی کەس و کارەکەیەتی. لەو ماوەیەدا و بەتایبەتیش لەو فێرگە ئەسپارتیەدا وا باو نەبوو کە براکان بە نێوی شەخصی بانگی یەکتر بکەن، بەڵکو وا باوبوو بە نێوی خێزانەکان بانگی یەکتر بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو برا (کوڕەکانی رۆنشتدی باوك) بەم نەریتە پەیوەست نەبوون و هەر بە نێوی کەسێتی خۆیان بانگی یەکتریان دەکرد.

لە ساڵی ١٨٨٩ رۆمانی (کلیشت) نێوبراو بە (هێرمان شلاخت) لەسەر شانۆی فێرگەی سەربازی نمایش کرا، لەو نمایشەدا فۆن رۆنشتد رۆڵی مارشاڵ (فاروس) ی رۆمانی بینی، لەکاتی زۆرانبازی بە شمشێر دژی نوێنەری شازادەی ئەڵمانی کە شمشێرێکی راستەقینەی یابانی لە جۆری (سامۆرای)پێبوو، شمشێرێك بە کڵاو (خوزە) ی کاغەزیی رۆنشتد کەوت و سەری بە شێوەیەکی خراپ زامدار کرد. لە ساڵی ١٨٩٠ فۆن رۆنشتد بۆ کۆلێژی سەربازی قوتابیە دێرینەکان لە (لیختەر فیلد) گواسترایەوە و

لـەوێ مەشـقێکی زۆر دژوارتـری بـینی، هـەر لـەوێ لەگـەڵ هاوڕێکـانی بەشـداری لـە ڕێـوڕەسمی گـۆڕینی ئێشـکگر(پاسـەوان) ی کـرد. هـەروەها کاتێ قەیسەر داوای هێزی یەدەکی کرد بۆ خزمەتی سەربازی، قوتابیـانی کۆلێژی سەربازی لەگەڵ هێـزی یـەدەك بەشـداریان لـە مەشـقی سـەربازی (مناوەرەکردن) کـرد، کـاتێکیش مارشـاڵ فـۆن (مۆلتکـە) ی بەتەمـەن لـە ساڵی ١٨٩١ کۆچی دوایی کرد، قوتابیـانی کۆلێـژی سـەربازی لـە هـەردوو لای شەقامەکە بەڕێکی وەستان و تابووتەکە بە نێوانیاندا تێپەڕی، ساڵێك پێشـتریش واتـە سـاڵی ١٨٩٠ نمایشـێکیان لەبـەردەم بینایـەی دەسـتەی ئـەرکانی گشـتی کردبـوو بـە بۆنـەی ٩٠ سـاڵەی لـە دایـك بـوونی مارشـاڵ (مۆلتکە) .

دەربارەی راستینەی منداڵێتی رۆنشتد، ئەوا براکـەی کـە لـە کۆلێـژی سەربازی لە گەڵیدا بووە، ئاوا باسی دەکات: "چاودێریکردن لە کۆلێـژ بـە شێوەیەکی باش نەبوو، هەروەها پێداویستیەکانی یاساش لەلایەن هەنـدێ مامۆستاوە فەشەلی هێنابوو، رۆنشتد بەشداری قوتابیانی دیکـەی دەکـرد لە یاریکردن لەپۆلێ (ڕۆژێك لە ڕۆژان مامۆستایەك لە دەرگای پۆل کـەوت، رۆنشتدیش بەناوی خۆی بانگی کرد و پێی گوت : (ئێستا دێیتە پۆل یـان لە کۆڵمان دەبیتەوە؟!! ئینجا مامۆستاکە کـە دکتـۆر (رایـخ) بـوو نـاوی رۆنشتدی وەك سزایەك لە تۆمـاری تاوانبـاران نووسـی و ئـەم تێبینیەشـی بەرامبەر ناوەکەی نووسی: (رۆنشتد چەقاوەسـوو وسـەخت و توندوتیـژە) کاتێکیش ئەو تۆمارە درایە چاودێری سەربازی کە پلەکـەی پێشـەوا بـوو، ئەو تێبینییەی بە پیاهەڵدانی رۆنشتد حیساب کـرد و مۆڵـەتێکی تایبـەتی پێدا تاوەکو لە بـەرلین بەسـەری بـەرێت. وەك بـاو بـوو پشـووی هەفتانـە پـاش نوێـژی یەکشـەممە لـە کەنیسـە دەسـت پێـدەکات، لەیـەکێك لـەو

پشووانە، رۆنشتد هەولّیدا زووتر پشووەکەی وەربگریّ، بۆیە وای نیشـاندا کە دەیەویّ یاوەری داپیرەی بکات لە سواری ئەسپ بـوون لـە دارسـتاندا، ئەمە لە کاتێکدا بوو کـە داپـیرەی لـە نەخۆشـخانە کـەوتبوو، ئـەم جـۆرە نوکتانە لە نێو هاوەلاّنی رۆنشتددا زۆر بلاّوبوون.

سالّی ١٨٩٢ رۆنشتد لە تاقیکردنەوەکان سـەرکەوتوو بـوو و پلـەی نایـب زابتی جـەنگی پـیادەی پێبەخشـرا، لـەو سـەردەمەدا بڕیـاری هەلّبـژاردنی جۆری خزمەت (پیادە- سوارچاکی- مەدفـەعی) بـە ئـارەزووی ئەفسـەرە نوێیە خۆبەخشەکانی دەرچووی کۆلێژی سەربازی بوو. رۆنشتد ئارەزووی لـەوە بـوو پەیوەنـدی بـە بەشـی سوارچـاکی (خەیالـە) بکـات. چـونکە باوکیشی ئەفسـەری خەیالـە بـوو لـە تیپـی (هۆسـار) ،هـەروەها سـیفەتی عەقلّی رۆنشـتد پێکهـاتبوو لـە خێرایـی خـەیالّ و ئەندێشـە و خـۆڕاگری و هەروەها توانای هەبوو بە ئاسانی و بە خێرایی لە ئەرکێکەوە بۆ ئەرکێکی دیکـە بچـێت. ئەمانـە هـەمووی شـیاوی ئـەوەی دەسـەلماند بۆئـەوەی پەیوەندی بە سنفی خەیاڵەوە بکات، بەلاّم بەهۆی کەمی داهاتی خێزانیان کە لە چوار کوڕ بێگهاتووە، نەتوانێت بچێتە ئەم بەشـە بـەهۆی پێویسـت بوونی توانایەکی زۆری ماددی لەم بەشـەدا. بۆیـە رۆنشـتد ویسـتی بچـێتە سنفی (مەدفەعیە) بەلاّم ئـەم ئارەزووەشـی نەهاتـە دی بـەهۆی داواکـاری زۆر ئەفسەرە دەرچووەکان و ئارەزووی زۆریان بۆ ئەم سنفە. لە تـەمـەنی ١٦ سالّیدا نایب زابت فـۆن رۆنشـتد پەیوەنـدی کـرد بـە کەتیبـەی ٨٣ ی پاشایی بڕووسیا لە شاری کاسل، لەوێش وەك هەر (زابت سەفێك) یـاخود وەك هەر سەربازێك بۆ ماوەی ٦ مانگ خزمـەتی کـرد، ئەمـەش نـەریتێکی ئەلّمانی بوو بۆئەوەی لە پەیوەنـدی بـە تـینی ژیـانی سـەربازی بگـات کـە دواتر سـەرکردایەتیان دەکات. سـالّی ١٨٩٢ پەیوەنـدی کـرد بـە کۆلێـژی

سەربازی لە (هانۆڤەر) و لە تاقیکردنەوەکان سەرکەوتنی بە دەست هێنا، لە حوزەیرانی ساڵ ١٨٩٣ بووە ئەفسەر بە پلەی ملازمی دووەم.

بەکورتی باسی ژیانی رۆنشتد لە ماوەی ١٨٩٣-١٩١٤دەکەین: سەربازگەی کاسل بەهۆی بوونی سنفی جودا جودا دەرفەتێکی کەم وێنەی بە رۆنشتد دا بۆئەوەی ئاگادار و شارەزای رێکخستن و شێوازی خزمەتی سەربازی و کارە سەخت و دژوارە رێکوبێگەکانی ببێت، دوای چەند ساڵێك ملازمی دووەم فۆن رۆنشتد گواستراوە شاری (ئەرۆلسن) بۆئەوەی پلەی جێگری کەتیبەی ٨٣ وەربگرێت (ئەرۆلسن) پایتەختی میرنشینی (ولدیك) بوو، کە یەکێك بوو لەو میرنشینانەی کە حکومەتی برووسیا ئیدارەی دەکرد و کاروبارەکانی بەڕێوە دەبرد. بۆیە هیچ کارێك بۆ شازادە نەمابۆوە بیکات، دیوەخانەکەی تەنها بەناوبوو، یاخود وێنەیەکی بچووککراوەی دیوەخانی راستەقینە بوو، لەبەر ئەم هۆیە شازادە کاتێکی زۆری هەبوو، زۆربەی ئەوکاتانەشی وەکو میوانێك لە چێشتخانەی ئەفسەرەکان بەڕێوە دەبرد و پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ ملازمی دووەم فۆن رۆنشتددا هەبوو. بەڵام شێوازی ژیان لەم شارەدا و رادەی لێکچوونی یاساش بە یاسای خێڵەکی، دەتوانین تێبگەین، ئەگەر بزانیت دانیشتووانە باشەکەیان بە خۆبەخش لە رۆژی باراندا ئەفسەرەکانیان لە پشتی خۆیان هەڵدەگرت تاوەکو پێڵاوە پێستە درێژە بریقەدارەکانیان تەڕ نەبن و بە پاکژی بمێنێتەوە، بۆئەوەی شیاو بێت بۆ ئاهەنگی سەمای دیوەخانی شازادە. جارێکیان وا روویدا رۆنشتد لەسەر پشتی پیاوێك کە هەڵیگرتبوو کەوتە خوارەوە و جلك و پێڵاوەکانی هەمووی بە قوڕ بوو، شازادەش بە بەفری نێو شووشەی شامپانیا و دەستەسڕی سەر مێزەکان جلەکانی لە قوڕ بۆ پاککردەوە، لەو کاتەشدا

لـه (ئەرۆلسـن) هـیچ ئوتۆمبێلێـك یـان عارەبانـه کـه ولاغێـك رایبکێشـێت نەبوو! ! له یەکێك لەو ئاهەنگانـه فـۆن رۆنشـتد چاوی کـەوت بـه خـاتوو (ویلـهلمینا) ی شـازاده کـه لـه دیوەخـانی (کۆشـك) ی شـازاده دەژیـا و دواتریش بووه شاژنی هۆلەندا، رۆنشـتد زۆر پێـی سەرسـام بـوو، رۆنشـتد دوای گەڕانەوەی بۆ کاسل له ساڵی ۱۹۰۲ لەگەڵ (لـویز فـۆن کـۆتن) کچـی پێشەوای یەکەمی خانەنشین که لەوێ دەژیا پرۆسـەی هاوسـەری ئـەنجام دەدات، له ساڵی ۱۹۰۳ کوڕێکیان دەبێت نەشونما دەکـات تـاوەکو ببێتـه مێژوونووس نەوەك ئەفسەر، به پێچەوانەی گشت نەریتەکانی خێزانەکەی، چونکه دوای ئەوەی چووه زانکۆ جودا جواداکـان و تاقیکردنـەوەکانی بـه سەرکەوتوویی بڕی و بڕوانامەی دکتۆرای بـه دەسـت هێنـا، لـه کارەکـەی وەك لێکۆڵەرەوە و مێژوونووس خۆی ماندوو کرد تاوەکو شـەڕی دووەمـی جیهـانی هەڵگیرسـاو، هـەر لـه سـاڵی ۱۹٤۳ ەوە لـه گۆڕەپـانی جەنگـدا یـاوەری بـاوکی کـرد. هـەروەها لـه زینـدانی ئینگلتـەراش لەگـەڵ بـاوکی زیندانی کرابـوو، پاشـان لەسـاڵی ۱۹٤۸ لـه هانۆڤـەر کۆچـی دوایـی کـرد، لەسەری ساڵی ۱۹٤۷دەسـەڵاتدارانی بـەریتانی بـه پشـتگیری مۆنتکـۆمری مۆڵەتی به رۆنشتد دا بەمەبەستی ئەوەی چـاوی بـه کوڕەکـەی بکـەوێت و به فڕۆکه له ئینگلتەراوه رەوانەی ئـەڵمانیایان کـردەوە، کـه دواتـر پـاش ماوەیەکی کەم کوڕەکەی کۆچی دوایی کرد.

له ساڵی ۱۹۰۳ ئەو کاتەی رۆنشتد جێگری کەتیبـەی پیـادەی ۸۳ بـوو له تاقیکردنەوەی شیاندن دەرچوو بۆئـەوەی بەشـداری لـه خـولێکی سـێ ساڵه له کۆلێژی ئـەرکانی بـەلین بکـات. لـەو خولـەدا خۆشـترین وانـه لای رۆنشتد وانەی تـەیار کردن (تـەعبیـه) بـوو. پـاش ئـەوەی مـاوەی خولەکـه کۆتایی پێهات رۆنشتد له(دەستەی ئەرکانی گشتی مـەزن) دامـەزرا. پـاش

ئـــەوەی مـــاوەی ســـاڵ و نیوێـــك وەكـــو تاقیكردنـــەوە لـــەوێ مایـــەوە گواسترایەوە بۆ "دەستەی ئەركانی گشتی بەپلـەی پێشـەوا"، بـەگوێرەی یاسـای بـاو لـە سـوپادا پێویسـت بـوو بگەڕێتـەوە بـۆ یەكـەكان، بۆیـە گەڕایەوە و بووە فەرماندەی سـریە لـە كەتیبـەی ١٧ ی پیـادە لـە شـاری (كۆلمار) بالآلزاس.

ڕۆنشتد لە خزمەتكردن بەردەوام بوو بە گوێرەی بنـەماكانی سـوپا كـە بە دیقەت و بە وردی دانراوە و سوپای ئەڵمانیا هەر لە ساڵی ١٨٧١ تـاكو ١٩١٤ جێبەجێی كردووە.

بەشی دووەم

كۆتایی سوپای كۆن

بێگومان جەنگی یەكەمی جیهانی ١٩١٤–١٩١٨ بابەتێكە تا ڕادەیەكی زۆر بە چێژە و بەتامە بۆ مێژوونووس و پیاوی پیشەوەری جەنگ، بەڵام لەكاتی ئێستادا خوێنەری ئاسایی زۆر چێژی لێوەرناگرێ، بۆیە لێرەدا تەنها بە كورتی ڕووداوە سەرەكییەكان باس دەكەین كە پەیوەندی بە كارەكانی فۆن ڕۆنشتدەوە هەیە.

لە ماوەی ئەو جەنگەدا فۆن ڕۆنشتد لەكاتی هەڵایسانی جەنگی یەكەمی جیهانیدا پلەكەی پێشەوا (ڕەئیس) بوو، سەر بە دەستەی ئەركانی تیپی یەدەكی ٢٢ بوو، كە لە بەرەی ڕۆژئاوا ئەركەكانی جێبەجێ دەكرد. ئەو پلەیەش یەكسانە بە پلەی (ئەفسەری ڕوكنی یەكەمی بەشی حەرەكات) لە سوپای بەریتانیا. ئەم تیپە ڕۆڵێكی گرنگی لە شەڕی (مارن) گێڕا. ئەمەش بە لەنێوبردنی ئەو هەوڵەی كە سوپای فەڕەنسا لە پاریس ئەنجامیدا بۆ ئابلووقەدانی باڵی ڕاستی سوپای ئەڵمانی، ئەو تیپەبوو كە توانی لە ئەیلوولی ساڵی ١٩١٤ بچێتە نزیكترین شوێن لە پاریسی پایتەختی فەڕەنسا بە شێوەیەك دەیانتوانی بورجی ئیڤڵ ببینن. ڕۆنشتد لەو ڕۆژگارەدا زۆر چوست و چالاك بوو، بە گوێرەی زانیاری گشتی شایەدحاڵەكان ئەو داینەمۆی تیپەكە بوو، هەروەها سەرچاوەی وردبینی و ئارامی بوو لە سەركردایەتییەكەی، ئەم كارانەش ناتوانرێ بەنرخ هەڵبسەنگێندرێ، بەتایبەتیش دوای ئەوەی فەرماندەی تیپەكە بە سەختی بریندار بوو.

هەروەها کاتێك شەڕی خەندەکەکان لە ڕۆژئاوا هەڵگیرسا ڕۆنشتد لەلایەن حکوومەتەوە لە (ئەنتویرب) دامەزرا. هەروەها لە بەهاری ساڵی ١٩١٥ جارێکی دیکە بە پلەی ئەفسەری روکنی تیپ دامەزرایەوە، دواتر لەبەرەی ڕۆژهەڵات لە هێرشکردنە سەر نیرۆ بەشداری کرد، دوای جموجۆڵەکانیش لە ویێ، فۆن ڕۆنشتد رەوانەی لای حکومەتی گشتی پۆڵەندی کرا کە ئەو کات جەنراڵ فۆن بسلەر حاکمی گشتی ئەویێ بوو، هەروەها لە ساڵی ١٩١٦ وازی لە پلەکەی هێنا لەبەرەی ڕۆژهەڵات و بە سەرۆکی دەستەی روکنی فەیلەق لە کربات لە هەنگاریا دامەزرا. ئەو فەرماندەیەی کە ئەو کاتە سەرۆکایەتی فەیلەقی ناوبراوی دەکرد خۆشەویست نەبوو، بۆیە ئەوکاتەی ڕۆنشتد بۆ یەکەمجار خۆی بەدەستەی روکن ناساند، هەستی بە ساردییەك دەکرد لەلایەن ئەفسەرە روکنەکانی دیکە، ئێوارەیەکیان یەکێك لە ئەفسەرەکان بە بێگەنینەوە بە ڕۆنشتدی گوت (بەڕاستی تۆ پیاوێکی باشی) ڕۆنشتدیش وەڵامی دایەوە و گوتی (بۆچی ؟ ئایا بە پێچەوانەی ئەوە بیرت کردبۆوە ؟) ئەفسەرەکە وەڵامی دایەوە و گوتی: وایە فەرماندە زۆر بە تۆی هەڵدەگوت، ئێمەش دەترساین ئەوەی ئەو بەم شێوەیە مەدحی بکات وەکو ئەو بێت و رەزا قورس بێت. ڕۆنشتد لەو پلە و پایەدا دەرفەتی بۆ رەخسا تاکو سوپای کۆنی نەمسا و مەجەر (هەنگاریا) لەسەر حەقیقەتی خۆیان بناسێت، هەروەها بەهرە و زیرەکیەکەشی بە شێوەیەکی بەرچاو دەرکەوت، ئەو بەهرەیەی تاکو ئێستا سەرکردەکانی ئەڵمانی لێی بێبەشن. ئەو بەهرەیەش بەرهەمی وەڵامدەرە گیانیەکانی بوو لەگەڵ ئەوانەی لەژێر دەستی ئەو کاریان دەکرد، هەروەها ئاکامی حیکمەتەکەی بوو لە سەرکردایەتی کردنی ئەو بەشەی کە لە ژێر فەرمانڕەوایی ئەودا بوو، هەر

کاتێك دەربارەی جەنگی دووەمی جیهانی بدوێم بە بەردەوامی ئاماژە بەو بەهرەیە دەکەم.

لە پاییزی ساڵی ١٩١٧ بە سەرۆکی دەستەی روکنی فەیلەقی ٥٣ لە بەرەی رۆژهەلات دامەزرا. ئەو کاتە ئەو فەیلەقە سەرکەوتنی چاکی بەدەست هێنا بوو، لەبەرەوپێشدابوو تاکو دەریاچەی (بیبس) لەو ماوەیەی کە مابۆوەش لە جەنگەکە، سەرۆکی یەکەمی روکن رۆنشتد بە پلەی سەرۆکی دەستەی روکنی فەیلەقی ١٥ لە بەرەی رۆژئاوا کاری کرد، تا کۆتایی هاتنی جەنگیش هەر لەو پلە و پایەدا مایەوە.

رۆنشتد دید و بۆچوونی کەسێتی بەنرخی خۆی هەبوو دەربارەی بەرێوەبردنی جەنگی ئەڵمانیا لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا. یەك لەو دید و بۆچوونانەش ئەوەبوو کە هۆکاری دۆڕاندنی شەڕی (مارن) ی ساڵی ١٩١٤ ی دەگەڕاندەوە بۆ هۆی لاوازکردنی باڵی لای راستی سوپای ئەڵمانی بەپێچەوانەی پلانی (شلیفن) ی رووبەڕووبوونەوەی یەکەم، هەروەها دەستەی روکنی سەرکردایەتی سوپای ئەڵمانیا بە ئەرکەکانی خۆی لە سەرکردایەتی کردنی بە خۆڕاگری بەجێنەگەیاند، ئەمەش بەهۆی ئەوەبوو بارەگاکەیان زۆر دوور بوو لە پشتەوەی بەرەی شەڕ، هەروەك هۆکارێکی دیکەش هەبوو کە ئەویش کەللە رەقی سەرکردایەتی باڵی راست (فۆن کلۆکە) بوو کە بووە هۆی ئەوەی ئەوباڵە بە گشتی لە هەڵوێستێکی ناخۆش و دژوار دابێت و رزگارکردنی ئەستەم بێت. پەیماننامەی (ڤرسایل) ی ساڵی (١٩١٩) کۆتایی بە نەریت و تەقالیدی سوپای جەرمانی بڕووسیای بەناوبانگ هێنا. ئەو تەقالیدانەی کە لەسەر ئەساسی خزمەتی سەربازی گشتی و پەیوەندار بە سوێندی دڵسۆزی بۆ خاکی باوك و باپیران و پاشایەتی رەها بنیاتنرابوو، ئەو سوپایە سوپای

پاشایەتی بوو، پاشانیش بووە سوپای ئیمپراتۆری، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پەیوەندیەکی ئاسایی لە نێوان ئەفسەرەکان و شەخصی پاشای فەرمانڕەوا دروست بێت، ساڵی ١٨٧١ تاکو ساڵی ١٩١٤، واتە ماوەی ٣٤ساڵ ئەڵمانیا و سوپاکەی بە ئاشتی و دوور لە شەڕ بەیەکەوە ژیان، روون و ئاشکرایە ئەفسەرەکانی سوپا هەمووی لەیەك بێگهاتەی سوپای ناوەخۆ توانەوە، هەروەها لەسەر بیر و بۆچوونی کۆك و تەبا مەشقیان پێدرا، بەهەرحاڵ ئەمەش سلبیاتی خۆی هەبوو، لە هەمان کاتیشدا ئیجابیاتی مەزنی خۆشی هەبوو. رەگ و ریشەی ئەم یەکێتیەش لە بیر و بۆچوون بۆ نەریتە کۆن و ریشە داکوتراوە کۆنەکانی سالانی ١٨٧٠-١٨٧١ دەگەڕێتەوە، ئەو کات (بڕووسیا و بافاریا و رۆتنبێرگ و سەکسۆنیا و بادن و هیس) هەموویان دەوڵەتۆکەی سەر بە ئەڵمانیا بوون و سەربەخۆی و کیانی خۆیان هەبوو کە "پاشا" حوکمی دەکردن بەر لە ساڵی (١٨٧٠) هەروەها سوپاکانیان لەسەر نەریت و بۆچوونە تایبەتیەکانی خۆیان مەشقیان دەکرد. بەچاو پێداخشاندنەوەیەك بەگەشەکردنی ئەڵمانیا لە بوارەکانی مێژوویی و سیاسی،دەبینین بڕووسیا هەنگاو بە هەنگاو بەرەوپێش چووە، بەلام ئەم ڕۆح و سیفاتە تایبەتیانەش دەوڵەتەکانی ئەڵمانیا کە لە ساڵی ١٨٧١ هەبوون تا ساڵی ١٩١٤ مایەوەو پارێزگاری لێکرا، سوپای ئەڵمانی لە ساڵی ١٨٧١ تا ساڵی ١٩١٤ رەنگدانەوەیەکی رژێمی ئەڵمانی ئیمپراتۆری بسمارکی بوو. ئەڵمانیا و سوپاکەی بانگەوازی یەکێتی (فیدراڵی) یان دەکرد بۆئەوەی ئەو دەوڵەتۆکانەی ئەڵمانیا لەژێر سایەی یەکێتیەکی هاوبەش کۆبکاتەوە، لەگەڵ پارێزگاری کردنی ئەو دەوڵەتۆکە ئەندامانە لە سیفاتەکانی خۆیان. بەلام لە واقیعدا ئەو کۆکردنەوەی دەوڵەتۆکانە لە ولاتێکی یەکگرتوو بۆ

کۆکردنەوە و خڕکردنەوەی هێزەکان بوو بۆ جێبەجێکردنی پلانی نەخشە بۆ داڕێژراو. هەموو ئەو دەوڵەتۆکە جیاجیایانە بەتایبەتیش بافاریا خاوەنی مافی تایبەتی خۆیان بوون و دەسەڵاتی سەربەخۆیان هەبوو لە کاروباری ئیداریدا، لەوەش زیاتر سوپای پاشایەتی بافاری نەکەوتە ژێر فرمانی سەرکردایەتی قەیسەری ئەڵمانی تەنها لە تەعبیەی گشتیدا نەبێ، بەڵکو وەك سوپایەکی جیاواز لە چوارچێوەی سوپای یەکگرتوو مایەوە. هەرچۆنێك بێت و هەرچەندیش نەریتی سوپاکانی ئەڵمانیا جیاواز بووبێت، بەڵام لە نێوان ئەفسەرانی جودا جودای سوپادا گونجانێك هەبوو بەرامبەر خواستی پاشایەتی و پلانی گشتی. ئەو نەریتە تایبەتیەی سوپا جودا جوداکانی ئەڵمانیا، کۆنە بە کۆنی نەریتەکانی سوپای وڵاتە ئەوروپیەکانی دیکە، بەڵام سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەهەم، ئەو کاتەی فەڕەنسا ئەو نموونەیە بوو کە هەموو گەلانی دیکە لاساییان دەکردەوە، بۆ نموونە سوپای فەڕەنسایی بە سەرکردایەتی لویسی چواردەهەم وڵاتانی ئەڵمانی لاساییان دەکردەوە، زاراوە هونەریە سەربازیەکانیش بە شێوەیەکی بەرفراوان لە زمانی فەڕەنسی وەرگیرابوون، گرنگە ئەو راستیانە بنرخێندرێن و پیشان بدرێن. چونکە رۆنشتد لە خێزانێك لە دایك بووبوو کە بۆ چەندین سەدە لە ژینگەیەك ژیابوون کە پەیوەندی بە حوکمی پاشایەتی رەها و بێ کۆت و بەند هەبوو. بۆیە ئاسایی بوو رۆنشتد بەرهەڵستی و بەربەرەکانی سۆسیالیستی نیشتیمانی (نازیەت) بکات، لەبەرئەوەی ئەو جیهان و دید و بۆچوونانە زۆر زۆر لەو دوور بوون!! پەیماننامەی (ڤرسایل) ی ساڵی ١٩١٩ کۆتایی بە رایخی کۆنی ئەڵمانی هێناو، پێویست بوو لەسەر پاشا وازبێنێ و دەستبەرداری عەرشەکەی بێت، هەروەها لەسەر ئەڵمانیا

پێویست بوو دوای ئەو ماوە دوور و درێژەی رژێمی پاشایەتی رژێمێکی کۆماری بۆ خۆی بێگ بهێنێت. لە ئاکامی ئەمەش ئەو بنەمایانەی کە سوپا لە سەری وەستابوو لەباریەك چوون و بەرەو نەمان چوون، بۆیە ئەفسەرێکی زۆر خۆیان خانەنشین کرد، دوای ئەوەی رۆژگار رووی وەرگێڕا لەوەی ئەوان وەك شیعار و نموونەیەك بۆ خۆیانیان دانابوو. بۆیە (ڤرسایل) نەك هەر کۆمارێکی نوێی دامەزراند، بەڵکو هێزێکی چەکداری ئەڵمانیشی دروست کرد. ئەو گەلەی کە لە دڵی ئەوروپا دەژیا و لە ٦٨ ملیۆن کەس پێکهاتبوو مافی ئەوەی پێدرا کە سوپایەکی بێگهاتوو لە نزیکەی چوار هەزار ئەفسەر و ٩٦ هەزار سەرباز و پلەداری بچووکی هەبێت، ئەمە بێجگە لەوەی بێبەشیش کرا لە هەموو جۆرە چەکێکی قورس بە تۆپهاوێژی قورسیشەوە، هەروەها بوونی هەژدە کەتیبەی سوارچاکی لە میلاکی سوپاکە بایەخی شەڕکردنی کەمکرایەوە، چونکە ئەو بەشەی سوپا لە ساڵی ١٩١٩ زۆر لە گرنگیەکەی لە دەستدا بەهۆی گەشەکردنی هونەری سەربازی نوێ لەوکات، دەشێ دروستکردنی چەند یەکەیەکی ناتەواو کەمتر خراپ بێت سەبارەت بەو سوپا بچووکە نوێیە، لە هەڵوەشانەوەی خزمەتی سەربازی بە زۆر (ئیجباری) کە سوپای ئەڵمانیا بۆ زیاتر لە ١٠٠ ساڵ خۆی پێوە راگرتبوو. (ڤرسایل) بنەمای سوپایەکی تۆکمەی دانا، پێویست بوو ئەو ئەفسەرەی خزمەت دەکات بەڵێن بدات بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ خزمەت بکات، هەروەها ئەو سەرباز و پلەدارانەی دیکە بەڵێن بدەن بۆ ماوەی ١٢ ساڵ خزمەت بکەن، ئەو رێسایەش لای ئەڵمانەکان سەیر و نامۆ بوو، بۆیە ئەو سوپا بچووکە پێویستی بە چەند ساڵێك هەبوو بۆئەوەی ئەڵمانەکان شتێك ببینن. ئەڵمانیەکان بۆچوونی جیا جیایان هەبوو سەبارەت بە راڤەکردنی کرۆك و

ناواخنی ئەو سوپایە، بەشێوەیەك ئەوەی لەوپەڕی ڕاست بووایە دەیگوت ئەوە سوپای سوورە، ئەوەشی ئەوپەڕی چەپ بووایە دەیگوت ئەو سوپایە بۆ ئەوە دامەزراوە تاكو بەرپەرچی بزووتنەوەكانی گەل بداتەوە. بۆیە لە سالآنی یەكەمدا كاروبارەكان بۆ هێزی چەكداری ئەڵمانی ئاسان نەبوو، بەڵام سەركردەی مەزن (ریت هارت) لە ورتنبێرگ شوێن پەنجەی دیاربوو لە ئامادەكردن و ڕێخۆشكردنی ئەو سوپایە لە كات و ساتێكی ناخۆش و دژواری دوای جەنگی یەكەمی جیهانی، لەگەڵ ئەوەش (فۆن سیكت) لەوەش زیاتر شایەنی پێدا هەڵگوتنە، چونكە ئەو توانی هێزە لاواز و نوێیەی كۆماری بە بێ دەنگی بەهێز بكات، بە شێوەیەك سوپای ئەڵمانی مەشق بێگرد دەتوانین بڵێین بۆ ئەوكات مەشقێكی نموونەیی بوو، ئەو ئاڵۆزی و ناڕێكیەی ناوەخۆ كە دوای ساڵی ١٩١٩ لە ئەڵمانیا بڵاوببوویەوە، لەگەڵ ئەو ململانێ حزبی و بیر و بۆچوونە جیاوازەكان بوونە هۆی ئەوەی (فۆن سیكت) سوپا لە سیاسەت دوور بخاتەوە، وای كرد هیچ لایەنێكی سیاسی نەتوانێ لە سوپاوە بگلێت. ئەفسەرە ئەڵمانیەكان بەناوبانگ بوون بەوەی كە پیاوی سیاسەت نەبوون، هەر لە كۆنەوە و بە درێژایی چەندین نەوە و لە منداڵیەوە وا فێركرابوون كە لە گشت لایەنەكانی سیاسەت خۆیان بە دوور بگرن، ئەمەش هۆكاری سەرەكیە بۆئەوەی كاریگەر نەبن لە چەكەرەكردنی ئاراستە سیاسیە نوێكان. دوای كۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی ئەڵمانیەكان لە زۆر بۆنەدا ئیدانەی سوپای كۆنیان كرد، چونكە هیچ كاریگەریەكیان نەبوو لەسەر ئاڕاستە سیاسیەكان. بەڵام بۆ دواجار پێویست كرا لەسەر ئەفسەرەكان گرنگی بە ژیانی سیاسی لە وڵات بدەن بە ئیعتیباری ئەوەی كە ئەوان وەك هاوڵاتیەك و ڕێبەر و سەركردەی سەربازە گەنجەكانن، ئەم

کارەش وای پێویست کرد کە حکوومەت سەرپەرشتی گشتی فێربوونی ئەو ئەفسەرانە بکات لە رامان و تێروانینی سیاسی، چونکە خۆشیان ئەداتێکی ئەو حکومەتەن، بەلاّم بە بێ ئەوەی خۆیان نقوومی کاری ئیجابی بکەن لە حزبە سیاسیەکان لە دەرەوەی خزمەت، لەبەرئەوەی ئەگەر لە نزیکەوە و بە ئیجابی خۆیان بخزێننە ناو حزبە سیاسیەکان ئەوا ئاکامێکی زیانبەخش دەبێت و، سوپاش بەهۆی ئەمەوە لەت لەت دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی سوپا بێ کاریگەر بێت و دەوڵەت نەتوانێت پشتی پێ ببەستێت و ببێتە دەزگایەکی لاوازی هەڵوەشاوە. رۆنشتدیش رووچووبووە ئەو بیر و بۆچوونە کۆنانەی کە کۆتاییان پێهاتبوو و رۆژگاریان بەسەرچوو بوو، بۆیە لە زگماکەوە بۆچوونی جیای هەبوو لەگەڵ گشت شتێکی سیاسی، بەلاّم سیکت لەو کاتدا هەوڵیدا بۆئەوەی سوپا لە سیاسەتدا دووربکاتەوە و، کارێکی زۆری کرد بۆئەوەی وا لە هێزی چەکداری ئەڵمانیا بکات لەسەرووی حزبەکانەوە بن. بەلاّم پێویستیشە لە کۆماری ئەڵمانیا چەند کەسێك لە سوپا هەبێت لە لووتکە بن و گرنگی بە کاروباری سیاسی بدەن، چونکە چارە نیە و دەبێت بازنەیەکی پەیوەندی لە نێوان سوپای بچووك و حکوومەتی رایخ و پەرلەمانەکەی هەبێت. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی چەند ئەفسەرێك لە وەزارەتی هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا بوونیان هەبێ و، خۆیان بە سیاسەت و حزبەوە خەریك بکەن، بەلاّم ئەوانەش چەند کەسێك بوون و، ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێنەدەپەڕی.. بەگشتی سوپا و ئەفسەرەکانی دوور لە سیاسەت مانەوە هەتاوەکو لە ماوەی کۆماریش لە نێوان سالاّنی ١٩١٩-١٩٣٣ . ئەم شێوازەش خراپ نەبوو، چونکە بووە هۆی ئەوەی کۆمار و سوپایەکی هەبێت بتوانرێ پشتی پێ ببەسترێت.

هەر لەساڵی ١٩١٩ تاکو ساڵی ١٩٣٣ هێزی چەکداری ئەڵمانیا لە زۆربەی کاتەکان تاکە هێزی پاڵپشتی حکوومەتی رایخ بوون، لەو ماوەیەدا ئەو ئەفسەرانەی کە مەیلی کۆن و بیر و بۆچوونی حوکمی تاکڕەوانەی رەهایان هەبوو بە لایەنگری کۆماری مانەوە، ئەمەشیان زیاد لە جارێك سەلماند لەوکاتانەی کە جیاوازی ناوەخۆ روویدەدا، رۆنشتد هەرگیز بۆماوەی دوور و درێژ لەو پلەوپایەیەك کە بیخاتە نێو کاروباری سیاسی نەمایەوە، هەر لە ساڵی ١٩١٩ تاکو ساڵی ١٩٣٣ چ لەدەستەی ئەرکانی گشتی و چ لەیەکە سەربازیەکان پلەی سەربازی رووسی هەبوو کارەکانی رۆنشتد لەو ماوەیەدا لای خوێنەری ئەم کتێبە جێگای گرنگیپێدان نیە، تەنها ویستم بە ساکاری رەوشتی رۆنشتد و لایەنە فکریە گشتییەکانی روون بکەمەوە، نەك پۆلینی مێژووی رووداوەکان بکەم. ئەوەندە بەسە کە بزانی رۆنشتد لە نێوان ساڵانی ١٩١٩-١٩٣٣ لە گشت یاخود زۆربەی پلە و پایەکانی دەستەی روکنی گشتی کاری کردووە. بە زۆریش پلەکانی سەرۆکایەتی دەستە گشتییەکانی کردووە نموونەی ئەمانەش تیپی سوارەی سێ لە ناوچەی سەربازی دوو (تیپی پیادەی دوو) و فەیلەقی دوو، هەروەها پلەی سەرکردایەتی یەکە کاریگەرەکانی وەرگرتووە (فەرماندەی یەکە) فەرماندەی کەتیبەی پیادەی ١٨ بووە کە ئەوکات بەشێك بووە لە تیپی سوارەی دووەم. دواتریش بووەتە فەرماندەی تیپی سوارەی دووەم. ئەو تیپەش لە ناوچەی سەربازی سێ (تیپی پیادەی سێ) لە بەرلینی پایتەختی رایخ بووە، پاشان، واتە لە رۆژگاری هیتلەردا بووە فەرماندەی فەیلەقی یەك لە بەرلین (ئەو فەیلەقە لە تیپی پیادەی چوار و تیپی سوارەی دووەم) پێکهاتبوو. لە ساڵی ١٩٣٢ حکوومەتی فۆن (باین) و فۆن(شخلەر) باری نائاسایی راگەیاند، رۆنشتدیش بەنابەدڵی و

بەناچاری بۆ ماوەی چەند رۆژێك دەستی خستە نێو كاروباری ئیداری، بەهۆی پلەكەی كە رۆنشتد لەو كاتەدا لە بەرلین هەیبوو، رۆنشتد ئەم ئەركەش بە رێك و بێگی ئەنجامدەدات و بە زیرەكی و حیكمەتی خۆی كۆنترۆڵی بارودۆخەكەی كرد، هەرچەندە بوارەكە نامۆبوو بە رۆنشتد، شانبەشانی ئەو ماوەیەی لە ساڵی ١٩١٩– تاكو ساڵی ١٩٣٣ بزاڤی نوێ گەشەی دەكرد، ئەو بزاڤەش سۆسیالیستی نیشتیمانی هیتلەر بوو (نازیەت) وا پێویست دەكات ئاماژە بە راستییەك بكەین كە رۆنشتد نەك لە خزمەت كردنی ئەو سوپایە گونجا بوو و رازیش بوو، بەڵكو مەیلێكی تایبەتیشی هەبوو بەرامبەر ئەو سوپایە كە لەلایەن ژمارە و چەك و تفاقەوە متەوازع بوو. ئەو سوپایە لە چەند یەكەیەكی هەڵپاچراو پێكهاتبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەش باشیەكەی لەوەدابوو كە كەسەكانی ئەو سوپایە بۆ ماوەی دوور و درێژ خۆبەخشانە بڕیاری خزمەتی سەربازیان دابوو، هێشتا ئەو سوپایە لە سەرەتای دامەزراندنی بوو یەكگرتوویی پێوە بەدیار كەوت. هەروەها گونجانێكی باش لە نێوان ئەو ژمارە كەمەی ئەفسەرەكاندا هەبوو كە دوای ساڵی ١٩١٨ لە نێو باشترین ئەفسەرەكان هەڵبژێردرابوون. هەروەها ورەیەكی بەرز باڵی بەسەر یەكەكانی سوپادا كێشابوو. بەمجۆرە رۆنشتد ئاواتەكانی هاتە دی، چونكە ئەم شێوازە لەگەڵ بیر و باوەڕەكەی دەگونجا كە تەنها وەك سەربازێك بمێنێتەوە و سیاسەتیش بۆ خاوەنەكانی جێبهێڵێت.

بەشی سێیەم

سوپای نوێ

گرنگە بەر لەوەی بە لێکۆڵینەوە باسی ئەو سوپا نوێیە بکەین کە خەریك بوو دادەمەزرا، چاو بە هەندێك گرفت دابخشێنین کە لەئەنجامی گەشەسەندنی سۆسیالیزمی نیشتمانی و هاتنی هیتلەر بۆسەر حوکم دەرکەوت.

هیتلەر خودی خۆی کاسۆلیکیەکی نەمساوی بوو، کورتە بالا بوو، نەناسراو بوو، بۆیەکەم جار لە ساڵی ١٩١٢ لە ڤێنناوە هاتە میونخ بەبێ ئەوەی ئەم هاتنەی هیچ دەنگێکی لێبکەوێتەوە، لە میونخ ژیانێکی سادە و ساکار دەژیا، کاتێکیش جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤ هەڵگیرسا هیتلەری نەمساوی بە خۆبەخش چووە نێو سوپای باڤاری پاشایەتی (ئەڵمانی) ، نەوەك بۆ ناو سوپای نەمسا یاخود سوپای مەجەری ئیمپراتۆری کۆن.

لە کەتیبەی یەدەکی پیادەی نۆزدەی باڤاری بووە سەرباز، بە درێژایی جەنگەکەش وەکو سەربازێك لە هێڵەکانی پێشەوەی جەنگ خزمەتی کرد.

وەك هەندێ لە هاورێ دێرینەکانی دەگێڕنەوە کە هیتلەر سەربازێکی ساکار بوو بەڵام ئازا بوو لە هەموو دەوریەیەك خۆی بەخش دەکرد، هەروەها زۆر حەزی لە سەربازی بوو، هەرچەندە پیشەی پێشووی خۆی تەلارسازی هونەری بوو. شتێکی سەرسوڕهێنەرە بەو هەموو ئازایەتییەی کە لەماوەی چوار ساڵی جەنگ نەیتوانی پلەی (زابت سەف) بە دەست بێنێت.

دواجار بە پلەی سەربازی یەکەم (جندی اول) لەسەر میلاکی دەستەی بارەگای کەتیبەی یەدەکی شانزە دامەزرا، لەگەڵ ئەوەش بەهیچ جۆرێ پلەی زابت سەف وەرنەگرت، بەڵام میدالیای خاچی ئاسنینی لە جۆری یەکەم و دووەم و شریتی برینداری پێبەخشرا. شتێکی خۆشە ئەوە بزانین کە هاورێ سەربازەکانی کە لە جەنگدا لە تەکیا بوون زۆر چیرۆکی خۆشی دەربارەی دەگێڕنەوە، کە زۆرجار بەرگی شەیتانی سیاسەتی لەبەرکردووە و، هاورێکانیشی قەشمەریان پێکردووە، چونکە نەیانتوانیوە هیچ شتێك لە بیر و بۆچوونە سیاسیەکانی هەڵێنجن کە بە دیدی ئەوان بۆچوونێکی شێتانە و سەراسیمە بوو، یاخود بەهۆی ئەوەوە بوو کە خۆیان حەزیان لە سیاسەت نەکردووە. رەنگە هەر بەهۆی ئەو جۆرە قسەکردنە بێت دەربارەی سیاسەت وای لە سەرکردەکەی کردبێت بۆ پلەی گەورەتر نەیپاڵێوێت و نەیکاتە (زابت سەف) هەرچەندە رێزێکی زۆری لە ئازایەتی و مەردایەتی هیتلەر دەنا بەتایبەتیش لەکاتی رووبەڕوو بوونەوەی مەترسیدا.

بۆ دووەم جار لە ساڵانی ١٩١٨-١٩١٩ لە میونخ هیتلەر وەکو سەربازێکی خانەنشین لە سوپا ناوی دێت بەبێ ئەوەی ناسراو بێت یاخود پلە و پایەکی هەبێت، ئەمەش لەسەردەمی حوکمی دیکتاتۆری (ئەیسنەر) ی شیوعی بوو. کە ماوەیەکی کەم بە زەبری هێز لەسەر بەرنامەی بەلشەفیەکان حوکمی کرد. ئێرەش خاڵی دەستبێکی هیتلەر بوو بۆ هاتنە ناو سیاسەت. کە لەو مێژووەوە بەهەموو هەست و ئارەزووەکانی دژایەتی شیوعیەت و بەلشەفیەکانی کرد لە دڵەوە. مەبەست لەم کتێبە ئەوە نییە باسی چۆنیەتی گەشەسەندنی سۆسیالیزمی نیشتیمانی (نازیەت) بکەین. بەڵام لەهەمان کاتیشدا پێویست دەکات بە کورتی باسی کرۆکی ئەو

پاڵنەره بکەین کە ئەڵمانیای گرتبۆوه و وایکردبوو رۆنشتد و هاورێکانی ڕووبەڕووی زۆر ناخۆشی و باری قورس ببنەوه. هیتلەر لە میونخ توانی حزبێکی سیاسی بچووك بە دەست بێنێت و نەتەوایەتی و سۆسیالیست بێکەوه گرێبدا، ئەوەش بە لەدەستدانی هەندێك ئیمتیازی کۆمەڵایەتی کە لایەنگرانی نەتەوایەتی پێی ناسرابوون و،هەوڵدان بۆ دەستەمۆکردنی توێژی کارگەران بۆئەوەی لەتەك دەوڵەتدا بن. لە بارودۆخ و رەوشی ئەو سەردەمدا زۆر هۆکاری گرنگ هەبوون بۆ سەرکەوتنی ئەو بنەمایانە. چونکە ئەڵمانییەکان بە ئارەزوو و خۆشی خۆیان جیهانێکی پڕ خەیاڵ و ئەندێشەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردبوو، بەجۆرێك نقوومی ژێر وەهمی بانگەشەی حوکمی رەهای ئیمپراتۆریەتی پێشوو بوو بوون بەبێ ئەوەی هیچ زانیاریەکیان لەسەر بنەمای سیاسەتی راست هەبێ. پاش ئەوەی ئەڵمانیا لە جەنگی یەکەمی جیهانی ژێر کەوت، ناچاربوو حوکمی رەها "کە ساڵەهای ساڵ بوو پەیڕەو دەکرا" بگۆڕێت بە حوکمی کۆماری دیموکراتی، کە لەو سەردەم شتێکی نادیار و تێنەگەیشتووبوو. هەروەها بەهۆی دابەشبوونی رایخ بۆ چەند حزبی دژ بەیەك و بوونی چەند لایەنێکی ناوخۆیی ئامانج جودا جودا بووه هۆی ئەوەی رایخ بکەوێتە بەردەم پارچە پارچە بوون، بەهۆی ئەو هۆکاره ناوەخۆیی و دەرەکیانە. هەروەها لەگەڵ توند بوون و فشاری رۆژ لە دوای رۆژ ئەزمەی پیشەسازی و سەرهەڵدانی گرفتی هەڵئاوسانی دارایی و دارمانی باری ئابووری ئەڵمانیا لە ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٣، هەموو ئەوانە بوونە هۆی ڕوودانی سەرهەڵدان لە گشت لایەکی ئەڵمانیا، کە لەلایەن کەسانی رادیکاڵەوه ئاسانکاریان بۆ دەکراو ویزه ویزی گوللەی رەشاشیش ڕووخساری ئەڵمانیای ناشرین کردبوو، لەگەڵ ئەوانەی باسمانکرد گەلی ئەڵمانیاش بە

پەیماننامەی ڤرسایل ساڵی ١٩١٩ فریویان خواردبوو، چونکە پەیمانیان پێ دابوون بە هەندێك مەرجی دیاریکراو بە گوێرەی چواردە بەندە بەنێو بانگەکەی (ویلسن) ی سەرۆکی ئەمەریکا بڕێکی باش سەربەستی و ئازادیان بۆ دەستەبەر بکەن و، حکوومەتی رایخیش بانگەشەی بۆ ئەو ئازادیە دەکرد کە پەیمانیان بە خەڵکەکە دابوو، بەڵام بە شێوەیەکی کتوپڕ دەرکەوت کە ویلسن لە جێبەجێکردنی نیازەکەی لە پەیمانی ڤرسایل سەرکەوتوو نەبوو، لە ئەنجامی ئەمەش لە زۆر شوێن تاڵی و بێ ئومێدی باڵی بەسەر پەیمانی ڤرسایل کێشا. وەك زۆر باش زانراویشە سەرۆکی رایخ خودی خۆی تووشی بێ ئومێدی و شۆکێکی ئێجگار گەورە بوو. بەمجۆرە بۆ کۆماری ئەڵمانیای نوێ زۆر زەحمەت بوو بتوانێت بە هێزێکی گەورە رووبەڕووی ئەو هەڵوێستە ببێتەوە. ئەمەش هۆکار بوو بۆئەوەی ملیۆنان کەسی شیوعی و کەسانی دیکەی نەتەوەیی بەرەو رادیکالیەت بچن، بەڵام هەڵسوکەوتی هەر کەسێك لەوانە بە گوێرەی شێوازی تایبەتی خۆی بوو.

هیتلەریش لەناو ئەو تەوژم و بۆچوونە کۆمەڵایەتیە نوێیانە بوو ساڵ بە ساڵ لەناو خزمەت بەجدی کاری دەکرد تا شوێن پێی خۆی قایم بکات، لەگەڵ ئەوەی لە چەند هەڵبژاردنێکیش شکستی خواردبوو. دەتوانین بە شێوازێکی گشتی بڵێین: هیتلەر بە بەردەوامی لە سەرکەوتنێك بۆ سەرکەوتنێکی دیکە هەنگاوی دەنا، سەرەتاش سۆسیالیزمی نیشتیمانی لە میونخ بڵاوبۆوە دواتریش بۆ باکوور درێژبۆوە و نورمبرغ و باکووری بافاریاش کۆنترۆڵ کرا. بە سەرکەوتنیش بۆ سەر چیای (سیورنجیان) جێی پێی خۆی لە (سورنجیا) کردەوە، پاشان توانرا بە زەحمەتی و بە هێواشی دەست بەسەر باکوور و رۆژئاوا و رۆژهەڵات بگیرێت.

ئەڵمانیای باکوور کە بە تێگەیشتنی دروست و واقیعی و تایبەتمەندی خۆیەوە بەناوبانگە بۆ ماوەیەکی درێژ بە هەڵوێستێکی سلبی و نا دڵنیایی بەم ئاڕاستەیەوە مایەوە. هەرچۆنێك بێت هیتلەری نەمساوی بە غەریزەی خۆی باش لەوە گەیشتبوو کە بۆ دەست بەسەرداگرتنی تەواوی ئەڵمانیا پێویست دەکات بڕووسیا بۆ لای خۆی رابکێشێت. لەو کاتیش (بەرلین) بە (سەر) و (میونخ) یش بە (دڵ) وەسف دەکران. هیتلەر بەردەوام بوو لە قایم کردنی زیاتری جێ پێی خۆی لە پێناو ئەو دۆزەی کە کاری بۆ دەکرد.

جارێك بە خۆشی و چەند جارێکی تریش بە شەڕ و ناخۆشی. تاکو ساڵی ١٩٣٣، هەروەها سەرنجی چینی کرێکارانیشی بۆ لای خۆی راکێشا، کە گرنگی ئەمەش لەوانی تر کەمتر نەبوو، وا دیارە لە یادکردنیش پەردەی خۆی داپۆشی لەوەی کە هیتلەر لەو کاتەدا چۆن پیاهەڵدانی بە جۆش و خرۆشی بۆ دەکرا.

رەنگە ئەگەر ئەڵمانیا کەمێك ئازادی بڕەخساندایە بۆ گەلەکەی ئەوا دەستەڵاتێکی دیموکراتی سەریهەڵبدایە و سۆسیالیزمی نیشتیمانیش هەرگیزا و هەرگیز دەرنەکەوتبایە و هیتلەریش هەر بە نەناسراوی بمایەتەوە هەتاکو ئەگەر لە پێش یان لە دوای ٣٠ ساڵیش لە دایك بووایە. پێویست دەکات لەسەرمان بە جوانی چاو بخشێنین بە تەواوی تەوەرەی لێکۆڵینەوەمان.

کەسێك نییە بەرگری لە دیاردە خراپ و نازانستییەکانی رژێمی هیتلەر بکات، بەڵام کارێکی هەڵەشە گەر وا بزانین رژێمی ناوبراو هیچ لایەنێکی باشیشی نەبووە.

زۆرینــەی زۆری کرێکــار و ژمارەیــەکی زۆری جوتیــاران و قوتابیــان و هونەرمەنــدان بڕوایــەکی تــەواویان بــە هیتلــەر هێنــابوو، لــە راستیشــدا ئەڵمانیەکان لە بواری کۆمەلایەتی بەرهەمێکی زۆریان دەست کەوت، ئـەو دەستکەوتەی ئەمڕۆکە جیهانی ئەمڕۆ بە دوایدا وێڵە و دەیەوێت بیگاتێ، بەمجۆرە دەبینین ئەو رژێمە تەنها خراپە و شەڕ نەبوو.

هەروەها لە ساڵی ۱۹۳۳ کاتێ سەرۆك (هندنبێرگ) ی پایە بەرز و رابردوو گەش پاڵپشتی لە هیتلەر کرد، جەماوەری ئەڵمانی خۆشی و شادی خۆیان دەربڕی، ئەوکات بڕوایەکی وا لە ئەڵمانیا بڵاوبووبووەوە کە هەموو شتێك بە باشترین شێوە لـەو بارودۆخـەدا بـەرەو تـەواوبوون دەچێت. گـەر لـەو سەردەمەدا کۆماری ئەڵمانیا لەلایەن سۆسیالیزمی نیشتیمانییەوە هەستی بە مەترسی بکردایە، ئەوا وا پێویستی دەکرد بـە گـوێرەی دەسـتوور لـە کاتێکی گونجاو تەدبیری وەربگرتبایە بۆ لەناو بردنـی، چونکە بەشـی ٤٨ ی دەستووری رایخ ئەوەی رەخساندبوو و پێداویستی پێویستیش بۆ ئەمە لەبەر دەستدا بوو، ئەو پێداویستیانەش بریتی بوون لە بـوونی سـوپایەکی جێی باوەڕ و هێزی پۆلیسی بە توانا. بەڵام لەوکاتدا مـەفهومی بنەمایـەك بڵاوبووبووەوە وای لە دیموکراسیەت دەخواست ئـازادی بدرێت بـە گشـت حــزب و لایــەنێك. بــەم جــۆرە بــوار بــەم بزوتنەوەیــە درا بــەبێ بەرهەڵستیکردن گەشە بکات و بـەردەوام بێـت. لـە سـاڵی ۱۹۳۳کـات زۆر درەنگ بوو بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەرهەڵستی کردنی، هیچ گومانیش نەما لەوەی زۆرینەی زۆری ئەڵمانـەکان بـڕوای تـەواویان بـە بنـەماکانی حزبـی هیتلەر هێنا. ئەو قۆناغەش وای پێویست دەکرد لەسەر حکوومەتی رایخ، هەرچۆنێك بێت واز لە بەکارهێنانی سوپا و پۆلیس بهێنێـت، گـەر بیـەوێ رووبـەڕووی بەرگرییـەکی بـەهێز نەبێتــەوە لەلایــەن گەلــەوە. باشــترین

روونکردنـەوە بتـوانین بیـدەین سـەبارەت بـەو ئاڕاسـتەیەی کـە ئـەوکات بەربڵاوبوو ئەوەیە کە هیچ هەوڵێك نەدرا بۆ پاراسـتنی کۆمـاری ئـەڵمانیا، چونکە لەو کاتەدا لە توانای سوپایەکی بچووکی ١٠٠ هەزار کـەس دانـەبوو رووبەڕووی بزووتنەوەیەکی وا بەربڵاوی گەلێك ببێتـەوە کـە خـۆی لـە ٦٨ ملیـۆن کـەس دەدا. ئەگـەر بهاتایـەش حزبـی هیتلـەر رووبـەڕووی سـوپا بووبووایـەوە کـە لەلایـەن سیاسـیەکانەوە سەرپەرشـتی کـرا، لەوانەیـە لەلایەن خەڵکەوە هێرش بکرایەتە سەریان و سەرکردەکان تاوانبارکرانایە بە تـاوانی رووبەڕووبوونـەوەی ئـیرادە و ویسـتی گـەل. ئەگـەر حکوومـەت نەیتوانی بووایە بڕیار بدات و بە کردەنی تەدەخول بکات و هێزی پـۆلیس و سـوپا بـەکاربێنێت، ئـەوا بـە بـێ گومـان سـوپاش لـە خـۆوە و بـەبێ فرمانێکی حکوومی بەرگری لـەو کیانـە نـەدەکرد. لـە سـاڵی ١٩٣٠-١٩٣٢ ئەو هەست و بڕوایە بەربڵاوبوو کە خەریکە کودەتایەکی سەربازی لەلایەن سوپاوە ئەنجام بدرێت، چـونکە سروشـتی ئـەوکات وای دەردەخست کـە سوپا کارێکی چاك ئەنجام دەدات، بەڵام حکوومەت هیچ هەستی نـەدەکرد کە مەترسی لەسەر هەیە.

بەم شێوەیە هیتلەر سەرکەوتووبوو لە گەیشتن بە حوکم پاش خـەباتێکی سیاسـی پڕوکێنەر، لەواقیعیش سەرکەوتنێك بوو بۆ پیاوێـك کـە لـە سـاڵی ١٩١٩ لە سفرەوە دەستی پێکردبوو.

لیوا روکنی پیادە فۆن رۆنشتد لە ساڵی ١٩٣٢ لـە بـەرلین بـە فـەرماندەی گشتی هێزەکانی سوپای یەك دامەزرا کە تیپـەکانی پیـادەی یـەك و دوو و سێ و چوار و هـەردوو تیپـی خـەیالـەی (سـوارە) یـەك و دووی دەگرتـەوە، رۆنشتد تاکو ساڵ ١٩٣٩ لەو پلەوپایەدا مایەوە، واتە بۆماوەی زیاتر لە ٦ ساڵ. هەرچەندە وەکو پێش ئەوکات واباوبوو هیچ کەس بۆ مـاوەی زیـاتر

لە دوو ساڵ لە پلەیەدا نەدەمایەوە. ئەمەش ئەوە بە دیار دەخات کە تارادەیەکی زۆر سەرکردەکان ڕێزیان لە ڕۆنشتد ناوە. بەڵام ئەو پلەیە ئەرکێکی تایبەتیشی خستبووە سەر شانی ڕۆنشتد، چونکە بەرلین پایتەختی رایخ شوێنی چاوبێکەوتن و بەیەکگەیشتنی کەسایەتی سیاسی و زانستی و پیشەسازی و هونەر بوو، هەروەها باڵوێز و نێردراوە سیاسیەکانیش لەوێ نیشتەجێ دەبوون. فەرماندەی گشتی سوپاش ئەوکات فەریق (بارۆن فۆن فرتیش) بوو کە ئەفسەرێکی دیاربوو، ژنیشی نەهێنا بوو. سەرۆکی ئەرکانی سوپا ژەنراڵ (بێك) ی بە توانا بوو، بەڵام بە حوکمی ئەو پلە و پایەی کە هەیبوو نەیدەتوانی بەرپرسیارەتی فەرماندەی گشتی هەڵبگرێت، لەگەڵ ئەوەش تەنها بۆ ئەرکە سەربازییەکانی دەژیا و هەروەك چۆن خانەنشین کرابێ و هاوسەری لەدەست دابێ وابوو، هەموو ئەوانەش وای لە ژەنراڵ (بێك) کرد هیچ کاریگەری و هەیمەنەی لەسەر دەزگا سەربازیەکان نەبێ، لەبەر ئەم هۆیە پێویست بوو لەسەر فۆن ڕۆنشتد لە ماوەی ئەم ٦ ساڵەدا پێشوازی لەماڵەکەی خۆی بکات لە کەسانی دبلۆماسی و نێردراو و باڵوێزی سیاسی و سەربازی، بۆیە لە زۆر وڵات ناسراو، ناوی دەهات. لە ساڵی ١٩٣٢-١٩٣٨ ڕۆنشتد زۆرجار داوای خانەنشینی دەکرد، بەڵام ئەو ئارەزووەی هەمیشە ڕەت دەکرایەوە، دواجار لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٨ داواکارییەکەی کە ماوەیەکی زۆری خایاند قبووڵ کرا پلەکەی بەرزکرایەوە بۆ فەریق و خانەنشین کرا. بەمجۆرە گەڕایەوە ژیانی تایبەتی خۆی لە (کاسڵ) بەو هیوایەی ئەو تەمەنەی کە ماویەتی لە شوقە یەك نهۆمیە بە کرێیەکەی بژیت، بەڵام ئەو ئارەزووەشی بۆ نەچووە سەر، لێرەدا پێم گونجاوە وەسفی بارودۆخی سەربازی لە ساڵی ١٩٣٣-١٩٣٨ بکەم، لەو ساڵانەدا

خەریکی بنیاتنانەوەی سوپا بوو، رۆنشتد بەو سیفەتەی ئەفسەریکی بە ئەزموون بوو یەکێك بوو لەو سەرکردانەی کە ئاگاداریان دا لەوەی سوپای نوێ بە شێوازی سیحری لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا دابمەزرێ.

گومانی تێدانیە کە دەتوانرا لە ماوەی چوار ساڵدا ژمارەی سوپا لە ١٠٠ هەزارەوە بکرێتە ٦٠٠ هەزار کەس، بەلاّم تەنها بە رواڵەت و بە ژمارە دەبوو. دیاریکردنی کۆمەڵێك ئەفسەری بە توانا و بە هێز، یەك بیر و باوەڕ و دروستکردنی سوپایەکی پێشکەوتوو لە هەموو لایەنێکەوە، نەدەتوانرا لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا بێتە دی. بۆیە ئەرکی هەر ئەفسەرێك بوو هەرچەند هەستی بە نامورتاحی بکردبایە لە خێرایی دروست کردنی سوپا، بە گوێرەی توانا هەوڵبدات و کاربکات بۆ بنیاتنانی ئەو سوپایە، پێویست بوو لەسەر فەرماندەی گشتی فۆن رۆنشتد فەرماندەی فەیلەقی یەك کە لە ناوچەیەکی بەرفراوان بلاّوبوو ساڵ بە ساڵ یەکە سەربازیەکانی بپشکنێ. بە دەرکەوتنی ئەو سوپا نوێیەش کە لە هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا پەیدابوو، چوار تیپی پیادە و دوو تیپی ئەسپ سواری کە فەیلەقی رۆنشتدیان پێکدەهێنا. گەشەیان کرد و بوونە چەند فەیلەقێك. بەمەش بە خێرایی ئەرکەکانی فەرماندەی گشتی زیادی کرد. جگە لە ئەرکە دیارەکانی، گەڕان و مانەوە و مەشقیشی بە سەربازان دەکرد. ئەمەش مێژووی رووداوە سەرەکیەکانە،

١- ساڵی ١٩٣٥ : گەڕانەوەی خزمەتی سەربازی زۆرەملێ بۆ ماوەی یەك ساڵ.

٢- ساڵی ١٩٣٦ : دووبارە کۆنترۆڵکردنی ناوچەی راین و درێژکردنەوەی خزمەتی سەربازی زۆرەملێ لە یەکەکانی سوپا لە ساڵێکەوە بۆ دوو ساڵ.

٣- ساڵی ١٩٣٨، هاتنی نەمسا بۆناو رایخ.

٤- ساڵی ١٩٣٨ جوڵانەوە بۆ خاك (سودیت) .

٥- ساڵی ١٩٣٩ مەحمیەی بۆهیمیا کرایەوە و (ممل) یش خرایە سەر رایخ، کە ئەڵمانیا ساڵی ١٩١٩ وازی لێهێنابوو.

ئەم رووداوانەش، پێشتر چەندین ئاگاداری لەلایەن ئەفسەرە پایە بەرزەکان، بەتایبەتیش (بێگ) بڵاو دەکرایەوە. ئەمەش بە رێکی بەرهەمی پێگەیشتووی دەدا بە دیاردە دڵفڕێنەکانی ئەڵمانیا بێ ئەوەی ئاکامی خراپی لێبکەوێتەوە. بەمەش هیتلەر راست بوو، سەرکردە سەربازیەکان هەڵەبوون، چونکە هیچ شتێك لە ئاگاداریەکانیان نەهاتەدی. فەرمانداری گشتی و سەرۆکی ئەرکانی سوپا و سەرکردە کۆنەکان لە هەڵوێستێکی دژواردابوون. چونکە رۆژ دوای رۆژ رەشبینتر دەبوون. بەمجۆرە دڵەڕاوکێ لە نێوان سەرکردە سەربازی و سەرکردە نازیەکان زیادی کرد، ئەو دڵەڕاوکێیەی کە پێشتریش تۆوەکەی بوونی هەبوو لە نێوان هەردوو لایەن. سوپای نوێ ژمارەیەکی بەرچاو ئەفسەری گەنجی تیا بوو کە سۆزێکی زۆریان بۆ بیر و بۆچوونەکانی هیتلەر هەبوو. بەمجۆرە ململانێیەکی بەردەوام لە نێوان کۆن و نوێ دروست بوو. ئەو ململانێیەی کە سوپا زاڵ نەدەبوو بەسەریا ئەگەر بە مەشق و کۆنترۆڵی نەریتەکان و رێکخستن نەبووایە، بەڵام زیادبوونی خێرای ژمارەی ئەفسەرەکان لە چوار هەزارەوە بۆ چەندین هەزار، بووە هۆکاری هاتنە ناوەوەی ژمارەیەکی گەورە لە ئەفسەری کەم توانای یەدەك، لەوانەی کە هاتبوونە ناو سوپا تەنها بۆ پڕکردنەوەی کەمی ژمارە، ژمارەیەکیش بە درێژایی ماوەی پێشووتر خانەنشین کرابوون و ژیانی ئاسایی خۆیان دەژیان، ئاکامی

ئەوەش بووە هۆی ئەوەی سوپا بە تەواوی جیاوازبێت لەگەڵ ئەوەی ساڵی ١٩٣٥. لە ساڵی ١٩٣٣ تاکو ساڵی ١٩٣٨ هیچ شتێك ڕووینەدا ببێتە هۆی سەرهەڵدانی جەنگ، هەر جموجۆڵێك کە بووە هۆی دەست بە سەرداگرتنی چەند شوێنێك زۆربەیان تەنها جموجۆڵ بوون و هیچ خوێنی تیادا نەڕژا. لە ڕاستیشدا ئەو بزوتنەوانە لەلایەن دانیشتوانەوە پێشوازی گەرمی لێکرا، چونکە ڕەوتە نهێنیەکان لە شوێنە دەست بەسەرداگیراوەکان هەمیشە کاریگەری مەزنی هەبوو، لەبەر ئەم هۆیە خەڵك ئەم پرۆسانەی ناوزەند کرد بە: جەنگی گوڵ، بەهۆی ئەوەی سوپای ئەڵمانیا بە گوڵ و مۆسیقا پێشوازیان لێدەکرا. جگە لە داگیرکردنی ناوچەی (جەگ) لە بوهیمیا نەبێت. گومانیش ناکەین کە هیتلەر وا بیری دەکردەوە کە دەست بەسەردا گرتنەکانی دیکەش هەمان ئەنجامی دەبێت.

ڕۆنشتد تەنها لە دەست بەسەرداگرتنی ناوچەی (سودیت) لە پایزی ساڵی ١٩٣٨ بەشداری کرد، کەوا سوپای دووی ئەڵمانیای لە بەرەی سەرەکی (جەگ) بەکارهێنا کە خۆی سەرکردایەتی دەکرد، واتە دژی قەڵابەندی لە (ترۆبۆ و جاکرندۆرف)

سەرۆکی ئەرکانی سوپا لە نێوان ساڵانی ١٩٣٢-١٩٣٣ کە ژەنراڵ فۆن هامرشتین بوو، لە پلەکەی وازیهێنا، بەهۆی ئەم وازهێنانەش فۆن ڕۆنشتد داوای لە فۆن هندنبێرگ کرد کە خانەنشینی بکات، بەڵام لە خزمەت مایەوە بەهۆی قبوڵکردنی تکای سەرۆکی شکۆداری ڕایخی بەناوبانگ، کە هندنبێرگ پێی گوت: پێویستە لەو کاتەدا بەتەنیا جێم نەهێڵی. زیاد لەمەش ڕۆنشتد پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ ژەنراڵ فۆن شیخلەر هەبوو، لەو کاتەی کە شیخلەر بۆ ماوەیەکی کورت پلەی سەرۆکایەتی وەزارەتی

رایخی وەرگرت، داوای لە رۆنشتد کرد لەو کاتەدا واز لە خزمەت کردن نەهێنێت، چونکە نیشتیمان پێویستی بە تەواوی کەسانی بەتوانا هەیە. هەوڵدانی (رۆهم) لە ساڵی ١٩٣٤ بۆ کودەتا کردن، تاقیکردنەوەیەك بوو بۆ هێزی سەربازی ناوەخۆ. بەڵام ئامانجەکانی وەکو چەندین ئامانجی دیکەی نادیار و پەنهان بوو. رۆهم ویستی رەوتی نوێی دیکە بخاتە نێو حزب بە یارمەتی رێکخراوی (کراس کورتە ئەسمەرەکان) بۆیە وەکو بەرهەڵستکارێکی بەهێز دژی پیاوانی سوپا راوەستا. بەتایبەتیش دژی سەرکردە سەربازیە کۆنەکان کە رۆنشتدیش یەکێك بوو لەوان. نیازی رۆهم لە رێکخستنی ئەم سوپایەدا کە بێلایەن بوو لە خواست و بۆچوونە کودەتاییەکان، ئەمەش بە فراوانکردنی سوپای S. A (کراس کورتە ئەسمەرەکان)، تاوەکو وا دەردەکەوت کە سوپایەکی دیکەیە و کێبڕکێی سوپای راستەقینە دەکات. زۆرجار ناکۆکی و ناخۆشی و شەڕکردن لە نێوان کەسانی ئەو رێکخستنە نوێیە و کەسانی سەر بە سوپا روویدەدا، چونکە سوپا هەستی دەکرد کە بە بوونی ئەو رێکخراوەیە ئابڕووی دەچێت. چونکە سوپا خۆی وادادەنا کە تاکە هێزە بۆ سیاسەتکردن و میراتگری سەرەکیە بۆ هەڵگرتنی مەشخەڵی سەربازی لە نێو گەلی ئەڵمانیا، هیتلەریش زۆری هەوڵدا بەتکا کردن ئەم دڵەڕاوکێ و ئاژاوەیە کەم بکاتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لەم کارەیدا. کاتێك هیتلەر ویستی رۆهم بەهێز دابمرکێنێتەوە بۆی دەرکەوت سوپا لایەنگری لێدەکات. هەروەها کاتێك بەڵگەنامەکانی رێکخراوی S.A دەستی بەسەر داگیرا، لیستێك کە ناوی ئەفسەرە کۆنەکانی تیابوو، وا بڕیار بوو ئەگەر بزووتنەوەکە سەرکەوتوو بوو لە کودەتاکەیان، ئەوا ئەو ئەفسەرانە دوورخەنەوە لە سوپا.

ئاواتی رۆهم ئەوەبوو کە ئەفسەرە لاوەکان لایەنگری بکەن، گومانیشی تیادا نییە کە ژمارەیەکی کەم بڕوایان بەو فەلسەفەیەی حزب هەبوو، بەڵام زۆربەی زۆری ئەو ئەفسەرە نوێیانە بڕوایان بە ئاڕاستەکانی سوپای تەقلیدی هەبوو. ساڵی ١٩٣٤ تاقیکردنەوەیەك بوو بۆ بە هێزی پەیوەست بوونی ناوەخۆیی سوپا، ئەو پەیوەستییەی کە دوای ئەو مێژووەش بە پتەوی مایەوە. هەرچەندە دیاردەی دەرەکی لەو ماوە نوێیە دەرکەوت بەڵام لەگەڵ ئەوەش سەلماندرا کە نەریت و مەشق و ڕێکخستن و ئاڕاستە، واتە دروستکردنی سەرباز لە باشترین شێوازیدایە و هەر بەهێز و پتەوی ماوەتەوە، پێویستە ئەوەش لەیاد نەکەین کە سەرۆکی ئەوکاتی رایخ (هندنبێرگ)ی پیربوو کە ئەڵمانیەکان پێش ساڵی ١٩٣٣ بە گوێرەی دەستووری ئەڵمانی دووجار هەڵیانبژاردبوو. لەو سەردەمدا هندنبێرگ هەرچەندە پیر و بەتەمەن بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەش بوو بووە رەمزی زۆرێك لە خەڵکەکە.

بۆیە جێی سەرسوڕمان نەبوو کە پیاوانی سوپا بە فەرماندەی سەربازی راستەقینەی خۆیانی بزانن. کاتێکیش هندنبێرگ کۆچی دوایی کرد، لەلایەن زۆر کەسەوە وا دانرا کە دوایەمین رەمزی سەربازی لەبەرچاوان ون بوو. لەو کاتەدا هیتلەر بووە فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیای یەکگرتوو، هێزە چەکدارەکانیش سوێندیان خوارد وەلایان بۆ هیتلەر هەبێت. دڵەڕاوکێ لە پەیوەندی نێوان سەرکردەکانی سوپا و پیاوانی حزب لە ئاکامی جیاوازی بیر و بۆچوونەکان بوو، هەروەها سەرکەوتنە یەك لە دوای یەکەکانی هیتلەر لە دەرەوە، بووە هۆی ئەوەی سەرکردە سەربازیەکان رۆژ لەدوای رۆژ لە هەڵوێستێکی تەنگ و

ناخۆشدابن، چونکە ئەو سەرکەوتنە رووکەشانە وای نیشاندا کە هیتلەر هەمیشە لە بڕیارەکانی لە راستی نزیکە و، سەرکردە و دەستەی ئەرکانیش هەمیشە لە بڕیاردانەکانیان هەڵەن، هەروەها جەماوەریش ئەو سەرکەوتنە خێرایانەی دەبینی بەڵام لە ئاکامەکەی نەدەگەیشت. بە شێوەیەکی گشتی پێکهاتەی ناوەخۆی سوپا لە ساڵانی (١٩٣٥-١٩٣٩) جیاواز بوو لەو پێکهاتە ناوخۆییەی هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانی کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی پێکهات. توانای سوپای ئەڵمانیا بەهۆی گەشەی خێرایەوە تا رادەیەکی زۆر کەم بووبووەوە و، ئەفسەرەکان وەکو یەکەیەکی هاوچەشن نەمابوونەوە، وەك ئەوکاتەی کە سوپای ئەڵمانیا ژمارەی کەم بوو. ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٣٣-١٩٣٩ ماوەیەکی کودەتایی بوو هەروەها لە ناوەخۆش دڵەڕاوکێ هەبوو لە گشت بوارەکانی سیاسی و ئابووری و جەماوەری. سوپاش بەرەو پیری بنەماکانی نازیەت ملی دەنا، ئەمەش جێی سەرسوڕمان نیە، چونکە سوپاش بەشێکە لە گەل، لە ساڵی ١٩٣٨ یاداشتی لیوا (بێگ) سەرۆکی ئەرکانی سوپا هاتە کایەوە، چونکە فەرماندەی گشتی سوپا فەریق (فۆن براوچش) و لیوا (بێگ) سەرۆك ئەرکانی سوپا سیاسەتی هیتلەریان بە دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە قەبوڵ کرد، چونکە دەترسان ئەو سیاسەتەی هیتلەر بەرەو شەڕیان ببات دژی هاوپەیمانە بە هێزەکان، ئەو دەرفەتەشیان بۆ نەڕەخسا تاوەکو رەخنە لەو سیاسەتە بگرن، لەبەرئەوەی ئەوان پیاوی سوپان و وەك پیاوانی سوپای وڵاتانی دیکەش دەبێ بڕیار و وە فەرمانەکانی سیاسیەکان لە گشت بارودۆخێك جێبەجێ بکەن و هەروەها لەبەرئەوەی سیاسیەکانن کە جڵەوی سەرکردایەتیان بەدەستە. بەڵام ئەوان لە دڵەوە هەستیان دەکرد کە مافی ئەوانە و ئەرکی سەرشانیانە لە

بۆچوونەکانیان ئاگاداری هیتلەر بکەنەوە، لەهەمان کاتیشدا دوو دڵ و بە گومان بوون لە راستی هەندێك ئاڕاستەی سەربازی، چونکە لە ماوەی ٣ ساڵ (١٩٣٥-١٩٣٨) سوپا فراوان کراوە، بە شێوەیەك ژمارەی زۆر لە پێشوو زیاتر بوو، بە جۆرێك کە لە توانای هیچ سوپایەك دانیە بەو خێراییە ژمارەی زۆر بێت بەبێ ئەوەی تۆکمەیی و توانای پێکهاتەی ناوەخۆیی لە دەست بدات. هەروەها وەکو پێویست چەکدارکردنی ماددی راست و دروست نەبوو، کەرەستەی یەدەکیش بۆ شەڕێکی مەزن بەس نەبوو، هەموو ئەوانە وایکرد بێگ لە ساڵی ١٩٣٨ بەو عەقڵیەتە فراوانەی کە هەیبوو یاداشتەکەی پێشکەش بکات. لیوا بێگ ئەم یاداشتەی ئامادەکرد و پێشکەشی فەرمانداری گشتی سوپای کرد. فەرمانداری گشتی سوپاش بانگهێشتنی سەرکردە سەربازیە کۆنەکانی کرد کە بە ناوبانگترینیان فۆن رۆنشتد بوو بۆ کۆبوونەوە لە کۆنفراسێکی گشتی، لە کۆنفراسەکە لیوا بێگ یاداشتەکەی خوێندەوە، هیچ سەرکردەیەك لە ناوەڕۆکی یاداشتەکە نارەزایی نیشان نەدا، بۆیە براوچش پێشکەشی شەخسی هیتلەری کرد. هیتلەریش لە خراپترین لایەنەکانیەوە سەیری دەکرد، بۆیە وایزانی کە ئەمە سەلماندنێکی دیکەیە لەسەر دوو دڵی سەرکردەکان و دەستەی ئەرکانیان، لەبەرئەوە هیتلەر بە توندی ئەم یاداشتەی رەتکردەوە و لیوا (بێگ) ی سەرۆکی ئەرکانی خانەنشین کرد.

ئەم جۆرە رووداوانەش بووە هۆکاری ئەوەی پەیوەندی نێوان سەرۆکی وڵات (هیتلەر) و سەرکردە سەربازیە کۆنەکان ساردی تێبکەوێت، ئەو پەیوەندیە ساردەی نێوانیشیان تاکو پێش دەست پێکردنی جەنگیش هەر بەردەوام روو خراپی بوو. وا دیاردەکەوێت هیتلەر هەمیشە خاوەن و

گەورەی هەڵوێستەکان نەبوو وەك ئەوەی خۆی بۆ جیهان دەردەخست. چونکە لە زۆر بارودۆخ بە وریاییەوە گوێی لە ئامۆژگاری کەسانێك دەگرت کە زۆریان لەخۆ کردبوو دەربارەی کاروبارێك کە پسپۆڕی خۆیان نەبوو. زۆرجاریش بیر و بۆچوونی خۆی گۆڕیوە لە ئەنجامی ڕێشوێنی ئەو جۆرە کەسانە، هیتلەر مکوڕیش نەبوو کە تەنها خۆی یەکلایی کەرەوەی هەڵوێستەکان بێت تەنها لەبەردەم خەڵك نەبێت، ڕەنگە هیتلەر بە تایبەتیش لەو کێشەیەدا نێچیرێك بێت لەبەردەم کاریگەریەکانی ئەو کەسانەی کە ئامادەبوون ئەو جۆرە ئامۆژگاریانە بکەن، بۆیە لە یاداشتەکەی (بێگ) دەرفەتێکی باشیان بۆ ڕەخسا تاکو تۆوی گومان و بێ بڕوایی هیتلەر بە سوپا زیاد بکەن. ئێمە دەزانین لیوا ڕۆنشتد بۆماوەی ٦ ساڵ کە سەرکردەی سوپایەك بوو لە بەرلین، دوای ئەو ڕووداوە تکای کرد خانەنشینی بکەن. چەندین هەوڵیدا بۆ ئەم مەبەستە بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، تا دواجار داواکەی قەبووڵ کرا و، پلەکەی بەرزکراوە بۆ فەریق و نازناوی شانازی (فەرماندەی کەتیبەی پیادەی هەژدە) ی پێدرا کە پێشتر لە ساڵانی ١٩٢٥-١٩٢٦ ئامری ئەو کەتیبەیە بوو بە پلەی عەقید، ئینجا خانەنشین کرا. دوای ئەوە و لەوکاتی جەنگیش هەرگیز بەرگی لیوا یاخود مشیری لەبەر نەکرد، بەڵکو هەمیشە بەرگی ئامر کەتیبەی پیادەی لەبەر دەکرد کە لەسەر شانی پلەی مشیر هەبوو لەگەڵ ژمارەی کەتیبەی ١٨. زۆرجار وا ڕووی دەدا ئەفسەرە گەنجەکان هەڵەیان دەکرد، وایاندەزانی عەقیدە، نەیاندەزانی ئەوەی لە بەردەمیانە ئەوە مشیر فۆن ڕۆنشتدە، مشیر فۆن ڕۆنشتد بە کەیف خۆشی و بێگەنینەوە ڕووبەڕووی ئەم دۆخانە دەبۆوە پاش ماوەیەکی کەم لە بەسەربردنی ماوەی خانەنشینیەکەی لە کاسل دووبارە لە ساڵی

١٩٣٩ بانگهێشتی خزمەتی سەربازی کرایەوە، ئەوەش لەوکاتە بوو کە باری نائاسایی ڕاگەیەنرا، ئەم جارە پلەی فەرماندەی گشتی سوپای باشووری پێدرا لە پرۆسەی پۆڵەندا.

بەشی چوارەم

جەنگی دووەمی جیهانی

باسی ئەوەمان کرد کە لێپرسراوان لە فەرماندەیی سوپای ئەڵمانی و لە سەرووشیانەوە مشیر براوچش و لیوا (بێگ) ی داناو دووربین، یاداشتێکی وریاکردنەوەیان لە ساڵی ١٩٣٨ دەرکرد، کە پاڵپشت کرابوو بە هۆکاری سەربازی و سیاسی، لایەنی سەربازی ئەوەبوو کە ئاگاداری درا لەسەر ئاکامی خێرایی چەکدارکردنی سوپای ئەڵمانی لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا. بە پێچەوانەی کە باوبوو لە شێوازی مەشق و فێرکردنی ورد و دروست لە سوپای ئەڵمانیای کۆن. بەمەش سوپای ئەڵمانیا بە شێوەیەك فراوان بوو کە لە توانای خۆی زیاتر بوو، هەموو ئەمەش لەسەر حسابی هێز و توانای هێزەکانی بوو. بەڵام لە بواری سیاسیەوە، ئەو سەرکردانە تێگەیشت کە جیهان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەرامبەر ئەو سیاسەتەی ئەڵمانیا دەستەوەستان نابێت و دواجاریش دەبێتە هۆی هەڵایسانی جەنگ، لەگەڵ ئەوەش ژمارەیەکی کەمی سەرکردە سەربازیەکان بڕوایان بەو سیاسەی هیتلەر هەبوو، هەروەها ئەفسەرە گەنجەکانیش لە دڵەوە پێشوازیان لەو فراوانبوونەی سوپا کرد بە بێ ئەوەی بیر لە ئاکامی ئەو فراوانبوونە لەکاتی جەنگدا بکەنەوە، بڕوایان بەو سیاسەتە هێنا. لەوانەیە شتێکی سەیر بێت کەسانێك لە نێو ئەفسەران هەبن دڵخۆش نەبن بە فراوانبوونی سوپا، لەگەڵ ئەوەش نەوەی کۆن لەوانەش رۆنشتد بەمە دڵخۆش نەبوون، بۆیە ئەم نەوە نوێیە لە هەڵوێستێکی دژواردا بوون لە ژێر سایەی ئەو حکوومەتە نوێیە کودەتاچیە کە لە لایەنگری ٦٠ ٪ ی پێگەیشتووان و جەماوەری بەدەست هێنابوو، هیتلەریش لە لایەن

خۆیەوە و لە دواوەشی گەنجەکان نەوەی کۆنیان بە کۆسپ دەزانی و بە دژی کارکردن و ڕێبازی کۆن ناوزەدیان کردن، هەروەها ڕۆژگاریش هاوکاری کردن لە نیشاندانی یاداشتی وریابوونەوە لەلایەن سەرکردەکانەوە کە پشت بە ڕاستی نابەستێ، هیتلەریش وەکو بەڵگەیەك سەرکەوتنە زۆرەکانی باس دەکرد. وەکو داگیرکردنی سودیت کە ئەڵمانییەکانی لێ دەژیان بەبێ بەرگری، لەوەش گرنگتر کۆنگرەی میونخ بوو کە هیچ یەك لە بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا نارەزاییان پیشان نەدا لەو کۆنگرەیە، ڕۆیشتن بەرەو چیکسلۆڤاکیا لە بەهاری ١٩٣٩ کۆتایی ئەم ڕووداوانە بوو.رەنگە ئەوە بە مێشکمان دابێت : کە بۆچی سوپا هیچی نەکرد بۆ ڕزگاربوون لە دەستی هیتلەر؟ بەڵام چۆن دەتوانرا لە دەست هیتلەر ڕزگار بێت کە سوپا سوێندی دڵسۆزی بۆ پیاوێك خوارد بوو کە لەلایەن ٧٥٪ خەڵکەکە پاڵپشتی لێدەکرا؟ ئەو پیاوەی لەگەڵ ئەو هەموو پاڵپشتەی کە لێی دەکرا بەسەر هێزی ئاسمانی ئەڵمانیش زاڵ بوو کە خۆی لە نەبوونەوە دروستی کردبوو، هەروەها هەردوو ڕێکخراوی (A.S) و (S S) لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بوون.

سەرکردە سەربازیەکانی ئەوکات چۆن دەیانتوانی کورەتا لەسەر هیتلەر بکەن، لە کاتێکدا کە هیتلەر دەستەڵاتی بەسەر گشت هێزە جەماوەری و حکومیەکان داهەبوو، کە هیتلەر لە کاتێکدا ئەو کارانەی کردبوونی و سەرکەوتنی تیادا بەدەست هێنابوو بە بیری ئەڵمانیەکانیان دەهێنایەوە بەبێ ئەوەی دڵۆپە خوێنێك بڕژێ.

چۆن سەرکردە سەربازیەکان دەیانتوانی لەدەست هیتلەر خۆیان ڕزگار بکەن کە گشت فەرمانگە سیاسیە دەرەکیەکانی جیهان دەیانناسی و بە تاکە ئاڕاستەیان دادەنا بۆ ئەو هەموو دەستکەوتانەی کە ئەڵمانیا لەو

سەردەمدا بە دەستی هێنابوو، لە مێژووشدا جاروبارێك نەبێ رووینەداوە سەرکردەکانی سوپا حکوومەت لەسەر کار لابدات، تەنها لەبەرئەوەی بڕوایان بەو سیاسەتە نەبووە کە حکوومەتەکە پیادەی کردووە، بەتایبەتیش سەرکردەکانی سوپای بڕووسیای ئەڵمانی کە ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ بەوە بەناوبانگ بوون کە ملکەچی تەواوی بڕیارەکانیان دەکرد بە بێ دوو دڵی و بە بێ دەمەقاڵێ. ئاکامی ئەمەش دروست بوونی ناکۆکی لێکەوتەوە لە نێوان پەیوەست بوون بە ئەرکە سەربازیەکان و دڵسۆزیان بۆ دەوڵەت لەلایەك و، وازهێنانیش لە رژێمی حوکم لەلایەکی دیکەوە.

ئەڵمانیەکان بە شێوەیەکی رەها و قووڵ بڕوایان بە هیتلەر هێنابوو، لە وڵاتێکدا کە رژێمێکی دیکتاتۆری کۆنترۆڵی کردبوو، بە پێی پلانێکی ورد گەلەکەی بە شێوەیەکی تایبەت ئاڕاستە کرابوو، بە شێوەیەك گەر سەرکردە سەربازیەکان لەو سەردەمدا لە رژێم هەڵگەڕابانەوە، ئەوا لەلایەن گەلەوە بە کۆنەپەرست و دژی پێشکەوتن ناوزەد دەکران. لەسەر رۆنشتد پێویست بوو لە دوو ئاڕاستەی دژ بەیەکدا ئاڕاستەیەکی راست و دروست هەڵبژێرێت کە شیرینترینیان تاڵ بوو : ملکەچ کردن بۆ رژێمی باو لە ئەڵمانیا لەگەڵ هەموو کەم و کورتییەکانی یاخود هەوڵدان بۆ رووخاندنی ئەو رژێمە بە پێچەوانەی نەریتی باوی رێکخستن بە هێز و توند و تۆڵ.

لەوانەیە وا دابنرێ کە ملکەچ کردنی سەرکردە سەربازیەکانی ئەڵمانیا بۆ رژێمی هیتلەر بە هەڵە دابنرێت هەروەك زۆرێك لە خەڵك بڕوای وایە، بەڵام پێویستە بیر لەو سەختی و دژواریەی ئەو سەردەم بکرێتەوە بەرامبەر دەرچووان لە یاسا و دژ بە رژێمی حوکمی هیتلەر. لە بەشەکانی داهاتوو

له لێکۆڵینەوەکەمان لە ئاراستەکان و کارەکانی رۆنشتد هەوڵ نادەین هونەری جەنگ بە درێژی لێکبدەینەوە، بەڵکو تەنها رووداوە سەربازیە سەرەکیەکان بەتەواوی باس دەکەین، ئەوەی بشیەوێ رووداوی زیاتر بخوێنێتەوە دەربارەی ستراتیژ و تەعبیە، ئەوا بابەت زۆرن، لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەی زۆر بەسوود لەلایەن مێژوونووسە سەربازیە بەناوبانگەکان نووسراوە و چاپ و بڵاوکراوەتەوە. رۆنشتد نە لەکاتی جەنگ و نە لە دوای جەنگ پلە و پایەکی سەرەکی لە هێزەکانی ئەڵمانی نەبوو، لە دەستەی روکنی هیتلەر نەبوو، لە روکنی هێزە چەکدارەکانیش نەبوو، هەروەها لە دەستەی روکنی بارەگای سوپاش نەبوو، بەڵکو لە پلە و پایەی سێیەم بوو، واتە فەرماندەی گشتی جەحفەلی سوپا بوو بۆ جارێك و فەرماندەی گشتی خۆرئاوا بوو جارێکی دیکە. هەموو فرمانەکانیشی لە دەستەڵاتی سەرووی خۆی وەردەگرت.

ئەو بیر و بۆچوونانە چی بوون کە لە مێشکی رۆنشتد دەخولانەوە ؟

ئەم بابەتە لەم کتێبەدا باس دەکەین. لە بەخت باشیەوە رۆنشتد هەستێکی ستراتیژی دروستی هەبوو، هەرگیز خۆی بە شتی وردی سەربازی خەریك نەدەکرد، نموونەش بۆ ئەمە نەخشەی سەربازی بە پێوەری ١/١٠٠٠٠٠٠ پێ باشتربوو لە نەخشەیەك کە پێوەرەکەی ١/٣٠٠٠٠٠ بێت، هەروەها کەمتریش ئارەزووی لە نەخشەیەك بوو کە پێوەرەکەی ١/١٠٠٠٠٠ بوو، گرنگە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە پلانی ستراتیژی مەزنی رۆنشتد بە ئەنقەست لەم کتێبەدا بە زمانێکی سادە و ساکار روون کراوەتەوە. چونکە ئەم کتێبەم تەنها بۆ خوێنەرە سادەکان نووسیوە. نەك بۆ ئەوانەی شارەزا و پسپۆڕن لە بواری سەربازی. لە پایزی ١٩٣٩ فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا هیچ شتێکیان دەربارەی نهێنیە

سیاسیەکان نەدەزانی یاخود رەنگە کەمێکیان لەم بارەیەوە زانیبێ، چونکە ئەمە لە عادەتی حکوومەت نەبوو ئەو زانیاریانەی هەیەتی پێشکەشی فەرماندە سەربازیەکانی بکات، بەتایبەتیش سەبارەت بە ئامانجەکانیان وا بلاوکرایەوە کە پۆلەندای نوێ نەفرینی لە سیاسەتی (بلسۆدسکی) کرد چونکە حەزی لە دۆستایەتی ئەلمانیا دەکرد، بۆیە پۆلەندا ئاراستەیەکی وەرگرت کە دژی ئەلمانیا بوو، هەروەکو باسیش دەکرا کە پۆلەندا هیچ ئاماژەیەکی نەکرد کە ئارەزووی چارەسەرێکی مام ناوەندی بۆ کێشە و گرفتی ئەو ئەلمانیانە بکات کە کە لەناو سنووری ئەودا دەژیان. هەروەها لە کۆتایشدا وا بلاوبۆوە کە پۆلەندا بەیەکجاری دەستی بەردا لەهەر چارەسەریەکی قەبولکراو بۆ گرفتی رێڕەو، ئەو رێڕەوەی کە پەیماننامەی ڤرسایل لە سالی ١٩١٩ دیاری کردبوو، کە پێکهاتبوو لە خاکێك پانیەکەی ٦٠ میل بەرەو رۆژئاوا لە زێی (ڤستۆلا) ی خواروو کە درێژ دەبێتەوە بەرەو دەریای بەلتیق. ئەم رێڕەوە لە ئەلمانیا وەرگیرابۆوە و درابووە پۆلەندا. بەمجۆرە ناوچەی بڕووسیای رۆژهەلات لەگەلّ ناوچەکانی دیکەی رایخی ئەلمانی جودا کرابۆوە، بە جۆرێك نەدەتوانرا لە ئەلمانیا بۆ ناوچەی بڕووسیای رۆژهەلات بچن، تەنها بە هێلّی ئاسنی شەمەندەفەر نەبێ کە ئەمەش دەبووایە بە چاکی کۆنترۆلّ کرابێ. پێشتریش زۆر پێشنیار کرابوون بۆ چارەسەرکردن و یەکلایی کردنەوەی ئەم کێشەیە وەکو ئەو پێشنیارەی کە داوای دروستکردنی هێلێکی تەسکی بێلایەنی دەکرد لە تەنیشت رێگاکەوە لەژێر سەرپەرشتی ئیدارەیەکی هاوبەشدا. هەروەها دروستکردنی رێگایەکی ئۆتۆمبێل کە رێگای سەرەکی بڕیبوایە لە باکووری پۆلەندا بۆ مینای "جینیا"ی پۆلەندی و لە رایخی ئەلمانیشەوە بۆ بڕووسیای رۆژهەلات.

پیاوانی سوپاش لەوە زیاتر زانیاریان پێنەدراو، نهێنییە راستەقینەکانی پرۆسەی پۆڵەندیان بە نهێنی لامایەوە. بەڵام لەلایەنی سەربازیەوە هێزەکانی ئەڵمانی هەنگاو بە هەنگاو بەرەو سنووری پۆڵەندا دەچوون و، فرمانیان پێکرا لەسەر سنوور قەڵابەندی بەهێز دروست بکەن، بڕوای باو لەلایەن گەل و سوپای ئەڵمانیا وابوو، کە لەساڵی ١٩١٤ جەنگیان لەسەر فەرزکرابوو بە پێچەوانەی ئەوەی ساڵی ١٩٣٩، کە نە گەل و نەسوپاش تامەزرۆی ئەم جەنگە نەبوون، زۆر کەس لە چین و توێژە جیاجیاکانی گەلی ئەڵمانیا ئەم مەترسیە چاوەڕوانکراوەیان هەست پێدەکرد لەکاتی روودانی ئەو جەنگەدا، هەروەها بۆیان روون و ئاشکرا بوو کە پرۆسەی پۆڵەندا دەبێتە هۆی روودانی جەنگێکی راستەقینە نەك "جەنگی گوڵ" بەبێ پێکدادانی راستەقینە (وەك ئەوانەی پێشوو). ئەوانەی بە خێرایی چاوێك بە نەخشەی ئەورووپای ساڵی ١٩٣٩ بخشێننەوە، تێدەگەن کە پۆڵەندا پێش ئەوەی ئەڵمانیەکان گوللەیەك بهاوێژن، یاخود بەر لەوەی سەربازێکی ئەڵمانیا سنووری ببەزێنێ، ستراتیژیەکەی دارما، ئەو نەخشە کێشانە سنووریەی پۆڵەندا وایکرد لەلایەن ئەڵمانیاوە لە سێ لاوە گەمارۆ بدرێن، وەك ئەوەی دوو دەستی پۆڵاین ورد و خاشی کردبێ. لەلای باکوریەوە بڕووسیای رۆژهەڵات بوو، لە باشووری سنووری بڕووسیای رۆژهەڵاتیش هێزەکانی ئەڵمانیا بەرەو باشوور بۆ (وارشۆ) و (بریست لیتوفیسك) هەنگاوی دەنا، لەلایەکی دیکەشەوە سنووری پۆڵەندا - چیکسلۆڤاکیا هەڵمەتێکی بەرەو باکوور بەمەبەستی دەست بەسەرداگرتنی (کراکا و ولمبرك) دەوروژاند، هەروەها پێویستت بە زانیاری سەربازی نییە تاکو بەیەك چاوپێداخشان هەڵوێستی بێ ئومێدی پۆڵەندا بزانێت ! !

ئەڵمانیا هەمیشە لە توانای دابوو ئەو تەفەوقە ستراتیژیە بەتەواوی بەکاربەرێت، ئەگەریش ئەو گەمارۆ ستراتیژیە بەتەواوی بەرهەمی نەبووبێ، چونکە شەبەکەی ڕێگاکان لە ڕۆژهەڵاتی سلۆڤکیا بەتەنها بەس نەبوو، بۆیە بەرەوپێشچوونی هێزە زەبەلاحەکان تەگەرەیان کەوتەپێش. لەمەش زیاتر ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی بڕووسیای ڕۆژهەڵات لەبەرچەند هۆیەکی هونەری ڕێگای بە کۆکردنەوەی هێزی زەبەلاح نەدەدا. هەروەها قەڵابەندی پۆڵەندا لە هێڵی (نیرۆ) لە باکوورەوە و چیای (کەربات) لە باشوورەوە دوو بەربەست بوون کە سوودیان هەبوو لە دواخستنی بەرەو پێشچوونی سوپای ئەڵمانیا. پۆڵەندیەکان لە هەلۆیستێکی دژواردا بوون، لە ڕۆژئاوای وڵاتەکەیانەوە، واتە لە ڕۆژهەڵاتی (ڤستۆلا) قووڵایی شوێنە پیشەسازی و تەموینیەکانیان لەوێ بوو، هەروەها زیاتر لەمەش ناوچەی پێشووی ئەڵمانیا (بۆزان) سەرچاوەی سامانی پۆڵەندا بوو، ئەگەر بهاتبایە ئەڵمانیەکان بیانتوانیبووایە پۆڵەندیەکان ناچار بکەن لەم ناوچەیە (بۆزان) پاشەکشێ پێ بکەن، ئەوا جەنگ کۆتایی پێهاتبوو. چونکە هیچ پیشەسازیەکی سەربازی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی (ڤستۆلا) نەبوو، لەوەش زیاتر ئەگەر ئەو ژمارە کەمەی بیرە نەوتیەکان لە (گالیسیا) لە ناوچەی (کەربات) بکەوتایەتە بەردەستی ئەڵمانیەکان ئەوا دەبووە هۆی ئەوەی پۆڵەندیەکان پێداویستی نەوتیان کەم بێت و کاریگەری خراپیان لەسەر جێبهێڵێت. لەبەر ئەو هۆکارە لۆژیکیانە پۆڵەندیەکان ناچاربوون زۆرینەی سوپاکەیان لە ناوچە گرنگەکانی دەوروپشتی (بۆزان) دابنێن، ئەو ناوچەیە دەکەوتە نێوان سنووری ئەڵمانیا بە قولاییەکی زۆرەوە، بەم

هۆیەش چەند هێزێکی لاوازیان مایەوە بۆ پاراستنی هەردوو باڵی تاکو (نیرۆ) و (کەربات).

بەم جۆرە دەبینین هەڵوێستی سەربازی لە ساڵی ١٩٣٩ لە بەرژەوەندی ئەڵمانیا دابوو، هەروەها بەهۆی درێژی سنوور و گەمارۆدانی لەلایەن سوپای ئەڵمانیاوە، هەڵوێستی سەربازی بەرامبەر چیکسلۆڤاکیاش لە ساڵی ١٩٣٨-١٩٣٩ گونجاو و لەباربوو. بۆیە (چیك) یش ناچار بوو بەرگری لە بەشی گرنگی وڵاتەکەی لە دەوروبەری (براغ) بکات.

سەرکردەکانی پۆڵەندا بەم هۆیەوە لە میحنەت و ناخۆشی دابوون، بۆیە زۆرجار فەریق (رۆنشتد) لەو سەردەمدا ئاماژەی بەو هەڵوێستە دژوارەی پۆڵەندیەکان دەکرد، بەڕاستی رۆنشتد زانیاری باشی دەربارەی سوپای پۆڵەندی هەبوو، چونکە پۆڵەندیەکان ئازا و دلێر و زیرەك بوون، سوپایەکی بەهێزیشیان هەبوو کە ئامادەبوون گرانترین و ناخۆشترین پرۆسە ئەنجام بدەن. بەڵام کەرەستە و تفاقی سوپای ئەڵمانیا باش و نوێ نەبوو، تەنها چەند یەکەیەکی زرێپۆشی کۆنیان هەبوو، هێزی ئاسمانیشیان لاواز بوو، فڕۆکەکانیشیان کۆن بوون، لەگەڵ هەموو ئەمانەش سوپای پۆڵەندا گیانێکی مەعنەوی بەرزیان هەبوو، شەڕوانی چاك بوون، هەروەها دەیانتوانی بە توانایەکی بەرزەوە جموجۆڵ ئەنجام بدەن، بە شێوازی تایبەتی خۆشیان ماوەی گواستنەوەیان دەبڕی و دەچوونە سەر شێوازی سوپای رووسیایی. ئەفسەرەکانی پۆڵەنداش لە نێو خۆیان گونجاو بوون، لەلایەن سوپای ئەڵمانیاشەوە رێزی خۆیان هەبوو، باشترین شتیش لە سوپای پۆڵەندا سوارەکانیان بوون کە بە نەریتە کۆنەکانیان دەناسرانەوە، ئەو سوارانەی کە لەساتی پرۆسەی پۆڵەندیدا لەلایەن هەندێ تیپی ئەڵمانیەوە هەزاران حسابیان بۆ دەکرا،

ئـەوكات شـتێكی زانـراو بـوو، كـە پۆڵەندیـەكان بەباشـی خۆیـان ئامـادەكردبوو، كەرەسـتەی بـەرگری پێویسـتیان دژی رووسـیا دابـین كردبـوو، بـێ ئـەوەی ئـەو ئاراسـتەیە بشـارنەوە. بـەڵام قەڵابەنـدە نوێیەكانیان بەس نـەبوو بۆ پاراستنی سنووره بەرفراوانەكـەی پۆڵەنـدا. بۆیە سـەركردایەتی باڵای پۆڵەنـدا ناچـار بـوو ئـەو ناوچـانە بپارێزێ كـە گرنگی زیاتریان هەبوو، ئەمـەش بە دروستكردنی قەڵابەنـدی لـە ئاسـن و چیمەنتۆی دروستكراو بوو، قەڵابەندی (سیلزیا) ی سـەروو نـوێترین و بـە هێزتـرین ئـەو قەڵابەندیانـە بـوو، ئـەو قەڵابەندیانـە دەیـانتوانی بـە سەركەوتوویی خۆڕاگربن بەرامبـەر بۆردومـانی ئاسمـانی و تـۆپی قـورس. هـەروەها ئـەو قەڵابەندیانـەی كـە كەوتبوونـە بـاكوور لـە (نـیرۆ) لەسـەر سنووری باشـووری بڕووسـیای رۆژهـەڵات بـە پلـە دوو دەهـاتن لـەدوای قەڵابەندی سیلزیای سـەروو، بەتایبـەتیش ئـەو قەڵابەندیانـەی كەوتبوونـە نزیـك (ئۆسـتاو) بـە درێـژایی سـنووره بەرفراوانـەكانی دیكـەش جگـە لـە بەربەستە چیمەنتۆكان هیچی تری لێ نەبوو، ئەم جۆره بەربەستانەش لـە ناوچەی بۆزنان زۆربوون. شێوەی قەڵابەنـدی و بەربەسـتەكانی پۆڵەنـدا و قـەڵا و بەربەسـتەكانی چیكسـلۆڤاكیا لـە سـاڵانی ۱۹۳۸-۱۹۳۹ وەك یـەك بوون، یـاخود بەیـەكتر دەچـوون و پلانـی جموجۆڵـەكانی سـادە و سـاكار بوون: سوپای باكوور كە لە هەردوو سوپای سێیەم و چـوارەم پێكهـاتبوو لەگەڵ هێزەكانی زرێپۆش و تیپی سوارەی یەك شوێنێك لە بـاكوور داگـیر دەكـەن و، پێشـڕەوی دەكـەن بـەرەو (بۆزنـان) — (وارشـۆ) — (برسـت لیتۆفسـك) بەسـەركردایەتی فـەریق فـۆن (بـوك) بەمەبەسـتی گـەمارۆدانی سوپای پۆڵەندی. لەلایەكی دیكەشەوە سوپای باشوور سنوور دەبەزێنێت بەرەو (تاترای سەروو) (كەربان-بوشن-برسلو-كلوكو) پاشان پێشڕەوی

دەکات بەرەو رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵات بۆ گەمارۆدانی سوپای پۆڵەندی لە باشوور و لە پێشەوە، بۆئەمەش فەرماندەی گشتی سوپا فۆن (براچش) و سەرۆکی دەستەی ئەرکانی گشتی (هیلدەر) توانی هاوکارییەکی تەواو لە نێوان ئەو دوو سوپایەیە دابین بکات. سوپای باشوور بە سەرۆکایەتی فۆن رۆنشتد لەم دوو سوپایە بە هێزترینیان بوو، چونکە لە سێ سوپا و بەشێکی زۆری یەکە زرێپۆشەکان پێکهاتبوو، سوپای چواردەش کە بە فەرماندەیی لیوا (لیست) بوو، کە یەکێك لە هێزەکانی فەیلەقی فۆن (کلیست) ی زرێپۆش بوو لە لابالّی راستە بوو، ئەرکی ئەم سوپایەش بەرەوپێشچوون بوو بۆ سیلیزیای سەروو لە میانەی کانە خەڵووزەکانەوە بە ئاراستەی رۆژهەڵات بەرەو (کراکاو) و (برزی مسل) و (لمبرك). هەروەها ئەرکی بوو گەمارۆی بالّی باشووری سوپای پۆڵەندا بدات، کە لە هەردوو تەنیشتی چیای (ناترای سەروو) بوو، کە بەرزی لوتکەکانی زیاتر لە هەشت هەزار پێ بوو، بەبەزاندنی (کەربات) بە چەندین مەفرەزەی بەهێز کە دواتریش بە تیپی شاخاوی پاڵپشتی کرا. لە ناوەندیش سوپای دەیەم بە فەرماندەی فۆن ریشناو زۆر بەهیز بوو، ئەو هێزە سەرەکیانەش بەشی هەرە مەزنی هێزەکانی زرێپۆش و تیپە ئالیەکانی تیابوو، ئەرکەکانیش بریتی بوو لە هێرش کردن بەرەو سیلیزیا لە بەرەی گشتی (راندۆم) لەلای چەپیش سوپای هەشت بوو بە فەرماندەی لیوا (بلاسکو ویتس) بێ هێزترین ئەو سوپایانە بوو، کە پێویست بوو لەسەری لە ناوچەی نزیك (کلوکو) هێرش بەرێت بە ئاراستەی (لۆتس) لە هەموو ئەوانەش گرنگتر پێویست بوو باڵی باکووری سوپای رۆنشتد لە (وانا) و (بزورا) بپارێزێت، چونکە بەشی زۆری سوپای پۆڵەندی لە دەوروبەری (بوزنان) و باکووری بە هێزی زۆرەوە

کۆبووبوونــەوە. هێـزی ئاسمــانی ئــەڵمانیش کەشــتی گــەلی چـوارەم بــە ســەرۆکایەتی (لۆهــەر) تــەرخانکرابوو بــۆ پاڵپشــت کردنــی هێرشــبردن لەبەرەی رۆنشتد. ئەوەش زیاد کرا کە تەشکیلاتی برووسکەی ئاسمانی بە فەرماندەیی لیوا فۆن (ریخ تۆفن) لە نزیکەوە پاڵپشتی فەیلەقی زرێپۆش بکات. بەرەکانی شەڕ زۆر فراوان بوون، (تـاترای سـەروو-تروبـا-ئۆیلن-برسـلاو-کلوکـو) ی دەگرتــەوە، واتــە نزیکــەی ٢٧٥ میـل ئەگـەر بێـت بـە هێڵێکـی راسـت دابنـێین لـە سـەرەتاوە تـا کۆتـایی. رۆنشـتد فەرمانـدەی گشتی ئەو بەرەیە بوو، کە پاش ئەوەی خانەنشین کرابوو لە ساڵی ١٩٣٩ گەڕاندبوویانەوە خزمەتی سەربازی. چونکە سوپا وایان دەڕوانیە رۆنشـتد کە سـەربازێك بـوو رەوشـتێکی بـەرز و بەهرەیـەکی تایبـەتی هـەبوو و لـە جموجۆڵـە سـتراتیژیەکان دەگەیشــت و ئاراســتە راســت و دروســتەکانی دەزانی. بەڵام سەرۆکی دەستەی روکنی سەرکردایەتییەکەی لیوای چالاك و بــەتوانا و کاریگــەر فــۆن (مانشــتاین) بــوو، بۆیــە لــە بارەگــای سەرکردایەتییەکەی باشترین ئەفسەر و فەرماندە هەبوون. سـەرکردەکانی دیکەی دەستەی روکن ئەزموون و توانایان کەم بوو، چونکە ئەو دەستەیە یەکەم جار کـە دامـەزرا ئـەو کاتـە بـوو کـە بـاری نائاسـایی راگەیـەنرا لـە سەرەتای جەنگدا، هەروەها زۆر لە ئەفسەر و پلەداری دیکەی یـەدەك کـە لەژیانی سڤیلی گەڕانەوە بۆ خزمـەتی سـەربازی پەیوەنـدیان پێـوە کـرد، خزمەتکردنیش لە بارەگای سەرەکی بەو شێوەیە کـارێکی ئاسـایی نـەبوو لایان، بەڵام توانای بارەگاکەی بەرە بەرە باشتر بوو بـە رۆیشـتنی کـات و بە مومارەسە، یەکەم جـاریش بارەگـای سـەرکردایەتییەکەی لـە ناوەنـدی مەشـقکردن لـە (سـیلیزیا) دانـرا، دواتـر گوێزرایـەوە بـۆ (نـیس) و دێـری کاسۆلیکەکان بۆ خاکی پیرۆز بـووە بارەگایـان و، قەشـەکان لـە باخچـەی

دێـر و ناوچـەکانی دیکـەی دێـر بەشـداریان کـرد و یـەکتریان دەبـینی، سەرۆکی دێر چەندین شەو لەگەڵ رۆنشتد قسەی دەکرد و بەبێ گرفت بیر و بۆچوونەکانیان دەگۆڕیەوە، وا بڕیـاربوو رۆژی ٢٦ی ئـابی سـاڵی ١٩٣٩ سـنوور ببـەزێنرێ، هـەروەها پێویسـت بـوو مـەفرەزەکانی پـەی پێـبردن (ئیستیتلاع) ببنە بێکهاتەی جەنگ لە شەوی ٢٥/٢٦ ی ئاب. ئەوەبوو لـە شەوی ٢٥ ی ئاب گشت فرمانـەکان دەرچـوون و سـوپاش ئامـادە بـوو بـۆ جموجۆڵ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. گیانی مەعنەوی بـاو لـە نێـو ئـەم سوپایەدا بەرز نەبوو، هەروەها لای پۆڵەندیـەکانیش پشـێوی زۆر دروسـت نەبوو، بـەڵام لێـرەدا پرسـیارێك خـۆی قـووت کردبـۆوە: پـاش ئـەوە چـی روودەدات؟ لە سەعاتەکانی یەکەمی شەوی ٢٥ ی ئاب فرمانێکی سەیرمان بۆهـات لەلایـەن هیتلـەرەوە، کـە فەرمانـدەی گشـتی سـوپا بـە ئێمـەی راگەیانـد، ناوەڕۆکەکەشـی ئـەوەبوو کـە سـوپای رۆژهـەڵات هـەر ئێسـتا بوەستێت! شتێکی روونـە سیاسـیەکان بـەدوای دەرگایـەك دەگـەڕێن بـۆ دوورکەوتنەوە لە جەنگ لە چرکەساتی کۆتاییدا، ئەم فرمانەش پێویسـتی بـە جێبـەجێکردنی خێـرا هـەبوو، ئـەگینا هێزەکـانی پێشـەوە سـنوور دەبەزێنێت و جەنگ دەستی پێدەکرد. راگرتنی ئەو بەرەوپێشچوونەی کە خەریك بوو لەلایەن بەشەکانی پەی پێبردنی پێشـەوەی هێزەکانمـان پێـی هەڵبستن لە بەرەیـەك کـە درێژییەکـەی ٢٧٥ میـل دەبـوو پـێش بەزانـدنی سنوور کارێك بوو جێگەی سەرسوڕمان بوو، بـەڵام لەلایـەن سـەرکردایەتی گشتی و فەرماندەی تیپەکان بە باشترین شێوە جێبەجێ بوو، شەوێك بوو بەهۆی مانگە شەو دونیا رووناك بوو، رێگاکانی نێـوان (تـاترای سـەروو) و (کلوکو) بە رەتلـەکانی سـوپای باشـوور زۆر قـەرەباڵغ بـوو، کەتیبەیـەکی لەوێ ئالیش جموجۆڵی دەکرد بەرەو رۆژهەڵات لەسەر رێگای (سیلین) لـە

چیکسلۆڤاکیا لە باشووری (تاترای سەروو) بەمەبەستی بەزاندنی چیای کەربات بە ئاڕاستەی رۆژهەلات، بۆیە پەیوەندیکردن بەو کەتیبەیە کارێکی دژوار بوو. بەهۆی دووریەکەی لە بارەگای سەرکردایەتی، هەروەها لەبەر خراپی هۆکانی گواستنەوە رۆنشتد ناچاربوو ئەفسەرێك بە فڕۆکەیەکی بچووکی ئەلمانیایی کە ئەفسەری روکنی لە پێشینەکان بەکاریان دەهێنا لە جۆری (ستۆرك) بنێرێ و دوای بەزاندنی ئەو ناوچەیەی سوپای ١٤ ی لێبوو بگاتە ئەم کەتیبەیە. ئەو ئەفسەرە توانی بەهۆی رووناکی مانگ کەتیبەکە بناسێتەوە، لەو کاتەشدا کەتیبەکە لە جموجۆلدا بوو لەسەر رێگای رۆژهەلاتی (سیلین) و بەفڕۆکەکە لە نزیك بارەگاکەیان نیشتەوە و بڕیاری وەستانی جموجۆلی پێ راگەیاندن.

بەم جۆرە بزوێنەری سوپا لە جوولە وەستاو، هەروەها لێرە و لەوێ دەوریاتی بچووکی ئالی سنووریان بەزاندبوو، بەلام پێش ئەوەی لەگەل دوژمن بەیەکدا بدەن توانرا پاشەکشێیان پێ بکەن. رۆنشتد نەیدەزانی هۆکاری فەرمانی وەستاندنی جموجۆلی سوپا چییە ! !، چونکە هیچ زانیاریەکی دەربارەی هەلوێستی سیاسی نەگەیشتبوێ. بەلام ئەوکات وا بلاوبوو کە مۆسۆلینی یاخود ولاتە رۆژئاواییەکانی دیکە پێشنیاریان کردبوو بۆ چارەسەری ئاشتیانەی نێوان هەردوو لا. پێشتریش هیتلەر لە سالی ١٩٣٨ فرمانی دەرکردبوو بەوەستانی بەرەوپێشچوون بەر لە جموجۆل بەرەو (سودیت) ، کاتێکیش ئەوجارە فرمانی وەستانی جموجۆل گەیشت، دەستەی روکن هەمووی خۆشحال بوون بەم هەوالە، هەر بەم بۆنەیەشەوە رۆنشتد چەند شووشە شەڕابێکی بە هاوبەش لەگەل سەرۆکی دێر دەستکەوت کە لە (نیس) ئامادەکرابوو، بەهۆی ئەم بۆنە خۆشە. ئەمە راستینەی گیانی مەعنەوی باوبوو لەو کاتەدا، بەلام فرمانی

وەستانی بەرەو پێشچوون زۆری نەخایاند، جارێکی دیکە فرمان گەیشت بە دەستبێگردنەوەی پێشڕەوی و بەزاندنی سنوور و دەستپێکردنی شەڕ، لە رۆژی یەکی ئەیلوول (سێبتێمبەر) ی سالّی ١٩٣٩ هەردوو سوپا سنووری پۆلّەندایان لە باکوور و رۆژئاوا و باشوورەوە بەزاند و ئاگری جەنگ هەلّگیرسا. سەرەتا بەرگری پۆلّەندیەکان زۆر توند بوو، بەتایبەتی لەناوچەی پیشەسازی لە (سیلیزیای سەروو) کە سوودیان لە قەلاّبەندیە بەرگریە بەهێزەکان وەرگرت، بە شێوەیەك زیانی سوپای ١٤ ی ئەلّمانی لەو ناوچەیە گەلێ زۆربوو، بەلاّم لە ناوچەکانی دیکە بە درێژایی سنوورە فراوانەکە، پۆلّەندیەکان لە سەرەتادا خۆیان لە شەڕکردن پاراست و، لەدوای دوو-سێ رۆژ لە دەستپێکردنی شەڕ ئینجا بەرگریان بە هێزکرد و، زنجیرەیەك شەڕی توند و جارجارەش سوك روویدا، کە ناکرێ لەم کتێبەدا درێژەی ئەو شەڕانە باس بکەم. پۆلّەندیەکان وەك لێیان چاوەڕێ دەکرا بە ئازایەتییەکی زۆرەوە جەنگان. لەوەش زیاتر هێزە سوارەکانیان چەندین جار بە شەو هەلّمەتی کتوپڕیان دەبردە سەر هێزەکانمان، وەك بلێی سوپایەك لە خێوبوون، کاتێ بەشی زۆری هێزەکانیان لە نزیك (بۆزنان) بۆ دواوە کشانەوە بەرەو باشوور بە (بزورا) ئەزمەیەکی کاتی روویدا، بەلاّم کاتێ سوپای ٨ ی سوپای رۆنشتد بوو دەستی بە هێرشکردن کرد بۆ رۆژهەلاّت، پۆلّەندیەکان لەسەر زێی بزورا دەرکەوتن بە ئاراستەی لابالّی سوپای ٨، بۆماوەی چەند رۆژێك ئەو سوپایەیان خستە بەردەم هەڕەشەیەکی جدییەوە. ئەمەش وایکرد هەندێك تیپی سوپای ١٠ کە بەشێوەیەکی کاتی لە ناوچەی ناوەند بوون بنێردرێن بۆ پالّپشتی کردنی سوپای ٨. رۆنشتد و سەرۆکی دەستەی روکنەکەی ئیجرائاتی کاریگەریان کرد، هەردووکیان بە فڕۆکە چوونە بارەگای

سوپای هەشت لە (لوتس) و فرمانی پێویستیان دەرکرد، ئەم ئەزمەیەش لەلابالّی چەپی سوپای ٨ بەهۆی کەمی کردەی پەی پێبردنەوە بوو کە بۆ ئەم سوپایە دانرابوو، بەراستیش ئەم مەترسیە لە ئەنجامی کەمی ژمارەی کەسانی پەی پێبردن بوو لەم سوپایەدا، چونکە لەیەك کەتیبەی ئالی زیاتری نەبوو، کە ئەویش لە جیاتی ئەوەی بۆ قوولّترین خالّی لابالّی راست تەرخان بکرێت، بۆ لای راست تەرخان کرابوو. لەوەش زیاتر کردەی پەی پێبردنی تەعبەوی زۆر کەم بوو، ئەوانەی کە لەلایەن ئەسپ سوارەکانەوە کران، ئەو بەشەی کە هەمیشە لە ناوچەکانی رۆژهەلاّت زۆر بەسوود بوون، رۆنشتد کە زانیاری زۆر وردی لەسەر ناوچەکانی رۆژهەلاّت هەبوو زیاتر لە جارێك پێویستی گواستنەوەی یەکەکانی پەی پێبردنی راگەیاند لە بەرەکانی رۆژئاوا بۆ بەرەکانی رۆژهەلاّت، چونکە هێزەکانی ئەلّمانی لە رۆژئاوا لە هەلّوێستێکی جێگیردابوون و لە شوێنەکانی خۆیان لە قەلاّبەندیەکانی رۆژئاوا، یەکەکانی پەی پێبردنیش لەوێ بەکارهێنانیان سودێکی وای نەبوو. بەلاّم پەی پێبردنی ئاسمانی سەرکەوتووبوو، ئەمەش بەهۆی زۆری فڕۆکەکانی ئەلّمانیاوە بوو کە کۆنترۆلّی ئاسمانی ئەو ناوچەیەمان کردبوو، بەلاّم فڕۆکەوانەکان بۆ هەمیشە نەیانتوانی بە وردی رەوشی سەرزەمینمان بۆ دیاری بخەن. چونکە لە مانگی ئەیلوولی سالّی ١٩٣٩ بارودۆخی ئاووهەوا مامناوەندی بوو، خۆر بە دەرەوە بوو ئاسمان پرشنگدار بوو، لە رێگا قومەکانیشی خەلّکێکی زۆری پەنابەران لە رۆیشتندا بوون و، هەروەکو لە گشت شوێنێکی رۆژهەلاّت باوە ئەسپ و مەڕ و مالاّت و عەرەبانەشیان لەگەلّ بوو. هەروەها هێزەکانی پۆلّەندیش بە ئاراستەی رۆژهەلاّت لە پاشەکشێ دابوون و، هێزەکانی دیکەی پۆلّەندیش دووبارە خۆیان لە باکوورەوە

بەرەو باشوور خۆیان دزییەوە، تێکەڵیەکی زۆری هێز و خەڵك لە ڕێگا بوون، بەڵام بەهۆی لە تەم و مژێکی زۆر کە لە هەموو لایەکەوە بوو و گشت ڕێگاکانیشی گرتبووەوە لە ئاسمانەوە نەدەبینران، ئەگەر ئەو تەم و مژە نەبا دەتوانرا بزانرێت کەچی لەسەر زەوی هەبوو. لە هەموو ئەوانەش گرنگتر پۆڵەندیەکان وەك هەر گەلێکی ڕۆژهەڵاتی دیکە سوودیان لە ڕۆیشتنی شەوانە وەردەگرت بۆ جێگا گۆڕین و شەڕکردن، پۆڵندیەکان لە جموجۆڵی شەوانەدا لە هێزەکانی ئەڵمانی باڵا دەست تر بوون لە ساڵی ١٩٣٩ دا. ئەوەش ئەڵمانیای ناچار کرد بۆ یەکەم جار بە شەویش جموجۆڵ بکات. فەرماندەی گشتی سوپای باشوور پاش ئەوە گەیشتە بڕیارێکی ستراتیژی گرنگ، چونکە سوپای پۆڵەندی بەهۆی فشاری سوپای باکوور پێویست بوو لە (برومبرگ) و (بۆزنان) پاشەکشێ بکەن تاکو لە گەمارۆی دوو لایەنە رزگاریان ببێت. چەند ڕۆژێك بێ دەنگی باڵی بەسەر سەرکردایەتی باڵای ئەڵمانیادا کێشا، دوو ئەگەریش هەبوون: یەکەمیان ئەوەبوو کە پۆڵەندیەکان تا ئێستا لە ڕۆژئاوای (وارشۆ) ن. دووەمیشیان ئەوەبوو کە ئەوان گەیشتوونەتە دواوەی ئەو ناوچەیە بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵات، ئەمەش بە پاشەکشێ کردن لە ڕێگای زێی (یەك) ەوە. سەرکردایەتی باڵای ئەڵمانی ئەگەری دووەمی پەسەند کرد و، داوای لە سوپای باشوور کرد لە ڕۆمانیا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی لە ڕێگای زێی (فستولا) بە ئاڕاستەی (لوبلن) بەرەو پێش بچن بۆ بڕینی هێڵی پاشەکشەی پۆڵەندیەکان لە نێوان هەردوو زێی (بەگ و فستولا). بەڵام ڕۆنشتد و سەرۆکی دەستەی روکنەکەی بە شێوەیەکی وا ڕەوشەکەی خوێندەوە کە جیاواز بوو لەگەڵ بۆچوونەکەی سەرکردایەتی باڵای ئەڵمانی و، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە تا ئەوکات بەشی زۆری

هێزەکانی پۆڵەندی لە ڕۆژئاوای (وارشۆ) دەجەنگن. لەسەر ئەم بنەمایەش ئاراستەی سوپای ٨ و بەشی زۆری سوپای ١٠ ی ئالی بە خێراییەکی زۆرەوە گۆڕدرا بۆ باکوور بەرەو (وارشۆ). بەم بڕیارەش ڕۆنشتد بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دروستەی هەڵگرت، هەرچەندە پێچەوانەی بۆچوونی سەرکردایەتی باڵای ئەڵمانیا بوو. هەردوو سوپای ١٠ و ١٤ و گشت تۆپە قورسەکان بە خێرایی بەرەو ئاراستەی (وارشۆ) گواسترانەوە، بۆ گەمارۆدانی ئەو شوێنەی کە بەتوندی بەرگریان دەکرد هەروەها بە قەڵابەندی و شوێنی سەختی پۆڵەندیەکان دەورە درابوو، بۆئەوەی پەڕینەوە لە زێی ڤستولا کارێکی قورس و گران بێ، بەڵام بە هاوکاری لەگەڵ سوپای باکوور کە لەلای باکوورەوە پێشڕەوی دەکرد توانرا بەشی زۆری سوپای پۆڵەندی ببەزێندرێت کە لە دەوری (وارشۆ) دابوون. بەرگریەکانی (وارشۆ) زۆر بەتوندی لە ئاسمان و زەمینەوە بە فڕۆکە و تۆپ بۆردومان کرا و دواتریش لەلایەن هێزی پیادە و زرێپۆشەوە هێرشی کرایە سەر، فەرماندەی پۆڵەندی ژیر و دانا ناچار بوو لەگەڵ سوپا و قەڵابەندیەکان خۆی بەدەستەوە بدات. بەم جۆرە شەڕی برووسك ئاسا لە پۆڵەندا ئامانجەکانی بەدەست هات، کە ئەمەش تەنها لەلایەنی بانگەشەوە بوو، هەرچەند بەنیسبەت هێزەکانی ئەڵمانی شەڕ کۆتایی نەهاتبوو، چونکە بانگەشەکان باسی شەڕێکیان دەکرد کە ١٨ ڕۆژی خایاند، بەڵام ڕووداوەکان لە بواری کردەنیدا وانەبوون، بێگومانیش بەشی زۆری هێزەکانی پۆڵەندا ڕووخابوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هێشتا هێزەکانی ئەڵمانی لەلای ڕۆژهەڵاتی زێی (ڤستۆلا) ڕووبەڕووی هێزی چالاکی سوپای پۆڵەندا دەبۆوە، ئەو هێزانەی پۆڵەنداش هەوڵی دەدا خۆی بدزێتەوە بە پەڕینەوە لە نێوان هەردوو زێی

(بەگ) و (ڤستۆلا) بۆ وڵاتی رۆمانیا. دوای ئەوە بارودۆخەکان بە خێراییەکی سەیر گەشەی کرد و، هیتلەر لەگەڵ رووسیا گەیشتە پەیمانێك دەربارەی دابەشکردنی پۆڵەندا. لەسەرەتاش وارێکخرا گشت ناوچەکانی کە کەوتوونەتە رۆژهەڵاتی ڤستۆلا بۆ رووسیا بێت. بۆیە هێزەکان و زرێپۆشەکانی رووسیا سنووری پۆڵەندایان لە بەرەیەکی فراوان لە نێوان (مینسك) و (بۆدۆلیسك) بەزاند و لەسەرخۆ بەرەو رۆژئاوا پێشڕەویان کرد، لە ئەنجامی ئەو پێشڕەویەش سوپای باشوور لەگەڵ هێزەکانی پۆڵەندا گەیشتنە یەکتر و شەڕ و پێکدادان لە نێوانیان روویدا. ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە ئەو هێزانەی پۆڵەندا لە هەوڵی ئەوە دابوون بگەنە رۆمانیای بێلایەن و لە چنگی هێزەکانی ئەڵمانی و رووسەکان رزگاریان بێت. هەروەها زۆربەی گەلی پۆڵەنداش لە رۆژهەڵاتەوە لە ترسی هێزەکانی رووسیا بەرەو رۆژئاوا ملی رێیان گرتبووە بەر.

دەتوانین بێنینە پێش چاومان کە رەوشەکە چەندە نادیار و ناڕۆشن بوو، ئەوکاتەی کە جەنگ لە رۆژهەڵاتی (گالیسیا) و دەوروبەری (لوبلن) بەردەوام بوو، بەتایبەتیش لەکاتی شەودا، ئەمەش لەدوای هەژدەمین رۆژی جەنگ بوو، چونکە پۆڵەندیەکان سوودیان لە تاریکی و چەنگەل و دارستانەکانی رۆژهەڵاتی پۆڵەندا وەرگرت.

لە ناوچەی (کرودیك) لە (گالیسیا) و دەوروبەری (لمبرك) شەڕی قورس و دژوار روویدا، بەتایبەتیش لە زەلکاو و دارستانەکانی دەوروبەری ئەو ناوچەیەیە. پۆڵەندیەکانیش لە بەرەی شەڕ و دواوەی هێزەکانی ئەڵمانی دەرکەوتن و هەوڵیان دەدا بەوێدا تێپەڕن، لەناو ئەو رەوشە ئاڵۆزە رووبەڕوو بوونەوەیەکی سادە روویدا لە نێوان یەکەکانی تفەنگ لە تیپی چیایی یەکەم و یەکەکانی زرێپۆشی رووسیایی، چونکە ئەفسەرێکی

سوپای ئەڵمانی کە لە رەبیەیەکدا بوو دەبابەکانی رووسیای نەناسیەوە و فرمانی دەرکرد تەقەیان لێبکەن، بەهۆی ئەمەش دەبابەیەکی پێشەوەی رووسیا پێکرا و، هەروەها هەردوو ئەفسەری ئەڵمانی و رووسیایی لەم شەڕە کوژران، هەرچەندە لەلایەنی بانگەشەوە پرۆسەی پۆڵەندی کۆتایی پێهاتبوو، بەڵام رەوشی هێزەکانی رۆنشتد لە گالیسیا رۆژ دوای رۆژ بە شێوەیەکی سەیر گەشەی دەکرد، پێویست بوو لەسەر گشت هێزەکانی ئەڵمانی بۆ رۆژئاوای (ڤستۆلا) و (سان) پاشەکشە بکەن بە گوێرەی پەیمانی رووسیا و ئەڵمانیا بۆئەوەی ئەم ناوچەیە بدرێتە دەست یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام هێزەکانی ئەڵمانی لەکاتی پاشەکشەیدا لەلایەن هێزەکانی پۆڵەندیدا رووبەڕووی شەڕی بچووک دەبوونەوە، هەرچۆنێك بێت رووسەکان ئەم بەرخودانانەیان بۆ هێزەکانی ئەڵمانی جێهێشتبوو، خۆشیان بە هێواشی و لەسەرخۆ بەرەو رۆژئاوا پێشڕەویان دەکرد. بەمجۆرە یەکەکانی سوپای ١٤ خۆی لە رەوشێکی ناخۆش و ئاڵۆزدا لەکاتی پاشەکشەکردندا بە رەتبوون لە (سان) بە ناوچەی (تاینۆ) ی بەناوبانگ بە قوم و کەمی رێگا و دارستان و زەلکاوەکان بینییەوە. بۆ بەهانا هاتنی ئەو یەکانەش چەندین یەکەی دیکەی ئەڵمانی گەیشتنە رۆژهەڵات. پاشان بڕیاری یەکەمی دابەش کردنەکە گۆڕانی بەسەردا هات و، هێڵی نوێی دابەش کردن بووە هێڵی (سان) – (بەگ). ئەوەش مانای ئەوەبوو هێزەکانی رووسیا بە ئاراستەی رۆژهەڵات پاشەکشە بکەن و هێزەکانی ئەڵمانیاش دووبارە پێشڕەوی بکەن و لە (ڤستۆلا) بپەڕنەوە و بەرەو (بەگ) ی خواروو. بەم شێوەیە بە دیاردەکەوێت کە بەهۆی دیاریکردنی هێڵی جیاکەرەوە بە شێوازی سیاسی چەندە ناخۆش بوو چەندە زیانی لە هێزەکاندا. شەڕی پۆڵەندی کۆتایی بە کردەنی پێ

نەهات تەنها لە نیوەی مانگی تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر) نەبێت، هەتاکو پاش ئەم کاتەش هێزەکانی ئەڵمانیایی زیانی گیانی گەورەیان بەرکەوت. لەو ماوەیەشدا دەستەی روکنی رۆنشتد لە گوندێکی باشووری رۆژئاوای (وارشۆ) بوو کەهی خێزانی (باتوکی) پۆڵەندی بوو، لەم شوێنەشدا رۆنشتد فرمانی دامەزراندنی بە فەرماندەی گشتی بەرەی رۆژهەڵات بۆ دەرچوو. لەگەڵ مانەوەشی لە پۆڵەندا بەخۆی و دەستەی روکنی بۆ پاراستنی وڵات بە سیفەتی حاکمی سەربازی لە پۆڵەندا دامەزرا. ئەمەش بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئارەزووەکانی نەدەگونجا، چونکە برپیاردرا پلەوپایەی حاکمی مەدەنی لە پۆڵەندا دابنرێت و، حاکمێکی نازی بۆ وڵات دامەزرا. پێشووتریش ناکۆکی توندی بیر و بۆچوون لە نێوان رۆنشتد و پیاوانی حزبی نازی سەریهەڵدابوو، هەروەها ئەم جۆرە جیاوازی و ناکۆکیانەش لەکاتی جەنگی پۆڵەنداش روویدابوو، بۆیە رۆنشتد هەوڵی زۆری دا واز لە پلەوپایەی حاکمی سەربازی بێنێت و لە پۆڵەندا دووربکەوێتەوە. ئەم ئارەزووەشی لە نیوەی مانگی تشرینی یەکەم (ئۆکتۆبەر) هاتەدی و، هیتلەر خۆی فەرمانی دەرکرد بە گواستنەوەی رۆنشتد و دەستەی ئەرکانەکەی بۆ رۆژئاوا و وەرگرتنی سەرکردایەتی سوپای (ا) لەوێ و جەنەڕاڵ (بلاسکو ویتس) یشی کردە حاکمی سەربازی نوێی پۆڵەندی، دەستەی ئەرکانی رۆنشتدیش حوکمی وڵاتی دایە دەست حاکمی نوێی سەربازی خۆشی گواستراوە بۆ (لوتز) لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمیش دەستەی ئەرکانی رۆنشتد گواسترایەوە رۆژئاوا بۆ (کۆبلنز) لەسەر زێی (راین) و، رۆنشتدیش میدالیای خاچی ئاسنینی بە پلەی خاچی (دلاوەر) پێبەخشرا. ئەزموونی جەنگی پۆڵەندی سەلماندی کە بەشێك لە هێزەکانی پیادەی سوپای ئەڵمانی لەکاتی شەڕدا جێگیر

نەبوون، ئاستیشیان نەدەگەیشتە ئاستی ئەو یەکە پیادە بەناوبانگانەی ساڵی ١٩١٤. ئەمەش لەلایەن زۆر فەرماندەی یەکەکان گرنگی پێدرا و بێزاری خۆیان لەوە دەردەبڕی کە هێزەکانیان بە دڵێکی بە ترس و لەرزەوە هێرشیان دەبرد. جێی گومانیش نیە ئاستی هەندێك تیپیش لەمە بەرزتر بوو، بەڵام لەو تیپە پیادانەش ئاستی هەندێکیان زۆر باش نەبوو. هۆی ئەمەش سەربازی پیادەی ئەڵمانی نەبوو، بەڵکو هۆکارەکەی ئەو فراوانبوونە خێرایەبوو کە لەکاتی دروستکردنی هێزەکان پیادەکرا. کە لە ئەنجامیش بووە هۆی ئەوەی گونجانێکی باشی ناوەخۆی لە نێو سوپادا لێنەکەوتەوە. هۆکاری راستەوخۆی کۆتایی هاتنی جەنگیش بە خێرایی و بە سەرکەوتوویی دەگەڕایەوە توانا و بەهێزی هێزە ئاسمانی و زرێپۆشەکان، لەم بارەیەوەش راپۆرتێك کە کەمتوانایی تیپەکانی ئەڵمانیای تیابوو بۆ هیتلەر نێردرا، ئەمەش هیتلەری بێزارکرد، چونکە ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە هێزە پیادەکانیان لەگشت روویەکەوە زۆر چالاکن و هەروەك ئەو هێزە پیادانەن کە لەساڵی ١٩١٤ خۆی وەکو سەربازێك لەوێ خزمەتی کردبوو. بەڵام لە راستیدا بۆچوونەکەی وا دەرنەچوو. لێکۆڵینەوە لە شەڕی پۆڵەندا سەبارەت بە پیاوانی سوپا خۆش و بەسوودە لەلایەنی رۆشنبیریەوە، چونکە جەنگێك بوو بە بەردەوامی هەڵوێست و بارودۆخی گۆڕاوی تیابوو، لە هێرش بردن و گەمارۆدان و خۆدزینەوە و......هتد. هەروەها هەڵوێست و رەوشی نوێ و کتوپڕ و گۆڕانی خێرای ئەنجامی تیابوو، هەروەها لەکاتی شەڕدا هیچ پشوودانێك نەبوو بۆ دەستەی ئەرکان و هێزەکان لەکاتی رۆژدا، بێ گومان بە شەویش لە رۆژ باشتر نەبوو. ئەو پڕۆسەیە بە شێوەیەکی تایبەتی لەگەڵ پلانە ستراتیژی و تەیارکردنەکانی رۆنشتد یەکانگیربوو، شەڕێك بوو کە

گۆڕانکـاری خێرایـی تیـابوو، هـەروەها لیـوا فـۆن (مانشـتاین) سـەرۆکی ئەرکانی سوپاکەی وەك بلێی بۆ پرۆسە و کـردەی ئـاوا دروسـت کرابێـت. بەشێوەیەك هـەردوو سـوپا نزیکـەی ٦٩٠ هـەزار پۆڵەنـدیان بـەدیل گـرت. لەسەرەتای جەنگی پۆڵەندا ئەفسەرێکی پۆڵەندا بە پلەی لیوا بەدیل گـیرا و دوو رۆژ وەك میوان لە بارەگای رۆنشتد مایەوە. ئەم لیوایە شیوەنی بۆ سیاسـەتی وڵاتەکـەی کـرد و بـە گلەییـەوە و بـە نائومێدییـەوە گـوتی : ژمارەیـەکی زۆری ئەفسـەرە پۆڵەندیـەکان بـە هیوابـوون هـەردوو سـوپای پۆڵەندی و ئەڵمانی بەیەکـەوە بـەرگری بکـەن لـە دژی مەترسـی رووسـیا. نـەزانینی ئـەو رووداوانـەی کـە لـە دواڕۆژ روودەدات وای لێکـردین ئـەو قسانەی ئەم لیوا ژیر و بەڕێزە تەنها بە موجامەلە دابنـێین، بـەڵام رەنگـە ئەو وەك پۆڵەندیەك نەزانراوەکانی دواڕۆژی دووری بینیبێت.

بەشی پێنجەم

شەڕی برووسك ئاسا لە ڕۆژئاوا لەساڵی ١٩٤٠

بارەگای نوێی ڕۆنشتد لەشاری (کۆبلنز)ی کۆنی ئەڵمانی بوو لەسەر زێی راین، بارەگاکانیش لە بینا کۆنەکان بوو کە پێشووتر بارەگای فەیلەقی ٨ ی بڕووسیایی لەوێ نیشتەجێ بوون، لەوێش بە ئاشکرا هەست بە نەریت و تەقالیدی سەدەیەکی تەواو دەکرا. زۆربەی ئەفسەرانیش لە هوتێلی (ڕێزن فێرستن هۆف) نیشتەجێ بوون. ڕەوشی سیاسیش لە ڕاستیدا بە نادیاری مابووەوە، چونکە سەرکردەی سوپای فەیلەقەکان ئاگاداری زۆریان لەسەر مەبەست و ئامانجەکان نەبوو، بۆیە بانگەشەیەکی هاکەزایی کاریگەری زۆر مەزنی لێکردن. بە جۆرێك هیچ کەسێك لە نێوان گەنگەشەو ڕاستەقینەدا جیاوازی پێنەدەکرا، ئەو زانیاریە کەمانەی دەربارەی ڕەوشی سیاسی هەروەك چاوەڕوان دەکرا کاریگەری هەبێت لەسەر سەرکردەکانی سوپای وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بەو شێوەیە کاریگەری لەسەر ڕۆنشتد و کۆنە فەرماندەکانی سوپادا نەبوو. بەهۆی نەریتی دوو سەدەی دوور و درێژ، سەربازانی بڕووسیای ئەڵمانیا فێرببوون خۆیان لە قەڵای کاروباری سیاسی نەدەن. بەم هۆیەوە مەیل و ئارەزوویان بۆ زانینی نهێنیەکان نەبوو، یاخود لاوازبوو.

هۆکاری خۆ دوورەپەرێزگرتنی هێزەکانی ئینگلتەرە و فەڕەنسا لە بەشداریکردنیان لە شەڕدا ڕوون نەبوو، لە کاتێکدا کە زۆربەی سوپای ئەڵمانیاو زرێپۆشەکانی هێزەکانی ئاسمانی بەرەو ڕۆژهەڵات و بۆ پۆڵەندا لە جموجۆڵدا بوو، تەنگژەی سیاسی هەر لە بەهاری ساڵی ١٩٣٩ بوونی

هـەبوو، لـە ڕۆژی یـەکی ئـەیلوول شـەڕی پۆڵەنـدا هەڵگیرسـا، لـە ڕۆژی دووەمی ئەیلوول مۆسۆلینی هەوڵیدا ناوبژی بکات، ئەم ناوبژییەش دەبـوو فەڕەنسـا و ئـەڵمانیا لەسـەری ڕازی بـن، بـاڵیۆزی بـەریتانیا لـە بـەرلین بڕیارێکی دەرکرد لەسەر ڕووداوی شەڕ، لە کاتێکدا فەڕەنسا چارەنووسـی خۆی بە بەریتانیا گرێدا، مایەوە ئەو نهێنیـەی کـە چارەسـەرکردنی گـران بوو: بۆچی هەردوو دەوڵەتی بەریتانیاو فەڕەنسا بە تـەواوی سـنوورێکیان بۆ ئەڵمانیا دانەنا، بە داگیرکردنی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە ئەیلولی ١٩٣٩؟

ئایـا لەوێـدا هۆکـاری سیاسـی هـەبوو؟ ئایـا هـیچ هیوایـەك هـەبوو بـۆ چارەسەری لـەدوای شـەڕی پۆڵەنـدا؟ ئایـا ڕێککـەوتنی هـەردوو دەوڵـەتی ڕووسـیا و ئـەڵمانیا دەربـارەی پۆڵەنـدا دەبێتـە هـۆی ترسـانی ئـەم دوو دەوڵەتە؟

ئـەوەی کـە نـاونرابوو دیـواری ڕۆژئـاوا، تـەنها فێڵێـك بـوو لـە فیـڵ و بانگەشەی ئەڵمانیا - شتێکی گرانە باوەڕ بەوە بکەین کە ڕاسـتیی نهـێنی ئـەم دیـوارە لـە لایـەن دەزگـا هەواڵگرییـەکانی ڕۆژئـاوا بـە شـاراوەیی مابووبێتەوە.

چـونکە ئەسـتووری کۆنکریتـەکان و قەڵابەندیـەکان بـەس نـەبوو بـۆ بـەرگریکردن و بۆردوومـانی قـورس، هـەروەکو ئاسـان نـەبوو بـۆ دانـانی مۆڵگەی چاك و دروستکردنی لـە چیمەنتۆ، هـەروەها گۆڕەپـانی شـەڕیش بەشی ئەو مۆڵگە چاکانەی نەدەکرد، لە سەرەتادا هیچ شتێکی تیا نەبوو، تەنیا کەمێك تێلدڕ نەبێ،پرچەککردنی دیوارەکانیشی بە تۆپ و ڕەشاشـی گەورەش بێهێز بوو، چاککردن و دروستکردنی تـۆڕی ڕێگـەو هێڵـی ئاسـن زۆر پێویسـت و زەرووری بـوو، هـەوڵێکی زۆریـش درا لـە دروسـتکردن و

چاككردنی هەندێك لە رێگەكان، هەموو سەربازێك ئەوە دەزانێت كە دروستكردنی رێگەو چاككردنی هێڵە ئاسنینەكان و خانوو شتێكی زەرووری و پێویست بوو، هەروەها لە دوای ئەوانەش دروستكردنی مۆڵگەی هەمیشەیی بۆیان، كاتێك رۆنشتد (بۆ یەكەمجار دیواری رۆژئاوای پشكنی، پێكەنی. سەرەڕای ئەوەش نەبوونی هۆیەكانی پەیوەندی كەم بوو، هەروەها نەبەسترابوونەوە بە فڕۆكەخانەكان و بە مۆڵگەی چەكەكانی دژە فڕۆكە، بەڵام پڕوپاگەندەكان وا نیشانیان دەدا كە دیواری رۆژئاوا زۆر بەهێزترە لە (ماجینۆی كۆن). هەرچۆنێك بێت كەچی بانگەشەی ئەوەیان دەكرد كە دیواری رۆژئاوا وەكو تەختەیەكی شەترەنجە و تواناشی باشە بۆ بەرگریكردن، كەچی هێڵی ماجینۆ لە هێڵێكی گەورەو كۆن زێتر نەبوو. بەڵام راستینەی شێوازی بەرگریكردنی قووڵایی لە دیواری (رۆژئاوا) لە راستیدا لە ئامادەباشیدا نەبوو، بە پێچەوانەی هێڵی ماجینۆ كە لە ژێر چاودێریەكی ورد دروستكرا، كە بەهێزتر بوو لە دیواری رۆژئاوا، شتێكی سەلمێنراویشە كە تیپەكان لە چاو هێزەكانیان زۆر گەورەبوون، شتێكی سروشتیش بوو كە ژمارەیەكی زۆر لە سیخور بەشداری لە دروستكردنی دیواری رۆژئاوادا بكەن، هەر بۆیەش فەڕەنساو بەریتانیا پروپاگەندەكانی ئەم دیوارەیان زانی، كە زیادەڕەویەكان لە پێناسەی هێزەكەیانە جگە لەوەش هێزەكانی ئەڵمانیا لە ئەیلوول و تشرینی دووەم وا رەفتاریان كرد كە لە ٧٥٪ لە سوپای ئەڵمانیاو هێزی ئاسمانی لە رۆژهەڵات دەجەنگان و دوور لە رووباری (بەگ) و هیچ هێزێكی ئەڵمانیا لە رۆژئاوا نەمایەوە، تەنها چارەگێكی نەبێت، ئەویش بەبێ هێزی زرێپۆش بوو، جگە لەوەش لە فڕۆكەخانەكانی ئەڵمانیاش هیچ هێزێكی وەها نەمایەوە تەنیا چەند یەكەیەك لە هێزی

ئاسمانی نەبێت، ئەم تیپە بچووکانەی ئەڵمانیاش تەنیا بۆ پاراستنی سنوورەکانی لەگەڵ هۆڵەندە و بەلجیکاو فەڕەنسا بەکارهێنران، هەر یەکێکیش لەم یەکانە کەرتێکی فراوانی لە ئەستۆدابوو، لەوێدا هیچ بەرگریەك نەبوو بە مانای راست، بەڵکو هێزەکانی ناوخۆش بەو شێوەیە نەبوو، لەم ناوچانەشدا هیچ پێکدادانێکی ئاسمانی رووی نەدا، کەواتە دوو تیپ سەرو زیادە بۆ چاودێریکردن و بەس، لەوێدا دۆخێکی شەڕ هەبوو بەڵام بەبێ رووبەڕووبوونەوە، چونکە تەقەکردنێکی وەها نەبوو تەنیا تەقەکردنێکی هەوایی و وێل نەبێت، زۆربەی زەرەرو زیانەکان لە ئەنجامی هێرشەکانی ئاسمانی یان تەقینەوەی مینەکان بوو لە شەودا، لەڕاستیشدا پەیوەندیەکی خۆشەویستیش لەنێوان کەرتەکانی پێشەوەی هەردوولا دروست بوو، هەردوو لا دڵنیا بوون لە یەکدی بۆ کاری چاکەو لەیەکتر نزیك دەبوونەوە، وەك بڵێی پەیمانێك لە نێوان پیاوە بەشەرەفەکان مۆرکرابێت، بێ ئەوەی یەکێك لە هەردوو لایان ئەم پەیماننامەیە پێشێل بکات، پێش ئەوەی شەڕی پۆڵەندا لە ئەیلوول کۆتایی پێ بێت، تیپەکانی ئەڵمانیا کە زیادبوون لە پێویست کێشرانەوە بۆ رۆژئاوا، دوای کۆتایی هاتنی ئەو شەڕەش هێزەکانی ئەڵمانیا بەرەو (راین) جولان، هیچ هێزێکی وا لە رۆژهەلات نەمایەوە، تەنیا چەند هێزێکی کەم و لاواز نەبێت، تا ئەم کاتەش هیچ شتێك رووی نەدا لە رۆژئاوا کە باسی بکەین.

تا ئێستا شەعبیەتی هیتلەر بەرزە، گەلی دوودڵیش هەمیشە باوەڕی بە هیتلەر هەیەو، بڕواشیان وایە کە دەستەی ئەرکانی گشتی بە بەردەوام لەسەر هەڵە دەڕۆیشت، ئەو کاتە سەرکردەی گشتی سوپا موشیر (براوچش) باوەڕی بەوە هەبوو کە هێزێکی لاواز بەسە بۆ چاودێریکردنی

سـنووری رۆژئـاوا، تـاکو لـه چرکەسـاتەکانی کۆتاییـدا سیاسـیەکان چارەسـەریەکی ئاشـتیانە دەدۆزنـەوە بـۆ کێشـەکە، لەبـەر ئـەوە ڕێوشوێنەکانی سەربازی لە وێدا تەنیا بۆ بەرگریکردن بوو، هەروەکو بـەم پێیە سوپای ئەڵمانیا ڕێکیخستبوو، کاتێك هیتلەر پلانـی خـۆی ڕاگەیانـد، پێکدادان لە نێوان خۆی و بارەگەی سوپا ڕوویدا، بۆیە هیتلەر فەرمانێکی دەرکرد کە سوپای ئەڵمانیا لە رۆژئـاوا وا ڕێکبخرێـت کـە بتـوانیّ هێـرش بکات ئەگەر پێویست بوو، بۆیە کاتێك رۆنشـتد لـە پـایزی ١٩٣٩ گەیشـتە (کۆبلنز) بارودۆخەکەی زۆر بە دژواری بینی.

بەرەی رۆژئاوا دابەش کرابوو بەسەر سیّ پێکهاتەی سـوپا: پێکهاتـەی سوپای (ب) بە سەرکردایەتی فۆن (بۆك) بوو، کـە پێکهـاتبوو لـە سـوپای هەژدەم و شەشەم و چوارەم، لەگەڵ بەشێکی زۆری فەیلـەقی ئـالی، ئـەم پێکهاتەیـە لـە قـولایی وا دانـرا لـە رایـنی خـواروو تـاکو رۆژهـەلات، بـە شـێوەیەك کـە تیپـی پێشـەوە لەسـەر سـنووری رۆژهـەلاتی هۆلەنـدەو بەلجیکاو بەشێکی ناوچەی ئیڤل بێت، ئەم پێکهاتەیە زۆر بە هێزتر بوو لە پێکهاتـەکانی تـر کـە بـوو بـەهۆی هیـوای پیـاوە گـەورەکان، پێکهاتـەی سوپای (ا) کە پێکهاتبوو لە سوپای دوازدەهەم بە سەرکردایەتی (لیسـت) بوو سوپای شانزەهەمیش بـە سـەرکردایەتی (بـش)بوو، کـە بـەبیّ هێـزی ئۆتۆمبیـل بـوو، ئـەم پێکهاتـەش لـە باشـوور نزیـك بـوو، هـەر بۆیـە لـە مەڵبەنـدی بـەرەی رۆژئـاوا جێنشـین بـوو، تیپـی پێشـەوەش کـە لەسـەر سنووری فەڕەنساو لۆکسەمبۆرگ و بەشێکی لای ڕاستی درێژ دەبـۆوە بـۆ باشـووری رۆژئـاوا، کـە لـە بـروم نزیـك بـوو، بەشـی لای چەپیشـی نزیـك (نیرزك) لە مسار بوو.

پێکهاتەی سوپای (ج) بە سەرکردایەتی فۆن (لیب) لەسەر سنووری ئەڵمانیا جێگیربوو، کە لە نیرزك درێژدەبێتەوە بۆ سار بروکن تا دەگاتە سنووری باشووری. هەروەها لە بلاتینای بافاری دوای بۆ رۆژهەڵات لە راینی سەروو لە نێوان (کارلس روها)و (بازل) بۆ باکوور، ئەم پێکهاتەی سوپایەش بوو بە ئەلقەی پەیوەندی لە نێوان هەردوو پێکهاتەی (ا-ب) پلانی هێرشەکانی ئەڵمانیا لە کاتی پێویستداو لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٩ پەیڕەوکران کە بەم جۆرە بوو:

- پێکهاتەی سوپای (ب) بە هێز هێرش دەکات بۆ باشووری هۆڵەندەو بەلجیکا بە ئاراستەی نۆکەندی (دوڤل) ساڵی ١٩١٤ روون بۆوە کە ئامانجی ئەڵمانیاش هەر لەمە دەچوو، کاتێك سەرۆکی دەستەی ئەرکانی پێشوو (کۆنت شلیڤن) پلانەکەی دانا، ئەو پلانەی کە بە پێی بیرو بۆچوونەکەی جێبەجێنەکرا، (رۆنشتد) نەیزانی پلانی ساڵی ١٩٣٩ بەدوای پلانی ساڵی ١٩١٤دا هات و بەیەك گەیشتن یان لەوێدا هۆکار هەبوون بۆ گەڕانەوەی پلانی شلیڤن بە شێوەیەکی فراوانتر. هەر چۆنێك بێت فەرمانەکە ئەرکی خرایە ئەستۆی پێکهاتەی (ب) بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانە، بۆیە ئەرکی دیاریکراوی رۆنشتد ئاسانتر بوو، هەروەها لەسەر پێکهاتەی (ا) هەڵسێت بە ئەرکێکی سەرەکی کە ئەویش هێرش کردن بوو بۆ (مووز)ی ناوەڕاست و بەس لەنێوان (جفت و سیدان) بۆ ئەوەی لای چەپی پێکهاتەی باکوور لەوێدا جێگیر بێت، ئینجا هەموو شتێك لەسەر پێشکەوتنی هەلۆیستەکان دەوەستێت، بەڵام پێکهاتەی (ج) کە پێویستە دواتر بەشداری لەشەڕدا بکات. کەواتە هێڵی ماجینۆ لە باکوورو رۆژئاوا پێشێل دەکرێ ئیلزاس و لۆرین داگیر دەکرێ، کاری بارەگای رۆنشتد هەر لە کانوونی یەکەمی ١٩٣٩ پشتی بەم بنەمایانەی خوارەوە بەست: گەر

هاتوو فەرمانی هێرشکردن دەرچوو بەرەو رۆژئاوا، ئەوا پێویست دەکات پلانی داهاتوو بگۆڕدرێ، سەرۆکی دەستەی ئەرکان (فۆن رۆنشتد) جیا دەکرایەوە لە لیوا (فۆن مانشتاین) بە گیانێکی داهێنەرانە، چونکە ئەو هەمیشە لە بیرکردنەوەدا بوو لە هەموو مەسەلەیەکی چاوەڕوانکراو، چونکە چاکەوپیاوەتی لە دیارکردنی پلانی کارکردن بە شێوەی کۆتایی، تەنها هەر بۆ خۆی دەگەڕێتەوە. رۆنشتد بۆچوونی سەرۆکی دەستەی روکنەکەی هەر زوو قەبووڵ کرد.

لە دواییدا لەگەڵ سەرۆکی دەستەی ئەرکانی خۆی لەمەڕ روونکردنەوە لەسەر پلانی نوێ بۆ سەرکردایەتی باڵا کەوتنە گفتوگۆ، دوای ئەوەی ماوەی چەند مانگێك رابورد بۆ تەواوکردنی.

چونکە بەرپرسیارێتی ئەنجامی پلانی پێشنیارکراو بەتەنیا دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردەی باڵا، واتە دەکەوێتە ئەستۆی فۆن رۆنشتد بەگوێرەی داب و نەریتی سەربازی.

رۆنشتدو سەرۆکی دەستەی روکنەکەی دەیانپرسی کە ئاخۆ ، هێرشی پێکهاتەی سوپای باکوور لە هۆڵەندا دەبێتە هۆی سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە بەخێراترین کات. هەریەك لە هۆڵەندا و بەلجیکاش هەڵستان بە دانانی بەربەستی بەهێز لە دژی زرێپۆشەکان، لەو بەربەستە گرنگانەش دروستکردنی نۆکەند و ناوچەی گۆماوەکان بوو لە هۆڵەندا، کە دەبوونە هۆی دروستکردنی گرفتی ترسناك لە بەردەم هێرشکردنی زرێپۆشەکان، هۆڵەندا و بەلجیکا کەمتەرخەم نەبوون لە بە هێزکردنی بەرگریەکانی سنوور و قەڵابەندیەکانی ناوەخۆ، بەڵکو هێڵی قەڵابەندی قووڵ و توندو تۆڵیان هەبوو، چونکە ماوەیەکی درێژە دۆخی شەڕکردن

هەیە، بۆیە پێویست بوو هەردوو سوپای هۆڵەندا و بەلجیکا کاتێکی زۆریان دەستبەربکردایە بۆ ئەنجامدانی ئامادەباشیەکی تەواو بۆ بەرگریکردن.

لێرەدا رۆنشتد پێشنیاری کرد بە پشت بەستن بە پێشنیارەکانی (مانشتاین) فەیلەقی زرێپۆش لە ژێر فەرمانی پێکهاتەی سوپای (ا) دەبێت،، هەروەها دوای ئەوەش پێشنیاری ئەوە کرا ئامانجەکانی پێکهاتەی (ا) زیاتر لە پێشوو فراوان بکرێن بەرەو رۆژئاوا، بەڵکو ئەم پێکهاتە هێرشەکەی کورت نەکاتەوە بۆ (موون)ی ناوەڕاست و بەس، بەڵکو دەبێت لەم زێیە بپەڕێتەوەو لەپێشڕەوی بە ئاڕاستەی رۆژئاوا بەردەوام بێت، بەمەش پێکهاتەی سوپای (ا) یان دەتوانی پارێزگاری لەلای باشووری پێکهاتەی (بوك) بکات، یان هەڵدەستێت بە پشتگیری کردنی پێکهاتەی سوپای (ب) لە رۆژئاوای (موون) و بەرەوپێشچوونی بۆ باکوور بە ئاڕاستەی (بروکسل)، بۆئەمەش رەزامەندی بارەگای دەستەی ئەرکانی سوپا وەرگیرا بۆ ئەم پێشنیارانە. لە مانگی یەکەمی ساڵی ١٩٤٠ خزمەتگوزاری هەواڵگری ئەڵمانیا زانیاری لەسەر لەسەر گرێدانی کۆنگرەیەك لەنێوان ئەفسەری ئەرکانی فەڕەنسا و بەلجیکا و هۆڵەندە لە (بروکسل) دەستکەوت. وا نەبێت ئەمەش شتێکی سەیر بێت چونکە بریتیبوون لە کۆمەڵێك ڕێوشوێنی چارەسەری. بەڵام ئەوەی سەیر بوو ئەو شتە دیاریکراوانە بوو کە لە نێو کۆنگرەی ناوبراودا باسکران و هەموویان ئاشکرابوون، بەمەش دەستەی ئەرکانی سەرکردایەتی باڵای ئەڵمانیا زانیاری هەبوو لەسەر سوپای بەریتانیا کە هێزەکانی دادەبەزاند لە ئەوروپا و هێزێکی سوپای فەڕەنساش پێشڕەوی دەکات بە بڕینی سنووری فەڕەنسای باکوور راستەوخۆ بەرەو (بروکسل) بەمەبەستی

لەیەك نزیكبوونەوەی هەلْوێستە بەیەك چووەكانیان، هەروەكو لە ساڵی ١٩١٤ روویدا، هەروەها بۆ دڵنیابوون و پشتگیریكردنی كاریگەری سوپای بەلجیكی و هۆڵەندی گەر هاتوو ئەڵمانیا سنووری بەزاند.

ئەم زانیاریانە، بوونە پشتگیری بۆ پێشنیاری لیوا فۆن (مانشتاین)ی دەربارەی گۆڕینی هەیكەلی گشتی بۆ پلانەكانی جموجۆڵكردن كە دابەش كرابوون، ئێستا شتێكی روون و ئاشكرایە كە هێرشی هاوپەیمانانی رۆژئاوا كە بریتیبوون لە هەر چوار وڵاتی فەڕەنسا و هۆڵەندا و بەلجیكا و ئینگلتەرا، كە لەناو سنووری بەلجیكا دەبێتە هۆی پێكدادانی هێزەكانیان لەگەڵ هێرشی سەرەكی كە پێكهاتەی سوپای (ب) یە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەنجامێكی خێرا لە شەڕەكە بەدەست نەیەت. بەڵكو دەبێتە هۆی شەڕێكی درێژخایەن لە ناوچە قەڵابەندی و بە هێزەكانی هۆڵەندە و بەلجیكا. بۆیە راستكردنەوەی پلانی نوێی رۆنشتد و مانشتاین بۆ ئەوەبوو چەقی قورسایی سوپا بگوازنەوە بۆ مەڵبەند، یان بۆ پێكهاتەی سوپای (أ)

لەسەر ئەمە خێرایی رۆیشتنی كتوپڕ بۆ یەكلاییكردنەوەی هێڵی نامور-سیدان بۆ رۆژئاوا،دەبێتە هۆی خێرایی پێشڕەوی بۆ پێشەوە تا دەگاتە (ساحل القنال) ی ئینگلیزی نێوان دانكرك و ئەبفیل، دوای ئەوەش لەكاتی كشانەوەی هێزەكانی فەرەنسی - ئینگلیزی بۆ ناوچەكانی دەوروبەری برۆكسل واتە ئەو پێشڕەویە خێرایەی پێكهاتەی سوپای (أ) كاریگەری دەبێت بۆ هەردوولاو پشتەوەی ئەو هێزانە بە ئاراستەی ناوبراو، ئەگەر سەركەوتووبوو لە بڕینی هێڵی كشانەوەی سوپای بەریتانی بۆ بەندەرەكانی كەناڵ و بڕینی هێڵی كشانەوەی هێزەكانی فەڕەنسی بۆ فەڕەنسا. چونكە دۆزەكە هەموو چواردەوری درابوو، وای لەدوژمن كرد

واتیبگات کە هیزە سەرەکیەکانی ئەڵمانی لە باکوور دان. دوای جیاوازیەکی زۆر لە بیرو بۆچوونەکان لەنێوان هیتلەرو سەرکردایەتی باڵای ئەڵمانیا، هیتلەر بڕیاریدا لەسەر ئەو پلانەی کە پێشکەشی کرابوو، بەمجۆرە بوونی پلانێکی کۆتایی بەدیارکەوت بۆ جوولەکردن کە بۆی نووسرابوو رۆژی ١٠ ی مایس دەبێت جێبەجێ بکرێ.

لای چەپی بۆ پێکهاتەی سوپای (ب) واتە بۆ سوپای چوار ، فۆن (کلوکا) لەژێر سەرکردایەتی پێکهاتەی سوپای رۆنشتد بێت، بەبێ ئەوەی ئەو کەرتەی کە بۆی دیاریکراوە بگۆڕدرێ، بەمجۆرە سێ سوپا کەوتە ژێر فەرمانی رۆنشتد: سوپای چوارو دوانزەهەم و شانزەهەم، هەروەها بەشێکی گەورەش لە کەرتەکانی فەیلەقی زرێپۆش و ئۆتۆمبێلەکانی ئەڵمانیا لە ژێر فەرمانی ئەودابوو. لیوا فۆن کلیست سەرکردایەتی چەکە زرێپۆشە یەکلاییکەرەوەکانی دەکرد کە ئەوکاتە بەناوی: پێکهاتەی زرێپۆشەکان ناویان دەبرد. کەچی کودریان یەکەکانی پێشەوەی سوپای ئۆتۆمبێلی گرتبووە ئەستۆ، بەمجۆرە ٩ تیپی زرێپۆش و ئۆتۆمبێل کەوتنە ژێر سەرکردایەتی فۆن کلیست و گوازرانەوە بۆ مەڵبەندی ناوچە داگیرکراوەکانی هەردوو سوپای شانزەهەم و دوانزەهەم.

ئەم یەکانە گەورانەی کەوتبوونە قوڵایی بە پلەیەك کە یەکەکانی پشتەوە مۆڵگەکانی گرتبوو کە ماوەیەکی زۆر دوور بوو لە رۆژهەڵاتی (راین)، جگە لەوەش فەیلەقی پانزەهەمی زرێپۆش لەوێدا هەبوو کە پێکهاتبوو لە تیپی پێنجی زرێپۆش و تیپی حەوتەمی زرێپۆش (رومل) کە راستەوخۆ لە ژێر فەرمانی سوپای چوارەمدا بوو. بەمجۆرە ئەو هێزانەی کەوتبوونە ژێر دەستەڵاتی سەرکردایەتی رۆنشتد پێکهاتبوو لە ژمارەیەکی زۆر لە پیادە و یانزە تیپی زرێپۆش و ئۆتۆمبێل، ئەمەش ئەرکێکی قورس بوو.

فـەرمانڕەوایی کردنـی ژمارەیـەکی گـەورە لـە یەکـەکان کـە تاڕادەیـەك هێزلەکان گەورە بوون و لەشوێنێکی بەرتەسکیش بوون لە نێوان (راین) و سنووری رۆژئاوا، لەگەڵ دابینکردنی هەموو پێداویستیەکان بۆ کەرتەکان، لەمەش گرانتر فەرمان دەرکردن بوو بەجموجۆڵ پێکردنیان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان. ئا ئەمە هەڵوێستی رێژەیی بـوو لـە مایسی سـاڵی (١٩٤٠) ، هەر لە رۆژی ٩ مایس زانیاری لە بارەگـای سـەرکردایەتی گشـتی گەیشـتە رۆنشتد کە بەم نزیکانـە کەرتـەکانی بـەریتانیا دادەبـەزن بـۆ کـەنارەکانی بەلجیکا و هۆڵەندە.

هێزەکانی ئەڵمانیا لە ماوەی شەش مانگدا– لـە مـاوەی نێـوان کۆتـایی هاتنی شـەڕی پۆڵەنـدا و نێـوان سـەرەتای دەسـتپێکردنی شـەڕی رۆژئـاوا توانی تاقیکردنەوەیەکی زۆر لەسەر شەڕی پۆڵەنـدا بـە دەسـت بـێنی. لـە ئەنجامی ئەو مەشقە بەردەوامـەی لـەژێر روونـاکی ئـەو تاقیکردنەوانـە بـە دەستیهێنا، هەر لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا تـوانرا ئاسـتی لێهـاتوویی و شەڕی هەندێك لە سوپای ئەڵمانیا بۆیەکـەم جـار بـە شـێوەیەکی بەرچـاو بەرز بکرێتەوە.

جارێکیان فڕۆکەیـەکی ئـەڵمانیا لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٤٠ بـوو کـە دوو ئەفسەری ئەڵمانی هەڵگرتبوو لە رێگای خۆی لایدا و ناچار بوو لە ناوچەی هاوپەیمانان بنیشێتەوە، ئـەم دوو ئەفسـەرەش هەنـدێك لـە بەشـی پلانـی جووڵەی ئەڵمانیایان هەڵگرتبوو، دوای ئەوەی نیشتنەوە توانیـان هەنـدێك لە کاغەزەکانیان بدڕێنن، لـە بەرامبـەر ئەمـەش هێـزی ئاسمـانی ئـەڵمانیا گرنگیەکی زۆری بەم کارەدا، بەڵام هیتلەر گرنگی پێدانی لەوە کـەمتربوو، لە هاوپەیمانەکانیش وا بێت کە ئەم دابەزینە فێڵێکی نەخشـە بۆکێشـراوە بـۆ سـەر لێشـێواندنیان، جگـە لەمـەش ئـەو زانیاریانـەی کـە لـەلایان بـوو

کورتکراوەی پلانە کۆنەکە بوو، نەك نوێیەکە کە ڕۆنشتد و مانشتاین دایان نابوو، بۆیە ئەم ڕووداوە هیچ زیانێکی بە ئەڵمانیا نەگەیاند.

ڕووداوێکی تریش بە ناشارەزایی لەماوەی نێوان تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٣٩) و مایسی ساڵی (١٩٤٠) ڕوویدا، ئەو فەرمانە گۆڕدرا کە بۆ هێرشکردنە سەر سنوور و گەڕانەوە دەرچوو بوو، لە یازدە جار کەمتر نەبوو، هەتاکوو ئەو خوێنەرانەی کە زانیاری سەربازیشیان نییە، دەتوانن لە ڕێکخستن و کۆنترۆڵی تەواوی جووڵەی ئەم هێزە گەورانە تێبگەن کە چەند جارێك دەبووایە هێرش بکەن و بگەڕێنەوە دواوە.

ئەم کارەش هیتلەر لە پێشوودا جارێکیان بە ڕێژەیەکی بچووك لە پاییزی ساڵی (١٩٣٨) پێش ئەوەی هێرش بکرێت بەرەو (السودیت) ئەم شێوازەی بەکارهێنا بوو. جارێکی تریش لە کۆتایی ئابی ١٩٣٩ بەکاریهێنا بوو، پێش ئەوەی شەڕی پۆڵەندا دەست پێبکات، جێبەجێکردنی ئەم کارەش بۆ مەبەستێکی سیاسی بوو.

بۆیە زۆرجار هۆکاری گۆڕینی فرمانەکان لەبەر ئاڵۆزی کەش و هەواوە بووە، چونکە سوپا لە کاتی ئاڵۆزی کەش و هەوا فەرمانی پێ دەگات بۆئەوەی واز لە هەموو ڕێ و شوێنێکی وەرگیراو بهێنن، وەك بەفر و باران لە چیاکانی ڕۆژئاوای (راین) بۆئەوەی بەم کارە هەڵنەستن.. ئەم ڕۆژانە ڕۆژی ناخۆشبوو بۆ پیاوانی کەش و هەوا، بۆیە ڕۆنشتد و زۆر لە ئەفسەرەکان لەو باوەڕەدا نەبوون کە هەرچۆنێك بێت ئەوان لە هەر کات و ساتێکدا هەڵبستن بە هێرشکردن.

هیتلەر لە ٦ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٩ دەرفەتێکی ئاشتی ڕەخساند، ئەمەش لە (رایخشتاغ) بوو کە کاتێ وتارێکی پێشکەش بە هەموو جیهان

کرد بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕ، لەبەرئەوە سوپا داوای کرد لە مانگێکەوە بۆ چەند مانگێکی تر هەڵمەتێك لەلایەن هێزەکانی ئەڵمانیاوە لە دژی هاوپەیمانەکان بدرێت، بۆیە یاریدەدەری هیتلەر لیوا (شبدل) لە ماوەی زستاندا چەندین جار سەردانی یەك لە دوای یەکی بۆ بارەگاکان و یەکەکان کرد بۆئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری کاریگەری بارودۆخ و ئاو وهەوا بیّ لەسەر ڕێگا و زێیەکان.

زستانی (١٩٣٩-١٩٤٠) زستانێکی سەخت بوو، بۆیە پردە گرنگەکان بە ئاڕاستەی (ڕاین-مووزل) جێگای هەڕەشەکردن بوون لەبەر ترسناکی هەڵستانی ئاوی بەفرەکان، هەروەها ڕێگا خوار و خێچەکانی ناوچەی چیاکانی نێوان سنور و (ڕاین) بەستەڵەك و ناخۆش بوو، ئۆتۆمبێلە سەربازیەکان هەڵدەخلیسکان، کەچی ئەو تۆپانەی کە بە ئەسپ و بارگین ڕادەکێشران دەیانتوانی زۆر بە هێواشی بەرەو پێشەوە بڕۆن. ڕۆنشتد ئاگاداری کردنەوە لە ئەنجامدانی هەر کردەوەیەك لەکاتی زستاندا، چونکە سەرکەوتنی ئەم جۆرە کردانەلەسەر چەند هۆکارێك بەندە کە لەحیسابی مرۆڤدا نییە. لە دواییدا دەبێت ئاماژە بە گواستنەوەی فۆن (مانشتاین)ی پرشنگدار بکەین لە پلەی سەرۆکی دەستەی ئەرکانی سەرکردایەتی ڕۆنشتد و، گۆڕینی بە لیوا فۆن (سود نستیرن) لە ئەنجامی ناکۆکی و ڕق و قینە لەبەرئەوەی وادادەنرێت خاوەنی پلانی جوڵەی نوێیە کە زۆر ڕشتبوو لەسەر جێبەجێکردنی و سوودەکانی، بەڵام ڕۆنشتد سەرنەکەوت لە ڕاگرتنی ئەم گواستنەوەیە، پلەی (مانشتاین) بەرزکرایەوە بۆ پلەی لیوا و سەرکردایەتی کردنی فەیلەقیشی پیّ سپێردرا، بەڵام فەیلەقەکە هێزێکی پیادە بوو!!

ڕەنگە بەهۆی ئەوەی مانشتاین بەناوبانگ بوو بە لێهاتوویی و بیر و بۆچوونەکانی بۆیە خۆشەویست نەبوویێ، لەگەڵ ئەوەی سەرکردەی گشتی و دەستەی ئەرکانەکەی ئاخیان هەڵکێشا لە کاتی جیابوونەوەی مانشتاین، بەلآم لەگەڵ ئەوەش توانیان قەناعەت بەسەرۆکی ئەرکانی نوێی لەسەرخۆ و شارەزا فۆن (سود نستیرن) بێنن.

لێرەدا هێلە دیارەکان بوون بە هێلی ستراتیژی، ئەرکی پێکهاتەی سوپای ڕۆنشتد و سێ سوپاکەی و هێزی زرێپۆشەکەی بوو بەرەو پێشەوە بچن بە هێلی نامور –سیدان و بگەنە کەناری کەناڵی فەڕەنسی لە نێوان دانکرك و ئەبیفیل، بە خێراییترین کات بەمەبەستی بڕینی گشت هێڵەکانی گەڕانەوەی بەریتانی و فەڕەنسیەکان بەرەو بەلجیکا پێشڕەویان کردبوو، بێ ئەوەی خۆی خەریك بکات بە بیرکردنەوە لە هەردوولا باڵی پێکهاتەی سوپاکەی.

چاوخشاندنێك بە نەخشەی فەڕەنسا ئەوە بەدیار دەخا کە بڕینی هەر میلێك بەرەو ڕۆژئاوا لە لایەن پێکهاتەی سوپا دەبێتە هۆی ئەوەی باڵی باشووری پێکهاتەی سوپای ڕۆنشتد، واتە دەبێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەو مەترسی.

ڕۆنشتد بە بوونی هێزی یەدەکی بەهێزی فەڕەنسای زانی لە دەوروبەری پاریس و (شالۆن –سیر مارن– فردان) ، هەروەها بەهرە باشەکەی دەستەی روکنی فەڕەنساشی لەبەرچاوان بوو، هەروەها ئەوەشی دەزانی کە تۆڕی ڕێگا و هێڵەکانی شەمەندەفەریش یارمەتیدەریوون بۆ گواستنەوەی هێزەکان بەخێراییەکی زۆرەوە، ڕۆنشتد بۆچوونێکیشی هەبوو دەربارەی لیوا(غاملیان) ی فەڕەنسی، وا ڕاهاتبوو بە پێکەنینەوە

دەبارەی بڵێت " بێگومان بچووکەکەم (غاملیان) دەزانێ چی دروست دەکات" لەساڵی ١٩٣٦ لە لەندەن بوار بۆ رۆنشتد رەخسابوو تاکو غاملیان بناسێ، ئەمەش لەوکاتە بوو کە بەنوێرەیەتی سوپای ئەڵمانیالە رێورەسمی جەنازەی مەلیك جۆرجی پێنجەم یەشداری کردبوو.

بەشی شەشەم

سەرکەوتن لە فەڕەنسا

لەوکاتەی شەڕ لە (ئەرتواز) و (فلاندەرس) کۆتایی پێ دەهات لە سەرەتای مانگی حوزەیران. کۆکردنەوەی سوپای ئەڵمانی دەستی پێکرد لە رۆژئاوا بۆ هەڵمەتی دووەمی سوپاکە بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە جەنگ لە فەڕەنسا، بۆ گەیشتنیش بەو ئامانجە پێوست بوو سوپای فەرەنسی دابمرکێنێتەوەو فەڕەنساش داگیر بکات. هێلێکی بەرگری درێژیش لە باشوور دروست بوو بەم شێوەیە (ئابیڤیل) — (ئامیانس) —(سواسۆن) —(رووباری ئایسن) —(سیدان)سنوری ئەڵمانی کە ناوچەی ئەلزاسی و لۆرینی تا باکووری بازل بۆ خۆی رادەکێشا. ئەم بەرە درێژەش دابەش دەبوو بۆ سێ کەرت بەم شێوەیە : سوپای (ب) بە فەماندەیی (فۆن بوك) و بەشی هەرە گەورەی هێزە زرێپۆشەکان بە فەرماندەیی (کلیست)لە (ئەبیڤیل) گواسترایەوە بۆ لێواری (لاڤیر). پێکهاتەی سوپای (أ) بە فەرماندەیی (فۆن رۆنشتد) لەگەڵ بەشێك سوپاو فەیلەقی (کۆدریان) ی زێپۆش ناوچەکانی لای رۆژهەڵاتی سوپای (ب) یان داپۆشی لە لێواری (لاڤیر) تاوەکو نزیك (مۆنتمیدی).

پێکهاتەی سوپای (ج) یش بە فەرماندەیی فۆن (لیب) تەرخانکرابوو بۆ ناوچەی (مۆنتمیدی) و هێلی (ماجینۆ)و(راین) درێژ کرایەوە تاوەکو باکووری بازل. بەشێوەیەکی گشتی ئامانج لەم دابەش کردنە هێرش کردن بوو بە هەردوو پێکهاتەی سوپای (أ) و(ب) و لە هەمانکاتدا هێرشی کردن بوو بە پێکهاتەی سوپای (ب) بەرە باشوور و رۆژئاوا تاوەکو سنوری

باشووری فەرەنسا لە (برانیس) و دەریای سپی ناوەڕاست، جگە لەمەش ئامانج سەرەکی پێکهاتەی سوپا(ب) ی سوپا گەمارۆدانی (پاریس) بوو لەگەڵ بەردەوام بوون بەرەو (تۆرس و بۆردۆ)، لەسەر پێکهاتەی سوپای رۆنشتد پێویست بوو پێشڕەوی بکات بە ئاراستەی هێلی دیگۆن و دۆلی (رۆن) بەرەو (لیۆن)و(مەرسیلیا). ئەرکی پێکهاتەی سوپای (ج) بریتی بوو لە داگیر کردنی لۆرین و ئەلزاس بوو لە باکوور و رۆژهەلات. هەمان رۆژیش خشین و پێشڕەوی لەم بەرە مەزن و فراوانە رووینەدا. بەڵکو بڕیاردرا پێکهاتەی سوپای (ب) رۆژی (٥) حوزەیران و پێکهاتەی سوپای(رۆنشتد) رۆژی (٩) حوزەیران و هەروەها پێکهاتەی سوپای(ج) رۆژی (١٤) ی حوزەیران هێرشەکانیان دە ستپێکەن، بەم شێوەیە شەڕ زۆر توند بوو بە درێژایی بەرەکانی جەنگ لەماوەی رۆژانی یەکەمی دا. زۆریش پێویست بوو هێلی (خیگان) ی بەرگری تێکبشکێندریٚ کە لە ناوچەی (سوم) بۆ نزیك (سیدان) درێژ بووبووەوە کە پشت ئەستوور بوو بە هەردوو رووباری (سوم) و (ئاسین) و ئەو قەڵابەندیە کۆنانەی لەویٚ هەبوون، بەهەمان شێوە پێویست بوو بە سەر هەردوو هێلی (ماجینۆ)و(راین) ی سەرووی (سیران) زاڵ بن تاوەکو سنوری سویسرا.بەلام (بیگ) نەیدەتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنیٚ لەپەرینەوەی بە (سوم) تەنها پاش شەڕێکی زۆر سەخت نەبێت. هەروەها شەڕەکانی سەرەتا کە (لیب) لە ئەستۆی گرتبوو لە دژی هێلی (ماجینۆ) زۆر توند بەڕێوەدەچوو. هەرچۆنێك بێت پاش ٤٨ سەعات لە جەنگێکی توندو سەخت بە هاوکاری هێزی ئاسمانی توانرا گشت قەڵابەندیە مەیدانیەکانی سوپای فەرەنسا تێکبشکێنریٚ. لەلایەکی دیکەوە سوپای رۆنشتد رووبەڕووی بەرگریەکی توند بووەوە بە تایبەتی

له ئايسن، بەڵام رۆنشتد لەماوەيەكی كورتدا توانی سەركەوتن بەدەست بهێنێ لە سەرانسەری بەرەی جەنگدا. لەلايەكی ترەوە بەشی دووەمی هێرشەكان سەركەوتنی باشی بەدەستهێنا بە تايبەتی پاش ئەوەی سوپای ئەڵمانی توانيبووی سەركەوتن بەدەست بهێنێت لە پرۆسەی باشوور.

سوپای فەرەنساش لە باشوور هيچ هيوايەكی نەمابوو لە بەرگری و ململانێكردندا، نەشيدەتوانی بەشێك لەسوپاكەی بەهێلی (ماجينۆ) بكشێنيتەوە، چونكە دەبووە هۆی بێ هێز بوونی بەرگری كردن لەم هێلە. هەروەها نەشيدەتوانی بەرگری لەم هێلەبكات، چونكە پێكهاتەی سوپای رۆنشتد بەتەواوەتی دەستی گرتبوو بەسەر هێلی (ماجينۆ) و پشتەوەی هێلەكە بە ئاراستەی (سيران).

دەتوانين پێشرەوی هەرسێ پێكهاتەی سوپا بەم شێوەيە كورت بكەينەوە: لەرۆژی ١١ ی حوزەيران هێزەكانی رۆنشتد گەيشتنە (ريمس) هەروەها لە ١٢ حوزەيران گەيشتنە (شالۆن –سير–مارن) ،بەڵام پێكهاتەی سوپای (كۆدريان) ی زرێپۆش پێشرەوی كرد بەرەو باشووری رۆژئاوا. رۆنشتد رازی بوو سێ وشەی رەمزی بەكاربهێنێت، كە لە زاراوەكانی تۆپی پێ وەرگيرابوون، بۆ نموونە : وشەی (نيوەی كات)، ئەم وشانەش بە ئامێری بێتەل درايە كودريان لەو كاتەی هێزە زرێپۆشەكانی دەگەيشتنە ناوچەی (لانكرس)

وشەی رەمزيی يەكەم ئەو مانايەی دەدا: " بۆ لای رۆژهەڵات بسوڕێوە بەرەو (بەلفۆرت) بۆ رێگەگرتن لە پاشەكشێی فەرەنسيەكان لە ئەلزاس". هەروەها وشەی رەمزيی دووەميش بەمانای " بەردەوامبە لەپێشرەوی

لەسەر هێڵێکی راست بە ئاراستەی باشوور بەرەو (لیۆن – مارسیلیا) بۆ وردوخاش کردنی بەرەی ئەڵپی فەرەنسی لەدواوە، بەمەبەستی بەرگری دژی ئیتاڵیا" دەهات. وشەی رەمزیی سێیەمیش بەم مانایە دەهات: "بەرەو باشووری رۆژئاوا بسورێوە بە ئاراستەی بۆردۆ بۆ لەناوبردنی پاشەکشێی فەرەنسیەکان بەرامبەر پێکهاتەی سوپای –ب. بەمجۆرە رۆنشتد توانی هێزەکانی زرێپۆش بەکەمترین بەکارهێنانی بێتەل بەگوێرەی ستراتیژ ئاراستە بکات. کاتێ کۆدریان گەیشتە لانکرس بەم شێوازە فرمانی پێگەیشت بەپێشڕەوی کردن بەرەو باشوور بۆ لیۆن، بەڵام بەرەو (بیسان کۆن) ئەوا تەنها چەند مەفرەزەیەکی سەربەخۆ ئاراستە کران بۆ داخستنی رێی بیرکاندی لەبەردەم پاشەکشەی فەرەنسیەکان لە بەلفۆرت. ئەم هێزانە گەیشتنە سنووری سویسرا، هەمان رۆژیش فەیلەقی زرێپۆش بەفەرماندەیی فۆن(کلیست) شاری (دیجۆن) ی داگیر کرد. دەتوانین بە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە لەو خێرایی ورەبەرزییە بگەین کە ئەم پێشڕەویە بەخۆیەوە بینی:

شەمەندەفەرێکی خێرای مەزن لەو سەردەمدا بەئاراستەی لیۆن دەڕۆیشت کە ئەفسەری مۆڵەتپێدراوی فەرەنسی تیابوو لەگەڵ ئافرەتەکانیان، ئەم شەمەندەفەرە وەستا بەهۆی خێرایی پێشڕەوی کردنی یەکە پەی پێبردنەکانی ئەڵمانی، بەشێوەیەك کە گەشتیارەکانی سەرسام کرد.

پێکهاتەی هەر سێ سوپاکە لە پاڵ یەکتر پێشڕەویان دەکرد بەدرێژایی بەرەکە بۆ ئەوەی بتوانن رۆژی (٩) ی حوزەیران بگەنە (روین) و رۆژی (١٢) ی حوزەیران بگەنە (دیب) و(١١) ی حوزەیران (ریمس) و، رۆژی (١٢) ی حوزەیران (شاسۆن –سیر–مارن)و، هەروەهارۆژی (١٣) ی

حوزەیران (هاڤەر)، هەروەها (١٤) ی حوزەیران بگەنە پاریس و،(کۆلْمار) و(فەردۆن) یش رۆژی (١٥) ی حوزەیران، بەلاّم لە بەرامبەر دا فەرەنسیەکان نەیانتوانی ریزەکانیان ریکخەنەوە بۆ بەرگری کردن لە (لەوار) بەهۆی نەبوونی کات. بەم شێوەیە پرۆسەکە بە شێوەیەکی تەدریجی بەرێوەدەچوو، بەلاّم بەشێوەیەکی پچرپچر لێرەو لەوێ پێکدادانی بچووك روویدەدا. بەم جۆرە سوپای فەرەنسی بەرەبەرە بەرەو کزی دەچوو، بەشێوەی هێزێکی لێکترازاو دەهاتە بەرچاو، لە بەرامبەریشیدا یەکە زرێپۆشەکانی سوپای ئەلْمانی بەرەبەرە پێشرەوی دەکرد. بەم جۆرە سوپای ئەلْمانی توانی لە (لەوار) بپەڕێتەوە و لە (١٨) ی حوزەیرانیش هەریەکە لە (شاربۆغ و لیمانس و نانس) داگیر بکات، لە (١٩) ی حوزەیرانیشدا هەریەکە لە (برێست)و(ئابینال) و(تۆل) و(لوناڤیل)و(ستراسبۆرگ) . هەروەها (لیۆن)یش لە (٢٠) ی حوزەیران و (ئەلزاس) و(لۆرین)یش لە (٢٢) ی حوزەیران. هەروەها هیچ بەرگریەك نەما لە پاش کاتژمێر سێ و پێنج دەقیقە دوای نیوەرۆی رۆژی (٢٥) ی حوزەیران. لە لایەکی دیکەوە ئیتاڵیەکان هێزەکانیان لە ئەلپ لە نزیك سنوری فەرەنسی –ئیتاڵی کۆکردەوە بە مەبەستی بەرەو پێشچوون بە ئاراستەی ناوچەی (مۆنت بلانك –مینتۆن) بەرەو (سافۆی) و تاوەکو (رون)، بەلاّم ئەم هەولْە شکستی هێنا بەهۆی ئەوبەرگریەی کەلە بەرزاییەکانی ئەلْپ بۆیان دروست بوو، هەروەها بەهۆی ئەو رووبەڕوو بوونەوە پالْەوانیەی یەکەکانی ئەلْپی فەرەنسی " فەیلەقی هەلْبژاردە" بەرامبەر ئیتالْیەکان نواندیان، هەر لەبەر ئەم هۆیە بوو ئیتالْیەکان پێشنیازی دابەزاندنی یەکەی کۆماندۆیان کرد لە ئەلْپ بۆ ئاسانکاری کردنی ئەم هێرشە. بەلاّم لە سالْی ١٩٤٠ دەبووایە جەنگ سیفەتی

سوارەی شەریف لەدەست نەدات، بۆیە ئەم پێشنیارە لەلایەن فەرماندەی گشـــتی ئـــەڵمانیایی و ئیتاڵیـــایی رەتکرایـــەوە، بـــەبیانووی ئـــەوەی جێبەجێکردنی ئەم پێشنیارە ناشەریفانەیەو لەگەڵ جەنگی ئەسپ سواری ناگونجێ،هەرچەندە دواتر ئەم کارە بووە شتێکی ئاسایی لە جەنگدا. لە لایەن خۆیەوە رۆنشتد فەرمانی لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا پێگەیشت بەدروستی کردنی چەند یەکەیەکی چیایی لـە(رون) بـە ئاراستـەی شـکانی هەیبـەتی ئەوبەرگریـەی فەرەنسـییەکان لەئـەڵپ، بـەڵام پێویسـت بـوو لەسـەری بەخێراییـەکی زۆر پێشـڕەوی نـەکات. تـا ئـەو سـاتیش لـەوێ بەیەکدادانی بچووك هەر مابوو، بەڵام مەغاویرە ئازاکانی ئەلپ وازیان لـەم بەرەیەش هێنا.

کلیسـت و چـەند تەشـکیلاتی بـە هێـزی زرێپۆشـی دیکـە لـە پێکهاتـەی سوپای(ب) گواسترانەوە بۆ پێکهاتـەی سـوپای رۆنشـتد کـەپێش کۆتـایی هـاتنی پرۆسـەکانی، دووبـارە یەکـە پیـادەو زرێپۆشـەکانی هێنایـە ژێـر ئەسـتۆی خـۆی، هـەروەها بارەگـای رۆنشـتد یەکـەم جار گواسـتراوە بـۆ (شالۆن–سیر–مـارن) دواتـریش لـە کۆتـایی هەڵمەتەکـەدا بـۆ (ئۆکسـیر). بـەمجۆرە شـەڕ لـە (١٠) ی مـارس دەسـتی پێکـرد لـە (٢٥) ی حـوزەیران کۆتایی پێهات، بە شێوەیەك کە لـەم ماوەیـەدا سـوپای فەڕەنسـا بـەرەو توانـەوەو لـە ناوچـوون هـات، چـونکە پلانـی کـۆنی بـەکار دەهێنـا لـە ئامادەباشـی و رێکخسـتنەکانی، سـەرباری هـەموو ئەمانـەش رۆنشـتد و هەموو کەرتەکانی سوپاکەی دانیـان بـە ئـازایی رکابـەرە کۆنەکەیانـدا نـا. هـەر لـەو ماوەیـەدا لـە بارەگـای رۆنشـتد لـە (ئۆکسـیر) کۆمـەڵێك رووداو روویاندا کە هیواو ئاواتی کۆتایی هاتنی جەنگی لە لایـەن سـەربازەکانەوە زیندوو کردەوە، لەوانە : خۆنیشاندانێکی گەورەی سەربازی لە شـانزلیزیە

له پاریس بەڕێوەدەچوو، لەسەر ڕۆنشتد پێویست بوو ئەفسەری روكنی بارەگاو چەند كەسێك بنێرێ بۆ ئامادەبوون لەم خۆنیشاندانە سەربازیە، بەهەمان شێوە ژمارەیەك تیمی زرێپۆش لە باشووری فەڕەنسا فەرمانیان پێكرابوو بۆ ئامادەبوون و كۆبوونەوە لەم ئاهەنگەدا، لەم كاتەدا فەرماندەی سوپای ئەڵمانیا لە بەرلین فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی خزمەتی سەربازی ژمارەیەك تیپی پیادەی دا كەلە سەرەتای جەنگەكە دا دروست كرا بوون و ،پاشان ژمارەیەكی زۆر تیپی پیادە و ئالی بانگكرانەوە بۆ ئەڵمانیا. ئەم ڕاستییانەش وادەردەخەن كە (هیتلەر) چارەسەری ئاشتیانەی دەخواست، وشەی نهێنی (شێری دەریا لەلایەن سوپای ئەڵمانیاوە مانای داگیركردنی بەریتانیای دەگەیاند. بەڵام چۆن دەكرا لەنێوان ئەو پلانەو ئاواتی ئاشتی گونجان بكرایە؟ ئەوانەی شارەزای هیتلەر بوون و باشیان دەناسی، دەیانزانی كە هیتلەر دەیەویست كاریگەری دەرەكی دروست بكات بۆ ئەم پلانە، چونكە ئەگەر هیتلەر بەڕاستی بیویستایە ئەم پلانە جێبەجێ بكات، ئەوا پێویست بوو خۆئامادەكردنی پێویستی ئەنجان دابووایە پێش دەستپێكردنی پرۆسەكە لە ڕۆژئاوا. هیچ شتێك بۆ پراكتیك كردنی ئەم پلانە لەگۆڕێ دانەبوو، هەروەها هیتلەریش لەمبارەیەوە هیچ شتێكی بۆ ڕۆنشتد باس نەكردبوو لەكاتی شەڕی فەرەڕەنسا.

ئەگەر (هیتلەر) نیازی هێرشكردنی سەر بەریتانیای هەبوایە ئەوا ڕێگەی خۆ دزینەوەی سوپای بەریتانی نەدەدا لە (دانكرك) بۆ دوورگە بەریتانیەكان لە كۆتایی مایس، بۆ ئەوەی دواتر سوپای بەریتانیا بەرگری بكات. ئەوكاتیش چەند هێزێك هەبوون لەتوانایادا بوو بپەڕنەوە ئینگلتەرا لەكۆتایی مانگی مایس، هەروەها لە هەمانكاتیش چەندین تیپی دیكەش

هەبوون کە دەتوانرا بەکاربهێنرێن لە بەشی دووەمی پرۆسەی فەڕەنسا. چونکە ۱۰ تاکو ۱۲ تیپ لە پێکهاتەی سوپای (أ) بەشداریان لە جەنگ نەکردبوو، بەڵکو وەکو یەدەکێك بوون بۆ هێزەکانی دیکەی پێشەوەی بەرەی شەڕ.

بۆیە رۆنشتد وایدەزانی کە ئەو فرمانە نوێیەی دەرکراوە سەبارەت بە پرۆسەی (شێری دەریا) لە فێڵێکی سیاسی زیاتر هیچی دیکە نەبوو، دواتر دەبینین کە چۆن ئەم کێشەیە گەشە دەکات.

فەرمان ئاراستەی رۆنشتد و دەستەی روکنی پێکهاتەی سوپا(أ) کرا بۆ بیرکردنەوە لە جێبەجێ کردنی پلانی (شێری دەریا). پاشان دەستەی ئەرکان لە ئۆکسێرەوە گواسترایەوە بۆ (سانت جرمان) ی نزیك پاریس، هەروەها لە فەرمانی دەستەی ئەرکانی سوپا (براو شتش) و(هیلدەر) دا هاتبوو کە: کە سوپا دابەزیتە ئینگلتەرا لە رووبەرێکی فراوان لە نێوان (دۆڤەر) تاوەکو کۆتایی دوورگەی باشووری بەریتانی، لێوارەکانی فەرەنسی –بەلجیکی لە (ئەنتویرب) بۆ (بریست) بە چاك زانرا بۆ دانانی وەکو بنکەیەك بۆ پرۆسەی دابەزینەکە (الانزال). فەرمانیش درا بە دروست کردنی پردی گەورە بۆ دەست پێکردنی دابەزاندن لەلێواری بەریتانیای باشوور، هەروەها بەهەمان شێوە پێشڕەوی بکرێت بەرەو پێشەوە بە ئاراستەی باکوور،هەروەها بڕیاریش درا لەندەنی پایتەخت داگیر بکرێت بە چەند هێزێکی لاوەکی و بچوك، بەلام لەبەرامبەر دا هەڵمەتە سەرەکیەکە بەردەوام بێت بۆ سەر رۆژئاوای بەریتانیا و پایتەختیش فەرامۆش بکرێت.

بەلاّم لەڕاستیدا سوپاگەلی ئەلّمانیا لەوە بێهێزتر بوو کە بتوانێت ئەم بارە هەلّبگرێت. هێزە دەریاوانەکانی ئەلّمانی بچووك بوو، بەلاّم چوست و چالاك بوون، لەگەلّ ئەمەش لەلایەنی هێزەوە هەرگیز لەتوانایاندا نەبوو شان لەشانی دەریاوانی بەریتانی بدەن.گەر ئەم پلانە جێبەجیّ بکرابا ئەو پێویستی دەکرد کەنالّی (دۆڤەر) تاوەکو (کالیە) دابخرایە و، لە ڕۆژئاواش لە نێوان کۆتایی زەویەکانی دوورگەی بەریتانی لە باشووری ڕۆژئاوای و لەنێوان (بریست) دابخەسێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن تەگەرە بخەنە بەردەم کەشتی گەلی بەریتانیا بۆ پەڕینەوە لەم دوولایە. بۆیە پێویست بوو لەم دوو شوێنە لەدەریادا مین بچێنرێت، بەلاّم لەم کاتە ئەو ژمارە زۆرە مینە دەست نەدەکەوت، هەروەها ژمارەیەکیش لەو مینانە بەکەلّکی بەکارهێنان نەمابوو. ئینجا نۆرەی پلانی دووەم بوو، کە خۆی دەبینیەوە لە کورتکردنەوەی هێلی دابەزینی سوپا لە باکووری هێلی (دۆڤەر –بۆرت سموس) بۆ دابینکردنی پارێزگاری توند بۆ ئەو دوو لابالّە. لەلایەکی ترەوە هەردوو بەندەری (نۆتردام)و (دۆڤەر) هەلّبژێردران بۆ ئەوەی وەك بنکەیەك وا بن لەکاتی جێبەجیّ کردنی ئەم پلانە، هەروەها بەندەرەکانی هۆلەنداو بەلجیکا بە گرنگ دانران بۆ دابەزینی تیمە خێراکانی زرێپۆش، هەروەها لەپێش پەڕینەوە لە (نۆتردام)و(ئەنتویرب) بۆ (دۆڤەر) پێویست بوو کەناری بەلجیکی لەلای ڕاستەوە لە باوەش بکریّ، پاشان بەدەوری (دۆڤەر) خولبکرێتەوە. سەرباری هەموو ئەمانە، هیچ یەکێك لە ڕۆنشتد و سەرۆك روکنەکەی گرنگیان بەو پرۆسەیە (شێری دەریا) نەدان هەروەها ئەفسەرەکنی دیکەش بەهەمان شێوە. ئەمەش لەوەوە بەدیار دەکەوێت کە ڕۆنشتد رازی نەبوو ئامادەی ئەو مەشقانە بێت کە هێزەکانی دەریاوانی ئەلّمانیا بە جدیەوە ئەنجامیان دەدا، هەتا

هیتلەریش لە ڕۆنشتدی نەپرسی لەبارەی ئامادەکارییەکانی بۆ ئەم پلانە، ئەمە لە کاتێکدا هیتلەر هەوڵی دەدا کە لە هەموو شتێك تێبگات.

بەم جۆرە سەرجەم مەشقەکان بە بەشداری ئەفسەرانی هێزە ئاسمانی و دەریاییەکان پلانی (شێری دەریا) بەڕێوە دەچوو، بەڵام گشتیان باوەڕیان وابوو کەئەم پلانە جێبەجێ ناکرێت، بۆیە هیچ یەکێك لەدەستەی ئەرکانی سوپا هەوڵ و کۆششی خۆی بەتەواوی بۆ ئەم پلانە نەخستەگەر. لەلایەکی دیکەوە لە مانگی تەمموز پلەی ژمارەیەك فەرماندە پێشکەوتووەکان بەرزکرایەوە، لەم نێوەندەدا ڕۆنشتد پلەی بەرزکرایەوە بۆ موشیر (فەریق). لەرۆژی (١٩) ی تەموزی ١٩٤٠ لە وتارێکی دا لە (رایخشتاگ) ژەنەراڵ (ئەدۆلف هیتلەر) دووبارە پێشنیاری ئاشتبوونەوەی کردەوە، هەروەها لە"پاریس" گوێبیستی گفتوگۆی ئاشتبوونەوە بووین لەڕێگەی وڵاتی سوید و دوقی ئەلپا، بەڵام هەروەك ئاشکرا بوو ناکۆکیەکی زۆر لەنێوان پیاوانی دەوری هیتلەر هەبوو لەم بارەیەوە، هەرچی هیتلەر بوو نەیدەویست شارەکانی بەریتانیا بۆردومان بکرێت و، بەڵکو بۆردومان کردنی ئامانجە سەربازییە گرنگەکانی وەکو لێوارو بەندەرەکانی (تایمس) بەس بێت. بەڵام کۆرنك ویستی جەنگێکی ئاسمانی توند بێت بە هەموو مانای وشەوە.

کاتێك فەریق ڕۆنشتد لەمانگی تەمموز لەبەرلین گەڕایەوە، پێی ڕاگەیاندین: کە هیتلەر لە گفتوگۆیەکی شەخصی پێی گوتووە کە ئەم پلانە (شێری دەریا) جێبەجێ ناکرێت. لێرەدا ئەوە روون دەبێتەوە کە ڕۆنشتد هەر لەسەرەتاوە خوێندنەوەی بۆ ئەم پلانە راست بوو. ئەنجامی هەموو ئەمانەش ئەوە بوو کە ئەفسەرەکان ئارەزووی کارکردنیان بۆ

جێبەجێ کردنی ئەم پلانە کەم بووبووەوە. لێرەدا دەتوانین ڕووداوەکان بەم شێوەیە وەسف بکەین کەپاشان ڕوویاندا بەم شێوە:

یاری جەنگ " جۆرە مەشقێکە بۆ جێبەجێ کردنی پلانی سەربازی"و لەسەر نەخشەکان لەمانگی ئاب یاخود لەسەرەتای مانگی ئەیلوول لە (سانت جیرمان) دەستی پێکرد، لەگەڵ ئەوەی هیچ یەکێك باوەڕی نەدەکرد پلانی (شێری دەریا) پەیڕەوبکرێت.

لەڕاستی دا فەرمانەکان بەئاراستەی وازهێنان لەم پلانە خەیاڵیە دەڕۆیشتن، کەشتییەکانیش بەرە ئاراستەی جیاجیا ڕۆیشتەوە، بۆیە کارەکە سەرلەبەری بەتاڵ کرایەوە، لێرەدا پێویستە ئەوە دووپات بکەینەوە کە ڕۆنشتد وەك سەربازێك جێبەجێ کردنی ئەم پلانەی بە کارێکی مستەحیل دەزانی، ئەوانەی لەبارەی توانای هۆیەکانی گواستنەوە شارەزاییان هەبوو، کە بەتەمابوون هێزەکانی ئەڵمانی بگوازنەوە ئینگلتەرا، ئەوە باشیان دەزانی بەشی ئەم ئەرکە ناکات، هەتاوەکو گەر پرۆسەی دابەزاندنیش بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدرایە، ئەوا هێزە شەڕکەرەکان و زرێپۆشەکانی ئەڵمانی لە کەناڵەوە لە کیوەر دادەبڕان. ئایا دەشکرا هێزە دەریاوانی و ئاسمانیەکانی بەریتانیا دەستەئەژنۆ دابنیشن؟ لە ڕاستیدا ڕۆنشتد لەسەر ڕاست بوو کاتێك پلانی شێری دەریای بە موجازەفە دادەنا، خودی هیتلەریش بە ڕۆنشتدی ڕاگەیاند بوو کە ئەو لە زەمین هەست بەهێزدەکات و لەدەریاش هەست بەبێ هێزی دەکات.هەروەها گوتی: تەنها پردێکیش لەسەر دەریا نییە. پوختەی قسەی هیتلەر ئەمە بوو: (من لەزەمین پاڵەوانم، بەڵام لەدەریا ترسنۆکم...).

مانگانی دوای ئاگربەستی (٢٥) ی حوزەیران بووە هۆی خاوبوونەوەی هەموو کەرتەکان و دەستەی ئەرکەکان، فەڕەنسا و هیواو ئاواتی ئاشتی ماوەیەکی ئارامی دڵخۆشی بۆ هەمووان دەستەبەر کرد، هەتاکو بۆ بارەگای رۆنشتدیش لە سانت جیرمان. هەروەك پێشتریش باسمان کرد دەستەی ئەرکەکان لە هوتێلی (هێنری چوارەم) لە سانت جیرمان بوو، کە شوێنەکەیان دەکەوتە کۆتایی رێگای دوورو درێژی بەناوبانگی سانت جیرمان. لەوێوەش شاری پاریس بەجوانی دیار بوو. زۆربەی فەرمانگەکانی دەستەی روکن دەیانڕوانیە سەر رووباری "سین" و شاری "نور". ئەوکات ئێمە هەموومان دڵخۆش بووین بە هودنە و بە بوونمان لە پاریس و هەروەها بە ئاواتی ئەوەبووین کە چاراسەری ئاشتیانە سەربگرێت. بەڵام ئەم بارە وەکو خۆی نەمایەوە لەوکاتەی فەرماندەی گشتی رایگەیاند کەوا شوێنی نیشتەجێبوونمان باش نییەو، پێویستە شوێنی نیشتەجێبوونی دەستەی ئەرکان بگوازرێتەوە بۆ دارستانەکانی نزیك (ئەمیانس) بۆ ئەوەی لەکەنار دەریا نزیك بن. لەسەر رۆنشتد پێویست بوو ئەم فەرمانە لەماوەی (٢٤) کاتژمێر جێبەجێبکات. هەرچۆنێك بوو سەربازگەکە لەسەر شێوەی کوخێك لەدارستانێکی بچووك لە نزیك ئەمیانس دروستکراو، کەرەستەی پێویستی گەیاندنیشی بۆ دابین کرا، بۆ ئەوەی ببێتە بارەگای دەستەی روکن،لەکاتی بەجێهێشتنی پاریس، بەمەش لەوانەبوو لەهەر ستێك بێت بچنە ئەمیانس. لەمانگی تەممووزیش هیچ ئومێێك نەمایەوە بۆ جێبەجێ کردنی پلانی دەریای شێر. بەم شێوەیە بارەگا لە سانت جیرمان مایەوە.

هەر لەوماوەیەدا رۆنشتد بەشێوەیەکی کەم سەردانی پاریسی دەکرد، بەشێوەیەك زۆربەی کاتەکانی لە ڤیلاکەی لەنزیك هۆتێلی (هێنری

چوارەم) بوو، رۆژانەش لە سەعات چوارو نیوی ئێوارە بۆ خواردنەوەی چایە لەگەڵ فەرماندەی گشتی و سەرۆکی دەستەی روکنەکەی و سەرۆکی بەشی حەرەکات لە بارەگا دادەنیشت. خاوەنی ڤیلاکە لەوێ نەبوو، بەڵام وەکیلەکەی هەموو پێداویستیە سەرەکیەکانی دابین کردبوو،

لەو رۆژە خۆشانەی کە هەموومانی بەیەکەوە کۆکردبۆوە، زۆربەی ئەفسەرە گەنجەکان ئەو فیکرەیەیان پێڕەو دەکرد: دوو نەخشەی فەرەنسا بە دیواری ژووری ئەفسەری ئێشکگرەوە بوو، پێویست بوو هەرکەسێك کە بچووبایە پاریس ئەزموونەکانی لەسەر ئەم نەخشانە دیاری بکات. نەخشەی یەکەم خاڵی شینی لەسەر بوو، هی دووەمیش خاڵی سووری لەسەر بوو، هەروەها لەسەر هەردوو نەخشەش خاڵی بە ژمارە هەبوو، خاڵە شینەکان ئاماژە بوون بە شوێنە بەناوبانگەکانی خواردن، خاڵە سوورەکانیش ئاماژەبوون بە شوێنی رابواردن. رۆژێك رۆنشتد سەردانی ئەم ژوورە کردو سەیرێکی ئەو دوو نەخشەیەی کرد، لەوکاتەش ئەفسەرەکان لە تەنیشتیەوە وەستابوون. رۆنشتد تەنها ئەم قسەیەی کرد: وای نابینن کە نەخشە سوورەکە خەریکە بە تەواوی پڕ ببێتەوە.

ئەو گەنجانە دووربینێکی گەورەی مەدفەعیان لەسەربان دانابوو، کە دەتوانرا بە دووربینەکە تەواوی پاریس بە ١٨ جار بەگەورەکراوی ببینن.وای دەبینم کە گێڕانەوەی رووداوێکی بچووك لە کەنیسەی ریمس شتێکی دڵخۆش بێت، دکتۆری مێژوونووس تاکە کوڕی رۆنشتد کە جێی داخی هەمووان بوو لەساڵی ١٩٤٨ کۆچی دوایی کرد، کە زابت سەف بوو لە سوپای ئەڵمانی و زۆر جار لەکاتی هودنەکە سەردانی باوکی دەکرد، بەهۆی ئەوەی زۆر حەزی بە گشت جۆرەکانی هونەر دەکرد، ویستی سەردانی هەردوو کەنیسەی (کارترس و ریمس) بکات، رۆنشتدیش بڕوای

وا بوو كە ئۆتۆمبێلە سەربازیەكان تەنها بۆ كاروباری سەربازیە نەك بۆ سەردانی شوێنی هونەری. بەڵام دكتۆری فەلسەفەو كوڕی ڕۆنشتد دەیزانی چۆن باوكی رازی بكات، بەم شێوەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان سواری ئۆتۆمبێل بووین و لە سانت جیرمانەوە چووینە ریمس، كاتی گەیشتنمان ڕۆنشتد ئەوكیسە قومانەی پشكنی كە لە بەردەم دەرگای سەرەكی كەنیسە دانرابوون، چونكە دەسەڵاتی ئەڵمانیەكان گشت شێوازێكی بەرگری بۆ پاراستنی ئەو توحفە هونەریانە دانا بوو بۆ پاراستنیان لە هێرشی ئاسمانی. دوای ئەوە چووینە ناو كەنیسە كە پەیكەرێكی جان داركی بەناوبانگی لێبوو، كوڕی ڕۆنشتد بە دەنگێكی كزەوە وەسفی جوانی ئەو پەیكەرەی كرد، هەروەها لەدەرەوەی كەنیسەش پەیكەرێك هەبوو كە ئافرەتێك بوو بەسەر پشتی ئەسپێكەوە، ڕۆنشتدی باوك پێش ئەوەی هیچ كەسێك ورتەی لە دەمەوە بێت، سەبارەت بە پەیكەرەكەی دەرەوەی كەنیسە گوتی: " تاكە پەیكەری بەنرخ ئەوەیە كە لە ژووری كەنیسەیە" ئەمەش ئەوە دەردەخات كە ڕۆنشتد بە تیلە چاوێك توانی جیاوازیە زۆرەكانی ئەم دوو پەیكەرە بزانێت.

لەنێوان (٢٥) ی حوزەیران تا مانگی ئاب ئاواتی هەمووان بەئاراستەی ئاشتی بوو، بەڵام زۆربەی شتەكان نادیار بوو لەلای سەربازەكان، بەڵام ئەمانیش هیوایان بەئاشتی هەبوو، هەروەها زۆربەی تەدابیرە توندەكان كە سەرەتا لە پاریس جێبەجێ دەكران خاوبوونەوە، شتێكی روونیش بوو كە سەربازەكان بە پەرۆش بوون بۆ بینینی پاریس لەدوای ڕاگەیاندنی هودنەو ئاگربەست. بۆیە دڵەڕاوكێ باڵی بەسەر سەركردایەتی كێشابوو سەبارەت بە هەڵسوكەوتی توند لە پاریس، بۆیە فەرماندرا (بریسن) ی بەناوبانگ بە توندوتیژی و ڕەقی، بكرێتە فەرماندەی سەربازی لەپاریس،

پێشتر ئەو لیوایە لەشەڕی پۆڵەندا بریندار یش بوو بـوو، دوای ئەمـە زیـاتر بەوە بەناوبانگ بوو کە فەرماندەیەکی تیپی زۆر تونوتیژو رەقە. هەروەها تەدابیری زۆر توندیشی خستە سەر دەستەی روکن و هێزەکانی دیکـەش بەمەبەسـتی گێڕانـەوەی یاسـاو رێکخسـتن، بـەجۆرێك هـیچ ئەفسـەرێك نەیدەتوانی بەبێ پرس و رێگەپێدانی ئـەو بچینە پـاریس، ئەگـەر یـەکێك بیویستایە بۆ کارێك بچێتە پـاریس تـەنها دەبـوو پێشـتر بـە تایبـەت رێـی پێبدرابووایـە، ئینجـا دەیتـوانی بچـێتە پـاریس ، هـەروەها دەبووایـە بـۆ ماوەیەکی کەمیش بێت و پێش تاریك داهاتن بگەڕێتەوە سەربازگە. بەڵام ئەم ئیجرائاتانـە بەرەوخاوبوونـەوە دەڕۆیشـت، دوای مـانگی تـەمووزیش زۆربـەی ئـەو تـەدابیر و فەرمانانـە گۆڕانکاریـان تیـادا کـرا، پاشـانیش بەخێراییەکی زۆرەوە پەیوەندیەکی توندوتۆل لەنێوان دانیشتوانی پاریس و سـەربازە ئەڵمانیـەکان دروسـت بووبـوو، ئەمـەش بـەبیری کـەس دا نـەدەهات کـە بـەم مـاوە کورتـە ئەوپەیوەندیـە بـە تینـە لـە نێـوان دانیشتووانی فەڕەنسـاو هێزەکـانی ئـەڵمانی دروسـت ببێـت، بـەخێراییش عاشـقانی وەرزش هـاوڕێی فەڕەنسـیان دۆزیـەوەو، داوەتکردنـی یـەکتر دەستی پێکرد، هونەردۆستانیش لەگەڵ رۆشنبیرانی فەڕەنسی لە لۆڤەر و سیڤرس یەکتریان ناسی. هەروەها ئەفسەرو سەربازانیش دۆسـتی کچیان پەیدا کرد. چەند هەفتەیەکیش دوای ئاگربەست سەردانی کردنی باخچەی ئـاژەڵان دەسـتی پێکـرد لـە فینسـنس،کە تـازە (هـاکن بـێگ) دروسـتی کردبوو، ناوی بەڕێوەبەری ئەم باخچەیە لە یادەوەریەکان ون بووە، بەڵام ئەفسـەرێکی مەدفـەعی لـە بارەگـای رۆنشـتد پەیوەندیـەکی پتـەوی بـە خێزانی هاکن بێگ هەبوو، هەر لەگەڵ گەیشتنی ئـەو ئەفسـەرە بـۆ سـانت جیرمـان دانوسـتانێکی زۆری لەگـەڵ بەڕێوەبـەرە فەرەنسـیەکە کـرد

دەربارەی گۆڕینەوەی دوو جۆری دەگمەنی کەرکەدەن، رۆنشتد بەم مامەڵەیە زۆر دڵخۆش بوو. هەروەها لەنێوان ئەندامانی دەستەی روکنی رۆنشتد بە ئەفسەر و زابت سەف و سەربازەوە گونجانێکی باش هەبوو، ئەمگونجانەش بەڵگەیە لەسەر تگەیشتنی قووڵی رۆنشتد لە باری دەروونی مرۆڤ. مانگ دوای مانگ هەستکردن زیاتر دەبوو کە ئاشتی دوای رۆژگارێکی زۆر دەگاتە جێ. هەروەها لەمانگی ئابەوە، گەنگەشە بڵاوکرایەوە کە ئاماژەیان دەکرد بەناوبژیوانی سوید و ئیسپانیا بۆ دابین کردنی ئاشتی، لەهەمانکاتیش شەڕی ئاسمانی لەدژی ئامانجە سەربازیەکانی بەریتانیا لەبرەودابوو، هەروەها زیانی ئەڵمانیاش لە لایەنی فڕۆکەوە لە زیادی دابوو. ئەو فڕۆکەوانانەی لە جەنگەوە دەگەڕانەوە ئامارەیان بە بەرگرییەکی بەهێزی دژەفڕۆکەکانی سوپای بەریتانی دەکرد و ،بەهەمان شێوە تەقەی بەرگری ئاسمانی بەریتانیا رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبوو، هەروەها ئامارەیان بەشەڕێکی توندی ئاسمانی دەکرد لەگەڵ فڕۆکەکانی دوژمن. بەڵام ئەو پلانەی کە هیتلەر ئامادەی کرد بوو هیچ یەکێك لەرۆنشتد و دەستەی ئەرکەکانی سوپاش پێیان نەدەزانی، هەروەها وا بڵاوکرایەوە کە قسە گۆڕینەوەیەکی توند لەنێوان هیتلەر و کۆرنك دەربارەی شێوازی شەڕی ئاسمانی دروست بوو، کۆرنك دەیەویست بۆردومانی شارەکانی بەریتانی بکرێت، چونکە بەریتانیا پێشتر شارەکانی ئەڵمانی بۆردومان کردبوو بەڵام هیتلەر ئەمەی نەدەویست، ئەمەش مانای وایە نیازی هاوکاری ئینگلتەرا تا ئەو کاتە لە مێشکی هیتلەر دەخولایەوە. تا ئەوکاتیش هیچ رێوشوێنێك نەگیرابووەبەر بۆ پاراستنی (سانت جیرمان) لەهێرشی ئاسمانی، بۆیە رۆنشتد مکوڕ بوو لەسەر جێهێشتنی ڤیلاکە، ئەوە بوو دوو ژووری پاشکۆی لە ئوتێلەکە دابین

کرد، بەشێوەیەك دەیتوانی لە شوێنە نوێیەکەیەوە بەپێیان لەدارستانی سانت جیرمان بە تەنهاو بەبێ پاسەوان بسورێتەوە. بەڵام کاریگەری ئیستیتلاعی دوژمن مانگ دوای مانگ زیاتر دەبوو، فرۆکەوانەکانی بەریتانی بە بەردەوامی چاودێری سانت جیرمانیان دەکرد، بۆیە دەستەی روکنی رۆنشتد بیری لەدابینکردنی پاراستنی زیاتر دەکردەوە، بە کردەنیش رێوشوێنی پاراستن لە باخچەی تەنیشت ئوتێر وەرگیراو، رەبیەی قوولْ لەنزیك بەرزاییەك لێدران، رێوشوێنی رۆنشتد بۆ پاراستنی خۆی زۆر ئاسایی بوو، هەروەها لە کاتی لێدانی سافیرەی ئاگادارکردنەوە ئارەزووی چوونەناو ژێرزەمینی نەدەکرد، ئەگەر بەریتانیەکان ئارەزوویان بکردایە ئەوکات دەیانتوانی بارەگاکە بەتەواوی وێران بکەن. هەرچۆنێك بێت دواجار سوودی ئەم رێوشوێنانە بەدیار کەوت، کاتێك فرۆکە بەریتانیەکان بەتوندی ئوتێلی (هێنری چوارەم) یان بۆردومان کرد، بەشێوەیەك کە کەم بینایە بۆ نیشتەجێبوون مابووەوە، بەڵام بەخت و رێکەوت بوونە هۆی مانەوەی دەستەی روکن، چونکە لەگەڵ ئەم بۆردومانە وێرانکەرە تەنها زیانێکی کەم هەبوو. رۆنشتد لەوکاتەدا پاسەوانێکی کەمی هەبوو دژی دژی ئاژاوەو هەڵمەتی زەمینی، هەروەها دەستەی روکنیش دابەش نەکرابوون و لەیەکتری جودا نەکرابوونەوە. لە بارەگاش هیچ کۆسپ یان تێلدڕ نەبوو، تاوەکولە دوو سەبازی بەتەمەن زیاتر لە بارەگا نەبوون کەتەنها شەوان بەدەوریە دەسوڕانەوە.

لەم کاتەدا ئەڵمانی و فەرەنسییەکان بە ئاشتی دەژیان، هەروەك پێشتر باسکرا پەیوەندیەکی توندو تۆڵیان لەنێوان هەبوو، بەجۆرێك هەر فەرەنسییەك لەهەر کاتێك نیازی بوایە دەیتوانی سەردانی ئوتێلی (هێنری چوارەم) بکات کەدەستەی ئەرکانی سوپای ئەڵمانی لێبوو، هیچ شتێك

گۆڕانی بەسەردا نەهات لەنێوان سالآنی (١٩٤٢-١٩٤٤)، لەگەڵ بوونی ترس و دڵەڕاوکێی زیاتر لەولآت بە شێوەیەکی تەدریجی بەهۆی گۆڕانی هەڵوێست. کەبووە هۆی مەترسی سەبارەت بە ئەڵمانەکان، هەرچەند وەرزی هاوین لەکۆتاییەکەی نزیك دەبووەوە، رۆنشتد یش زیاتر بڕوای بەوە دەکرد کەوا هیتلەر ناتوانێت ئاشتی دەستەبەر بکات. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە سوپای ئەڵمانی لەرۆژئاوا هەڵوێستی سیاسی لا دیار نەبوو، هەتاکو ئاگاداری پێشهاتە سەربازییەکانیش نەبوو لە رۆژهەلآت.

پێشتر وازمان هێنابوو لەقسەکردن دەربارەی پۆڵەندا، پاش کۆتایی هاتنی شەڕ لە پۆڵەندا لە کۆتایی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٩. دوای ئەوە کەس نەیدەزانی شێوەی پەیوەندیەکانی رووسیاو ئەڵمانیا لە دوای دابەشکردنی پۆڵەندا لەنێوان هەردوولادا چۆنە. ئەزموونیشەڕی دووەمی پۆڵەندا فێری کردین کە مامەڵەکردن لەگەڵ رووسیا زەحمەتە، چونکە لەسەر کێشەو گرفتی لاوەکی وهیچ و پووچ جیاوازی و بەیەکدادان دروست دەبوو، وەك بوونی خاڵێکی سەربازی لەسەر زێی بێگ یاخود بەکارهێنانی پردێك لەسەر زێی ئەسان نزیك بریز نیسل. کەسێك لەرۆژئاوا نازانێت چی روویداوە لەسەر سنووری رۆژهەلآت لە تشرینی دووەمی ١٩٣٩ تاکو هاوینی ساڵی ١٩٤٠ ؟.

لە بەهاری ساڵی ١٩٤٠ ، هەروەها لەسەرەتای شەڕی بروسك ئاسا لەنەرویج لە ٩ی نیسان و، پێش ئەومێژووەش، رۆنشتد تێبینی دوو تیپی چیایی نەمساوی (٢ و ٣) ی دەکرد لەناوچەکەی خۆی، بەلآم نەیدەزانی بۆچی و بۆ کوێ دەچن! !نە دەستەی روکن و نە هێزەکانیش نەیاندەزانی کە هێزەکانی هاوپەیمانان لەدوای داگیرکردنی نەرویج یەکسەر بۆ یارمەتی فنلەندا بەڕێ کەوتبوون کە رووسیا بۆ جاری دووەم لەگەڵی

گەیشتبووە ڕێککەوتنێك لە ڕۆژی ٢ی مارتی ١٩٤٠ تەنها لە ڕۆژنامـەکان و کەنکەشەکان نەبێت. چەندین جار هێزەکـانی ئـەڵمانی لەگـەڵ هێزەکـانی بـەریتانی لەنـەرویج توشـی پێکـدادان بووبـوون، وەك ئـەوەی لـە (ئەندالسـنس) و (هارسـتان) ڕوویـدا، بـەڵام هـەروەکو پێشـتر فەرمانـدە سـەربازیەکان زانیاریـەکی ئـەوتۆیان لـەم بارەیـەوە لەلانـەبوو، زانیاریەکانیشیان تەنها بەقـەد زانیـاری جـەنگی نێـوان ڕووسـیا و فنلەنـدا دەبوو،ئـەو جەنگـەی کـە سـەربازە ئەڵمانیـەکان سـۆ زیـان بـەلای فنلەندیەکانداکەوت.

ئەو بارودۆخە شازەی کە بەکورتی باسمـان کـرد، لـە وڵاتـانی دیمـوکراتی کەسێك بڕوا ناکا کە چۆن لـەوڵاتانی دیکتـاتۆری گـەورەترین سـەرکردەش ئاگـاداری هەڵوێسـتە سیاسـیەکان نییـەو لێـی بێبـەش کـراوە. نـەبوونی زانیـاری تەنانـەت فەرمانـدەی گشـتی و سـەرۆك ئـەرکانی سوپاشـی گرتبووەوە، کەوای لێکردبوون چەندین پێشنیاری ستراتیژی بدەن، بـەڵام زۆربەی پێشنیارەکانیان لەلایەن هیتلەرەوە ڕەتدەکرانەوە. چونکە ئەوان لەوەهم دەژیان و نیازە سیاسیەکان لایان نامۆ بوو کەهێڵەکانی ستراتیژی تـا ڕادەیـەکی زۆر پشـتی پـێ دەبەسـتێ. باسـی مەسـەلەی ڕووسـیا لـە مانگەکانی هاوینی ساڵی ١٩٤٠ نەدەکرا مەگەر بەدەگمەن نەبێ، بەهـەمان شێوەش هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتیشمان نەدەزانی، بۆیە هەر بۆ خۆمان وامـان دانـابوو کـەوا هـەموو شـتەکان بـەگوێرەی سیسـتەم و ڕێککەوتننامـە مۆرکراوەکان دەڕوات، هەر بۆیەش لەم کاتەدا لەناو دەستەی ئـەرکان و هێزەکانی دیکە کەسێك پێشبینی جەنگی لەگەڵ ڕووسیادا نەدەکرد.

ئـەو جەنگـەی کـە ڕەنگـە هـەر لـەزووەوە هیتلـەر سـور بـووبێ لەسـەر ئەنجامدانی، یاخود لەوانەیە (ئەدۆلف هیتلـەر) نیـەتی ویسـتی خـۆی لـەم

بارەیەوە بەسەرۆك ئەركانی سوپاو دەستەی ئەركانی تایبەت بەخۆی راگەیاند بێ، بەڵام رۆنشتد هیچی لەمبارەیەوە نەدركاند. لەگەڵ هەموو ئەمانەش وا بەدیار دەكەوت كە شتێك هەیە سەبارەت بە شەڕ دژی رووسیا بەتایبەتیش لای ئەفسەرانی هێزی ئاسمانی و دەریاوانی. هەروەها روونیش بووەوە كە (كۆرنك) فەرماندەی گشتی هێزی ئاسمانی لەهەموو فەرماندەكانی سوپا زیاتر پەیوەندی پتەوی بە هیتلەرەوە هەبووە. ئەمەش وای كرد هەر ئەفسەرێك لەهێزی ئاسمانی یان دەریایی دەیتوانی لەمانگی ئاب و ئەیلولی ساڵی (١٩٤٠) ی ئاماژە بەو پێشهاتانەبدات كەلە (١٩٤١) لە رۆژهەلات روودەدات.

بارەگای سوپای چواری فۆن (كلوكا) لەرۆژئاوا گواستراوە بۆ رۆژهەلات و، پاشان بۆ (وارشۆ) بەجۆرێك فۆن (كلوكا) پێش رۆیشتنی سەردانی پێكهاتەی سوپای (أ) ی كرد لە (سانت جیرمان) و لەگەڵ سەرۆك ئەركانی سوپا ماوەیەكی زۆر گفتوگۆی كرد، ئەمەش دەریدەخست كە شتێك روودەدات لە رۆژهەلات.

لەم رۆژانەدا ژمارەیەك راپۆرت لە رۆژنامەكان بلاوكرانەوە، كە ئاماژەیان بە گۆڕانی ئاراستەی روسیا دەدا دژی ئەڵمانیەكان و ، گرفتەكان زیاد دەكەن و، هەنگاو بە هەنگاویش ژمارەی هێزەكانیان لە رۆژهەلاتی هێڵی دابەشبوونی پۆڵەندا زیاددەكەن. بەهەمان شێوەش ئاماژەیان بە تێكچوونی پەیوەندی لەنێوان روسیا بەریتانیا دەدا، بەهۆی مەسەلەی فنلەندا، هەندی كەسیش پێشبینی هەڵگیرسانی جەنگیان لەنێوان رووسیا و بەریتانیا دەكرد، لەلایەكی دیكەشەوە جگە لە ئەفسەرانی بارەگای تایبەتی هیتلەر هەموو فەرماندە سەربازییەكان لە شك و گومان دەژیان دەربارەی ئەم پێشهاتانە، هەتا رۆنشتد هیچ شتێكی گرنگی لەم باریەوە

نەدەزانی چونکە ئەو تەها سەربازێك بوو و، ڕووداوە سیاسیەکان کاری ئەونەبوون. هەروەها ڕۆنشتد هیچ پەیوەندیەکی تەلەفۆنی بە هیتلەرەوە نەدەکرد، وەك هەر یەکە لە (ڕۆمل) و(کلوکا) و ژمارەیەك فەرماندەی سەربازی کەپەیوەندی تەلەفۆنیان لەگەڵ هیتلەر دەکرد و تیایدا زیاتر گفتوگۆی تایبەتیان لەگەڵ هیتلەر دەکرد، هەر بۆیە هیچ جار هیتلەر لەتەلەفۆن داوای ڕۆنشتدی نەدەکرد، بێگومان گفتوگۆی شەخصی لەنێوانیان هەبوو، بەڵام ئەم جۆرە گفتوگۆیانەش تەنها ئەوکاتانە بوو کە هیتلەر دەیویست. بەڵام لە هیچ بارودۆخێکدا ڕۆنشتد پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ هیتلەر نەبەستی، تەنها پەیوەندیشیان لەڕێگای هەریەکە لە (کایتل) و (جودل) ەوە هەبوو.

بەشی حەوتەم

شەڕ لە رووسیا

هـــەروەکو پێشـــتر باسمـــانکرد ســـەرکردەی پێکهاتـــەکانی ســـوپاو سەرکردەکانی سوپا بە هیچ جۆرێك زانیاری روون و ئاشکرایان دەربارەی ئەرکەکانی داهاتوویان لە بەرەی رۆژهەڵات لە هیتلەر وەرنـەگرتبوو، ئـەم بێدەنگیەش رێبازی بنەڕەتی هەموو دیکاتۆرێکە، بەڵام هەروەکو زانراوە پیاوانی سیاسی و دەوڵەت لەوڵاتانی دیمۆکراتیدا هـەموو زانیاریـەکانیان دەربارەی پلانـەکانیان ناگەیـەنن بـە سـەرکردە سـەربازیەکان، تـەنها لـە قۆنـاغی کۆتاییـدا نـە بێـت. هـەتا لـەو کاتیشـدا مەبەسـتە شـاراوەکانیان دەرنەدەبڕی. یان بە شێوازێکی تر سەربازەکان وەکو ئامێرێك وابوون بە دەستی سیاسیەکان، چونکە هەر ئەوان لایان وایە سەرکردایەتی دەکەن و زاڵ دەبـن، نـەك سـەرکردە ژێرەکـانی سـوپا کـە خۆیـان بـە سـەربازێکی کەمتەرخەم دەزانن بەرامبەر ئەرکەکانیان لە رووی سـەربازییەوە، چـونکە لـە وڵاتـی دیمۆکراتیـدا سـەرۆکی وەزیـران و پەرلـەمان زۆرتـر زانیـاری پێشـکەش بـە سـوپا دەکـات و، وەك ئـەو دۆخـە نییـە کـە لـە وڵاتـی دیکتاتۆریدا هەیە، چـونکە بـیرو بۆچـوونەکانی سـەربازی تایبەتمەندیـەکی خۆی هەیە، ئەگەر پێشـوو بـیرو بۆچـوونەکانیان بـە وردی سـەیر بکرێـت، لەبـەر ئـەوە پەیوەنـدی نێـوان سـەرکردە سیاسـیەکان و سـەرکردە سەربازیەکان لە وڵاتی دیمۆکراتیدا بـە هێزتـرە. بـەم جـۆرە ژیـان لـە ژێـر سـەرکردایەتی هیتلـەر بـە تـەواوی جیـاواز بـوو وەك ئـەوەی لـە وڵاتـی دیمۆکراتدا هەیە. لە ساڵی ١٩٤٠ راپۆرتەکان زیاتر بوون کە ئاماژەیان بە شەڕێکی بە کۆمەڵ دەکرد لە دژی رووسیا، هەروەکو ئاماژەم بۆ کـرد لـە

پێشەکی ئەو فەرمانانەی کە لەدەستەی ئەرکانی بارەگای سوپا دەرچوو، ئامادەییەکە بەرگری کردنە لە دژی رووسیا ، بەهۆی ئەگەری هەستانی رووسەکان بە هێرشێك بۆ سەر ئەڵمانەکان.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٠ چەند تیپێکی دیکە بۆ رۆژهەلات گواسترایەوە بە تایبەتی بۆ برووسیای رۆژهەلات و پۆڵەندا و کەرتەکانی بوزنان.

ئەم یەکانە بە هیچ شێوەیەك ئەوەندە رێکوپێك نەبوون کە بۆ هێرشکردن بەکاربهێنرێت، هەروەها بە ماوەیەکی دوور لە ناوچە فراوانەکانی پشتەوە بلاو کرابوونەوەو خەریکی مەشق و ڕاهێنان بوون، لەوێدا مۆڵەتی سەربازی ئاسایی بوو چونکە دۆخەکەی خزمەتکردنی نیمچە ئاشتی بوو، لەوپەڕی بەرەی شەڕەوە لەسەر هێڵی دابەشبوونی رووسیا- ئەڵمانیا سێ یان چوار تیپ هەبوون جگە لە تیپێکی سوارەی یەکەم کە لە نێوان کەرەبات و بەلتیقدا هەبوو.

ئەم بەرەیە بە سەرکردایەتی فۆن کلوکا بوو کە بارەگای سوپای چوارەم لە وارشۆ بوو. زستانی ١٩٤٠-١٩٤١ هێمنیەکی تەواو باڵی بە سەر سنووردا داکێشابوو تا سەرەتای شەڕی لە ٢٢ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤١ خاياندو هێشتا رووسیا هاوڕێیەکی ئەڵمانیا بوو، شەمەندەفەرەکان بە شێوەیەکی ئاسایی کەلوپەلەکانیان هەلگرتبوو بە رێکوپێکی بە وێستگەکانی سەر سنوودا تێدەپەڕین هیچ ئاستەنگێك نەهاتە بەردەم فەرمانبەرەکانی هێڵی ئاسنی تەنیا چەند ئاسەنگێکی کەم نەبێت شەمەندەفەری نێودەوڵەتی بە بەردەوامی لە بەرلینەوە بۆ مۆسکۆ لە هاتووچۆدا بوو و بە هیچ شێوەیەك نەوەستا تا چوار کاتژمێر بەر لە دەسپێکردنی جووڵانەوەی دوژمنکاری. لە مانگی کانوونی دووەمی

ساڵی١٩٤١ چەند تیپێکی تر لە رۆژئاواوە هات، بەڵام بە ماوەیەکی دوور لە پشتەوە ئۆقرەیان گرت و وەك بەرگریکەر لەم شوێنەدا مانەوە، هیچ سەرکردەیەکی باڵا لەم شوێنەدا نەبوو جگە لە بارەگای چواری فۆن کاوکا دوای ئەویش بە پێی فەرمانێك کە بە دەست رۆنشتد گەیشت بۆ رۆیشتنی بۆ برسلاو لە سیلزیا دەستەیەکی بچووکی تایبەتی لە ئەرکانی خۆی لەگەڵ خۆ برد، ئەم رۆیشتنەش بە پێی فەرمانێکی نهێنی هیتلەر بوو.

ساڵی ١٩٤١ هەواڵەکان بڵاوبوونەوە گوایە رووسیەکان دەتوانن بە هێرش هەڵستن نەك هەر بۆ سەر ئەڵمانیا بەڵکو بۆ سەر هەموو ئەوروپا بەتەواوی ... هەروەکو هیتلەر ئاماژەی بە رووسیا و چاکسازی چەند ژمارەیەك تیپی گەورەی رووسیا کرد هەروەك ئاماژەی بەشەڕی فنلەندا کردو بەڵگەی هێنایەوە گوایە ئەو ئامادە باشیە گەورەیان نییە مەگەر هەڵستانی هێرشێك نەبێت لە دژی ئەڵمانیا، هیتلەر لە مێشکی خۆیدا گەڕایەوە بۆ پلانێکی لینین و رایگەیاند کە ئامانجی بیری شوعیەت سەرەوژێر بوونی جیهانە، ئەم ئامانجەی نایەتەدی مەگەر بەهێز نەبێت، بۆ ئەم مەبەستە بەشێوەیەکی شێتانە هەستا بەپێکهێنانی سوپای سوور، هیتلەر گوتی: ئەو ناتوانێ زۆر چاوەڕوان بکات نەوەك رووسیەکان لێکۆڵینەوەکانی تەواوبن بۆیە ئاماژەی بە مەترسیەکی گەورە کرد لە رۆژهەڵات و دژی ئاسایشی ئەڵمانیاو ئەوروپا، هەروەها ساڵی ١٩٤١ پێشنیاری هێرشی رووسیای کرد لە بەهاردا، سوپای چوارەم هەندێك زانیاری نهێنی لە ئەفسەرێکی پێشووی لیتوانی لە کفنو بە دەست گەیشت کە گوایە رووسیەکان هەڵدەسن بە ئەنجامدانی راهێنانێك بەمەبەستی داگیرکردنی برووسیای رۆژهەڵات لە دوو لاوە، لەگەڵ ئەوەشدا

له چێشتخانه‌ی ئه‌فسه‌ره‌كانی رووسیا به شێوه‌یه‌كی ئاشكرا باسی شه‌ڕ له نێوان ئه‌فسه‌ره‌كان له دژی ئه‌ڵمانیا ده‌كرا، رووسیه‌كان به ئاشكرا له دژی ئه‌ڵمانیا سه‌برو ئارامیان هه‌بوو هه‌روه‌كو له فیلمه‌كانیاندا دیاره، هه‌روه‌ها ئه‌م ئارامیه‌ش له راپۆرته‌كانی ئه‌ڵمانیا باسی لێوه‌كراوه‌و سه‌رچاوه‌كانیش ئه‌م شته ده‌سه‌لمێنیٚ، هه‌روه‌ها نه‌خشه‌ی هه‌ڵوێسته‌كانی سه‌ربازی ئاماژه به زانیاریه‌كانی هاتوو ده‌كه‌ن، كه رووسیا مانگ له دوای مانگ ژماره‌ی یه‌كه‌كانی خۆی له گالیسیا زیاد ده‌كات

هه‌ر له یه‌كه‌م جاره‌وه رۆنشتد دژی شه‌ڕكردن بوو له‌گه‌ڵ رووسیا، هه‌ر چه‌ند زانیاریشی ده‌رباره‌ی رۆژهه‌ڵات به تایبه‌تی وڵاتی رووسیا وه‌رگرتبوو. به‌ڵام به‌سووكی ته‌ماشای ئه‌و زانیاریانه‌ی كرد وه‌ك: سروشتی وڵات، سه‌ربازی رووسی، كێشه‌ی ئاوهه‌وا، دووری بیٚ كۆتایی خراپی رێگا، له‌به‌ر ئه‌وه هیتله‌ر پرسیاری كرد ئه‌گه‌ر بێت و هێرش بكاته سه‌ر رووسیا ده‌بێت ژیر و جه‌ربه‌ز بێت؟.

بۆیه براوشتشی سه‌ركرده‌ی گشتی و هیتله‌ری سه‌رۆكی ئه‌ركانی سوپا دوو دڵی و بێزاری خۆیان له‌م كاره‌ی روتشد ده‌ربڕی كه ئه‌نجامیدا، هیتله‌ر به هیچ شێوه‌یه‌ك له به‌ره‌ی رۆژهه‌ڵات به‌شداری شه‌ڕی یه‌كه‌می جیهانی نه‌كردبوو، رۆنشتد له‌و باوه‌ڕه‌دابووو ئه‌گه‌ر رووسیه‌كان مه‌به‌ستیانبووایه رووبه‌ڕووی ئه‌ڵمانیا ببنه‌وه، ئه‌م كاره‌یان ئه‌و كاته جێبه‌جیٚ ده‌كرد كاتێك سوپای ئه‌ڵمانیا به گشتی له دژی رۆژئاوا شه‌ڕی ده‌كرد. له‌به‌ر ئه‌وه رۆنشتد له‌و باوه‌ڕه‌دا بوو بۆ زامن كردن و سه‌لامه‌تی ئه‌ڵمانیا باشتروایه هێزه‌كانی سنوور به‌هێز بكرێت و بوار بدرێت به رووسیه‌كان ئه‌گه‌ر ویستیان هێرش بكه‌ن..

چـونکه زۆربـەی ئەفسـەرەکان لـە شـەڕی یەکـەمی جیهـانی شـارەزای رابـەردووی رووسـیا بـوون، بۆیـان دەرکـەتبوو هێـزی سـەرکەش و ئامادەباشـییان بـۆ قوربانیـدان هەیـە، هـەروەها دەیـانزانی ئـەم وڵاتـە دەتوانێ بە ملیۆنـان سـەرباز ئامـادە بکـات، هـەروەها لـە سـاڵی ١٩١٤-١٩١٨ ئاگادارکرانەوە لە سنووره بەرفراوانەکـەی مـاوە بـێ پێوانەکـەی و سروشتە دژوارەکەی و خاکە لیماویەکـەی و ڕێگـا لیتەییەکـەی و داسـتانە چڕو زۆنگاوەکانی. راستە یەك سەربازی ئەڵمانی لە شەڕی جیهانی یەکەم بەرامبـەر ٥ تـا ١٠ سـەربازی رووسـیا بـوو لەگـەڵ ئـەوەش سـەرکەوتنیان بەدەسـت هێنـابوو، سـەرباری مەترسـیە گـەورەکانی ئەڵمانیـەکان رووبـەڕوویان دەبـۆوە کـە زۆر چـاك دەیـانزانی کـەوا پلـەی سـەرکەوتن هێشتان بە تەواوی نەکەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی رۆژئاواییەکان، دوایش ئـەم پرسیارە زۆر گرنگە: ئایا سوپای رووسـی ئێسـتا چـاکترە یـان لـە سـاڵی ١٩١٤-١٩١٨ لەو کاتەی کە لەژێر دەستی قەیسەریدا بوو؟

ئاشکراشـە کـە رژێمـی ئێسـتای مۆسـکۆی سیاسـی زۆر تونـدو چەسپاوە بووە، چونکە شتێکی ئاشکرابوو کە سوپای رووسـیای نـوێ بـە تـازەترین چەك و تفاقی شەڕ پڕ چەك کراوە نەوەك لەسەردەمی قەیسەری. راپۆرتی پاشکۆ سەربازیەکانی ئـەڵمانی لـە مۆسـکۆ سـاڵانێکی زۆر بـوو دەیـانزانی کەوا رووس لایەنێکی گەورە و گرنگـە، بـەڵام هیتلـەر لەبـەر سسـتی خـۆی زۆر گرنگـی بـەم راپۆرتـە نـەدەدا شـیاوی باسـکردن بێـت، بـەڵکو هـەر باوەڕیـان پـێ نـەبوو، هـەروەکو نـاپلیۆن لـە رووسـیا گەیشـتبوو، بۆیـە وێکچوونەوەکی زۆر و دیار هەبوو لە نێوان ناپلیۆنی یەکـەم و هیتلـەر کـە هەردووکیان لـە نێـوان ململانێـی هێرشـکردندا بـوون، هیتلـەر لـە هێرشـی بـەریتانی ترسـا کـە لـە یۆنانـەوە بـە ئاراسـتەی بـاکوور و بـەرەو دانـوب

بکرێت، هەروەکو هاوپەیمانەکان لە ساڵی ١٩١٨ لە بەلقان ئەنجامیاندا، چونکە پێشڕەوی ئەو جۆرە هێرشە لە کۆتاییدا دەبێتە چاولێ سوورکردنەوە لە بەرەی رۆژهەلاتی ئەڵمانی لە باشوور، لەبەر ئەوە نیازی داگیرکردنی بەلقان و هەموو یۆنانی هەبوو بۆ دامرکاندنەوەی مەبەستی بەریتانیەکان،بۆ ئەم مەبەستەش مارشاڵ کلیستی نارد بۆ ئەوێ، هەر لەو کاتیشدا زۆر لە یۆگسلافیەکانیش ئالای یاخیبوونیان لە دژی هێزەکانی ئەم تەوەرە لە کۆتایی مارتی ساڵی ١٩٤١ بەرزکردەوە، ئەم یاخیبوونەش بۆ هیتلەر کاریکی لە ناکاو بوو، ئەمەش چەند کورتە شەڕێکی خێرایی بە دوا داهات لە بەلقان بە سەرکردایەتی لیست و فۆن کلیست، لەم شەڕەشدا تیپی زرێپۆش سەربازی لەشکری پیادە و پێکهاتە چیاییەکان بەشداریان کرد، بەمەش شەر پاش چەند هەفتەیەك بە سەرکەوتن کۆتایی هات. ئەو یەکە ئەڵمانیانە و پێکهاتەی فۆن کلیستی زرێپۆش کە هەمووی تەرخانکرا بوو بۆ شەڕ لە رووسیا، بۆیە بە شەمەندەفەر و ئۆتۆمبێل لە باشووری رۆژهەلاتی ئەوروپاوە گوێزارانەوە بۆ باکوور لە دوای سنووری رووسیا، ئەم گوێزرانەوەش پێویستی بە کاتێکی زۆر هەبوو ئەمەش زەرووەرەتێکی گرنگ بوو سەربازی هەڵسان بە بشکنین و چارەسەری زرێپۆشەکان لە کارگەکان و چاکردنەوەیان بۆ ئەوەی دووبارە بخرێنەوە خزمەت،

هیتلەر لە ناوەندی مایسی ساڵی ١٩٤١ بریاریدا شەڕ لە دژی رووسیا بکات، لە دواییدا ئەم کاتە مانگێکی تەواو دواخراو شەڕی بەلقانیش هۆیەکی سەرەکی نەبوو بۆ ئەم دواخستنە، بەڵکو هۆیەکەی لەلای هیتلەر ئەو کودەتایە بوو کەوا لە بلگراد دژی حکوومەت روویدا، چونکە هاتووچۆی لەگەڵ رۆمانیای هاوپەیمان کەوا لە یوغسلافیاوە رەت دەبوو

هاتووچـــۆی زینـــدووبوون بـــۆ دابینکـــردن و تێپەڕینـــەکانی ئـــەڵمانیا و بنکـــەکانی تـــر بـــۆ باشـــووری بـــەرەی ڕۆژهـــەڵات. هـــەر چـــۆنی بـــوو لـــەوێ هۆکارێك هەبوو کە کاریگەریەکەی کەمتر نەبوو کە باسمانکرد کە ئـەویش باری راپی کەش و هەوای ساڵی ١٩٤١ بوو. ئەو هۆکارەش وایکرد شـەڕی رووسیا دوابخرێت.

هەروەك شتێکی ئاشکرایە جوولـەی سـەربازی گـەورەو خێـرا بەربەسـتی زۆری رووبەڕوو دەبۆوە لە ڕۆژهەڵاتی هێڵی سان– بك تـا کۆتـایی مـایس، ئەم خاکەش بـە پانـایی لافـاو داپۆشـیبوو، فڕۆکـەکانی زانیـاری توانیـان دوورگە گەورەو پڕ لە ئاوەکان لە ڕۆژهەڵاتی وڵات ببینن، زەویـە شـلەکان پڕببوون لە زۆنگاو هەروەها ڕێگاکانیش داپۆشرابوون بـە قـوڕو لیتـە، لـە مانگی مایس وا باوە کەوا گۆڕانکاری لە سروشتدا روو دەدات ، واش باوە کـە هاتووچـۆ سـەختتر دەبێـت، سـاڵی ١٩٤١ سـاڵێکی ناهـەموار بـوو، لـە کۆتایی حوزەیران رووباری بـك کـە رووبـارێکی پۆڵەندیـە لـە نزیـك برسـت لوتفسك لە باری لافاودا لـە بـەرزی و نزمیـدا بـوو، دواتـر هیتلـەر بڕیاریـدا پێش هێرشەکەی رووسیا بکەوین، کە هەروەکو خۆی لێکـی دەدایـەوە بـە هێرشکردن دژی رووسیا، سەرباری ئاگادارکردنـەوەی ڕۆنشـتدو سـەرکردە سەربازیە کۆنەکان و کەسانی تر، لەو کاتـەدا سەرکردایەتی ئەڵمانیا بـیری لە هەندێك راستی و تیشك خستنە سەریان کردەوە،هەروەکو:

دڵەراوکێ بەشێوەیەکی سەرەکی لەسـەر بـوونی هێـزی گـەورەی هـەردوو لایەنی رووسیاو ئەڵمانیا بوو.

ئـەڵمانیا نزیکـەی ١٢٠ تیپـی هەمـەجۆرەی لـە هـەموو بەشـەکان هـەبوو، رووســیاش نزیکــەی ١٥٠ تیپــی هــەبوو، گەرچــی ئــەو زانیاریانــەی کــە

پەیوەست بوون بە رووس زۆر دیاریکراو و کەم بوون، چونکە هیچ بەسەرکردنەوەیەکی ئاسمانی نەکراو نەشیان دەتوانی بڕی یەکەی هێزەکانی رووسیا دیاری بکەن، بە بەراوردکردنی هەلۆیستی ئەلمانیا لەبەرەی رووسیا بەرامبەر هەلۆیستی ئەلمانیا لە رۆژئاوا لەساڵی ١٩٤٠ بۆمان روون دەبێتەوە کەوا ئەلمانیا و هێزی تەوەر لە رۆژهەلات وەکو لە رۆژئاوای نێوان دەریای باکوورو سنووری سویسرا بالادەست نەبوون، چونکە لە رۆژئاوا چەند تیپێکی چڕی لە پشتەوە هەبوو کە هێزێکی یەدەگ و تا بلێی بەهێزبوو کە لە قولایی بەرەیەکی فراواندا دابەشکرابوون، بەلام لە رۆژهەلات ئەم بەرەیە لە ساڵی ١٩٤١ لە رۆژهەلاتی دەریای رەشەوە درێژ دەبۆوە تاکو دەریای بەلتیق. بەچاو خشاندنێك لە نەخشەی ئەورووپا بە دیار دەکەوێت کە بەرەی ئەلمانیا پانیەکەی زیاد دەبوو بە زیاتر بوونی هێرشەکانی بەرەو رۆژهەلات، ئەمەش شتێکی ئاشکرابوو کە جوولەکانی پێویستە نەخشەیان بۆ بکێشرێت لەسەر شێوەی پلانەکانی ناپلیۆنی یەکەم لە ساڵی ١٨١٢ . ئەوکات رووسەکان بەردەوام بوون لە پاشەکشەکردن، بۆیە ناپلیۆن زۆری هەولدا لە شەڕێکی یەکلاکەرەوە روبەڕوویان ببێتەوە، ناپلیۆن لەسەرەتادا لەشەڕەکانی سمولنك و بورودینۆ سەرکەوتبوو، بەلام سەرکەوتنێکی یەکجارەکی نەبوو، کە زستانیش داهات سوپاکەی چوونە شوێنە بزرو نادیارەکانی رووسیاو لە زستاندا سوپاکەی تەخت و وێران بوو، هەموو سەرکردە ئەلمانیەکانی باسی ئەو دۆڕاندنەی فەرەنسا دەکەن لە ساڵی ١٩٤١. بۆ هەلسان بە پێکان و دانانی پلانێك بۆ لە ناو بردنی تواناکانی رووسیا بە یەکجارەکی لە رۆژئاوای دنیبر و دفینا بۆ کۆتایی هێنانی ئەو شەڕە بە خێرایی. هەروەها باش تێگەیشتن کەوا ئەم

شەڕە دەبێتە شەرمەزاریەکی بێ کۆتایی گەرهاتوو رووسیا لە هێڵی رۆژئاوا بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان هەڵدەستن بە کشانەوە بەرەو رۆژهەڵات، سەرباری ئەوانە دوورترین هێڵ کەوا ئازووقەی پێ بگات ئەوا هێڵی دنیبر و دفینا یە

بەشێوەیەکی بەردەوام دەتوانرا کەرستەیان بۆ دابین بکرێت، بەڵام پاش گەیشتن بەم هێڵە دەبێت هەڵسیت بە وەستانی سەربازی بەمەبەستی چاککردنی هێڵەکانی بە یەك گەیشتن، بۆیە پلانی تیپی زرێپۆش دەبوایە زۆر بە خێرایی بەری رۆژهەڵاتی ببڕیبایەو هێزی پیادەش بە دوایەوە بەرەو پێش هەنگاویان بنایە، ئەمەش وایکرد کە پەیوەندییەکی پتەو دروست بێت لە نێوان تیپی زرێپۆش و پیادە، بۆ ئەوەی هێزی رووسیا گەمارۆ بدەن لە هەر شوێنێك کەوا پێیان بگەن، هەروەها بۆ ئەوەی هێڵی گەرانەوەیان بەرەو رۆژهەڵات لێ ببڕن، هەر چەندە نەشیان دەتوانی ئەم پلانە بە شێوەیەکی سەرکەوتوو ئەنجام بدەن، بەڵام رووسیەکان هەر لە مۆڵگەکانی رۆژئاوای دنیبر مانەوە کە پێویست بوو بەشی هەرە زۆری سوپای رووسیا لە نێوان دنیبر و دنیفیا بێت، بەڵام چۆن سەرکەوتن لەم پلانە بە دەست دێت ، کە سوپای رووسیا سەرژمێری هێزەکەی چەند ملیۆنێك دەبوو، تا ئەو کاتەش هیچ بڕیارێکی شەڕیشی نەدابوو، سنووری رووسیای رۆژئاوا مەگەر بەشێکی کەمی نەبێت بۆی هەیە بتوانێ بەسەر ئەو بەشە کەمەی سوپای سووردا زاڵبێت کەوا لەشکرکێشیان لە رۆژئاوای دنیبر کردبوو بەڵام هێندە ئاسان نییە بۆ لە ناو بردنی بەشی هەرە گەورەی سوپای سوور پاش لەشکرکێشیەکە، بەڵام لە دواتر بەناچاری پلانێکی ستراتیژی بۆ شەڕی رووسیا لە بەرەیەکی بەرفراوان دارێژرا کەوا لە دەریای سوورەوە درێژ دەبێتەوە تاکو دەریای بەلتیق.

ئایا بۆچوونی ئابووری سیاسی چییه؟

هیتلەر وای دەبینی کە مۆسکۆ گەورەترین دوژمنی جیهانە، هەروەها وای دادەنا کە ئەو شارە بنکەیەکە بۆ سیاسەت و فەلسەفەو بازرگانی و هونەریی هێزی شیوعیەتە. هەروەکو مۆسکۆ کە بنکەیەکی سیاسیە، بەرژەوەندی ئابووریش لەبەر چەند هۆیەکی دیار سەری خستبووە سەر بەشە بە پیتەکەی رووسیا کە کەوتبووە باشووری رووسیاوە، ئەمیش کەرتی ئۆکرینە کە دەوڵەمەندە بە ناوچەیەکی بە پیت بۆ دانەوێڵە، هەروەها ناوچەیەکی زەوی ڕەشیش لەوێدا هەیە، لە باشووریشی چاڵی دونیتز پیشەسازی درووستکردنی چەکە قورسەکانی رووسیا کەوتبوونە ئەو ناوچەیە، لەمەش زیاتر لە باشووریشی بەرزاییەکانی قەفقاس و بیرە نەوتەکانی لێ بوو، گومانی تێدانییە کەوا پسپۆرە ئابووریەکانی ئەڵمانیا هیتلەریان ئاگادار کردەوە لەو سامانە زۆرەی لە باشووری رووسیادا هەیە، ئەمەش بوو بە ناوچەیەکی نیشانکراو هەروەها پێشیان گوت کە ناتوانێ لەم شەڕەدا بەردەوام بێ تاکو ئۆکرین و چاڵی دونیتر و نەوتی قەوقاس دەست بەسەردا نەگرێت، ئێمە دەزانن کەوا سیاسەتی ئابووری کاریگەریەکی لەسەر پلانی وڵاتدا هەیە، ئەمەش لە سەدەی ئێستادا روو دەدات.

ئەی تێڕوانینی سەربازی دەبێت چی بێ؟چەندان بیروبۆچوون بە دیارکەوتن، هەریەکە چاکە و خراپی خۆی هەبوو، لەو کتێبەشدا گرنگی دەدەین بە تێڕوانینی رۆنشتد، ئەو هیچ کاتێك وای بۆ نەدەچوو کەوا بنکەی قورسایی لە پێکهاتەی سوپاکەی لە باشووردا بێت، هەروەکو کەسانێك وای بۆچووبوون، بەڵکو ئەو وای بۆ دەچوو کەوا بنکەی

قورسایی دەبێت لە باکوور بێت. واتە لە پێکهاتەی سوپای باکووری فۆن لیب دابێت، هەروەها ئەو وای دادەنا ناوچەی لینینگراد ئامانجی یەکەمە، چونکە پێشڕەوی کردن بەو ئاراستەیە دەبێتە هۆی پەیوەندی کردن بە فنلەندیە ئازاکان لەلایەنی سیاسی و ئابووری و سەربازیەوە، هەروەها ئەم پێشڕەوییەش دەبێتە هۆی بێبەشبوونی رووسیا لە دەریای بەلتیق. رۆنشتد لەو باوەڕەدا بوو پەڕەی دووەمی پێشووەچوونەکەی دەبێ هێرشێکی سەرەکی بێت لە باشووری رۆژهەلات بەرەو مۆسکۆ، لێرەدا پرسیار دەکەین؟ سوودی ئەم لێکۆڵینەوە سەربازیە چییە؟

ئەمانە هەندێك راوبۆچوونی سەربازی دەخەنە روو کە دوورن لە کاریگەری ئابووری و سیاسی، ئەم هۆکارانەش بوون لە زۆربەی کاتدا وایانکرد کە پیاوانی سوپا نەتوانن ئەو شتانەی کە دەیانتوانی جێبەجێی بکەن بیکەن، چونکە ناچاری کردوون ببن بە ئامێرێك لە دەستی سیاسیەکان و ئابووریناسەکان، رۆنشتد بەوە ناسرا کە توندترین دوژمنی هێرشە بۆ سەر رووسیا، و پاڵپشتی لە بیرۆچکەی مانەوەی باری بەرگریکردن لە مۆڵگەکاندا دەکرد، بەڵام خۆی یەکلایی کردەوە بە دڵسۆزی کاتێك کەوا سیاسەتی باڵا بڕیاری خۆی دەکرد، دیاریش بوو کەوا شەڕی دژی رووسیا شەڕێکی درێژخایەنەو، ململانێیەکی وا کۆتایی نایە تەنها بە شەڕی بروسك ئاسا لە چەند مانگێکی کەمدا، بەڵکو بەپێی کات بۆی هەیە چەند ساڵێك بخایەنێ. رۆنشتد زانیاریەکی چاکی هەبوو لەسەر رۆژهەلات بۆیە دڵنیا بوو لەوەی ئەم ئەرکانە ناتوانرێ جێبەجێ بکرێ تەنها لە باکوورەوە بۆ باشوور نەبێت، واتە لە لینینگرادەوە بۆ مۆسکۆ، دواتریش بۆ باشوور. وە ئەم پلانەش هیچ کەڵکێکی نەدەبوو ئەگەر قۆناغی یەکەم بە سەرکەوتووی جێبەجێ نەکرابووایە،ئەگەر هەر لە

ساڵی یەکەم بەدەرکەوت کەوا جەربەزەکان زیاد لە پێویست چووبوونە قوڵایی و لەشکرکێشیان کردبوو، ئەوا ڕۆنشتد وای دەبینی لەو کاتەدا کەوا دەست هەڵگیرێ و پاشەکشێ بکرێ بۆ گەڕانەوە بۆ مۆڵگە ئامادە کراوەکان دوور لە ڕۆژئاوا.

ڕێکخستنی یەکەکانیش بەم شێوازەی خوارەوە بوو کەوا سەرکردایەتی باڵا نەخشەی کێشابوو:

سێ پێکهاتەی سوپا پێکهێنرا:

١- پێکهاتەی سوپای باشوور: بەسەرکردایەتی فۆن ڕۆنشتد و سەرۆکی دەستەی ئەرکانی لیوای پیادە فۆن سودنستیرن کە پێکهاتبوو لە نزیکەی پێنج تیپی زرێپۆش و سێ تیپی ئالی و سی و پێنج تیپی پیادە، وە کۆی گشتی زرێپۆشی ئەو هێزە گەیشتە نزیکەی ٦٠٠ ئۆتۆمبێل، دوژمن لە ڕووی زرێپۆشەوە زۆر سەرکەوتووتر بوو هەروەکو ئۆتۆمبێلە زرێپۆشەکانی دەگەیشتە نزیکەی ٢٠٠٠ ئۆتۆمبێل بە گوێرەی مەزندەکانی ئەڵمانیا، بەڵام ئەم زرێپۆشانە لە مۆدیلە کۆنەکان بوون، ئامانجی ستراتیژیی ڕۆنشتد هێڵی (ئۆدیسا) و (کییف) بوو، دوایش ناوچەی (دونیتز) و پاشتریش (قەوقاس) بوو. باڵی ڕاستی پاڵپشت بوو بۆ بەرەی باکووری چیای (کەربات) لە ڕۆژئاوای (برزمیسل) و باڵی چەپەشی پاڵپشت بوو لەلای (بك) لە ناوچەی (کلودوا) لەبەرەی باشووری ڕۆژئاوا لە ناوچەی (بربیت) سوپای حەوت بە سەرکردایەتی فۆن ستون یناکل کە پێکهاتەی باڵی ڕاستی هەمە چەشنی سوپا بوو سوپای شەش لە ژێر فەرمانی فۆن ڕۆشناو کە لە پێکهاتەی باڵی چەپی هەمە جۆری سوپا بووە، پێکهاتەی زرێپۆشی یەکەم بەسەرکردایەتی فۆن کلیست بوو.

٢- پێکهاتەی سوپای ناوەندی بە سەرکردایەتی مارشاڵ فۆن بوو کە وە سەرۆکی دەستەی ئەرکانەکەی لیوا فۆن کریفن برك بوو ئەم تێکەڵەش مەڵبەندی قودسایی بوو بۆیە نزیکی ٥٠ تیپی بەخۆیەوە گرتبوو لە نێوەندیشیان ٩ میپیان زرێپۆش و ٧ تریان ئالی بوون، تیپی زرێپۆش و ئالی دابەشکرابوون بۆ دوو سوپای پێکهاتەی زرێپۆش پێکهاتەی دووەم بەسەرکردایەتی کودریان پێکهاتەی سێیەم بە سەرکردایەتی هوپ مۆسکۆیش نیشانەیەکی دیاری ئەم پێکهاتە بوون، پێکهاتەی سوپای مەڵبەندی پێکهاتبوون لە دوو سوپا و سەرەڕای زرێپۆشیش سوپای چوار بە سەرکردایەتی فۆن کلوکا لەلای راست سوپای نۆ بە سەرکردایەتی سترووس لەلای چەپ.

٣- پێکهاتەی سوپای باکوور بە سەرکردایەتی مارشاڵ فۆن لیب و سەرۆکی دەستەی ئەرکانی لیوا برنیك هەروەها پێکهاتەی زرێپۆش چوارەم بە سەرکردایەتی هۆبنەر و سێ تیپی زرێپۆشیش و لەگەڵ سێ تیپی ئالی وە کۆی ئەم تیپانەی بە پێکهاتەوە دەبوون بە ٣٠ تیپ و، هێزی دوژمنیش لەو ناوچانە یەکسان بوون لەگەڵ هێزی ئەڵمانیا. سوپای شانزەش بە سەرکردایەتی (بوج) لەلای دەستە راست و سوپای هەژدەش لەلای راست بە سەرکردایەتی کۆهلەر بوو، لینینگرادیش لە باکووردا نیشانەیەکی سەربازی ئەم پێکهاتانە بوو وامان بۆ روون دەبێتەوە کە سوپای ئەڵمانی لە بەشی رۆژهەلات ئامادەباشی کرابوو لە تەك یەك لەسەر شێوەی چەند چینێکی گەورە کە درێژ دەبۆوە لە کەربات تاکو دەریای بەلتیق، بۆی هەیە ئەم ژمارە تیپانەی کە ئێمە ناومان بردن لەو رۆژانە گەلێ زۆربن، بەلام پێویستە کەوا بخەینەوە بیرمان کەوا ١٠٠ تیپ لە ساڵی ١٩٤١ شتێکی زۆر نەبوو دژی دوژمنێکی وەکو رووسیا، کەوا

سەرژمێریان دەگەڕایەوە بۆ چەند ملیۆن سەربازێك. بیری ژمارە لە ڕۆژهەڵاتی جیاوازی هەیە زۆر لەوەی کەوا لە ڕۆژئاوا هەیە کە ژمارەی هەزاری ژمارەیەکی بچووك بوو، یەکەکانی هاوپەیمانی لە ڕۆمانیا بە سەرکردایەتی سەرۆکی دەوڵەتی ڕۆمانیا مارشاڵ ئەنتۆنیۆسکۆ لە باشووری پێکهاتەی ڕۆنشتد بوو، هەروەها ئەگەر ئەم یەکانەی سوپای ئەڵمانی یانزەهەم بە سەرکردایەتی فۆن ئەسکوبرت بوو ئەم یەکە ڕۆمانیانەش لەگەڵ یەکە ئەڵمانیەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەژێر سەرکردایەتی فۆن ڕۆنشتددا نەنران وەك ڕێزێك بۆ ئەنتۆنیۆسکۆ، ڕۆمانیا لە ڕۆژهەڵات هاوپەیمانێکی گرنگ بوو، مارشاڵ ئەنتۆنیۆسکۆ سەرۆکی باڵای دەوڵەتی ڕۆمانیا بوو، بۆیە ڕێککەوتنێك لە نێوان بەرلین و بۆخارست مۆرکرا، بەو پێیە ئەنتۆنیۆسکۆ سەرکردایەتیی لە دوورترین شوێنی باشوور لە بەرەی ڕۆژهەڵات وەرگرت، بەڵام دەبێت سەر بە ڕێنماییەکانی ستراتیژی ڕۆنشتدی بێت، لە سەرەتای شەڕی دژ بە رووسیا ئەم کەرتانەی خوارەوە لە ژێر فەرمانی ڕۆنشتد دابوون: هەردوو سوپای حەوت و شەش و پێکهاتەی زرێپۆشی یەکەم، هەروەها ئەم کەرتانەی خوارەوەی ئیتاڵیاش لە ژێر فەرمانی ڕۆنشتد دابوون، ئەوانیش فەیلەقی سێیەمی ئیتاڵیا لەگەڵ هەردوو تیپی پیادەو سووك بە سەرکردایەتی لیوا میس بوو، هەروەها فەیلەقێکی هەنگاریش هەر لە ژێر سەرکردایەتی ئەودابوون، سلۆڤاکییەکانیش لە دوو تـوێی تیپێکی ئالیدا و لەگەڵ کەتیبەیەکی کەرواتی هەر لە ژێر سەرکردایەتی ئەودابوون. لە دوورترین شوێنی باشووریش هەردوو سەرکردەی سوپای ئەڵمانی یانزەو سوپای ڕۆمانی بەڵێنیان دابوو کە لە ژێر فەرمانی مارشاڵ فۆن ڕۆنشتد دابن، ئەمەش لە توانای هیچ سەرکردەیەکی تری ئەڵمانیدا نەبوو کە ئەم هەموو

کێشـە دەروونیـەی هـەموو نەتـەوەکان بـە باشـی چارەسـەر بکـات، جگـە لەوەی کە ڕۆنشتد ئەنجامیدا. ئەو پیـاوە جیهانیـەی کـە خـاوەنی ژیـری و تێگەیشتنێکی گەورە بوو لە بەڕێوەبەردنی نەتەوەکان، چەند نموونەیـەك بـیر دێنینــەوە، زۆر زەروورەت بـوو کـە کەرتــەکانی ڕۆمانیـا تێکـەڵ بـە یەکەکانی هەنگاریا نەبێت، لە بـەر ئـەوەی ئـەم دوو گەلـە ئـەو کاتـە دژی یـەکتربوون، چـونکە پێکهاتــەکانی سـوپای باشـوور ئاشـکراو دیـاربوون، هەروەکو لە پێشـوودا و بـەر دەسـتپێکردنی شـەڕ ڕۆنشـتد ئامـاژەی بـەو مەترسـیە کـرد. لەسـەر سـوپای حـەوت پێویسـت بـوو لـە باشـوورەوە پێشـڕەوی بکـات بـە بـڕینی گالیسـیا لـە ڕۆژئـاواوە بـە ئاراسـتەی ڕۆژهەلات،بەلام لەوێ لە دوورترین شوێنی باشـووریش لـە سـەر سـنووری کەربات لە ڕۆژئاوای هەنگاریا لە بیست و پێـنج تیپـی ڕووسـیایی کـەمتری لێ نەبوو، ئەی دەبێت ئەم هەموو تیپە ڕووسیانە کاریان چی بێت؟؟

لەسەر ڕۆنشتد پێویست بوو وا بکات کە ئەو تیپانە بۆ لای ڕاسـتی بـەرەی ئەو هێرش بکەن، لـە کاتێکـدا لـە چیاوە هێـرش بـەرەو بـاکوور دەکـات، لەبەر ئەوەی داوای کرد کە سەرکردەکان لە ڕۆمانیا یەکتر بگرن، هەروەها داوای لەو هێزە زۆرانـەی کـە لـە باشـووری کـەرتی خـۆی بـوون کـرد، بـۆ ئەوەی چواردەوری هێزەکانی ڕووسیا بگرن، هەروەکو زانیمان کە سوپای یازدەی ئەڵمانی لـە ڕۆمانیـا بـوو بـۆ یارمەتیـدانی ڕۆمانیـەکان، بـەلام بـە یەکترلکانی ئەو تیپانە بە ڕۆنشتد بە ڕێژەیەك لەبەر هۆکاری سیاسی بوو. ڕۆنشتد بۆ سەرکردەی بالا پێشنیاری ئەوەی کرد کـە یەکـە بـە هێزەکـان بەکاربهێنرێن بەتایبەتی ئەو تیپە چیاییانەی لە کەربات بوون لە دژی ئەو بیسـت و پێـنج تیپـەی ڕووسـیا، بـەلام ئـەو پێشـنیارەی ڕۆنشـتد ڕەتکرایـەوە، لەبـەر ئـەوە ڕۆنشـتد ڕۆنشـتد نامەیـەکی درۆی بـە خێرایـی

دەرکرد بۆ لاوازبوونی رووسیا، ئەو کارەش کاریگەریەکی توندی هەبوو لە کێشانەوەی هێزەکانی رووسیا بەرەو رۆژهەلات بەشێوەیەکی چاوەڕان نەکراو. ناوچەی زۆنگاوەکانی روکنتو لە باکووری پێکهاتەی سوپای باشوور بوو ئەم ناوچەیەش ناسرابوو بە ناوچەی (بربیت) ئەم ناوچەیە لە رۆژهەلاتی رووباری (بك) بوو لە نێوان سەرچاوەکانی بریست لیتوفسك تاکو (دنیبر) لە هەردوو لای (کییف) و دواوەی. رووبەری ئەم ناوچەیە نزیکەی بە قەد رووبەری باڤاریا دەبوو، پانیەکەشی لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەلات نزیکەی ٣٠٠ میل دەبوو.

باوەڕی باو تاکو پێش سالّی ١٩١٤ بەم جۆرە بوو کە هەموو جوولەی کەرتەکانی رۆژئاوای لەو ناوچەیە بە دوور دەزانی، لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە بە دارستان و زۆنگاو داپۆشرابوو، بۆیە کەرتەکان ناتوانن رەتبن، بۆیە هەموو جۆرە پلانێکی هێرشکردن بۆ سەر ئەم ناوچەیە بە دوور دەزانی، چونکە وەك پەرژینێکی سروشتی بۆ ئەم بەشە وابوو.

–ئەم جۆرە زانیارییانەش کە لە رووی جواگرفیای سەربازیەوە تەواو نەبوون، لە شەڕی جیهانی یەکەمدا ئەم زانیاریانە پوچەلْ بوونەوە، بۆیە هەر یەك لە کەرتەکانی ئەلّمانیا و رووسیا لەو ناوچەیەدا لە سالّی ١٩١٥ را بە دواوە دەستی بە جوولەو شەڕکرد، بەم جۆرە بەرەی شەڕ لە باکوورەوە درێژ بۆوە بەرەو باشوور و بە تێپەڕبوون بە ناوەڕاستی زۆنگاوەکاندا، ئەم ناوچەیەش نە تەنها زەویەکانی نزمایی بوو و کۆسپی خستبووە بەردەم هاتووچۆ،بەلّکو دارستانی گەورەو رووباری لێبوو کە بە بربیت دا بە هەردوو لای تێدەپەڕی و ژمارەیەکی کەمی دانیشتوان لەم ناوچەیەدا هەبوون، هیچ شتێکی لیّ نەبوو تەنها چەند شوێنێکی بچووك نەبێت کە بە کەلوپەلی سادەی خراپ دروست کرابوون.

شەمەندەفەری خراپ لە جوولە دابوو لە بریست لیتوفسکەوە بۆ کۆمل ، لە کۆملیشەوە بۆ کییف. شەمەندەفەرێکی تریش لە باکووورەوە بەرەو باشوور لە برانوویس بە تێپەڕبوون بە لومییز تا دەگاتە راونوا لە جوولە دابوو، ئەم جۆرە کەلوپەش بۆ ناوچەیەك کە رووبەرەکەی ۳۰ هەزار میل چوار گۆشە بوو زۆر کەم بوون، کەچی تۆڕی ڕێگاکان کەمتر خەراپ بوون، زۆربەی پردەکانیش لە دار دروستکرابوون لەبەر ئەوە بۆ هاتووچۆی زرێپۆش و ئۆتۆمبێلە قورسەکانی سەربازی باش نەبوون، لەوێدا دەشتێکی زۆر زۆر هەبوو کە پڕی بوو لە زۆنگاو، بەتایبەتی دەشتەکانی نزیك ئاو، لە تەك ئەمانەش رووبەرێکی فرەوان و بە تاڵ هەبوو کە دارستان و زۆنگاوی لێ نەبوو، هەموو ئەمانە رێگر بوون لە بەردەم جوولانەوەی خێرا لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە لە بەردەم کەرتەکانی رووسیا رێگرێکی ترسناك نەبوون، لەبەر ئەوە فەیلەقەکانیان بە تەواوی دەیانتوانی زۆر بە ئاسانی بۆ شوێنێکی تر بچن، ئەمەش لەلایەن هێزەکانی رووسیاوە وەك بەرگرییەکی نایاب وابوو، هۆکارێکیش بوو بۆ هێرشکردنە سەر کەرتەکانی پێشەوە لەبەرەی رۆژهەلات و، بۆ هەر لایەك کە دەیانویست لە شەڕی رووسیاو پۆڵەندە لە ساڵی ۱۹۲۰ هێزەکانی رووسیاو پۆڵەندە بەسەر ئەم شوێنانەدا رەتدەبوون و دەم نا دەمێك لە هەموو لایەکەوە بەرەو پێشەوە دەچوون، رۆنشتد هەر لە شەڕی جیهانی یەکەمەوە شارەزای ئەو ناوچانە بوو و دەیزانی لە دەورووپشتی ئەم ناوچانەدا چ هەیە، لەبەر ئەوە ئەو کارەی تاوتوێ کردو ئاگاداری سەرکردایەتی باڵای ئەڵمانیای کردەوە کە ئەم ناوچانە بە هەند وەربگرن، تاکو بتوانن پیایدا بڕۆن، بۆیە دەبوایە سەرکردایەتی ئەڵمانیا ئەم ئاژاوەیە لەم ناوچەیە بە هەند وەربگرێت کە شایەنی ئەمە بوو، لە

ئەنجامیشدا سوپای شەشی ئەڵمانیا توانی هێرش بکات کە بریتی بوو لە بەشێکی لای راستی سوپای رونشتد بەرامبەر هێزێکی گەورەی رووسیا دوای دەرچوونی لەو ناوچەیەدا و گەمارۆدانی بۆ ماوەیەکی دووور و درێژ. لێرەدا لە توانادا نەبوو زۆر بە ئاسانی پێناسەیەکی ئۆتۆمبێل وەرگەڕاوەکان بکەین، بەڵام ئەوەندە بەسە بۆ گێڕانەوەی رووداوە سەرەکییەکان بە کورتی.

لە رۆژەکانی یەکەمی پەڕینەوە لەسنووری جیاکەرەوە شەڕی توند تەنیا لە چەند خاڵێکی دابڕاو روویدا، بە شێوەیەکی گشتی جووڵانەوەکان خێرا بوون، هێزەکانی رووسیا بەرگرییەکی توندیان نەکرد هەروەکو پێشبینیمان دەکرد، ئەوەش رۆنشتد بۆی دەرکەوت کە رووسیەکان لە ساڵی ١٩٤١ خۆیان بۆ ئەم هێرشە ئامادە نەکردبوو، لەوێدا بەڵگەی زۆر لە دەست دابوون، لەنێو ئەوانە چەند برووسکەیەکی کەم بوو کە بۆ هەردوو پێکهاتەی سوپای باکوور دەیسەلماند کە رووسیەکان هەر لە یەکەم رۆژانی شەڕدا هەڵخەڵەتابوون، بەڵام هەڵوێستەکان زۆر بە خێرایی لە ئالوگۆڕدابوون و شەڕێکی سەخت بە درێژایی بەرەکان هەفتەیەکی تری خایاند. دوو دڵی رۆنشتد دەربارەی باشوور لە شوێنی خۆی نەبوو، چونکە کشانەوەی تیپی ژمارە ٢٥ ی رووسیا لە کەربات بەرەو رۆژهەڵات و لە جیاتی ئەوەی پێکهاتەی سوپاکەی لە بەشی باشوور تێك بشکێ، بۆیە کشانەوەی سوپای رووسیا بوو بە جێگای سەرسوڕمانی رۆنشتد و وای لێکدایەوە کە کێشانەوەی هێزەکان شتێکی سەر سوڕهێنەرە، شەڕ لە بەرەی سوپای شەشی ئەڵمانی زۆر توندو سەخت بوو، هەروەها ئەرکی ئەو پێشڕەویە بۆ باشووری زۆنگاوەکانی بربیت بە ئاراستەی کییف بوو، کەرتەکانی رووسیاش بە توندی هێرشیان بۆ باکوور کرد، لە کاتی ئەم

جوولانەوەیەشدا رۆژ لە دوای رۆژیش هەڵمەتی رووسەکان زیاتر دەبوو، بۆیە ناچار بوو هەموو کات کەرتە بەهێزەکانی تێکەڵاو بکات، بەم جۆرە لای راستی بوو بە بەریەکی درێژو بە بەرەوام بێ هێز دەبوو، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی هێزەکانی بەرەو رۆژهەڵات، لە دوایشدا سوپای رۆنشتد بۆ ماوەیەکی زۆر بەراوەستاوەیی لە لێوارەکانی باشوور لە بربیت مایەوە بۆ ئەوەی رووداوەکان زیاتر روون و ئاشکرابن، پێویستە ئەوە وەبیر بێنینەوە کە بەشی راستی سوپای چوارەم کە فۆن کلوکا سەرکردایەتی ئەو سوپایەی دەکردو پێکهاتبوو لە یەکە تێکەڵاوەکانی سوپای مەڵبەندی بەبێ گومان کەرتەکانی لە پێشکەوتن دابوون و سەرکەوتن لە ناوچەی زۆنگاوەکانی کنتو، بەڵام ئەم کەرتانەش بێ هێز بوون، هەروەها تیپی سوارەی ئەڵمانیا لەو ناوچەیەدا بەڵام هێزەکە وەکو پێویست تەواو نەبوو دوای چەند رۆژێك دووبارە لەسەر رێگای برست لیتوفیسك – برانویسی گشتی بەرەو باکوور کێشایەوە.سوپای چواریش لە جیاتی ئەو فەیلەقەی کە پێکهاتبوو لە دووتیپ پێشڕەوی کرد، لە سەرەتاشدا تیپێکی تری خرایە سەرو بوو بە سێ تیپ، بۆیە ئەم فەیلەقە پێشڕەوی کردو بۆ کشانەوەی لەم ناوچەیە فرەوانەو بە تێپەڕبوون لە منسك بۆ کومل و موستیر بەتەنها ئەوەی نەخشەکان پیشانی دەدەن کە سێ تیپ شایانی باسکردن نین دەربارەی ئەو درێژە بوونەوە فرەوانەی لە وڵاتدا، هەر چەندە ئەم پاڵەپەستۆیەی ئەڵمانیا رووسیەکانی بێزارنەکرد لە دارستانەکانی باشوور، لەبەر ئەوەی ماوە لە نێوان فەیلەقی ئەڵمانی ناوبراو لەگەڵ هێزەکانی رووسیا زۆر دوور بوو، هەروەها رووباری بربیت هەردوو لای لە یەکتر جیا دەکردەوە. لە ناوەڕاستی تەمموزی ساڵی ١٩٤١ یەکەکانی پێشەوە لە پێکهاتەکانی

سوپای باشوور گەیشتە ناوچەی رۆژئاوای کییف، هەروەها لە سەرەتای ئاب سوپای رووسیا بە تەواوی شکستی هێنا لە شەڕی ئومان، زەرەرو زیانەکانیشی بریتی بوو لە نزیکەی ١٠٠,٠٠٠ سەربازی بە دیل گیراو، لە باشووریش سوپای یانزەی ئەڵمانیاو سوپاکانی رۆمانیا لەگەڵ پێکهاتەکانی سوپای رونشتد توانیان دەست بەسەر بسرابیا دابگرن و دەورەی ئۆدیساش بگرن کە ناوەڕاستی تشرینی یەکەم بە دەستی کەرتەکانی هاوپەیمانان رووخا. دووژمن تەنها سەری چەند پردێکی لە دەستدا مابوو کە دەیویست پارێزگاری لێبکات و دەستبەرداری نەبێ، لە لێواری رۆژئاوا یەکێك لەو شوێنە گرنگانەش دنیبر و تبروفسك بوو کە لە کۆتایی مانگی ئاب داگیرکرا.

رووداوەکانی شەڕی گەورەی کییف کە بەشێکی زۆر لە پێکهاتەکانی سوپای مەڵبەندی و باشوور بەشداریان تێداکردو توانیان سەرکەوتووبن لە گەمارۆدانی چوار هێزی رووسیا، ئەم شەڕە گەورەیەش تا کۆتایی مانگی ئەیلوولی سێپتەمەبەر بەردەوام بوو پێکهاتەکانی سوپای باشوور توانیان ٦٠٠,٠٠٠ شەش سەد هەزار سەربازی رووسی بە دیل بگرن، لە دوای شەڕێکی قوریسش توانیان شاری کییف لە رۆژی ١٩ی تشرینی دووەمدا داگیر بکەن. بەڵام رووسیەکان بۆمبێکی زۆری چێنراویان لە نێو ئەم شارەدا بڵاوکردبۆوە بۆیە بە بەردەوامی ئەم بۆمبانە بۆ ماوەیەکی زۆریش لە دوای رووخانی شاری کییف بە رووی ئەڵمانەکان دەتەقینەوەو بووە هۆی تێکدانی هێزەکانی ئەڵمانیاو زەرەوزیانێکی زۆریش لە ئەنجامی تەقینەوەی ئەم بۆمبانە بە سەربازەکانی ئەڵمانیا کەوت...

ئەم شەڕە بەردەوام بوو تا بە کۆتایی گەیشت و رۆنشتد درێژەی بە هێرشەکەیدا بۆ سەر دنیبری خواروو کە کەرتەکانی توانیان خاڵێکی زۆری

سەربازی بە دوای خۆیانەوە جێ بهێلن. لە شەڕێکی تردا کە لە باکوری دەریای ئازوف لە نیوەی مانگی تشرینی یەکەمدا هەڵگیرساو، لە ئەنجامدا توانرا گەمارۆی هێزێکی گەورەی رووسیا بدەن و ١٠٠ هەزار سەربازیان لێ بەدیل بگرن، هەروەها لە ٢٥ی تشرینی یەکەم کەرتەکانی رۆنشتد توانیان دەست بە سەر شاری خارکوف گرنگ دابگرن و ناوچەی دونیتز داگیر بکەن کە شارێکی گرنگ بوو لە یارمەتیدانی شەڕەکانی رووسیا، باشووری ئەم ناوچەیەش لیوا فۆن مانشتاین توانی داگیری بکات کە لە دوای مردنی لیوا سیوبیرت بوو بەسەرکردەی سوپای یانزەهەم بە بەشداری لەگەڵ کەرتەکانی رۆمانیا توانیان بچنە ناو دوورگەی قرم لە تەنیشت بری کوب هەروەها توانیان دەست بەسەر سمر بول لە سەرەتای تشرینی دووەمدا بگرن، کە نزیکبوون لە قەڵای سواستبولی گرنگ ئیتر ئامادەباشیەکان بۆ گەمارۆدانی ئەم شارە تەواو بوون. لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی ئەڵمانیا دوای شەڕێکی سەخت لەگەڵ هێزەکانی رووسیا ناچار بوو نیمچە جەزیرەی الکرج و شاری رووستوف بەجێ بهێڵێ، دوای ئەوەی هێزەکانی رووسیا هێرشیان کردوو رووبەڕوویان بوونەوەو سەرکەوتوو بوون بە سەرکەوتنێکی توند بەڵام پێویستە کە بیر بکەینەوە کە جوولەکەکان دەستیان پێکرد بێ ئەوەی هیچ رووداو کێشەیەك لە ناوچەی رۆنشتد رووبدات، بەڵام لەوێدا لێکدانەوەیەکی توند لە بیروڕا هەبوو لەنێوان هیتلەرو سەرکردە گەورەکان و پێکهاتە و سێ سوپایەکەی ئەڵمانیا لە هەموو بەرەی رۆژهەڵات، کە لە نێوان رووباری ئازوف و دەریای بەلتیق بوو، ئەم جۆرە بیروڕاجیاوازانەش شتێکی سەیر نەبوو، چونکە ناتوانرێ ئەم جیاوازیانە فەرامۆش بکرێن کە بریتی بوون لە بیروبۆچوونی ستراتیژی، ئەم بیرو بۆچوونە دژ بە یەکانەش لە هەموو شەڕێکدا هەیەو

چارەیەك نییە بۆ لیّ دەربازبوونیان، چونکە سەرکردایەتی سیستەمێکی ژمێریاری نییە تاکو ملکەچی ڕێسایەکی جێگیربێت.
لەوێدا پەیوەندیەکی بەتین لە نێوان پێکهاتەکانی هەر سیّ سوپادا لە شەڕە بەرفرەوانەکاندا هەبوو، بۆیە چارەسەرکردنی هەر کەرتێك بە تەنیا دەبێتە هۆی پیشاندانی وێنەیەکی هەڵە: بۆنموونە پێکهاتەی سوپای مەڵبەندی لە مانگە گرنگەکانی تەمووز و ئەیلوول بەبیّ ئەرك مابۆوە، بۆیە ئاستەنگەکانیش هەر کەلوپەل و ئازووقە نەبوون، بەڵکو ئاستەنگەکان جیاوازی بیروبۆچوون بوو دەربارەی دواخستنی هێرشکردن، بۆیە هەندێك پێیان وابوو بەرەو مۆسکۆ هێرش بکەن، بیروبۆچوونی تریش هەبوو کە دەیانگوت مەڵبەندی قورسایی بۆ بەرەی رۆنشتد بگوازرێتەوە لە باشوور، لە پێش هاتنی زستاندا کاتێکی زۆر بە فیرۆچوو، چونکە دەبوایە لەو چەند مانگەدا رۆنشتد دوای ئەوەی لەسەر ئەوە بڕیاریاندا هێرش بەرەو چەقی قورسایی مۆسکۆ بکرێت چەند یەکەیەك حەرەکە پیّ بکات بە ئاراستەی سوپای دوو، ئەم ئەرکەش لە ئەستۆی پێکهاتەی سوپای مەڵبەندی بوو، رۆنشتد لەگەڵ فەرمانەکانی سەرکردایەتی باڵا کۆك نەبوون کە داوای دەکرد هێرش بۆ سەر کریسك لە باکوورو بولتافا لە باکووری رۆژهەڵات و رووستوف لە باشوور بکرێت، چونکە ئەوانە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی کەرتەکانی، هیتلەر زۆر داوای دەکرد لە کات و ساتدا خێرابن، لەلایەکی دیکەوەش سەرکەوتنی سەربازی داوا دەکردو دەیویست دەست بەسەر ناوچە پیشەسازیە گرنگەکاندا بگرێت، بۆیە نەدەتوانرا ئەم دوو داواکاریەش پێکەوە کۆببنەوە، لە کۆتایی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤١ کێشەی یەکەم لە نێوان رۆنشتد و هیتلەر درووستبوو، تیپی زرێپۆشی فۆن کلیست

رووبەڕووی هێرشەکانی رووسیا بووەوە لە ناوچەی رووستوف هەروەکو لە پێشوودا باسمانکرد، لەو کاتیشدا زستانی رووسیا بەڕێوەبوو رۆنشتد رووی خۆی وەرگێڕا بۆ دەربڕینەکانی دەربارەی مەترسیەکانی هەڵوێست لە (دونیتز)، بۆیە داوای کرد بۆ هەڵبژاردن و کورتکردنەوەی ئەم بەرەیەو پاشەکشەکردن بۆ پشتەوەی رووباری میوس، دواتریش هەستا بە نووسینی راپۆرتێك بۆ هیتلەرو تیایدا ئاگاداری کردەوە ئەگەر بیرورایەکی تر هەبێت ئەوا با لە سەرکردەیەکی تر بۆ ئەم بەرەیە بگەڕێ،
هەر ئەم بیرورایە جیاوازەش بوو کە بووە هۆی وازهێنانی رۆنشتد، رۆنشتد بە فشاری دڵ نەخۆش دەکەوێت لە کاتێکدا بە شەقامێکی شاری بولتافا دا دەڕۆیشت لە سەرەتای تشرینی یەکەم، هەر لەم رۆژەوەش نەخۆشیەکەی دەستپێکرد، لە رۆژی ١٢ کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤١ بەرەی رۆژهەڵاتی بە جێهێشت و گەڕایەوە بۆ شاری کاسل و ژیانێکی شارستانی، لە جێگای ئەویش مارشاڵ فۆن ریشناو یان بە شێوەیەکی کاتی لە شوێنی رۆنشتد دانا، لیوا فۆن سودنستیرن کە سەرۆکی دەستەی ئەرکانی پێکهاتەی باشوور بووە لەو کاتیدا کە ئەم کێشەیە روویداوەو بۆتە هۆی وازهێنانی رۆنشتدی زۆر ژیرو شارەزا، بەم جۆرە ئەم کێشەیە دەگێڕێتەوە: پێکهاتەکانی سوپای باشوور بە هەموو یەکەکانی لە مانگی تشرینی یەکەم و تشرینی دووەم تووشی رووبەڕووبوونەوە هاتن، هێزی زرێپۆشی کلیست بەرەو رووستوف بۆ (دون) هێرشی کرد، هەروەکو هیتلەر فەرمانی پێدابوو. هەروەکو زانراوە هێرش کرا بەرەو رووستوف بەڵام ئەنجامەکەی بەپێی ئەو ئاگادارکردنەوەیە کە پێکهاتەی سوپا بە درووستی دایڕشتبوو دوای ئەو سەرکەوتنە گەورەی یەکەم کە بووە هۆی داگیرکردنی رووستۆف بۆیە رووسیا سوپا بەهێزەکانی توندوکردو

گواستەوە بۆ ئـەوەی هێرشـی دژ بـە بەشـی ئاشـکرای بـاکوور بکـاتن کـە مەبەسـتی ئـەو شـوێنە نـەبوو، لەبـەر ئـەوە ئـەڵمانیا کـە چـواردەوری رووستۆف گرتبوو هێڵی گەڕانەوەش بڕاو کەوتـە مەترسـیەوە. لـەو کاتیـدا لەلایەکـەوە کێشـە لـە نێـوان رۆنشـتد و دەسـتەی ئەرکانەکـەی درووسـت بوو،لە لایەکی دیکەشەوە کێشە لەگەڵ بارەگای هیتلەریش هاتە کایـەوە، لەسەر دیاریکردنی کاتێکی گونجاو بۆ پاشەکشـەی ئـەو یەکانـە کـە پـاڵ نرابوون بەرەو پێشەوە، بەبێ بوونی هیچ زانیاریەك، ئینجا هەر راپـۆرت و پەیوەندی و برووسـکەو تەلـەفۆن بـوو دەکـرا بـەلاّم هـەمووی بـێ سـوود بوون،

من خۆم بە تەلەفۆن چەند جارێك قسـەم لەگـەڵ کایتـل کـردو ئامۆژگـاریم کرد بۆ فەرمانەکانی سـەرکردەی گشـتی ئـەویش دوو دڵ بـوو لـە سـەختی زستانی رووسـیا، بـەلاّم ئـەو خـۆی ئـەو بارودۆخـە بـاوەی بـەرەی شـەڕی نـەدەزانی، ئـەو خـۆی لـەو بـاوەڕەدا بـوو کـە کەرتـەکانی دەتـوانن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکـەن، لەسـەر ئەمـەش متمانـەی بـە ئامـادەکردنی سەربازی سەیر هەبوو،،،

لە ئێوارەیەکی کۆتایی مانگی تشرینی دووەمدا رۆنشتد بـە دەسـتی خـۆی لە راپۆرتێکی رۆژانە دەربـارەی کشـانەوەی کەرتـەکانی لـە رۆسـتۆف کـە بەم شێوەیە بوو:

داوا دەکـەم بـە دوای سـەرکردەیەکی تـردا بگـەڕێن کـە جێگـای بـاوەڕو متمانە بێت کە پێویستە بۆ سەرکردایەتی کردنی بالاّ،

لە راستیدا مارشاڵ فۆن کلیست سەرکردەی زرێپۆشەکان بوو ئەو کات کە بواری بۆ ڕەخسا و کشانەوەی هێزەکانی پەسـەندکرد بـۆ دواوەی بـەرەی شەڕ لە میوس.

کاتێك بە ڕۆنشتدم گوت: من دوو دڵم کە هیتلەر لەسەر ئەم بە یەك گەیشتنە لەم کەشوهەوا ئاڵۆزەدا ڕازی بێت. بەڵام ڕۆنشتد هەر لەسەر بڕیارەکەی سوور بوو کە لەنێو ڕاپۆرتەکەیدا نووسیبووی.

کاتژمێر یەکی بەیانی بڕیاری پەسەندکردنی لادانی ڕۆنشتد لە سەرکردەیی و سپاردنی سەرکردایەتی پێکهاتەی سوپاکەی بە شێوەیەکی کاتی سپاردرا بە ڕۆنشتد فۆن ڕشناو، بەڵام ڕشناو نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی بە تەلەفۆن گوتی: ئەو هیچ پێشنیارێکی نییە دەربارەی بەردەوامبوونی نییە زیاتر لەوەی هاوڕێکەی (ڕۆنشتد) پێشکەشی کردووە، بەم جۆرە بڕیاری کێشانەوەی کەرتەکانی رووستۆڤ وەرگرت بۆ بەرەی میوس. دوای چەند ڕۆژێك وابزانم ئەو ڕۆژە ٣ی کانوونی یەکەم بوو هیتلەر بە فڕۆکە بەرەو بارەگای کلیست لە (تاکان روك) فڕی لە ڕێگای گەڕانەوەشی کەشوهەوا ناچاری کرد کە لە بولتافا بنیشێتەوەو ئەو شەوە لە بارەگای پێکهاتەی سوپا بباتە سەر، کاتژمێر پێنج یان پێنج و نیوی ئێوارە کاتم بۆ گونجا تاکو هەڵوێست و باسی ڕووداوەکانی بۆ بگێڕمەوە کە ماوەی هەفتەکەی پێشوو بە شێوەیەکی تەواو پیاچوونەوەم لەسەر کردبوو، لە کاتی قسەکرنمدا لەسەر ئەو گفتوگۆ تەلەفۆنیە جۆر بە جۆرانە وەستام کە لەگەڵ کایتل کردوومانە بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی سەرکردەی گشتی هەروەها لەسەر ئەو برووسکانە وەستاین کە بۆ (جودل)م ناردووە "هەموو دانیشتوەکان، لە نێوانیان ڕشناو سەرۆکی هۆبەی جوولە لە پێکهاتەی سوپای شمندل و انکل ئەوانی تر سەریان سوڕما لە سستی هیتلەر، هیتلەر بەم وشانە وەڵامی دایەوە: ئەی سەرکردە باوەڕ بکە من تووڕەم، بەداخەوە کە هیچ زانیاریەکەم لەسەر ئەم ڕووداوە نییەو هیچ کەسێك بۆی باس نەکردوومە، وەڵامەکەم بەم جۆرە دایەوە: باوەڕبکە

ئەی سەرۆك كە تۆ گوێ لە هیچ شتێك لەمبارەیەوە ناگریت. هیتلەر وەلامی دایەوە مارشاڵ فۆن رۆنشتد لە كوێیە؟ لە ژوورێكی تردا چاوەڕانی دەكات بەپێی رێنماییەكان. هەر لەم ژوورەشدا هەردووكیان ئاشتبوونەوە، دوای كۆتایی هاتن، رۆنشتد ئەم بەشەی بۆ گێڕامەوە، هیتلەر بیانووی هێنایەوە گوایە شارەزایی لەسەر راستیەكان نەبووە، دواتریش لە رونشتد پاڕایەوە بۆ ئەوەی گرنگی بە نەخۆشیەكەی بدات تا لە دوای تەواوبوونی مۆڵەتی نەخۆشیەكەی جارێكی تر لە ژێر فەرمانەكانی بتوانێ خزمەتێكی باش پێشكەش بكات...

لە رۆژی ٥ كانوونی یەكەم دیسمبر لە نێو ئاهو حەسرەتەكانی بەشەمەندەفەرێكی تایبەت و لەنێو دەنگی مۆسیقای سەربازی و بە ئامادەبوونی هەموو ئەو سەربازانەی كە لە بولتافا بوون و پاسەوانانی شەرەف بەرێیانكرد. رۆنشتد ئەو ماوەیە زۆر لەسەر ئەم رووداوە قسەی دەكرد، ئەمە یەكێكە لە باسە تایبەتیەكانی:

" دوای داگیركردنی ئۆكرین ئەوەی لە تواناماندا بوو كردمان بۆ ئەوەی بتوانین كەنیسەكە بگەڕێنینەوە دەست خەڵكەكە چونكە پێشتر شیوعیەكان پیرۆزی ئەم شوێنەیان پێشێل كردبوو و كردبوویان بە مۆزەخانەیەكی هونەری نەك خواپەرستی" هەروەها توانیمان جوانكارییەكانی ئەو كەنیسەیە بگەڕێنینەوە كە رووسیەكان لەبەر چاوی خەڵكەكە بردبوویان و خواپەرستیش گەڕایەوە بۆ ناو كەنیسەكە، هەروەها راهاتم كەلە كەنیسەی بچووكی ئاڵتانا ئامادەبم كە لە ساڵی ١٧٠٩ بەترۆسی گەورە نوێژی سوپاسی كردووە سەبارەت بە سەركەوتنی بەسەر چارلسی حەوتەمی سوێد.

" هەروەها لە رۆژهەلات راهاتم بسوڕێمەوە بەبێ چەك هەروەكو بلێی لە

بەرەی رۆژئاوابم و هیچ کەسێك لەگەڵماندا نەبوو تەنها یەك ئەفسەری ئێشکگری سەرۆك فۆن سلفیاتی نەبێت، هیچ کەسێك بێزاری نەکردووم... هەروەکو دڵی دانیشتوانی ئۆکرین خۆش بوو بەرامبەر قەڵەبالغی سەربازەکانمان.

شوێنەکەی من ئەوە وابوو حزبیەکانی سەر بە پارتی نازی ئەو کاتەی هەر لێ نەبێت، دانیشتوانەکە بە شێوەیەك سەیری ئێمەیان دەکرد وەکو بڵێی رزگارکەری ئەوانین، جارێکیان بە شەقام ئۆمان دادەرۆیشتم ئافرەتێك لە پێش خۆی دانەواندو ساقۆکەی ماچ کردم، وەڵامی چەند پرسیارێکی دامەوە کە پێیانەوە خەریکبووم:

ئەو ئافرەتە کچێکی تەمەن پانزە ساڵانی هەبوو لەگەڵ ئەفسەرێکی ئەڵمانی یەکتریان خۆشویستووە، ئەم خۆشەویستیە وای لێکردووە کە بە دوای ئەفسەرەکە بکەوێت و دایکی خۆی بەجێ بهێڵێت یەکەی ئەفسەرەکەش لە ناوچەیەکی دوور بوو لە بەرەی رۆژهەلات، ئەو ئافرەتە وای تێگەیاندم کە کچەکەی بۆ بگێڕمەوە، ئەم داواکاریەی لە شوێنێك بوو کە زۆر فروان و ژمارەیەکی زۆری لە سوپا تێدا بوو هەروەها ئەو ئافرەتە ئەو یەکەی نەدەناسی کە ئەفسەرەکەی تیا بوو، منیش داوای پێکهێنانی لێکۆڵینەوەیەکی بە پەلەم لەنێو هەموو یەکەکانی سوپادا کرد،لە راستیدا ئینزیباتی سەربازی سەر بە سەرکردایەتی توانیان ئەم کچە بە ساغ و سەلامەتی بدۆزنەوە بیگەڕێننەوە بۆ دایکی، ئەم دایکە ئافرەتێکی خوێندەوەواربوو، زانکۆی خوێندبوو بڕوانامەی دکتۆرای هەبوو، کاتێك لە کانوونی یەکەم دەستم لە کارکێشایەوەو ئۆمان بەجێ هێشت ئەم ئافرەتە کچەکەی خۆی بە چەپکە گوڵێکەوە لە ئیستگەی شەمەندەفەر ئامادە کردبوو بۆ خوداحافیزم، دایکیشی بەرگێکی سەرمێزی نان

خواردنی کە بە دەستی خۆی چنیبووی پێشکەش کردم. لە ئۆکرانیا ئاهەنگی زۆر گەورە لەبەردەم هاتووچۆدا هەبوو، هەموو ڕێگا سەرەکیەکان زۆر خەراپ بوون تەنها کەمێکیان نەبێ زەویەکانی ئۆکرانیا زەوی رەش و بەپیت بوون، هەروەها نەرم و قووڵبوون چونکە لە کاتی باران باریندا ئەو ئاوانە گۆمی قووڵیان درووست دەکرد، ئۆتۆمبێلەکان دەچەقین بە تانکەکانیشەوە کە نەیدەتوانی ڕێگای خۆی ببڕێت، مەگەر پاش ماندووبوونێکی زۆرو بە فێرۆدانی سوتەمەنیەکی زۆر نەبێت، لە هاوینی ساڵی ١٩٤١ هیتلەر داوای لە مۆسۆلینی کرد بۆ ئەوەی لەگەڵیدا سەردانی بەرەی رۆژهەلات بکات سەرۆکی دەوڵەتی ئیتاڵیا کەرتی مەڵبەندی لە لبریست لتوفیسك پشکنی لە دواییدا بەرەو باشوور رۆیشت بۆ لای رۆنشتد. لەوێدا هیتلەر و مۆسۆلینی دەیانویست هەرچۆنی بێت سەردانی فەیلەقی ئیتاڵیا بکەن کە لەگەڵ پێکهاتەی سوپای باشوور لە نێو بەرەی شەڕدابوو، هەردوو دیکتاتۆر بە هاوڕێیەتی رۆنشتد بەرەو بەرەی شەڕ بەڕێکەوتن، لەم کاتیشدا بارانێکی بەخوڕ باری کە هێشتا ئەوەندەی نەخایاندبوو، بوو بەهۆی وەستانی گۆماو لەسەر ئەو ڕێگایانەی کەئەوان دەیان ویست پیایدا بڕۆن، بۆیە ئۆتۆمبێڵەکانیان نەیاندەتوانی لەماوەی هەشت کاتژمێردا زیاتر لەبیست میل ببڕن، چونکە ئوتۆمبێلەکانیان تا زیاتر دەچوونە پێش زیاتر دەچەقین، تیپەکانی ئیتاڵیا پێشڕەویان لەسەرخۆ بوو، هەروەها ماوەکەشیان درێژتر بوو،

هیتلەر ومۆسۆلینی و رۆنشتد ئەم یەکانەیان بڕی و هەردوو سەرۆك گەیشتنە بیروڕایەکی راست دەربارەی بەرەی رۆژهەلات، کەزانیان دەرکردنی ئەمجۆرە فەرمانە لەسەر نەخشەو لەدووریەکی فراوان

لەپشتەوە بۆ پێشڕەوی خێرا، زۆر ئاسانترە لەجێبەجێکردنی لە بەرەیەك کە قوڕ و گۆماو بێت.

ئەمە کاریگەریەکی زۆر قووڵی لەهیتلەر کرد، هەروەها لەمۆسۆلینش، هیتلەر بەمۆسۆلینی گوت: "ئا لێرەدا گۆماوەکانی وڵاتەکەت لەناوچەی (بۆنتین) دەبینین!!"

لەبەر ئەم هۆیەو هەروەها لەبەرئەوەی هیتلەر هەمووکاتێك دژی پاکشەکشێ بووئینجا بەهەر شێوازێك بێت، گەیشتە ئەو باوەڕەی کە بە هیچ جۆرێك بیر لە پێشنیارەکانی ڕۆنشتدی کودەتاچی نەکاتەوە. بەڵام زۆر بەزحمەت دەتوانرا دەست بەسەر ئەو وڵاتانە دابگرێت کە سنووریان پانو بەرینە و بەسەریەکەوەیە، وەك رووسیا لەماوەی چەند مانگێکی کەمدا بەبێ گوێدان بەماوە و ئەو ئاستەنگانەی هاتوچۆو زستان و..هتد کەتووشیان دەبێت. لە کاتێکیشدا هیچ چارەیەك نەما بۆ گرتنی وڵاتە فراوانەکە لەساڵی ١٩٤١ هیچ رێگایەکی بەدەستەوە نەما تەنها پاشەکشە نەبێت بۆمۆڵگەیەکی بەهێزو باش، بۆ دووبارە خۆکۆکردنەوەو دەستپێکردنەوەی جموجۆڵ سەرلەنوێ لەساڵی ١٩٤٢هەروەها بۆگەڕان بەدوای ریگەچارەی سیاسی بۆ دەرچوون لەم نەهامەتیە.

خاکی بەرفراوان و، گۆڕەپانە لەیەکتر نزیکەکان و، رێگەوبانە ناخۆشەکان و، زستانی سەخت ودژوار بوون بوون بەیارمەتیدەرو باشترین هاوپەیمانی رووسیا.

ئەوەی گرینگە و کە لە بیرمان ناچێتەوە ئەوەبوو کەسوپای ئەڵمانیا لەساڵی ١٩٤١ بەشێوەیەکی سەرەکی لەتیپەکانی پیادە پێکهاتبوو، واتە تیپەکانی لەجۆرەکانی کۆن بوون، لەکاتی گواستنەوەدا سەربازەکانی

بەپێ دەڕۆیشتن، تیپی ئۆتۆمبێلەکانیش بەشێکی بچووکیان لەکۆی ئەو تیپانە پێك دەهێنا، چونکە بۆ بڕینی ئەوماوە زۆرەی نێوان (بریست لتوفیسك) تاکو مۆسکۆ بەپێ و شەڕکردن ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەبێتە هۆی ئەوی گەیشتن کارێکی زەحمەت و دژوار بێت.

هاوپەیمانەکانی تەوەرە بەتایبەتی ئیتاڵیەکان و هەنگاریەکان بەچاکی درکیان بەم هەڵوێستە کردو ئەم هەڵوێستەیان بۆ حکومەتەکانی خۆیان لەڕۆمانیا و بودابیست ڕوونکردەوە، بۆیە تێگەیشتن لەگەڵ ڕۆمانیا ئاسنتربوو لەوەی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی تر، لەبەر ئەوەی گیروگرفتەکانی ڕێگاو بان لەڕۆژهەلات بەباشی دەزانن بەتایبەتی لەنێوان ئەوان و لەنێوان خۆیان، بەتایبەتیش کە ئەنتۆنیسکۆ ئەوکاتە خۆی سەرۆکی ڕۆمانیابوو.

دەتوانین ئەوە بسەلمێنین کە تا چەند تێگەیشتن و زانینی هەڵوێستی سەربازیی هیتلەر و فەرمانگە پیشەسازییەکان هەڵە بوون، لەکاتێك دا هیتلەر لەساڵی ١٩٤١ یەکە سەربازیە شەڕکەرەکانی ئەڵمانیای داوا کرد کە (لیوای زەیت) بوو کە دەستەیەکی هونەری تایبەت بوو مەبەستیشی لەم لیوایە وەبەرهێنانی یەکەم ناوچەی نەوتی بوو، بەپێی لێکدانەوەیان سوپا سەرکەوتوو دەبێت لەماوەی نێوان ٢٢ ی حوزەیران و سەرەتای هاتنی زستان بۆگەیشتن بە باکۆ لە قەفقاسیای ڕۆژهەلات ! !

ئەمەش داوایەکی زەحمەت و گران بوو.

ڕۆنشتد لەکاسل مایەوە تا ئەوکاتەی هیتلەر تکای لێکرد بۆئەوەی جارێکی تر بگەڕێتەوەو سەرکردایەتی بەرەی ڕۆژئاوا وەربگرێتەوە.

بەشی هەشتەم

گەڕانەوە بۆ ڕۆژئاوا

دووبارە هیتلەر رۆنشتدی بە سەرکردەی رۆژئاوا دامەزراندەوە و هەرلەو پلەیەدا مایەوە، تاکو ئاداری سالّی ١٩٤٢جارێکی تر لەسەرەتای تەمووزی سالّی ١٩٤٤خانەنشین دەبێتەوە

ئەم ماوەیەش بۆ رۆنشتد زۆر سەخت ودژوار بوو، چونکە شەڕەکە چەندی بلّێی ناخۆش و دژواربوو، هەروەها شەڕەکەش گەیشتبووە بارێکی ناخۆش وئالّۆز، بۆئەوەی رۆلّی رۆنشتدی سەرکردەی گشتی لەرۆژئاوا بەتەواوی بزانین لەدوای ئەوەی لەرووسیا خانەنشین کرا، پێویستە ئاماژە بە راپۆرتێکی فەریق (زمرمان) بکەین کەئەوکاتە سەرۆکی دەستەی ئەرکانی حەرەکاتی سەرکردایەتی گشتی بوو لەرۆژئاوا، دوای داواکردنەوەی رۆنشتد بۆ وەرگرتنەوەی پلەو پایە سەرکردایەتیە نوێیەکەی. فەریق (زمرمان) لەسەر داوای هۆبەی ئەمەریکی بۆ مێژوو و بەهاوکاری هەندێ لەیاریدەدەرەکانی هەلّسان بەپۆلێن کردنی ناوی پیاوەکانی کە لەڕیزی سوپادا بەناوبانگ بوون لەمێژووی سەرکردایەتی کردنی رۆژئاوا لەدووتوێی کتێبێکی گەورە کەبریتی بوو لە ٢٣٠٠ لاپەڕە، ئەمەشی لەسالّی ١٩٤٥-١٩٤٨ئەنجامدا، فەریق (زمرمان) ئەفسەرێکی ئەرکانی بەرزبوو: ناسراو بووبە موکوڕ و کردەوەی بەبەرهەم، تالەسالّی ١٩١٨و دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی خانەنشین کرا، هەر لەوکاتەوە توانی بەتێکۆشانی خودی خۆی و لەژێر ئەو بارە نالەبارە دەزگایەکی سەربازی مانگانە بۆبلاّوکردنەوە بەناوی (ئۆفین ورت)

دابمەزرێنێ و ئەمەش وایکرد ببێتە خاوەن ناوبانگێکی باش لەساڵی ١٩٣٩.

لەساڵی ١٩٣٩ لەکاتی راگەیاندنی باری نائاسایی دووبارە بانگکرایەوە بۆخزمەتی سەربازی و، بوو بەسەرۆکی روکنی حەرەکات و هەر لەساڵی ١٩٤٠ تا مایسی ساڵی١٩٤٥ لەم پلەیەدا مایەوە، لەم ماوەیەدا پلەی سەرۆکی ئەرکانی حەرەکاتی سوپای یەکەمی وەرگرت کە بەسەرکردایەتی فون (ویتزلبن) بوو، پاشانیش بوو بە سەرۆکی ئەرکانی حەرەکاتی سەرکردایەتی گشتی لەبەرەی رۆژئاوا، هەر لەسەردەمانێکی زوودا لەبارەگای سەرکردایەتی گشتی رۆژئاوا شتێکی زانراوبوو، کەسەرکردەی گشتی بەم نزیکانە دەگۆڕێت، چونکە فون (ویتزلبن) جەستەی بەهێز نەبوو، لەبەر خراپی باری تەندروستییەکەی، بیرۆکەیەکیش لەفەرمانگەکانی بالا باوبوو، بیرۆکەکەش ئەوە بوو کە پێویستە رێوشوێنی ئاشتی بگۆڕێت بۆ رێوشوێنی شەڕ، ئەوماوە درێژەش کەئاگربەستی تیادا ئەنجامدرا کە لەرۆژی ٢٥ حوزیرانی ساڵی ١٩٤٠ بوو تادەگاتە سەرەتای ساڵ ١٩٤٢، بەمەش پێی نایە بارودۆخێکی تر لەژیان کەجیاوازبوو لەگەڵ بارودۆخی بەرەی رۆژهەلات.

بێگومان بەهۆی زیادبوونی چالاکی هێزی ئاسمانی بەریتانی و کۆماندۆکانی بەریتانی، باری شەڕ دروست ببوو، بەلام بەگشتیش هێشتا هەر ئاشتی بوو، بەرهەڵستکارە فەڕەنسیەکان دەستیان بەبلاوبوون کرد لێرەو لەوێ، بەلام ئەمە سەرەتایابوو، لەرووسیاش نەتوانرا سەرکەوتنێکی خێرا بەدیبێت، وەك چاوەڕوان دەکرا، بەلام بەپێچەوانەوە سەرکردایەتیە سەربازی و سیاسیەکان هەستیان بەترسناکی بارودۆخەکە دەکرد لەرۆژهەلاتدا و، رووسیەکانیش کۆڵیان نەدا.

هیـوای بەدەسـتهێنانی سـەرکەوتنێکی خێـراو بـەدیهاتنی ئاشـتی لـە ڕۆژهەڵاتدا هەڵەیـەکی گـەورەبوو، چـونکە هێـزی ڕووسـیا زیـادی دەکـردو ورەی بـەرزببووەوە بۆشـەڕکردن، لەگـەڵ ئەمەشـدا داوایـانکرد چـۆك بەڕووسـیەکان دابـدەن لەسـاڵی ١٩٤٢. پێویسـت بـوو ئـەم داواکاریـە جێبەجێ بکرابایە بە هەڵمەتی نوێ لەلایـەن هێزەکـانی ئـەڵمانی لەبـەرەی باشووری ڕۆژئاوا بەئاراستەی (دۆن) و قەفقاس، بـەڵام ئایـا ئینگلیزەکـان دەستەوەستان دەوەستن کاتێك ڕووسـیا لـەناو دەبرێـت، یـان هەڵدەسـتن بەدابەزاندنی هێزەکانیان لەبەرەی ڕۆژئاواو هێـرش دەکـەن لەبـەر ئـەوەی هاوپەیمانی ڕووسیایە؟ هەروەها ئایا بـەرەی ڕۆژئـاوا ئامادەیـە بۆبـەرگری کردن لەدژی دابەزاندن و هێرشی بەریتانیەکان.

ڕەنگە هەر ئەو هۆیانـەش بێـت وای لـە هیتلـەرو ڕاوێـژکارەکانی کردبێـت ڕۆنشـتدی بـە توانـاو لێهـاتوو دابمـەزرێنێ بەفەرمانـدەی گشـتی ڕۆژئـاوا، هەروەها هیتلەر لیوا(زیتزلەر)ی دامەزراند بەسـەرۆکی دەسـتەی ئـەرکانی فەرماندەی گشتی ڕۆژئاوا.

لـە مـانگی ئـاداری سـاڵی ١٩٤٢ ڕۆنشـتد گەیشـتە پـاریس، سـەرۆکی دەسـتەی ئەرکانەکـەی بارودۆخـە گشـتیەکەی بـۆ ڕوونکـردەوە، بۆیـە لـە دەستەی سـەرکردایەتی هەسـتی بەشـلەژان کـرد! ئـەوەش دەبێتـە هـۆی لەدەستدانی بەرپرسیارەتی! بۆیە ئەمـە وایکـرد دەسـتەی ئـەرکان خـۆی ڕێك بخاتەوە، تاوەکو بگونجێت لەگەڵ خودی فەرماندەی گشتی نوێ.

لەو کاتە دا کە ڕۆنشتد ڕاپۆرتی سەرۆکی هۆبـەی گـەورەکانی ڕاسـتەوخۆ بەدەسـت دەگەیشـت لـەڕێگای تایبـەتی خۆیـەوەش کـاری پێـدە کـردن، هـەروەها وای بـەباش دەزانــی کـەکارەکانی خـۆی بەتـەنها ئـەنجام بـداو

سەرۆكی دەستەی ئەركانیش بەشداری لەگەڵدا بكات، رۆنشتد مرۆڤێكی لەسەرخۆبوو، هەموو بڕیارەكانی بەكورتی و بەتوندی دەردەكرد، حەزی بەگفتوگۆی درێژ نەدەكرد، پێی خۆش بوو سەربەخۆیی تەواو بدات بەسەرۆكی دەستەی ئەركانەكەی و ئەفسەرەكانی روكن، بەگەیاندنی ئەو فەرمانانەی كە دەریدەكرد: زۆر هەوڵیدەدا بەهیچ جۆرێك دەستبەرداری بیرۆكە گشتییەكانی خۆی نەبێت بەبێ ئەوەی خۆی بێزار بكات بەناوەرۆكی دوورو درێژ.

رۆنشتد سەر بەقوتابخانەی (مۆلتكە-شلیڤن) ی كۆن بوو، ئەم قوتابخانەیە سەربەخۆیی و ئازادی تەواوی دەدا بە دەستەكانی روكن و ئازادی لەكارەكاندا بۆ دابین دەكردن، لەوكاتەی رۆنشتد لەرۆژئاواوە دەستەی ئەركانەكانی نوێی نەناسراوی دەبینیێ، شتێكی ئاساییە چەند گۆڕانكاریەكی تیادابكات، سەرۆكی دەستەی ئەركانی نوێ لە بەرەی رۆژهەڵات گەیشت، تائەم كاتەش سەرۆكی دەستەی ئەركانی سوپای فون(كلیست) ی زرپۆش بوو، هەرەها لەوپەڕی چوست و چالاكیدا بوو. لەوكاتەی موشیر رۆنشتد لەئاداری ساڵی ١٩٤٢ گەیشتە رۆژئاوا خۆی پەردەی لەسەر بۆچوونەكانی یەكەم هەڵماڵی، كە دەتوانرێ بە هەڵوێستێكی بنەڕەتی دادەنرێت بۆلێكۆڵینەوەكان لەوكاتە. لێرەدا خاڵە گرینگەكانی ئەم هەڵوێستە چڕدەكەینەوە كەئەمانەن:

١-شەڕ لەبەرەی رۆژهەڵات لەنێوبەفرو بەستەلەكدا توندبوو، پلەی گەرما بە (٣٥-٤١)پلەی سەدی لەژێر سفردابوو، ئەوەش زیاد دەكەین كە ماندووبوون و مەینەتیەكی زۆر سەبازەكانی هیلاك كردبوو بە هۆی فراوانی بێ كۆتایی خاكی رووسیا، كە ئەمەش لەكۆتاییدا كاریگەری دەروونی بەسەر سەربازی سادەوە بەجێهێشت. كەچی بەرەی رۆژئاوا

هێمنی وئاشتی وخۆشی باڵی بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا کێشابوو، هەروەها شوێنی نیشتەجێی چاك بۆ هێزەکان و دەستەی ئەرکانەکان دابین کرابوون، هەروەها جۆرەها خۆشی و شادییان بۆ دابین کرابوو، لەگەڵ ئەمانەش مۆڵەتیشیان زۆربوو. ئێستاش ئەمەریکا بەشداری شەڕ دەکات وەك هاوپەیمانێکی رووسیا و بەریتانیا، واش چاوەڕوان دەکرێت بەم نزیکانە کاریگەری زۆری هەبێت.

٢-لەسەر تیپەکانی ئەڵمانیا لەرۆژئاوا پێویست بوو ئامادەبن بۆجوولەکردن بەرەو رۆژئاوا، بۆیە ئەویٚ بەبەردەوامی پێویسی بەیەکەی نویٚ هەبوو، بەڵام چۆن دەتوانریٚ ئەم یەکانە رابهێنرێت لەسەر دۆخی ژیانی پڕ مەینەتی رۆژهەڵات،

رۆنشتد چەند فەرمانێکی نوێی جێگری دەرکرد، بە مەبەستی گۆڕینی ئەو بارودۆخەی کە هەبوو، رۆنشتد بەراشکاوی رایگەیاند کە سەرزەنشتی کەرتەکان و دەستەی روکن ناکات، چونکە نەدەتوانرا بە شێوازی سروشتی بارودۆخەکە بۆ بارێکی ناخۆش بگۆڕێت، ئایادەتوانریٚ بە زۆرەملیٚ زستانی رووسیا بگوازرێتەوە بۆ شوێنە دڵڕفێنەکانی پاریس و نیس؟

دیمەنی جوان و دڵڕفێن لەهەموو لایەك دەوری کەرتەکانی دابوو لەرۆژئاواو نەدەتوانرا بگۆڕدرێنن.

٣- زۆر گرنگە هەندیٚ لەبیروڕاکانی رۆنشتد بخەینەوە یاد دەربارەی سیاسەتی ئەڵمانیا بەرامبەر فەڕەنسا لە وتە تایبەتەکانی خودی خۆی: "ئەگەر مارشاڵ بیتان کاری لەسەر وەستانی شەڕ نەکردبایە لە ساڵی

١٩٤٠، ئەوا هیتلەر فەڕەنسای بێبەش دەکرد لە سەربەخۆیی و دەیکردە کۆلۆنیەك، بەڵام بە لایەنی کەم حکوومەتی فەڕەنسا مایەوە".

" بیروڕای من لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی، دەربارەی ئەوەی کە پێی دەڵێن (ئەورووپای نوێ) ئەوە بوو کە شتێکی کردەنی نابێت بەبێ حکوومەتێکی سەربەخۆی فەڕەنسی، لەبەرئەوە هەوڵم دا بەهەموو تواناکانم یارمەتی مارشاڵ بیتان بدەم کە ئەو پەڕی ڕێزم هەیە بۆی، هەروەها هەوڵم دا هیتلەرو ئەوانی تر ناچارکەم کە لەکۆتاییدا رایبگەیەنن کە فەڕەنسا دەگاتە ئەوپلەیەی کە شایانی خۆیەتی پاش وەستانی شەڕ، بەڵام ئەم هەوڵانەم هەمووی بەبادا چوو، سەرەڕای ئەوەش بەردەوام هەوڵم دەدا لەبوارەکانی تر یارمەتی ئەو مارشاڵە پیرە بدەم، بۆ نموونە هەوڵم دەدا لەکاتی شەڕ کە دەست بکا بەبنیاتنانی هێزێکی فەڕەنسی نوێ، ئەوەی کەپاڵی پێوەنام بۆ ئەمە هەست و سۆزم بوو بەرامبەر بەفەڕەنسا، بەڵام ویستم ئەم هێزانە هەڵستن بە قەدەغەکردنی ئەو چەتانەی کە لە فەڕەنسا دروست دەبن، ئەم چەتانەی کە لەمپەری ترسناك بوون لەپێش هێزەکان لەکاتی هەلگیرسانی شەڕ. هەروەها دەستکردنی ئەم چەتانە بەشەڕ دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە دانیشتوانی فەڕەنسی، من دان دەنێم بەوەی کە هەموو هەوڵەکانم بەداخەوە شکستیان خوارد بەهۆی هەندێك هۆ کە لەتوانای من بەدەر بوو، لێرەدا پێویستە ئاماژە بە کۆمەڵێك ڕاپۆرتی زۆرو بروسکەو پێشنیارو پێشنیاز بکەم لەبەرژەوەندی فەڕەنسا کە پێشکەش بەهیتلەر کرابوون، ئەم بەڵگەنامانەش هەموویان لەلایەن هاوپەیمانانەوە دەستی بەسەرداگیرا پاش هەرەس هێنانی ئەڵمانیا.

ویستی رۆنشتد بەتایبەتی بەرامبەر فەرەنسا لەهەستییەوە سەرچاوەی گرتبوو، ئەو هەستەی کە لەخوێنی هەکەنوتییەوە هەلقولا بوو. وە دەبینین کە رۆنشتد بیری لەکردەوەکان و لەو کارانەی دەکردەوە کە پێی دەکرا سەرەڕای ئەوەی کە ئەو سەربازێك بوو و هیچ پەیوەندییەکیشی بەسیاسەتەوە نەبوو.

٤- هەلۆیستی دەریاوانی ئەلمانی لە رۆژئاوا لەسالی ١٩٤٢بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

ئەگەر بەراشکاوی بدوێین کاری سوپا ئەوکات تەنها چاودێری کردنی کەنارەکان و پاسەوانی شوێنە دەریاوانە قەلغانبەندەکان بوو، هەرشتێك لەدەریا رووبدات بەشەڕی دەریایی دادەنرێت، لێرەدا سوپا هیچ کارێکی نییە تەنها مەگەر دوژمن یەکەکانی خۆی دابەزێنێتە سەر کەنارەکان، بۆیە زۆربەی بەتاریەکانی کەنارەکان ئەوانەی کە لەناو سوپاش دابوون، بەلام لەژێر دەستەلاتی کەشتیگەل بوو شوێنەکانیان هەلە بوو، چونکە بە جوانی نەشاردرابوونەوە بەلکو ئاشکرا بوون، وەك ئەوەی مەدفەع لەسەر تاوەری پاپۆڕەکان دابنرێن کە هیچ کاریگەریەکی راستەوخۆی لەسەر کەنارەکان نەبێت، هەروەها نەیدەتوانی تۆپەکان جگەلە ئاراستەی دەریا زیاتر بهاوێژێ، نەك هەر ئەوەندە، بەلکو ئەم بەتاریانە نەیدەتوانی هێمنی کەنارەکانیش دەستەبەربکات. لەپێشدا رۆنشتد چەندین جار پێشنیاری راستکردنەوەی ئەم شوێنانەیدا، بەلام هیتلەر رازی نەبوو ئەمە بکات.

پاش دەست لەکارهەلگرتنی (براوشتش) لەکۆتاییەکانی سالی١٩٤١هیتلەر خۆی بوو بەسەرکردەی گشتی هێزەکانی ئەلمانیای یەککگرتوو، بەم پێیە هیتلەر بوو بەسەرکردەی سوپاو دەریاوانی و هێزی ئاسمانی، بۆیە لەکاتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان بڕیارەکانی دژی

خۆی بووە، کەچی هێزی دەریایی و هێزی ئاسمانی هێشتا فەرماندەی گشتی خۆیان هەبوو، ئەم دووانەش بەردەوام لەهیتلەر نزیك بوون، بۆیەش کاریگەریان لەسەر هیتلەر زیاتر بوو وەك لەسوپا کەزۆربەی کات بێبەش بوون لە فەرماندەی گشتی.

رۆنشتد پێی وابوو نزیکبوونەوەی پاپۆڕەکانی دوژمن لەکەنارەکان بەمەبەستی دابەزاندن دەبێتە شەڕی پیادە نەك شەڕێکی دەریایی، ئەم شەڕەش لەگەڵ شەڕی ڕۆژهەڵات بەراورد دەکات و دەڵێت:

هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ تانکەکانی رووسیادا نەبوو کاتێك لەدەشتەکان یەکسەر بەرەو مۆڵگەکانمان شۆڕدەبوونەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەروەکو باسمانکرد هیتلەر هیچ بڕیارێکی تەواوی دەرنەکرد دەربارەی ئەم کێشەیە، جگە لەمە هاوکاریەکی بەهێز لەنێوان سوپاو هەردوو هێزی ئاسمانی و دەریاییدا هەبوو.

لێرەدا پرسیارێکی زیندوو لەگوێچکەماندا دەربارەی هێرشکردن لەکاتی ئێستادا خۆی دووبارە دەکاتەوە و دەبێتە جێگای گرنگیپێدان.

رۆنشتدیش وەڵامێکی تایبەتی بۆئەم پرسیارە هەبوو، دەتوانرێ هێرشکردن لەهەر شوێنێکدا رووبدات، بەڵام گەورەترین گومان هەبوو کە هێرشکردن بۆسەر کەناری (القنال) ڕووبدات، ڕاستە لێرەدا دابەزاندن دەبێتە هۆی رووبەڕووبوونەوەی دوژمن لەگەڵ مۆڵگەکانمان، بەڵام دوای سەرکەوتنی دابەزاندنەکان ڕێگا بۆ دوژمن کورت و خێرا دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەبێ ئاستەنگ بەرەو (الراین) ی خواروو و ناوچەی رۆر بچن کە ئامانجی روون و ئاشکرای هاوپەیمانان بوو.

ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٤٢ هێزێکی گەورەی لە بەلجیکا و سنووری دیواری رۆژئاوا لە (الراین) لەوێشدا السین و النورماندی نەبوون، سەرەڕای

ئەوەش هێزی دەریایی پێی وابوو دابەزاندن لەم دووناوچەیەی ناومان بردن گونجاو نییە.

ئامانجی ئەو دابەزاندنەش پاریسە، ئەوەی کۆنترۆڵی پاریسیش بکات ئەوا کۆنترۆڵی هەموو فەڕەنسا دەکات، هەروەها دەتوانێ بەردەوام بێت لە پێشڕەوی کردن لە باڵی لای راستی (تریر) بەتێپەڕبوون بە (ئاخن) لە هەردوولادا بەئاراستەی ناوچەی (رۆر) بۆ ئەڵمانیای باکوور، لەم کاتەدا دەتوانین هەر قەلغانێکی کەناری ئەڵمانی لابدەین کە تاکوو ئێستا بەبێ دەنگی لە پشتەوەی (القنال) بەئاسانی ماوەتەوە، هەروەها دەتوانین بەم رێگایە بنکەکانی (چەکی سەرکەوتن) لەناوبەرین کە خەریك بوو دروست دەکرا.

هیتلەر بڕوای هێنابوو بە سوودە یەکلایی کەرەوەکەی قەڵابەندی هەمیشەیی کە لە ئاسن و چەمنتۆ دروستکرابوون، بۆیە زۆر دڵخۆش بوو بەدروستکردنی دیواری رۆژئاوا لەسەر سنووری ئەڵمانیا.

لەساڵی ١٩٤٢ دڵەڕاوکێی هیتلەر بەرامبەر رۆژئاوا دەستیپێکرد، دوای ئەوەی نەتوانرا دەست بەسەر رووسیادا بگرێت، لەبەر ئەوە بە چالاکیەکی بەگوڕو زۆرەوە هەوڵیدا بۆ دروستکردنی

(دیواری ئەتلەسی) کە نەخشەی بنەڕەتی و ئامادەکاری بۆ کێشرابوو بۆ بەرگریکردنی لەکەنارە بەهێزەکان لە هۆڵەندە و جەزیرەی (تسل) تاکوو (ئەنتویرب)، هەروەها لە قەڵابەندیەکانی ئۆستند درێژ دەبێتەوە بەتێپەڕبوونی بە (کالیە) و (بۆلون) و (دییب) و (هاڤر). هەروەها بڕیاردرا گرنگیەکی تایبەتی بە کەرتی (ئۆستند – کالیە– بیفیل) بدرێت، لێرەدا شەڕەکە تەنگی بە دوژمن هەڵچنی و ئینگلتەرەش لە نزیکەوە بوو. بۆیە

ئـەم کەرتــە بــەبیروڕای هیتلــەر لــە لایــەنی دابــەزینی هێــزەوە لەچــاو کەرتەکانی تر لە هەموویان مەترسیدارتر بوو.

لەسـالّی ۱۹٤۲فــەرمان دەرچـوو بـۆ ئـەوەی دەسـتبکرێت بەچـاککردن و توونـدکردنی مۆڵگـەکان کـە ئەنجامـدانی کارەکـەش تـاکو هـاتنی پـاییز بەهێواشی بەڕێوە دەڕۆیشت، بۆ ئەمەش کۆنگرەیەکیان لە بەرلین بەست کـە ئەفســەرەکانی ئــەرکان و ئەفســەرەکانی ئەنـدازە و ئەنـدازیارەکانی رێکخــراوی تــود بەشــداریان تێـداکرد، ئــەم رێکخــراوەش پێکهــاتبوو لــە هاوولاتی سڤیلی هونەریی کە ئەندازیاری (تـود) رێکیخسـتبوون، هـەروەها بریتیبوو لە دەزگایەك بۆ جێبەجێکردنی بەلێندەرایەتیەکی گەورە.

کەسەکانیش جل و بەرگی تایبەتی خۆیـان هـەبوو وەك سـەرجەم دەزگـا مەدەنیەکانی تر. وانەبێت هیتلەر زۆر باوەڕی بە بەشـی ئەنـدازەی سـوپا هەبێت، ئەو لەو باوەڕەدابوو کە ئەندازیارەکانی سەربازی زۆر بەهێواشـی و زیاد لە پێویست بە بەوردی کاردەکەن. بۆیـە بـۆ دروسـتکردنی دیـواری ئەتلەسی رێکخراوی تودی راسپارد بۆ ئەم کارە.

هەروەها رێگاشـیدا بەسـەرکردەی گشـتی سـوپا و ئـەو سـەربازانەی کـە لەسـەر کـەنارەکان بـوو بـۆ دیـاریکردنی مۆڵگـەکان و هێڵـەکان لـەرووی تەیارکردنەوە، بەلاّم بۆیان نەبوو لەڕووی هونەریـەوە هـیچ شـتێك بلـێن. هێزەکانی دەریایی بەپلە یەك و هێزی ئاسمـانیش بـە پلـە دوو بۆچـوونی جیاوازیان هەبوو. هەر بۆیەش ئەم جیاوازیانـە بوونـە هـۆی ئـەوەی سـزاو ئەشــکەنجەیەکی زۆر دەوری ئــەو یەکانــەی ســوپا بگرێــت کــە لەســەر کەنارەکان بوون، لە دواییدا قسە لەسەر هەندێك لە دیواری ئەتلەسی لە سالّی ۱۹٤۳ و ۱۹٤٤ دەکەم.

ناتوانین له کارەکانی رۆنشتد لەرۆژئاوا له سالّی ١٩٤٢ بگەین بەبێ ئەوەی ئەو بنەمایانە بزانین کە کارەکانی رۆنشتدی لەسەر بنیات نرابوون، چونکه له رۆژئاوا ژمارەیەك لەسەرکردە هەبوون کە هەریەکەو لەشوێنی خۆیەوە بەتەنها کاری دەکرد، لەبەر نەبوونی رێنمایی تایبەتی هیتلەر بۆیان، کە بەمجۆرەی خوارەوە بوو:

أ-سەرکردەی گشتی رۆژئاوا (فۆن رۆنشتد).

ب-سەرکردەی گشتی کەشتیگەلی ئاسمانی سێ (سبێرل).

ج-سەرکردەی گشتی پێکهاتەکانی دەریایی رۆژئاوا (کرانکل).

د-سەرکردەی سەربازی له فەرەنسا (فۆن ستول بناگل).

هـ- سەرکردەی سەربازی له بەلجیکاو باکووری فەرەنسا (فۆن فۆلکنهاوسن).

سەرەرای ئەمانەش لەوێدا دەسەلاتی تر هەبوو کە ئەوانیش: دەسەلاتی رێکخراوی مەدەنی (تود) و، بالّیۆزخانەی ئەلّمانیا له پاریس و، حکومەتی فەرەنسی له (فیشی). کۆی هەموو ئەمانەش تێکەلّ و پێکەلّیەکی گەورەی له جۆرەکانی دەسەلات دروست کردبوو. بۆیه بۆ هەماهەنگی کارەکانی گشت بارەگاکان بەمەبەستی بەرگری کردن، له بەهاری سالّی ١٩٤٢ هیتلەر کە گەیشتە لای رۆنشتد رێنماییەکانی فوهرەری ژمارە (٤٠)ی دەرکرد، بۆ دیاریکردنی دەسەلاتە فەرمیەکان، بەلاّم مەبەستەکانی نەهاتەدی له جێبەجێ کردنی رێنماییەکان بەتەواوی ، ئەی هۆکار چی بوو؟

أ-نەریتی دکتاتۆرەکان هەرگیز دەسەلاتی فراوان به یەك پیاو نابەخشن، لەمەش مەبەستێکی خۆیان هەیە: وەك (فرق تسد) (پەرتکەو زالّبە).

بۆیە ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییانە هەر کەسێکی دووردەخستەوە لە دەسەڵاتی تەواو لە ڕۆژئاوادا، هەروەها پەیوەندیش لەنێوان سەرکردەکان دیاریکرا بەرستە و دەستەواژەی ئاڵۆز، بۆیە ئەرکەکانی سەرکردایەتی باڵا زۆر گران بوو.

ب- لە ساڵی ١٩٤٢ هیتلەر بوو بە سەرکردەی گشتی سوپا، (کورنك) یش بووە سەرکردەی گشتی هێزی ئاسمانی و (ریدەر)یش سەرکردەی گشتی هێزی دەریاوانی، کە لەدواییدا (دۆنتس) شوێنی گرتەوە، ئەم هەموو سەرکردانەش هەموو کاتێك لە پەیوەندی توند دابوون بە هیتلەرەوە، بۆیە لە توانایاندا هەبوو تەعبیر لە سیاسەت و داواکاریەکانی خۆیان بکەن بە پلەیەکی کاریگەرتر لە سوپا، چونکە هیتلەر خۆی سەرکردەی گشتی سەربازی بوو!

دەقی ڕێنماییەکانی بەرگریکردن ژمارە (٤٠) فوهرەر بەمجۆرەی خوارەوە بوو:

١-ڕۆنشتد سەرکردەی گشتی لە ڕۆژئاوا، خاوەنی تەنها دەسەڵاتی تەیارکردن و ستراتیژی دەبێت. ئەرکەکانیشی: بەرگریکردنە دژی داگیرکردنی کەنارەکان، هەروەها لەدەسەڵاتیدا نییە فەرمان دەربکات بۆ هێزەکانی دەریایی و هێزی ئاسمانی، تەنیا مەگەر لەژێر ئەو دەسەڵاتە تەسکەدا نەبێت. هەربۆیە هیچ مەڵبەندێك نییە کە هاوشێوەی مەڵبەندی ئایزنهاوەر بێت، لەبەر ئەوەی یەکێك بوو لەو سەرکردانەی کە لەنێو هاوڕێکانیدا لە ڕۆژئاوا لە دەسەڵاتەکانیان یەکسان بن.

٢-(سێبرل) کە سەرکردەی گشتی کەشتیگەلی ئاسمانی سێ بوو، کە سەربەخۆییەکی تەواوی هەبوو، کە لەشوێنی خۆیدا دەسەڵاتی بەرامبەر

دەسەڵاتی ڕۆنشتدبوو، ئەرکی تەنها جێبەجێ کردنی فەرمانە ستراتیژیەکان بوو، بۆ بەرگری کردن لەکەنار، کەچی شەڕەکانی ئاسمانی لە دژی بەریتانیاو کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دەریای ئەتلەسی و دەریای سپی ناوەڕاست ئەمەشیان مەسەلەیەکی تایبەتە بەهێزی ئاسمانی، کە ڕۆنشتدیش نەیدەتوانی هیچ فەرمانێك لەبارەی هێزی ئاسمانیەوە دەربکات.

٣-پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی هێزی دەریایی ڕۆژئاوا هاوشێوەی پەیوەندیەکانی بوو لەگەڵ هێزی ئاسمانیدا بە تەواوای، لەوەش زیاتر وا دەدەنرا کە سەرکردەی گشتی لەشوێنی خۆیدا یەکسانە بە شوێنی سەرکردەی سەربازی و سەرکردەی هێزی ئاسمانی.

هەروەها لە توانای سەرکردەی گشتی ڕۆژئاوادا نەبوو فەرمان دەربکات، تەنها ئەو فەرمانانە نەبێت کە پەیوەندیان بە بەرگریکردنی کەنارەکانەوە هەبوو، چونکە هێزەکانی دەریایی دەیانتوانی فەرمان لەبەندەرەکان دەربکەن نەك سوپا، چونکە سەرکردەی دەریایەکان بەهەموو جۆرە هۆیەکانی بەندەرەکان لەژێر فەرمانی سوپادابوو لە کاتێکدا ئەگەر پێویستی بە بەرگریکردن بوایە لە کەنارەکان. هەروەها هێزی دەریایی و بەتاریەکان تایبەت بەکەنار کە ئەرکەکانی تۆپ هاویشتن بوو بە شێوەیەکی هونەری و جێبەجێ کردنی داگیرکردنی مۆڵگەکان بوو کە لەسەر شێوازی تۆپەکانی دەریا کە جیاواز بوو لەشێوازی تۆپەکانی سوپا.

تۆپەکانی دەریایی یان تۆپەکانی کەنار هەموو کات نیشانەن بۆ بۆردوومانکردنی لایەن تۆپەکان و باریجەکانی دوژمن. هەروەها ئەرکی

تۆپەکانی کەناریش بۆردمانکردنی باریجەکانی دوژمن بوو بە شێوەی راستەوخۆ، بەلاّم تۆپەکانی کەنار کە بۆ پارێزگاریکردن بوون لەسەر کەنارەکان بۆیە بەئاسانی دەتوانرا بەخێرایی لە ئاسمان و دەریاوە بۆ دەنگ بکرێت، بۆیە داوایکرد کە مۆلگەکانی بە ئاسن و چەمەنتۆ چاکبکرێن.

ئەنجامی ئەمەش دروستکردنی مۆلگەی گەورەبوو لە سەرووی (کریس — یەنز) کە بتوانێ بەرگەی هەموو جۆرە بۆردومانێك بگرێت.

بەلاّم سوپا رێگایەکی تری هەبوو کە دەیتوانی لەشەڕی وشکانی دا بەکاربهێنێ، بەلاّم لەبەر ئەوەی بەتارییەی تۆپەکان لەسەر یەك هێل نەبوون و یەکێك نزیکی ئەوی تربوو: بەلّکوچی پێشەوەو پشتەوەی بەقوولایی لەگەلّ زەوی دا گونجاو نەبوون، هەروەها لوولەی ئاگرەکانیان بە تێکەلاّوی بەکادەهێنا، هەروەها بەتارییەکانی سوپا بەشێوەیەك لە مۆلگەکانیاندا دابندرێن کە بتوانن لەکاتی دابەزینی دوژمن لەسەر لێواری کەنارەکان و بەرەی دەریایی پێشەوە بەکاریان بهێنێ کە لەمبەرامبەریان بوو ماوەکەی دوورنەبوو، ئەمەش لەتوانایی بەتاریەکاندا هەبوو یان نەبوو بۆ پلەیەکی دیاریکراو دەربارەی بەتاریەکانی قورسی دەریایی، کەواتە ئەمەش لەتوانای ئەو بەتاریانەدا نەبوو تەنها بۆ بۆردومانکردنی ماوەی ناوەندو دوورەکان، هەموو ئەمانە بە روون و ئاشکرا هۆکاربوون لە جیاوازی بیرو بۆچوونەکان لەنێوان سوپاو هێزەکانی دەریایی.

هێزەکانی دەریایی داوایانکرد کە بالاّ دەست بن بەسەر ئەو بەتاریانەی کە سەر بە سوپا بوون، بەلاّم سوپا دەیویست وەکو خۆی بمێنێتەوەو هیچ شتێکی نەکرد، لە ئەنجامیشدا سێ جۆرە تۆپ لەسەر کەنارەکان هەبوو:

بەتاریەی کەناری دەریا لە مۆڵگەکانی ئاسن و چەمەنتۆ دا دەبێت، بەیەتەریەکانی سوپا کە لەژێر فەرمانی هێزەکانی دەریادابوو لەگەڵ بەشێك لەوان لە مۆڵگەکانی شەڕدابوون، لە کۆتایی بەتاری سوپاکە مایەوە لەژێرفەرمانی سوپا دایە تەنها هەندێك لەوان لەناو مۆڵگەکانی چیمەنتۆو ئاسندا بێت.

هەروەها خاڵەکانی پشتگیریکردنی (ژێرئاویەکان) پێویستی بەچاککردنێکی بەهێز هەیە کە لەچیمەنتۆ دروست بکرێت بە ئەستووری دە یاخود پانزە تاکو ٣٠ مەتر بێت.

هەروەها پێویست بوو دەروی هەموو مۆڵگەی هێزەکانی دەریایی و هێزی ئاسمانی بە دارو پارچە چیمەنتۆ چاکبکرێن. بۆیە خەریك هیچ مادەیەك نەمێنێتەوە بۆ بەهێزکردنی مۆڵگەکانی پیادە.

٤-هەریەکێك لەو دوو سەرکردە سەربازیەی پاریس و برۆکسل شوێنێکی بەرزیان هەبوو، کە هەردووکیان دوو دادەوەری سەربازی بوون و دوو دەسەڵاتداری ناوەخۆ بوون.

ئەرکەکانی ئەم دوو سەرکردەیە کاروباری بەڕێوەبردن بوو لەو ناوچانەی داگیر کرابوون لەگەڵ پەیوەندی کردن بە حکوومەتی فەڕەنسا یان لەگەڵ بەرپرسان لە ئاسایشی ناوەخۆو رێکخستنی پۆلیس و هەموو کاروباری سیاسی، هەروەها ئەوان لەبەرەی رۆژئاوا ملکەچی فەرمانەکانی فەرماندەی گشتی نەبوون لە رۆژئاوا، بەڵکو هەردووکیان راستەوخۆ سەر بەبارەگای سوپا (هیتلەر) بوون. لەهەمان کاتیشدا فەرمانیان لەبەرێوەبەری میرەی سوپاو جێگرەکانی هیتلەر وەردەگرت، زۆر جاریش راستەوخۆ فەرمانیان لە هیتلەرەوە وەردەگرت، لە پێناوی خزمتکردنی

پۆلیس کە لەژێر فەرمانی ئەواندا بوون، ئەم فەرمانانەش سەرکردەی گشتی هیچی لەبارەیانەوە نەدەزانی.

بۆیە رۆنشتد نەیدەتوانی فەرمان بدات بەسەر ئەم دوو سەرکردەیە، تەنها ئەو فەرمانانە نەبێت کە پەیوەندی بە بەرگریکردنی ستراتیژی هەبوو لە کەنارەکان لە دژی داگیرکەران.

پێکهاتەکانی ئەم دووسەرکردەیە تایبەت بوون، دووبارە ئەم پێکهاتانەی لە بەرپرسی ناوچەکانی و جێگرەکانیان و لە پۆلیسەکانی تایبەتی و یەکەکانی ئاسایشی تایبەت و پێکهاتبوون، لەم پێکهاتانەش بە دەربوو لە سنووری دەسەڵاتداریەتی سەرکردەی گشتی لە بەرەی رۆژئاوا.

٥- هەروەها کەناری هۆڵەنداش لەژێر فەرماندەیی رۆنشتد دابوو، واتە خۆی بەرپرسی کارە ستراتیژیەکانی بوو. لەو جۆرە دۆخەدا جۆرە یاسایەك جێبەجێ دەکرێت کە جیاوازە لەوەی پێشوو، هیچ سەرکردەیەکی سەربازی لەهۆڵەندە نەبوو هەروەکو لە فەڕەنساو بەلجیکا هەبوو، بەڵام لەوێدا جێگری رایخ هەبوو کە فەرمانەکانی راستەوخۆ لە هیتلەر وەردەگرت، هەروەها سەرکردەیەکی ئەڵمانیش لە زەویە نزمەکاندا هەبوو بە ناوی لیوای فڕۆکەوان (کریستیان سن) کە هەموو کەرتەکانی وەکو هێزەکانی سوپاو دەریاوانی و هێزی ئاسمانی لەژێر فەرماندەیی ئەودابوون، ئەم سەرکردە سەر بە بارەگای گشتی سوپای ئەڵمانیا بوو، بەڵام سەرکردایەتی رۆژئاوا تەنها سەبارەت بە بەرگری کردن لە کەنارەکان سەر بە هەمان بارەگا بوو.

٦- هەروەها باڵوێزخانەی ئەڵمانیاو رێکخراوی تود بەرپرس بوون لە دروستکردنی مۆڵگەی کەنارەکان، هەروەها زۆر لەو هێزانەی تر کە لە ژێر فەرمانی رایخی باڵا دەست دابوون بێ ئەوەی ببەسترێنەوە بە رۆنشتد.

٧- هەروەها فەیلەقی زرێپۆشی بروسك فەرمانەکانی لەسەرکردەی گشتی لە رۆژئاوا وەردەگرت کە پەیوەندیان بە بەکارهێنان و ئامادەکردن هەبوو بەس، کەچی لە زۆر بواری تردا سەربەخۆ بوو، هەروەکو سەربەخۆیی کەرتەکانی پێشوو کە باسمان لێوەکرد.

٨- خراپترین دیاردەی ئەو دابەشکردنەی دەسەڵاتیش لە رۆژئاوا ئەوە بوو کە سەرکردایەتی گشتی رۆژئاوا ئەو تاکە دەسەڵاتە بوو کە بەرپرس بوو لە بەرگری کردن لە کەنارەکان، بەڵام دەسەڵاتێکی یاسایی نەبوو، بەڵکو پاشکۆیەك بوو لە دەستەی ئەرکان، بەڵام بەبێ دادگابوو. کەچی دەسەڵاتی قەزا تەنها لەنێو تیپەکان و فەیلەقەکان گەمارۆدرابوو، سوپا تواناو دەسەڵاتی دادگای باڵای بەرامبەر تیپ و فەیلەقەکانی هەبوو، کەچی پێکهاتەکانی سوپاو سەرکردایەتی گشتی رۆژئاوا دەسەڵاتی دادگایی نەبوو، هەروەها سەرکردە گشتیەکان لە پێکهاتەکانی سوپاو سەرکردایەتی گشتی رۆژئاوا سیفەتی قەزایان لێسەندرابۆوە، کاتێك زەروورەرت قسە دەکات لە وەرگرتنی رێوشوێنی ئینزیباتی لەو سوپایەی کە لە ژێر فەرمانی ئەودایە، ئەوا سەرکردایەتی رۆژئاوا بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی نییە بەسەر ئەو بابەتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە مەسەلەکە پەیوەندی بە سەرکردە کاراکانی سوپاوە هەیە، هەروەها رۆنشتد هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو بەسەر هێزی دەریاوانی و هێزی ئاسمانی و هێزە بروسك ئاساکان و هێزەکانی ئاسایشی سەر بە فەرماندە سەربازیەکان یاخود سەربە فەرماندەی گشتی سوپای ئەڵمانی لە هۆڵەندا، چونکە گشت ئەم هێزانە کە سەر بە پێکهاتەکانی سوپای ئەڵمانیان دەسەڵاتی قەزایی تایبەت بە خۆیان هەیە.

ئەمەش نموونەیەکی سەیرە لەم بارەیەوە: ئەگەر پێویست بوو لێکۆڵینەوەی ئینزبیاتی لە دەستەی ئەرکانی رۆنشتد خۆیدا بکرێت، ئەوا ئەم جۆرە دادگاییکردنە تایبەتە بە دادگایەك کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی رۆنشتدە، رەنگە کارەکە وا پێویست بکات کە رەوانە بکرێت بۆ لای یەکێك لە سەرکردە سەربازییەکان، بۆیە رۆنشتد نەیدەتوانی دەسەڵاتی ئینزبیاتی خۆی هەتا بەسەر دەستەی روکنی خۆشی جێبەجێ بکات.

رێنماییەکانی هیتلەری ژمارە ٤٠ هیچ کەسێك پێی رازی نەبوو، هەروەکو هەموو لایەك کەموکورتیەکانی دەزانی، بەڵام تێکۆشانی هەموو سەرکردەکان لە دژی روودان و مەترسیەکانی شەڕ بوو، هەمووشیان بە یەك دەست بۆ ئەم مەبەستە هەوڵیاندا، سەرەڕای ئەوەی هەندێك جار بۆچوونی جیاواز لەنێوانیاندا بەدی دەکرا، ئەمەش کە هەموو لایەك درکی پێ دەکەن چاکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ رۆنشتد کە کاری دەکرد بۆ نەهێشتنی ئەم ناکۆکی و بۆچوونە جیاوازانە. لەوانەیە ئەم کارە بە هیچ سەرکردەیەکی تر نەکرابا، کەسەرەڕای بوونی بارودۆخی سەیرو دژوار کەچی رۆنشتد توانی سەرکەوتن بە دەست بێنێ، هەروەها ئەمە روون دەبێتەوە کە چەندە بێزاری و ئاستەنگ رووی لە سەرکردایەتی گشتی ستراتیژی رۆژئاوا کردبوو لەو کاتدا.لەگەڵ ماوەی ئاسنگەکان و بێزاربوونە گەورەکان لە سەرکردایەتی گشتی سەربازی ئەو کاتەی رۆژئاوا. بە بەردەوامی دەمارەکان گرژبوون و دڵەڕاوکێ رووی تێکردبوون،لەوەش زیاتر دەسەڵاتێکی زۆر هەبوو لە یەك جۆر، لەگەڵ بوونی دەسەڵاتی تر کە فەرمانیان راستەوخۆ لە رایخ وەردەگرت، زۆر جاریش دەسەڵاتە دیاریکراوەکەی رۆنشتد فەرامۆش دەکراو، راستەوخۆ پەیوەندیان بە هیتلەرەوە دەکرد.

کەرتی رۆنشتدی بەرگریکردن، هێڵی کەنارەکانی خوارەوە دەگرێتەوە: دورگەی تیسل (باکووری هیلدەر) فلوشنك ، ئوستەند، کالیە، بولون، دییب، هاڤەر، شاربۆرغ، سنت لو، بریست، لورنیت، لاروشیل، سنووری ئیسپانیا، ئەو کاتەی رۆنشتد لە ساڵی ١٩٤٢ گەیشتە رۆژئاوا، دەریای سپی ناوەڕاست نەکەوتبووە ناو هێڵی بەرگریکردنی ئەڵمانیا، بەڵکو هەر لەگەڵ ناوچەی حکوومەتی فەرنسیدا بوو لە فیشی، هێڵی بەرگریکردن لە دەریای باکوورو حەوزی دۆڤەر و ئەتلەسی لە ساڵی ١٩٤٢ بەم شێوەیە دابەشکرابوو:

ا-سەرکردایەتی گشتی سوپای ئەڵمانی لە هۆڵەندە، بە هێزەکانی سوپاو دەریاوانی و هێزی ئاسمانی بەرگری دەکات لە کەناری هۆڵەندە، هەر لە دورگەی تیسل (ناوەوە) بگرە تاکوو دەگاتە نزیك (فلوشنك) هەروەها لەباکووری ئەڵمانیا بەرگریەکانی کەشتیگەلی ئەڵمانیا لە (ولهلمسهافن) لە نزیك کەناری دەریای باکووربوو.

ب- بۆ رۆژئاواش، سوپای پانزدەهەم یەکەمین سوپابوو کە لە نزیك (زیبروك) و درێژدەبۆوە بەرەو باشووری هاڤەر، ئەم سوپایە بەرگری لە رێژگەی (سین) دەکرد، سوپای پانزدەهەم بەهێزترین سوپابوو، چونکە بەزۆری واچاوەڕوان دەکرا کە شەڕەکان لە نێوان (ئەوستەند) و (هاڤەر) روویدەن.

ج- هێزی حەوتەم لە دەوروبەری ناوچەی (کان) تاکوو رێژگەی لوار (ناوەوە) بە سوپای پانزدەهەم دەگەیشتنەوە، بۆیە ناوچەی نیمچە دورگە گرنگەکانی: (کوننتن) و (بریتانی) دەکەوتنە ئەوێوە.

-هەروەها سوپای لاوازی یەکەم لەباشووری نزیك (لاروش) بۆ سنووری ئەسپانیا بە سوپای حەوتەم دەگەیشتەوە.

هێزەکانی ئەم چوار سوپایەش لەژێر فەرماندەیی رۆنشتددا بوون، بەلاَم سەرکردەی سوپای ئەلمانی لە هۆلەندە سەری شۆڕ نەدەکرد بۆ فەرمانەکانی رۆنشتد، تەنها ئەوە نەبێت کە تایبەت بوو بە بەرگری کردن لە کەنارەکان.

بارەگای کەشتیگەلی ئاسمانی سێیەم لە کۆشکی (لۆکسمبۆرغ) لە پاریس بوو، پێکهاتەکانیشی دابەشکرابوون لەسەر فەڕەنسای داگیرکراو و بەلجیکاو هۆلەندە.

هەروەها بارەگای پێکهاتەی دەریاییش لە پاریس بوو، کە سوپایەکی بێ هێز بوو، هەروەها پێکهاتبوو لە تێکدەرەکان و هەلگرەوەی ئەلغام و بەلەمە هەلمیەکان کە لە بەندەرە جیاجیاکاندا پەرت و بلاوبوون.

کە بەشێوەیەکی تایبەتی چاودێری کردنی ئەو (ژێر ئاوانەیان) دەکرد کە لە نزیکەوەبوون و لە ئەرکەکانیان دەگەڕانەوەو، لە مۆلگەکانی کە لە چەمەنتۆ دروستکرابوون لە (لوریانت) و (سنت نازیر) و بەندەرەکانی تردا ئۆقرەیان دەگرت.

تا ئەو کاتە رۆژئاوا بەهێمنی مابۆوە کەچی رۆژهەلاَت بە بەردەوامی شەڕی دژواری تێدا بوو، تیپەکانی سوپاش بەشێوەیەکی گشتی لەو پێکهاتانە پێکدەهات کە لە نێو شەڕی رۆژهەلاَتدا لاواز ببوون و گوازرابوونەوە بۆ رۆژئاوا تاسەر لەنوێ رێکبخرێنەوە، هەروەها لە یەکە بێ هێزەکانی تریش، بەمجۆرە تیپەکان لەنێوان رۆژهەلاَت و رۆژئاوا لە ئالۆگۆڕیدا بەردەوامدا بوون، بەتایبەتی تیپی زرێپۆشەکان، هەموو ئەم

ئاڵوگۆڕکردنــه وایکــرد کــه دروســت کردنــی مۆڵگــهکانی کــهنار و بەرگریکردنـەکان زەحمەت و نـاخۆش بێـت، بەشـێوەیەك وای لێهـاتبوو نزیکەی هەر دوو هەفتەی جارێك ئـاڵوگۆڕ دەکـران، کـه بـەم پێیـه دەبـوو کەرت و لقی نـوێ دروسـت بکـرێن، بـەبێ ئـەوەی بـوار بڕەخسـێت پلانـی هەمیشەیی بۆ بەرگریکردن دابنرێت، هەروەها نەتوانرا ئـەم بارودۆخـه لـه ساڵی ١٩٤٢ بگۆڕدرێن، چونکه ئەو کاتە وادەدانـرا ڕۆژئـاوا گۆڕەپـانێکی لاوەکـی شـەڕ بێـت لـه گۆڕەپانـەکانی شـەڕو، ڕۆژهـەڵاتیش پێویسـتی بەهەموو ئەو هێزانە هەبوو.

خوێنەری ئەمڕۆ ئارەزوو دەکات باسـی ڕووداوەکـانی ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ بـۆ بکرێت کە لەو ماوەیەدا ڕوویاندا، بۆیە هەندێك ڕووداوە دیارەکانتـان لـەو ساڵە بۆ باس دەکەم.

یەکێك لەو نموونانە هێرشکردن بوو بۆ سەر (دییب) کـه زۆر مشـت و مـڕو باسکردنی لێوەکرا، ئەو هێرشـکردنە هێرشـێکی تـەواو کتوپڕبـوو، کـه لـه شەوی ١٨/١٩ ئـاب ڕوویـدا، کـاروانێکی دەریـایی ئـەڵمانیا هاڤـەر بـەجێ دەهێڵێت و دەریا دەبڕێ بەرەو تەوەری کەنارو لەدواییدا بەرەو بـاکووری ڕۆژهەڵات، نزیکەی کاتژمێر پێنجی بـەیانی ئـەم کاروانـە دەگاتـە (دییـب) دەنگی بۆردوومان لە دەریاکردن بەرز دەبێتەوە لـەڕۆژئاوای (دییـب) ئـەم دەنگانـە تـۆپ هاوێـژەکان کـەنار ئاگـادار دەکاتـەوەو، ئامـادە دەبـن بـۆ کارکردن، کەشتیگەلی بەریتانی کە لە ڕۆژئـاواوە دێـت لەگـەڵ کـاروانێکی ئەڵمانیا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، کەواتـە بەریتانیـەکان کتـوپڕ هێـرش دەکەنـە سـەر کەشـتیگەلی ئـەڵمانی و بـە تـەواوی کـە شـتکەل لێـك جیادەبنـەوە، بـەڵام زۆربـەیان بەسـەلامەتی دەگەنـە بەنـدەری کـەناری ڕۆژئاوای فەڕەنسا.

ئەمەش بەختێکی باشی ئەڵمانیا بوو کە کەشتیگەلەکانیان لە رۆژئاوای (دییب)بوو لە کاتێکی دیارییکراوی تەواو، ئەمەش زیانی بۆ هەوڵەکانی دوژمن هەبوو، ئاگادارکردنەوەش بوو بۆ بەرگریەکانی ئەڵمانیا.

راپۆرتی یەکەم لەسەر ئەم هێرشە لە سوپای پانزدەهەمەوە دوای کاتژمێرێك گەیشتە بارەگای رۆنشتد ناوەرۆکی راپۆرتەکەش بەمجۆرە بوو:

دوژمن هەوڵ دەدا لە نزیك (دییب) دابەزێ، دوژمن لەم دابەزینە سەرکەوتنی بەدەستهێنا بەپێی ئەو راپۆرتانەی کە تاکو ئێستا گەیشتۆتە دەستمان.

فەریق (زمرمان) یەکسەر ئینزاری راگەیاند بۆ هەموو یەکەکان، هەروەها لیوا (زیتزلر)ی سەرۆکی دەستەی ئەرکان رۆنشتدی ئاگادارکردەوەو، بەخێرایی فەرمانەکان بڵاوکرانەوەو، راپۆرتیش بەرزکرایەوە بۆ بارەگای سوپای ئەڵمانیا، هەروەها زانیاری بۆ کەشتیگەلی ئاسمانی سێیەم و پێکهاتەی سوپای دەریایی رۆژئاوا نێردرا، جگە لە ئاگادارکردنەوەی هەردوو سەرکردەی پاریس و برۆکسل، هەموو سوپاکانیش کە لەنزیکەوە بوون ئاگادارکرانەوە، چونکە رۆنشتد زانیاری نەبوو لەسەر ئەوەی کە ئاخۆ دابەزینی دیکە لەشوێنی تردا دەبێت یان نا.

بەریتانیەکان لە بەرەیەکدا دابەزین کە ماوەکەی لەنێوان ١٠ تاکو ١٢ میل دەبوو، تیپێکی پیادەی ئەڵمانی ژمارە ٣٠٢ لەوێدا هەبوو و شەرێکی ئازایانەی لەگەڵیان کرد، بەڵام ئەو تیپە بەچەکی نوێ پڕچەك نەکرابوو، چونکە تیپێکی کەناربوو و توانایەکی باشی نەبوو.

هەردوو کەشتیگەلی ئاسمانی سێیەم و پێکهاتەی سوپای دەریایی زۆر بەپەلە دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ڕێژەی هێزی دوژمن، یاخود نەوەك جوولەی تری دوژمن لە ئینگلتەرای باشووردا هەبێت.

ڕۆنشتد هەموو کاتێك دژی ئەوەبوو کە لەشوێنی خۆتەوە بەرگری بکەیت، فەرمانێکی بە پەلەی دەرکردو ئاگاداری هەموو یەدەگەکانی کردەوە کە هەبوون بۆ ئەوەی هێرش بکەن بۆ دەرپەڕاندنی دوژمن لە دەریا بەپەلە، تیپی زرێپۆشی ١٠ لەئامادەباشیدا بوو لە نزیك (ئەمیانس) و تیپی زرێپۆشی یەك لە ناوچەی (ڕوان) بوو جگە لە هێزێکی گەورە لەگەڵ یەدەگەکانی ناوخۆ.

تیپی زرێپۆشی یەك کە لەنزیك (ڕوان) بوو کە ئەویش ئامادەبوو بۆ چوونە پێشەوە. هێزی ئاسمانی ئەڵمانیا کەشتیگەلەکانی دوژمنی بۆردومانکرد، کەشتیگەلی ئەڵمانیش هەموو پێداویستیەکانی خۆی ئامادە کردبوو و ئەویش کەوتە نێو شەڕێکی تووند.

لەکاتژمێر نۆی سەرلەبەیانی دەرکەوت کە هێرشی سەرەکی ئامانجەکەی (دییب)ە، کەچی هێرشی لاوەکی بەرەو باشووری ڕۆژئاوابوو.

بەیانی ١٩ ئاب ڕۆنشتد وا شەڕەکەی مەزندەکرد کە دوژمن هێرشێکی بەرفراوانی کردووە، بەڵام دابەزینێکی گەورەی نەکردوە، ئەوەی بە لای ئێمەوەش باش بوو، ئەوە بوو کە هێزی ئاسمانی بەریتانیا هەڵنەستاوە بەهێرشی خەست.

کاتێك کە ڕۆژ داهات هەڵوێستەکان زیاتر بۆمان روون بووەوە، هێرشی پیادەی بەریتانی لە وشکانی ڕاوەستاو هەندێك لە تانکەکانی تێکوپێك

شـكان و تائێسـتاش لـەناو دەریـان، هێـزە یەدەگەکانیشـمان گەیشـتنە بەردەم (دییب).

دوژمـن زەرەرو زیـانێکی زۆری لێکـەوت، تـوانرا هێزەکـانی کەنـەدی بەشێوەیەکی سەرەکی جیابکرێنەوە، بەڵام نەتوانرا ژێرئاوەکان(غەواسـە) لەشەڕەکەدا بەکاربهێنرێن، چونکە قووڵایی ئاوەکـە زۆر نـەبوو، هـەروەها توانیمـان سـەربازێکی زۆری بـەریتانی بـەدیل بگـرین، لـەپێش هـاتنی عەسریش ئەڵمانیا لە سێ لاوە هەسـتا بەهێرشـکردنی بەرامبـەر بـۆ سـەر دوژمن کە تاکو ئێستاش دوژمـن خـۆڕاگرە، کەچـی کەشـتیگەلی ئاسمـانی سـێ بـەردەوامبوو لـە بۆردومـانکردنی کەشـتیگەلی دابـەزینی دوژمـن و خەریکردنی.

لەدوای کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ پێشڕەوانی یەکەکانی تیپی زرێپۆشـی ١٠ کە لە (ئـەمیانس) بـوو تـوانی لـە (دییـب) نزیك ببێتـەوە، بـەڵام هـیچ پێویستیەك نەبوو بۆ چوونەژوورەوەی ئەو تیپە، چونکە کەنەدیـەکان کـە نزیکـەی تیپێـك دەبـوون پێشـتر لـە وشـکانیەوە لادران و کـەنارەکان بەتەواوی دووبارە کەوتەوە دەستی ئەڵمانیەکان، هەروەها تیپـی پیـادەی (٣٠٢) ئازا، بە کەلوپەلـە سـەربازیە خراپـەکانی لەشـەڕدا بـەردەوام بـوو، هـەروەها کەشـتیگەلی ئاسمـانی سـێ بەشـێوەیەکی بـاش پشـتیوانی لێدەکردن.

زەرەرو زیانەکانی ئەڵمانیا مام ناوەندی بوو، بەڵام بەتاریەکی ئەڵمانیا بە تەواوی هەموو سەربازەکانی کـە نزیکـەی ٨٠ کـەس دەبـوون لەناوچـوون، کەنەدیەکان شەڕێکی توندیان دەکرد، بەڵام دابەزینەکە خێرا ئاشکرابوو، هێرشـەکە کتوپڕیەکـەی بەفیڕۆچـوو، بـۆ وەڵامدانـەوەی ئـەم هێرشـەش

هەموو ڕێو شوێنێك گیرایە بەر، زەرەرو زیانەكانی ئەڵمانیا نزیكەی ٣٠٠ سەرباز بوو، بەڵام هی دوژمن ٧٠٠ كوژراو لە وشكانی و نزیكەی ٣٠٠٠ سێ هەزار سەرباز بەدیل گیراو ٣٠ تانكیشی تێك و پێك شكا.

ڕۆنشتد بە پلە یەك گرنگیدا بەو یەكانەی كە بەچاكی وەڵامی ئەم دابەزینەیان داوە، مەدالیای پێ بەخشین و ڕەفتاری تایبەتی لەگەڵدا ئەنجامدان. سەربازەكانی ئەڵمانیا بە پلە دوو گرنگیەكی زۆریان بە دانیشتوانی فەڕەنسادا، نەك هەر مامەڵەیان چاك بوو لەگەڵیان و دڵسۆزبوون بەرامبەر هێزەكانی ئەڵمانیا، بەڵكو بەشداریانكرد لە چاودێری و چارەسەركردنی برینداركانیشیان. لە بەرامبەر ئەمەشدا ڕۆنشتد سوپاسێكی تایبەتی پێشكەش بە دانیشتوانی ئەو ناوچانە كرد وەك دانپیانانێك بەرامبەر كارەكانیان، ئەو كارەی ڕۆنشتد بەرامبەر دانیشتوان كردی، هیچ سەركردەیەكی تر لەكاتی شەڕدا نایكات، وەكو ئەوەی پێشنیاری بۆ هیتلەر كردو تاكو دیلە فەڕەنسیەكان ئازاد بكات، ئەوانەی كە لە جەنگدا بە دیل گیرابوون و بە خزمایەتی دەگەڕانەوە سەر دانیشتوانەكانی ئەم ناوچانە. هیچ سەربازێك لە مەیدانی جەنگدا پیاوانە هەڵسوكەوتی نەكردووە وەكو ئەوەی كە فۆن ڕۆنشتد كردی. ئەزموونەكانی دبیب زوو بە زوو دەرئەنجامێكی باشی هەبوو و بوون بە وانەیەك و، لە نێو بەرەكانی جەنگ لە تەواوی ڕۆژئاوا بەكارهێنرا، ڕۆنشتد گومانی لەوە نەبوو كە كردەوە جەنگییەكانی دبیب جگە لە مومارەسەكردن چیتر نەبوو، بەختیش ڕۆڵێكی باشی بینی لە سەركەوتنی ئەڵمانییەكان. لە كۆتایی ئەیلوولی ١٩٤٢ هیتلەر مارشاڵ (هیلدەری سەرۆك ئەركانی سوپای لەسەركار لاداو لە جێگاشی لیوا (زیتزلەر)ی سەرۆكی دەستەی ئەركانی دانا و كردی بە سەركردەی بەرەی ڕۆژئاوا، لە

دواییشدا له ڕۆژەکانی کۆتایی مانگی ئەیلوولی ١٩٤٢ بارەگای ڕۆنشتد لە سانت جیرمان گوازرایەوە بۆ بەرەی جەنگ لە ڕۆژهەڵات پایەی خۆی لە لیوا زیتزلەر وەرگرت و دوای چەند ڕۆژێك بەرەو بەرەی ڕۆژهەڵات بەڕێکەوتین. پێشتر لە جەنگی پۆڵەندا لە ساڵی ١٩٣٩ پلەی سەرۆکی دەستەی ئەرکانی حەرەکاتم لە بارەگای ڕۆنشتد وەرگرتبوو، هەروەها لە هەڵمەتەکەی ڕۆژئاوا لەساڵی ١٩٤٠ کە ئێمە لەسەر هەستەکانمان کۆك بووین. ئەمانجەکانی ئەڵمانیاش لە ڕۆژهەڵات گەیشتن بوو بە قەفقاس و ستالینگراد، سوپای شەشی ئەڵمانیاش لەوێدا لەنزیك شاری ستالینگراد ڕووبەڕووی جەنگێکی کوشندە بووەوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش جەنگەکە خەستتر دەبوو، هەروەها چاوپۆشی کرد لەو هێرشەی کە مەبەستی شاری لینینگراد بوو، چونکە ئەو تیپانەی کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکرابوون لە شوێنی دیکەی جیاجیادا بەکارهێنرابوون. لە ڕاستیدا دەسکەوتێکی باشمان لە شەڕ لە ساڵی ١٩٤٢ بەدەستهێنا، بەڵام ئەم سەرکەوتنانە کۆتایی یەکلاییکەرەوە نەبوون، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەست و کاریگەری ڕوسیەکانی زیاتر کرد و، هەستی دەروونی سەربازەکانی ئەڵمانیاشی گەیاندە سەرووی هەوڵەکانیان کە لە پێشوودا نەیانتوانی بوو ئەو پلەیە ببڕن، لە باکووری ئەفریقیاش ڕومڵ بە سەرکەوتوویی بەرەو سنووری وڵاتی میسر بەڕێکەوت، بەڵام لە دواییدا شکستی بەخۆی هێنا لەبەر کەمی ئازووقە و زرێپۆش و تەقەمەنی و سوتەمەنی، بەڵکو بەریتانییەکان بنەمایەکی زۆریان لە دەستدا بوو لەو پێوستییانەی کە باسمانکرد. گۆڕانکارییەکی ڕوون و ئاشکرا لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورە ڕوویدا، کە لیوا مونتکومری پێی هەستا، ڕۆمل هەرچەندە سەرکردایەتی باشی لە دەستدا بوو و بەرەنگاریەکی باشیشی کرد، بەڵام دوای ئەوەی

هاوپەیمانان دوای کەوتن توانی لەبەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی دیکە بەرەو ڕۆژئاوا پاشەکشە بکات. لە پاییزی ساڵی ١٩٤٢ لە دوای هێرشی ئەنگلۆ-ئەمریکی بۆ سەر باکووری ئەفریقیا و (رأس الجسر) ی دامەزراند لە نزیک (الدار البیچاو) بەمەبەستی پاراستنی ڕێگای دەریایی لە سەقلیە، هەر لە دەستپێکی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٢ ئەدمیرال (دارلان) کە لەدەست مارشاڵ بیتان هەڵاتبوو، بە پاڵپشتی یەکەکانی ئەفریقا و بەریتانیا و فەڕەنسا باکووری ئەفریقیای داگیر کرد. بەم شێوەیە باکووری ئەفریقا لە دەست حکوومەتی فیشی دەرچوو.

لە دوای دانوستانەکەی فەڕەنسا لە ٢٥ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٠ خەڵك وا دەبینن و هەست دەکەن، هەڵوێستی ئەڵمانیا لەدوای ئەم دانوستانە ڕوون و ئاشکرا نەبوو، ئەوان دەپرسن: بۆچی ئەڵمانیا بە درێژایی شەڕ بەتەواوی فەڕەنسای داگیر نەکرد، بەمەبەستی پاراستنی ئاسایشی خودی ئەڵمانیا ؟

ئەو خەڵکانە خۆیان سەریان سوڕما بە ڕازیبوونی هیتلەر بە مانەوەی سوپایەکی بچووکی حکوومەتی فیشی سەرەڕای بەشێکی باش لە کەشتی گەلی فەڕەنسی کە لە تۆلۆن بوو، دەبێ باش بزانین هیتلەر ئەوکاتەی دڵنیابوو لە مانەوەی فیشی کە پاڵپشتی خۆی بوو بە درێژایی جەنگەکە، بەڵام لە دوای کردەوەکەی دارلان کە لە دژی ئەڵمانیا ڕابوو، سەرکردایەتی باڵای ئەڵمانیا ئەو ترسەی بۆ دەرکەوت کە ڕووبەڕووی دەریای سپی ناوەڕاست بووبووەوە. ڕومل لە تونس پاشەکشەی کرد، ئەگەرچی یەکە ئەمریکی و بەریتانییەکان و یەکەکانی دارلانی فەڕەنسی لە باکووری ئەفریقا و کەشتی گەلی فەڕەنسی لە تۆلۆن هەبوو، سەرەڕای بوونی یەکەکانی فەڕەنسی لە ناوچەی حکوومەتی فەڕەنسا لە فیشی.

ئەوکاتـە حکوومـەتی فیشـی بەسـەر (بـرانیس) و بەشـێکی فەڕەنسـا و دەریای سپی ناوەڕاست دەسەڵاتداربوو، چی روودەدات ئەگەر فەڕەنسیە هەڵاتووەکان ئەوانەی کـە لـە بـاکووری ئـەفریقیا بـوون لەگـەڵ یەکـەکانی دابـەزینی ئەمـەریکی و بـەریتانی لـە کـەناری دەریـای سـپی ناوەڕاسـتدا دابەزن ؟

ئایا سوپای حکوومەتی بیتـان پاڵپشـت دەمانـەوە یـاخود دەچـوونە پـاڵ هێزەکانی دارلان ؟ لە هـەموو ئـەو کردەوانـە بەتـەواوی بـیروڕای ئـەڵمانیا بـەدیار دەکـەوێت، هـەروەها کـردەوەی هیتلـەر بـە خێرایـی بۆمـان شـی دەکاتەوە لە خێراکردنی داگیرکردنـی فەڕەنسـا و ناوچـەی دەریـای سـپی ناوەڕاست.

ئەو رێوشـوێنانەی کـە هیتلـەر گرتبوویـە بـەر هـیچ زەرەرو زیـانێکی لـە باشووری فەڕەنسا بە حکوومەتی فەڕەنسا نەگەیاند، بەڵکو فەرمانیـدا لـە خێرایی داگیرکردنی ناوچەکەنی بـرانیس و دەریـای سـپی ناوەڕاسـت، کـە وای لێهات بـە پێـی هەسـتی ئێسـتاکەی و بـە شـێوەیەکی کتـوپڕ کـە زۆر گرنگ بوو، فەرمانیـدا بـە خۆئامـادەکردنێکی خێـرا بـۆ پێشـڕەوی بـەرەو باشووری فەڕەنسا، ئەم ئامادەباشیەش لەگەڵ هـاتنی مـانگی ئـاب تـەواو بێت، لەبەر ئەگەری بارودۆخی سەربازی ناجێگیر، بۆ ئـەم جەنگـەش هـیچ یەکەیەکی لەوێدا ئامادە نەبوو، بەڵکو تیپە نایابەکانی لە کەناری بەلجیکا و فەڕەنسا و هۆڵەندا کاریان دەکرد، جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەش درابووە دەست تیپە نوێیەکانی هێـزی بـەرگری ئـەڵمانیا نـەبێت کـە لـە فەڕەنسـا بوون، لەگەڵ هەندێك لەیەکەکانی ئاسایشی سەر بـە سـەرکردەی سـوپای پاریس کە پێکهاتبوو لـە سـەربازە بـە تەمەنـەکان و ئـەو چـەکە سـووك و خراپانەی کە لە دەستیاندا بوو، هەروەها نەبوونی تۆپـەکان بـوو. ئـەرکی

هێزەکانی دەریایی ڕۆژئاواش مەشق پێکردنی تیپەکانی تایبەتی بوو بۆ بەکارهێنانیان لە دوای داگیرکردنی کەناری دەریای سپی ناوەڕاست ، تاکو بەکەمترین زەرەرو زیان دەست بەسەر کەشتی گەلی فەڕەنسیدابگرن، هەروەها دوابەدوای دەستپێکردنی هێرشەکەش ئەرکی کەشتی گەلی ئاسمانی سێیەمیش خۆ ئامادە کردنبوو بۆ داگیرکردنی ئەو فرۆکەخانانەی کە لە باشووری فەڕەنسا داهەبوون.

دڵەڕاوکێی سەرەکی ڕۆنشتد بیرکردنەوە بوو بەرامبەر لەو یەکانەی کە پێویست بوو بەکاریان بهێنێ بۆ بەرگریکردن لە کەنارێکی درێژ کە سنووری نزیك (فندرس) دەگرێتەوە تا دەگاتە سنووری ئیستالیا لە نزیك منتون، ئەمەش دوای دەست بەسەردا گرتنی باشووری فەڕەنسا. لە ناوەڕاستی تشرینی دووەم توانرا بە ئاسانی شۆڕشی جەزائیر لە دژی حکومەتی فیشی دابمرکێنرێتەوە، هیتلەریش هەر لەهەمان مانگدا فەرمانیدا فەڕەنسا داگیر بکرێت.

یەکە بێ هێز و ناچالاکەکانی ئەڵمانیا جوڵەیان کرد، مەبەستی ستراتیژی ڕۆنشتد روون و ئاشکرا بوون کە داگیرکردنێکی خێرای ئەو خاڵە گرنگانە بوون کە کەوتبوونە سەر کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست. ڕێگای پێشڕەویش بۆ باشووری فەڕەنسا لە باکوورەوە دەکەوتە سنووری دۆڵی رون، لە باشوورەوەش لەسەر سنووری رووباری کارون بوو، ئەم دوو هێڵە سەرەکیەی پێشڕەویش ئاشکرابوون و لەیەکتر شاراوە نەبوون.

پێشڕەویەکەش بەم جۆرە بوو:

١- هێزەکانی سوپای یەکەم لە (بۆردۆ) جوڵەی کرد بەبەزاندنی (تۆلۆن) بۆ (ناربۆن).

٢- یەکەکانی پێکهاتەی فیلبۆ جوولەیان کرد بە بەزاندنی (لیۆن) بۆ مارسیلیا و تۆلۆن، هەروەها بە هاوکاری مەفرەزەی دیکە بەرەو فیشی، بۆ گەیشتن بۆ کەنارەکان لەسەر شێوەی جەنگێکی بروسك ئاسا، یەکەکان سوودیان لەو شەمەندەفەرانە وەرگرت کە مینرێژ کرابوون، یەکە بچووکەکانی پێشەوە بەیارمەتی ئەو شەمەندەفەرانە توانیان بەرەو کەنارەکان جولە بکەن، مارشال رۆنشتد باسی گرنگیەکی زۆری ناو فەرەنسای کرد، بێ ئەوەی هیچ رووداوێك رووبدات و فەرمانە تایبەتیەکانی دابەشکرد کە تیایدا هانی یەکەکان دەدات، بۆئەوەی خووڕەوشتی چاکیان هەبێ بەرامبەر هاولاتیان و دەسەلاتدارانی فەرەنسی. ناوبراو بەم شێوەیە فەرمانیدا "دووربکەونەوە لە سەرپێچی یاسا کە دەبێتە هۆی بێزاری، هەرچەند گران لەسەرتان بکەوێت" هەروەها فەرمانیدا بەیەکە ئەلمانییەکان کە سلاو و رێز بسەننەوە یان سلاوی دۆستایەتی بکرێ لە گشت تاکەکانی سوپا بچووکەکەی فەرەنسی کە تا ئەوکات بوونیان هەبوو، جگە لەمانەش بلاوکراوەکانیان بەیارمەتی هێزی ئاسمانییەوە هاویشتە خوارەوە و لە نێو ئەو لافیتانەی کە هەلیانواسی بوو، هۆکاری هێرشکردنەکەیان بۆ خەلکی مەدەنی روونکردبووەوە. سەبارەت بەم هێرشەش بە شێوەیەکی یاسایی حکومەتی فیشی ئاگادار کرایەوە و پێش چەند کاتژمێرێك بەر لە هەلاتنی رۆژ هێرشەکە دەست پێبکات، رۆنشتد داوای لە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی کرد بەرەو پێشەوەی یەکەکان بڕوات، بە ئیعتیباری ئەوەی سەرۆکی گشتی ئەوان بوو، هەروەها هەستا بە سەردانێکی فەرمی بۆ بیتان لە فیشی، ئەم سەردانەش لە خۆیەوە بوو، بەبێ ئەوەی لەسەرووی خۆیەوە فەرمانی پێبکرێ، ئەم کارەشی بۆ ئەمە ئەنجام نەدا وەکو

نەرمی نواندنێك بەرامبەر مارشاڵی فەڕەنسا، بەڵكو بۆ ئەوەبوو كە پێش چوونە ژوورەوەی یەكەكانی ئەڵمانیا خۆی لە فیشی ئامادەبێت، چونكە ئامادەبوونی ڕۆنشتد هۆكارێكی كاریگەر بوو لە دروست نەبوونی پێكدادان لەگەڵ یەكەكانی فەڕەنسا پێش ئەوەی فەرمانەكە لە دەست دەرچێت. ئەم هێرشەش بەبێ پێكدادان ئەنجامدرا، ئەگەرچی چەند چركەیەكی تاڵ بەسەر ئەفسەرە فەڕەنسیەكان تێپەڕی، كە بەچاكەی هەردوولا بەسەر گیروگرفتەكاندا زاڵبوون. هەموو ئەو ئەڵمانیانەی خاوەنی دەسەڵات بوون سوپاسی سەربازی گەورە لیوا (دی لتردی تاسكن) یانكرد بۆ ئەو ئاڕاستە راستەی بەكاریهێنا، بەمجۆرە یەكەكانی ئەڵمانیا دوای بیست و چوار كاتژمێر گەیشتە مارسیلیا و توانیان سنووری باكووری لیۆن ببڕن و بەپێی ئەو خشتەیەی كە بۆ هێرشكردنەكە دیاریكرابوو، بۆئەوەی بەشەمەندەفەرە خێراكان رابگەن. لە ئەنجامی داگیركردنی باشووری فەڕەنسا ناوچەی سەركردایەتی گشتی رۆژئاوا فراوان بوونێكی گەورەی بەخۆیەوە بینی، هەروەها بەرپرسیارەكانیش زیاتر بوون، دەبووایە هێزەكانی كەناری دەریای سپی ناوەڕاست بەتەواوی و بە خێرایی رێكبخرێن و ئامادەبكرێن بۆ بەرەنگاربوونەوە، بەڵام جگە لە قەڵای گەورە و كۆن و بەندەرە ئاویەكان زیاتر هیچی لێنەبوو، هەروەها كەناری دەریاكەش خۆی لەبارێكی ئاسایی نەبوو، ئەركە ناخۆشەكەش لەوەدا بوو كە بەرەی دەریا نوێیەكە فراوانە و دەبووایە یەكە پێویستەكانیان بۆ ئامادە بكرێت، بەڵام ئەو كاتە لە هێزێكی كەم زێتری لێ نەبوو،بەڵام ئایا هاوپەیمانان رێگەیان بە رۆنشتد دەدا بۆ خۆ ئامادەكردن؟ دەبووایە ماف دەسەڵاتداریەتی فەڕەنسا لە باشوور بە هەند وەربگیرابایە، لەهەمان كاتدا بایەخ بە ئاسایشی دەریاچە و بەرەی

برانیسـی بـدرێت، نەشـدەتوانرا هاوسـەنگی بکرێـت لـە نێـوان ئـەو دوو داواکاریـە تـەنها بـە هاوکارییـەکی تونـد لەگـەڵ حکوومـەتی فیشـی و دەسـەڵاتدارانی هەرێمەکـەدا نـەبێت، چـونکە هاوکـاری سیاسـی ئـەرکی دادوەری سەربازیی پاریس بوو، نەك ئەرکی ڕۆنشتد. دادوەری سوپایی لە پاریس ڕێکخراوێکی دروستکرد بۆ تـەواوکردنی داواکاریـەکانی سـەربازیی ئەڵمانیا لەلایـەك و، فیشـی لەلایـەکی دیکـەوە. ئـەم ئامادەکاریانـەش زۆر زۆر شلو شۆق بـوون. دەتـوانین پێشـبینی بکـەین کـە لەگـەڵ زیـادبوون و فراوانبوونی ئەرکەکانی ڕۆنشتد لە باشووری فەڕەنسا چـەندە گرفتـەکانی زیاتر بوون،هەرچەندیش ئەو گرفتانە هەموو شتێك نەبوون.

ڕۆژهەڵاتی ڕۆن لە فەڕەنسای باشوور هەر سەر بە هێزەکانی ئیتالیا بـوو. بۆیە یەکەکانی ئەڵمانیا هیچ پەیوەندیەکیان بـەم ناوچـەیە نـەبوو، بـەڵام لێرەدا پرسیارێك خۆی زەق دەبێتەوە:

کـێ ناوچـەکانی مارسـیلیا- تۆلـۆن – منتـون – داگـیر دەکـات ؟ دوا بـە دوای گفتوگۆیەکی زۆر لە نێوان بەرلین و ڕۆما سەرکردە سیاسیەکان کۆك بوون لەسەر هەبوونی سوپای چواری ئیتالیا لە کەناری ئـەم کەرتـە، ئـەم سوپایە ئێستاکە لە نێوان منتۆن و ئەسبیزیا خۆی تەیار دەکات، چـونکە دەبووایـە ئـەم هێـزە تـاکو تۆلـۆن لـەژێر دەسـتیدا بێـت و بڕیـاریش درا بارودۆخی ئەم بەشە لە سوپای چواری ئیتـاڵی کـە کـەنارەکانی فەڕەنسـا لـە تۆلـۆن تـا دەگاتـە منتـون داگـیر دەکـات، تـەنها لـەبواری خـۆ پـڕ چەککردنیان لە ژێر فەرمانی ڕۆنشتدا بن. نیوەی ڕۆژهەڵات لەو ناوچەیەی کـە دەورە دراوە لـە نێـوان منتـۆن و ئەسـبیزیا لـە ژێـر فـەرمانی سـەرکردایەتی بـاڵای ئیتالیـا دابـوو، بۆیـە دەتـوانین پێشـبینی گرفتـەکان بکەین کە لەم ناوچەیەدا ڕوویاندا. مارشاڵ (فرسلینۆ) سـەرکردەی گشـتی

چواری ئیتالیا بوو کە پیاوێکی کاریگەر و سەرکردەیەکی لێهاتوو بوو، سەرۆکی دەستەی ئەرکانەکەی لیوا (ترابوتشی) بوو،

نزیکەی چوار تا پێنج تیپی ئیتالی لەگەڵ چەند بەتارییەیەك لە کەناری دەریای سپی ناوەڕستی فەرەنسی تەیار بکرێت، دوابەدواش گۆڕانکارییەکی زۆر و جیاواز بۆ داگیرکردنی ئەم کەنارە بەم شێوەیەی خوارەوە دەستپێکرد:

١- پێکهاتەی سوپای لیوای (فیلبەر) لەگەڵ چەند یەکەیەکی جۆراو جۆر لەم کەرتەدا دەبن کە لە سنووری ئیسپانیا درێژ دەبێتەوە تا نزیك (فندرس) بۆ (مارسیلیا)ی ناوەوە، ئەم هێزەش لە چوار تا پێنج تیپی بێهێز لە خۆ دەگرێت.

٢- سوپای ئیتالیا لە بەشی رۆژئاوا دەبێت کە لە تۆلۆنەوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە (منتون) دەستەیەکی بە هێزی پەیوەندی ئیتالی بە سەرکردایەتی لیوا (مارازانی) گەیشتە بارەگای رۆنشتد کە ئەفسەرێکی ئیتالی لێهاتوو بوو لە بەشی فروسیە، لەکاتی پشووشدا سەرکردایەتی تیپێکی نایابی ئیتالی بووە بە ناوی سالیری لە ناوچەی رۆژهەلات سالی ١٩٤١-١٩٤٢ کە لەلایەن رۆنشتدیش ناسراوبوو، هەروەها یەکێك لەوانەی کە ئەندامی ئەو دەستەیە بوو بەناوی عەقید (رافیولی) بوو کە ئەفسەرێکی باش و ئیشکەر بوو، هەروەها موقەدەم (سکنورینی) بوو کە هەردەم بە رووخۆشی جیاکراوەتەوە، ئەم دەستەیەش کە نزیکەی لە ٨ ئەفسەر پێکهاتبوو لەگەڵ چەند کەسێکی تری باش کە نزمتر بوون لە خۆیان، ئەم دەستەیە خۆی لەگەڵ بارەگای سەرکردایەتی رۆژئاوا تێکەڵ کرد بە شێوەیەك کە بەشێکە لەوان، پەیوەندی کەسایەتی رۆنشتد لەگەڵ

ئــەوان پەیوەندیــەکی برادەرانــەی باشــبوو. ســوپای چــواری ئیتالیــا فەرمانەکانی خۆی لە رۆنشتد وەردەگرت سەبارەت بە خۆ عەمبار کردن و پارێزگاری کردنی لـە کـەنارەکان، لەلایـەکی دیکـەوەش فەرمانـەکانی لـە سـەرکردەی خـۆی وەردەگـرت لـە رۆمـا، ئـەو کێشـانەی کـە روویانـدەدا لەلایەن رۆنشتد بە شێوەیەکی باش چارەسەر دەکرا، چـونکە ئـەم پیـاوە بــە لێهاتوویــەکی بــاش ناســراو بــوو وە کاریگــەری زۆری بەســەر بەڕێوەبەرایەتی کەسانی نەتەوەی تردا هەبوو. لیوا (ترابوشـی) سـەرۆکی دەستەی ئەرکانی سوپای چواری ئیتالیا لە ١٠ی کـانوونی یەکـەمی سـاڵی ١٩٤٢ نامەیەکی بۆ سەرۆکی دەستەی ئەرکانی سەرکردایەتی رۆژئاوا بـەم شێوەیەی خوارەوە نووسی :

(ئازیزم ژەنرال– لە کاتی گەڕانەوەی بۆ پاریس سەرکردایەتی رۆژئاوا بـە چەند ووشەیەکی رێزکـراو باسـی سـەرکردە خۆشەویستەکەی دەکـات کـە دەڵێ : ((دوو خاڵی سەرکردایەتی نموونەیی لەخۆوەگرتبوو، خووڕەوشتی باش و هۆشمەندێکی باش)) لەمەش مەبەستی حـالی رۆنشـتد و دەسـتەی ئەرکانەکەی بوو. لە کاتی داگیر کردنی کـەناری دەریـای سـپی ناوەڕاسـت لـە تشـرینی دووەمــی ســاڵی ١٩٤٢ بــەبێ گوێدانــە هەســتی دەریاوانــە فەڕەنسیەکان و بەهەنـد وەرگـرتنی بـیر و راکانیـان هێڵێکـی دەرەکـی لـە چوار دەوری بارەگای دەریای تۆلۆن دامەزرێنرا، چونکە بەلای ئـەدمیراڵی فەڕەنسی شتێکی نەشیاوە فەرمانەکانی خۆی لـە ئـەڵمانیا وەربگرێـت لـە بەنـدەرە دەریاییـە تایبەتیەکـەی خـۆی ! بۆیـە یەکـەکانی فەڕەنسـا لـە تۆلۆن خۆیان شان بە شانی ئـەو هێزانـە دانـا کـە پارێزگـاری لـە کـەناری ئەڵمانیای ئیتاڵی دەکەن. مارشاڵ بیتان دیارییەکی پێشکەش بە رۆنشـتد

کرد کە بریتیبوو لە وێنەیەکی هونەری کە پێکهاتبوو لە داپۆشەرێکی برۆنزی کە بەکاردەهێنرێ بۆ داپۆشینی دەمی تۆپە دوور هاوێژەکانی پارچەی دەریایی کە ناوی (ئەلزانس) بوو.

ساڵی ١٩٤٢ بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت، ناوچەی سەرکردایەتی مارشاڵ رۆنشتد فراوان بوو بەرەو کەناری ئەڵمانیای هۆڵەندیٰ بە درێژایی دەریای باکوور لە گەرووی ئەتڵەسی درێژ دەبۆوە تا دەگاتە سنووری برانسیس، لە کۆتاییدا تا دەگاتە بەرزاییەکانی دەریای سپی ناوەڕاست. سەرەڕای ئەوەی داکۆکیکەرەکانی ئەلپ لە (منتون) بەرەو باکوور تێپەڕ بوون بە)مونت سنیس) تا دەگاتە سنووری سویسرا. ئەگەرچی هێرشی هاوپەیمانان رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەبوو ئەم ترسەش روون و ئاشکرا لەلایەن داکۆکیکەرەکان کە لە هێڵێکی داماوی دیار رووبەڕوویان دەبێتەوە. لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە ئەزموونەکان ناخۆش بوون کە لە ئەنجامی هەندێك لە بەشەکانی سوپای فەرەنسی دەردەکەوت، بیر و بۆچوونی زۆریش هەبوون کە رێگا بە حکوومەتی فیشی بدرێت. تاکو کاتی جەنگ سوپایەکی نویٰ پێك بهێنیٰ.

رۆنشتد سەربازێکی باش بوو لە کارە مرۆییەکان دوور نەدەکەوتەوە و دەربارەی هەڵاتنی یەکەکانی فەرەنسی لە حکوومەتی بیتانیش باش دەیزانی بە بوونی هەستێکی باڵای گەلی نیشتمانی فەرەنسا، چونکە پێی سەیر نەبوو بەخۆ لادانی یەکەکانی فەرەنسا بۆ لای هاوپەیمانان. هەروەکو لە پێشوودا لەلای ئاشکرا بوو بەرهەڵستی فەرەنسا لە باکووری ئەفریقیا رۆژێك هەر دەردەچێت. رۆنشتد دڵنیا بوو لە هاریکاریکردنی باشی یەکەکانی فەرەنسا کە بۆ داکۆکیکردن کاریان دەکرد، بەڵام زۆر

حەزی دەکرد مارشاڵ بیتان رازی بکات و پاڵپشتی حکوومەتی فیشی بێت، دوا بە دوای گفتوگۆیەکی سەرەتایی درێژ لەگەڵ بارەگای سوپای ئەڵمانی کە زۆر بە ترس بوو لە یارمەتییەکانی فەڕەنسا، ئەم سەرکردایەتیە رەزامەندی خۆی نیشاندا بۆ ئامادەکاری و هاریکاریکردنی ئەڵمانی- فەڕەنسی، عەقید بۆن لەگەڵ دوو ئەندام لە دەستەی دانوستاندن لە پاریس گەیشتنە سەرکردایەتی گشتی رۆژئاوا هەروەها حکوومەتی فیشی و بریدۆی سەرکردەی سوار چاکی فەڕەنسی لە جیاتی مارشاڵ بیتان دەربارەی ئەم دۆخە راوێژکاریان دەکرد بۆ پێکهێنانی هەندێ تیپ کە پێکهاتبوون لە نزیکەی ١٠٠٠٠٠هەزار سەربازی فەڕەنسی، بۆ ئەو مەبەستەش هێزی ئاسمانی ئەڵمانی بارەگا بچووکەکانی مەشق کردنی لە باشووری فەڕەنسای چۆڵکرد، بەڵام چەکدارکردنی ئەم هێزە زۆر نائاسایی بوو، چونکە بە شێوەیەکی گشتی سوپای فەڕەنسی چەکەکانی کۆن بوون، هەندێکیان مێژووەکەیان دەگەڕایەوە بۆ مێژووی جەنگی یەکەمی جیهانی. رۆنشتد هەرچی لە دەستیدا بوو کردی بۆ ئامادەکردنی ئەم سوپا نوێیە بە چەکی باشی ئەڵمانی کە ئەوەی لە بەردەستی خۆیەتی. ئەم گفتوگۆیانەش چەند هەفتەیان خایاند لە نێوان زستانی ١٩٤٢-١٩٤٣ لە پاریس بەڵام هەموو شتێك لە پاشان رووخا. دەرئەنجامی ئەمەش نائارامی هیتلەر بوو سەبارەت بە باکووری ئەفریقیا، بەڵکو ترسی زیاتر پەیدا کرد لە پێکهێنانی سوپایەکی نوێی فەڕەنسی لە کاتی جەنگدا، بۆ ئەم کارەش فەرمانێکی بەپەلەی دەرهێنا بۆ لابردنی هەر کارێکی ئامادەکراو بۆ ئەم مەبەستە دەستی پێکردبوو، زۆر بە داخی زانی کە رۆنشتد بیر و بۆچوونی خۆی بە بێتان راگەیاند، دەربارەی ئەم

بڕیـاره هیتلـەر دەسـتیکرد بـە لابردنـی هەرچـی هێـزی بـەرگریکردنی فەڕەنسـی بـوو، هـەروەها پـڕ چـەککردنیان لەبەرئـەوەی دوودڵ و ئـارام نـەبوو لـە دڵسـۆزی ئـەم یەکسـانە، بۆیـە هـیچ کاتێـك زۆریـان نـەکرد لـە حکوومەتی فیشی بۆ بەرگریکردن لەسەر کەنار شان بـە شـانی یەکـەکانی ئەڵمانی.

بەشی نۆیەم

ترس لە داگیرکردن

روودانی داستانی ستالینگراد پێشبینی دەکرا، سوپای شەشی ئەڵمانی بە فەرمانی هیتلەری نەخۆش کەوتە نێو تەلەکە، ئەمەش یەکەم ناخۆشی بوو لە نێو بازنەی فراوانی ئەڵمانیا روویدا و کاریگەریەکی زۆر خەراپی هەبوو، لە هەمان کاتیشدا روون و ئاشکرابوو کە جەنگ تەنها ئێستا لە بەرەی رۆژهەڵات دەستی پێکرد و ، بارودۆخیش لە ئەفریقیا هەر دژوار بوو.

با چاوێك بە نەخشەی ئەوروپا دابخشێنین: بە شێوەیەکی گشتی بەرەی ئەڵمانیا بەمجۆرە بوو:

کەناری نەرویج—دانیمارك —کەناری دەریای باکووری ئەڵمانی —هۆڵەندا— بەلجیکا —کەنارەکانی فەرەنسا تاکو سنووری ئیسپانیا نزیك (ئەبرون) تا ئەوپەڕی رۆژهەڵات. سنووری چیاکانی برانیس، بەرگری لە کەناری ئیتالی گۆرەپانی جەنگ لە باکووری ئەفریقیا— کەنارەکانی ئەدریاتیك— یۆنان— دەریای رەش دەکا، لە دواییدا بەرەی رۆژهەڵات بەرەو یەکێتی سۆڤیەت و درێژ دەبێتەوە بۆ رۆژئاوای قەفقاس تاکو لینینگراد، جگە لەمەش فنلەندیەکان لە بەرەی خۆیان لە لینینگراد تاکو دەریای باکوور پێویستیان بەوە نییە کە سەربازێکی لێهاتوو بن تاکو بزانن پاراستنی ئەم بەرە فراوانە چەند ناخۆشە کە سێ بەشی ئەوروپا دەگرێتە خۆی. بەرەی رۆژئاوا و ئەوروپای باشوور ناوچەیەکی فراوان بوو بە بێ ئەوەی یەکەکانی تەواوی تێدا هەبێت بۆ بەرگریکردن، بەڵکو چەند تیپێکی هەبوو

بۆ بەرگریکردن نەك چیتر. ئەوەی روویدا لە جەنگی جیهانی دووەم وەك ئەوە وابوو کە لە جەنگی یەکەمی جیهانی روویدا، بەرەکانی ئەڵمانیا بە خێرایی فراوان بوو بۆ چوار بەرە بۆئەوەی بتوانرێ ئەڵمانیا بەراورد بکەین بە وڵاتێك کە چوار دەوری گیراوە، سەرەڕای ئەم کەم و کورتیانەی لە پێویستیە سەرەکیەکانی داهاتووە کە بە شێوەیەکی باش دیار بوونە ئەگەرچی ئەو داهاتووە زۆرەی جیهان لەژێر دەستی هاوپەیمانان بوو. لەم کاتەشدا هێرشەکانی ئاسمانی هاوپەیمانان بەردەوامبوو، هەروەها توانای هێزی ئاسمانی ئەڵمانیا کەم ببوەوە. ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٤٣ هەموو توانای سەربازی و سیاسی خۆی وەگەڕهێنا و لە سەرەتادا بە شێوەیەکی کەم بەرەو ژوور دەڕۆیشت، لە پاشانیش بە شێوەیەکی خێرا. کەچی ناوچەی سەرکردایەتی رۆژئاوا لە ئەوروپا فراوان بوو تەنها پارچەیەك نەبێت لە کۆی گشتی. ساڵی ١٩٤٣ بەرەو ژوور هاوپەیمانانی رۆژهەڵات دەستیانکرد بە فێڵ و لەبەر بزرکردن لە کارەکانیان، ئێستاکە دەبێت هێرشکردنەکە لەکوێ دەست پێبکات ؟

لەوانەیە لە هۆڵەندە دەست پێبکات یان لە نێوان (کالیە) و (هافر) ، هیچ جیاوازییەکیش نییە لە نێوان ئەو دوو ناوچەیە لە رووی دەسەڵاتەکانیانەوە بۆ هێنانە خوارەوەی هێزی ئاسمانی. هەردوو نیمچە جەزیرەی نورماندی و بەریتانی کە بە درێژایی دەریابوو باش بوون بۆ بەکارهێنان و، لە دوولاوەش دەریا بەشێوەیەکی باش چوار دەوریانی گرتووە. رۆنشتد لەو کاتەدا بیری لە مینا دەستکردەکان نەکردبووەوە و خۆی و دەستەی ئەرکانەکەی وایاندەزانی داگیرکردنەکە لە ناوچەیەکی کراوەی کەنار دەست پێدەکات، بەڵام لە دواییدا پێویست بووە مینایەکی باش هەبێت. لەوانەش شاربورگ و بریست یەکەم شوێن بوون کە جێگای

سەرنج بوون بۆ هێنانە خوارەوەی هێزی ئاسمانی لە نێوان رێژگەی(وار) و سنووری ئیسپانیا واتە (لیسلاندس) Leslands ئەم کەرتەش کە درێژاییەکەی نزیکەی ٣٠٠ میل دەبوو و تیپی پیادەی لێهاتووشی کەم تیابوو، کەواتە ماوەی هەریەك تیپ لەم تیپە لاوازانە نزیکەی ١٠٠ میل بوو، ئەمەشیان بۆ بەرگریکردن نەبوو، بەڵکو بۆ چاودێری کردنی کەنار بوو. ئەگەری ترسیش لەلایەن ئیسپانیاوە بەرەو برانیس نەبوو، بەڵکو هەندێ پڕوپاگەندە بڵاوببۆوە دەربارەی هاوپەیمانان کە هەڵدەستن بە هێنانە خوارەوەی هێزی ئاسمانی لە نیمچە دەریای ئەندەلس، لەوێشدا بەرەی دەریای سپی ناوەڕاست هەبوو، کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد و هیچ قەڵابەندیەکیشی نەبوو، هەروەها هێزێکی واشی لێ نەبوو کە لە لایەنی سەربازیەوە گرنگی هەبێت،

موقەدەم (میردترنگ) سەرۆکی بەشی جوولە لە دەستەی ئەرکانی رۆنشتد هەموو رۆژێك نامەیەکی نوێی ئاگادارکردنەوەی دەربارەی ئەو ناوچانە پێشکەش بە رۆنشتد دەکرد. کە ئەگەری داگیرکردنیان هەیە و ناوەڕۆکی ئەم نامانەش لە نێو سەرچاوەکانی دەرەکی و ناوەخۆ کۆدەکردەوە. چالاکیەکانی ئاسمانی دوژمن زیاتر بوو لە فەڕەنسا بەتایبەتیش لە شەواندا، هەروەها فرۆکەکانیش ئەفسەر و جێگرە بەریتانییەکانیان بۆ مەڵبەندی بزوتنەوەی بەرهەڵستیکارەکان دەگواستەوە، هەروەها چەکێکی زۆریشیان بۆ فڕێ دانە خوارەوە، بە تایبەتیش جۆری غەدارە. جوڵانەوەی بەرهەڵستیکاری فەڕەنسی تاکو پێش ساڵی ١٩٤٢ ترسناك نەبوو و چەند ئەندامێکی تێدا هەبوو کە بریتی بوون لە چەند کەسێکی ئەرکانی سوپا، بەڵام ئەمانە لەلایەنی سەربازیەوە جێگای ترس نەبوون، تا ساڵی ١٩٤٣ شێوەی ئەو بەرهەڵستیکاریە یان

ئەو بزوتنەوەیە گۆڕاو ڕێکخستنەکانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەرەیدەسەند تاکو بوو بە سێ کۆمەڵ کە لە نێو خۆیان لەمەڕ کێشە سیاسی ناوەخۆییەکان ململانێیان دەکرد، لەمبارەیەوە زۆر لە حکوومەتی فیشی داواکرا بە پۆلیس ئەم ترسناکیە لەناو ببات. هێرشەکانی مغاویر لە زیادبووندا بوون و بریتی بوون لە هێرشی ڕێك و پێك بۆ سەر کەنارەکان، ئەم هێزانەش مغاویری بەریتانیش پێی هەڵدەستان بریتی بوون لە خراپە کردن و تێکشکان و لە زۆر حاڵەتیشدا هەڵدەستا بە کۆکردنەوەی زانیاری. ئەم هموو ڕووداوانە لە ساڵی ١٩٤٣ لە ڕۆژئاوا ڕوویاندا و توند و تیژیەکان زیاتر بوون. هەروەکو لەسەرم پێویستە ئاماژە بەلایەکی تر بکەم ئەویش گەشەسەندنی شوعیەکان بوو لە ڕۆژئاوا و چالاکیە ناوچەییەکانیشی لە پێشووتر زیاتر بوو، لەدوای هەرەس هێنان لە ستالینگراد، هۆبەی هەواڵگەری دوژمن دەستیکرد بە کارێکی چالاك کە لە دواییدا زانیان بە کۆمکاری ئەڵمانیای سەربەست لە ڕووسیا کە ئەفسەری ئەڵمانی پێشوو بەشداری تیادا دەکرد کە پێشتر لەلایەن ڕووسیا بە دیل گیرابوون، لە نێوانیان ناوی کۆن هەبوو وەکو (فون سبیراتس) ،ئەمەش لەلایەن ڕۆنشتدەوە نەك هەر بڵاوکردنەوەی نهێنییەکان بوو، بەڵکو ناپاکی و خیانەت بوو کە مەترسی هەبوو لەسەر بە فیرۆدانی گیانی زۆر لە ساربازانی ئەڵمانیا لە بەرەی ڕۆژهەڵات. ئێستاکە شێوەیەکی نوی لە پڕوپاگەندەی هاوپەیمانان دەستیپێکرد لە ڕۆژئاوا، نامەکانی بێتەلی ئەمەریکی- بەریتانی گوی بیست دەبوو کە لە بارەگای ڕۆنشتد بانگەوازی دەکرد بۆئەوەی ڕێز لە ئەفسەرە ئەڵمانییەکانی بەشداربوو لە کۆمکاری ئەڵمانیای سەربەست و ڕێزلێنانێکی باشیان لێبگیرێت. ئێمە لە ڕۆژئاوا بووین و بۆ ئێمەیان ڕوون دەکردەوە، کە ئەم ناپاکانە، نموونەی

ئەفسەرە پاکەکانن و، خاوەن رەوشتن و پێویستە رێزیان لێبگیرێت. ئەمە پڕوپاگەندە بوون و بەشێوەیەکی تایبەت ئاڕاستەی رۆنشتد و دەستەی ئەرکانەکەی دەکرا، وەلامی رۆنشتد ئەوەبوو دەیگوت (سیاسەت هەموو جۆرە ناپاکێك وەبەر دەهێنێت، بەلام خیانەتکاران پایەدار ناکات) .خەندەقی بەرگریکەرەکانی رۆنشتد لەسەر کەنار بوو، بۆ یە ئەم خەندەقانە بە هەموو هۆیەك دروستکرابوون، لە دواییدا دەردەکەوی کە جێگای گومان لەلایەن رۆنشتدە. هەر سەرکردەیەکی سەربازی خاوەن بیرێکی راست و یەکسان پێویستە بە باشی سەیری ئەگەری هەرەس هێنانی خۆی بی، ئەگەرچی هەلوێستیشی گونجاو بیٚ، سالی ١٩٤٣ هەلوێست لە رۆژئاوا زۆر ترسناك بوو. جەنگی توندتریش لە ئەفریقیا بەردەوامبوو، لەوەش زیاتر لە بەرەی رۆژهەلات کە سەرچاوەی ماندووبوونێکی زۆر بوو بۆ هەموو پیاوەکان و کەل و پەلەکان، ئەو هێزانەی کە جوولەیان بەرەو رۆژئاوا نەبوو، تەنها کەمێکیان نەبێت. هەندێك لەو تیپانەی رۆژئاوا لە چەند پیاوێکی بەسالاچوو پێکهاتبوو کە چەکی کۆنیان بە دەستەوە بوو، توانای جولانەوەیان کەمبوو کە نەیاندەتوانی سەرکەوتن بە دەست بهێنن، هەروەها زۆربەی ئەو تیپانەی سەر کەنار ولاغیان بۆ گواستنەوە بەکار دەهێنا و لەو هەمان کاتیشدا تۆپ هاوێژەرەکانیان خێرا نەبوون، فەرمانەکان داوایان دەکرد هێدی هێدی تیپە باشەکان بەرەو رۆژهەلات بنێردرێن و تیپە ناچالاکەکان ئەوانەی کە مەشقێکی کەمیان کردبوو شوێنی ئەوان بگرێتەوە، لەمەش زیاتر تیپەکانی زرێپۆش و پیادە لە رۆژهەلاتەوە بگوازرێنەوە بۆ رۆژئاوا و مانەوەی بۆ ماوەیەکی کەم و دووبارە گەڕانەوەیان لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەلات. هەروەکو پێویست بوو بیر لەم جۆرە هەلوێستانە بکرێتەوە بۆ

ئامـادەكردنی خەندەقـەكانی پشـتەوە و ئامادەكردنیـان بـە شـێوەیەكی باش، نموونەش لەسەر ئەم جەنگی جیهانی دووەم خەندەقەكانی پشتەوە بەتایبـەتی لـە رۆژئـاوا زۆر بـە شـێوەیەكی وورد دروسـتكرابوون، ئـەم خەندەقانەش جێگای زامنكردنـی سـەركردە بـەرزەكانی ئـەڵمانیا بـوو لـە كاتی ئالۆگۆڕكردنی هەڵوێستەكان، ئەگەرچـی هیتلـەر لەسـەر ئـەم جـۆرە بیر و بۆچوونانە كۆك نەبوو كە پێویست بـوون لـە رووی سـەربازییەوە لـە بەرەكانی جەنگ دروست بكرابایە..

بۆچوونی هیتلەر وابوو لـە كـاتی دروسـت كردنـی ئـەم جـۆرە خەندەقانـە مانای كشانەوەیە بۆ دواوە پـێش ئـەوەی هەڵـەكان لـە دەسـت دەرچـن و بەرگریەكی توند نەكرێ، هیتلەر هەر لە ساڵی ١٩٤٣ وە ئەم دروشمەی بۆ خۆی گوتۆتەوە ئەویش:

(لە جێگای خۆت جێگیر بەو،لەسەر یەك بستە خاكی خۆت سازش مەكـە) . ئـەم جـۆرە مردنـەش بـە هـەموو روویـەك لـە رووەكـانی سـەركردایەتی راستن، كە دەبێت پشت بە جووڵان و ماندووبوون ببەسترێت، لەبەرئەوەی رۆنشـتد و سـەركردەكانی ئـەڵمانی دیكـە هـەر لەسـەر ئـەمجۆرە میراتـەی سەربازی مەشـقیان كردبـوو. چـونكە دەسكەوتەكانی سـەربازی ئـەڵمانی پێشوو یان سەدەی هەژدەم بەرەو ژوور بـەهۆی لێوەشاوەیی و جووڵـەی ئەڵمان بە چـاوی گومانـەوە سـەیری ئـەمجۆرە پێشـنیارانەیان دەكـرد لـە دروسـتكردنی خەندەقـەكانی پشـتەوە وەك رێـو شـوێنێكی خۆپاراسـتن، چونكە لێرەدا دووبارە هۆكارێكی تر هەیە كە ئـەویش ترسـی هیتلـەرە لـە بـە فـیرۆ چـوونی شـكۆداریان، كەواتـە خەنـدەقێكی تـری ئامـادەكراو لـە رۆژئـاوادا هەیـە، ئـەویش لـەو باوەڕەدایـە تـەنها دروسـتكردنی بەرگریـە دەبێتە هۆی لەدەسـت دانـی ناوبـانگی (كـە نابێـت چـۆك بـدەیت) كاتێك

هیتلەر لە ساڵی ١٩٤٠ لە وەدەستهێنانی پلەکانی سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا، بۆیە لە ساڵی ١٩٤١ بەرەو ژوور ڕۆژئاوا ئامادەبێت بۆ بەرگریکردن، بەڵام خۆ ئامادەکردن بۆ بەرگریکردن تاکو ساڵی ١٩٤١لە ئامادەباشیدا نەبوو تا دەگاتە سەرەتای ساڵی ١٩٤٢. ئەگەرچی ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٤١ دەستیکرد بە خۆئامادەکردنی بەرگرییەکانی بەڵام بە لێکدانەوەی ئەوان دەتوانرا لە ڕۆژئاوا لە ساڵی ١٩٤٤ بەرگری بکرێ، هەروەها ئەو شەڕەی کە بەڕێوە بوو ئاسان دەبوو، وا نەبێت هیتلەر گرنگییەکی زۆری بە بەرگریەکانی دەشتایی نەدابێت، بەڵکو پێی وابوو خەندەقە ئامادەکراوەکانی لە شیش و چەمەنتۆ بە تەنیا دەتوانن خۆ ڕابگرن و بەرگری بۆردومانەکانی ئاسمانی و تۆپە قورسەکان و هێرشی زرێپۆشەکان بگرێت، بەڵام دەبێت ئەمە تێبگەین کە زەحمەتە هیچ دەوڵەتێك لە جیهاندا هەبێت بتوانێت جۆرە خەندەقێك بە درێژایی هەزاران میل دروست بکات... دەبێت ئەو قەڵابەندیە خراپانە بە وردی و لە قوڵایی زەویدا بە ڕێك و پێکی ئەنجام بدرێن، بەڵکو هەموو کاتێك دەبێت گرنگی پی بدرێت بۆئەوەی لە گۆڕەپانی جەنگدا بە خێرایی ئەنجام بدرێن، بە هێزکردن و چاککردنیش بە چەمەنتۆ و ئاسن دەبێت بەس. چونکە تا ئێستاش فەرمانی زانیاری و لێکۆڵینەوە لەسەر خەندەقەکانی بەرگریکردن زۆر دواکەوتووە، دوای تێپەڕبوونی کاتێکی گونجاویش خەندەق تۆپەکانی کەنار بە شێوەیەکی گشتی هەر خراپ بوون، کە لەڕاستیدا تۆپەکان کۆڵەگەی پشتی بەرگریکردن بوون. لەبەرئەوە دەبێت هەمانگیەك لەلایەن یەك سەرکردەوە هەبێت، هەروەکو لە پێشوودا قسە دەربارەی بەکارهێنانی تۆپەکان لە نێوان سوپا و هێزەکانی دەریایی. سەرکردەی تۆپەکان لە بارەگای ڕۆنشتد خەباتێکی

زۆری دەکرد بۆ لەناو بردنی کێشەکان کە کۆتاییان نەبوو، چونکە هێزی دەریایی هەر لە کۆنەوە باوەڕی وابوو کە ئەو زانیاریەکی زۆری هەیە لە بەکارهێنانی تۆپەکان، ئەگەرچی زانیاریەکانی ئەو دەربارەی بەکارهێنانی تۆپەکان وابوو لە جەنگی دەریایی، بەڵکو بۆ خەریککردنی نیشانەکانی دەریایی خێرا و ماوەی دوور و مامناوەندی بوو، بەڵام پیادە ئەمجۆرە زانیارانەی نەبوو، باشتروابوو راستەوخۆ دوژمن لە کەناری ئاوەکان خەریك بکات، بەتایبەتی ئەو دوژمنانەی کە دادەبەزین، بۆ ئاسانکاری دەبووایە ئەرکەکان بەم شێوەیە دابەشبکرایە.

١- بەتاریەی کەنار : کە سەر بە هێزی دەریایی بێت و ئەرکەکانی سەرەکیشی خەریککردنی ئەو ئامانجانەیە کە لە دەریاوە دوورن.

٢- بەتاریەی کەنار ئەوانەی ماوەی تۆپەکانیان کەمە لە دژی ئەو دوژمنانەدا بەکاردێت کە لە ئاسمانەوە دێنە خوارەوە. بەڵام هیوای بەیەك گەیشتن دەربارەی دیاریکردنی ئەرکەکان زۆر بی هێز بوو لەبەیەك گەیشتنی بیر و رای هەردوولا دەربارەی بەکارهێنانی تۆپەکان، دوای ئەوەی راسپاردەی فوهرەری ژمارە ٤٠ ی بڵاوکردەوە کە لە ئاستی ئەو هێزانەدا نەبوو تاکو رۆنشتد بتوانی بڕیارێکی ئازایانە بدا، لەبەرئەوەی هێزەکانی دەریایی کە سەرکردایەتی دەکرد، لە هێڵێکیتووندا بوو لەگەڵ هیتلەر و لەژێر کاریگەرییەکی بە هێزتری سوپادا بوو. ساڵی١٩٤٣ هیتلەر لە ئەنجامی کارتێکردنی پێشنیاری سەربازە تۆپ هاوێژەکانی دەریایی فەرمانەکانی دەرکرد و کەوتە ژێر کاریگەری بیر و باوەڕەکانی و پاڵینا بۆ چاککردنێکی گەورە بە دانانی ژمارەیەکی زۆر لە بەتاریەکانی کەنار لە نێو خەندەقە چاکەکان، ئەنجامی ئەمەش چونکە بەتاریە نوێیەکان گرنگییەکی گەورە و دیاریکراوی بە سوودیان لە جوڵانەوە

دەبێت.لێرەدا نموونەی بەتاریەکانی عەیار ١٧ سم دوور هاوێژیان ١٨ میل دەبێت بۆ هانا هاتن و بە دەستهێنانی لەسەر کاریگەری ئاگری تەواو، چونکە لە بەندینخانەیەك بەند کراوە کە دەبێت لە ئاسن و چیمەنتۆ دروستکرابێت.هەر لەبەر رووناکییەکانی داگیر کردندا کە ساڵی ١٩٤٢ لە دبیب روویاندا پێویستە چەند شتێکی رۆنشتد و هەندێك لە سەرکردەکانی وەك خۆی روون بکەینەوە کە دژی لە گۆڕانی چەکەکان بوون لە ئەو تۆپەڵانەی کە لە ئاسن و چەمەنتۆ دروست کرابوون چونکە ئەو چەکانە دەبووایە لە نێو ئەو خەندەقانە کاربکات و بەرەنگاری دوژمن ببێتەوە و بەرەو هەر لایەك کە پێویست بێت، یان دژی ئەو دوژمنانە بەکاربهاتایە کە چەند هەزار یاردەیەك لەبەرەی جەنگدا دوور بوون، لەمەش زیاتر بەکارهێنانی بوو لە دابەزینی دوژمن بۆ کەنارەکان، دەتوانین دەرەنجامی ناخۆشییەکانی کە بەسەر تۆپهاوێژەکاندا روویاندا بەمجۆرە بوو :

لە ساڵی ١٩٤٣ لە ناوچەی رۆنشتد نزیکەی ١٤٠ بەتاریەی کەنار لە یەکەکانی سوپادا لە نێو خەندەقە باش و هەمیشەییەکاندا هەبوو، زۆربەی ئەم بەتاریانەش عەیارەکانیان لە نێوان ٥-١٠ سم بوو کە دەستکردی ئەڵمانیا بوو، لەوانەش ئەو تۆپانە فەرەنسی و پۆڵەندی و چیکوسلۆڤاکی بوو کە لە شەڕدا دەستیان بەسەردا گیرابوو، هەروەها تۆپەکانی رووسیا بوو کە عەیارەکەی لە نێوان ١٢-١٠ سم بوو، لەگەڵ تۆپەکانی فەرەنسا کە عەیارەکەیان لە نێوان ١٥-٢٢ سم بوو، بەڵام تۆپە نزیك هاوێژەکان و هەندێك لە جۆرەکانی دیکەی تۆپەکان لە (٣٤٠) تۆپ پێکهاتبوو کە عەیارەکەیان لە ٢-١٥ سم بوو کەهی زۆربەی نەتەوەکان بوون، زۆربەی ئامێری راکێشانەکانیان کۆن بوون، بۆ ئەم تۆپانەش ناخۆش بوو بۆ خەریکردنی نیشانەکانی جووڵاوە لە شەودا، بەڵام

هێزەکـانی دەریـایی لـەلای دووەم و باشـترین تـۆپی نوێیـان هـەبوو کـە باشـترین ئـامێری نیشـانە پێکانیـان هـەبوو. بۆیـە رۆنشـتد هـەموو کـات بـەمجۆرە تەنگەژانـە خـەریکبوو، بۆیـە دەسـتە و وەسـتان بـوو لەسـەر زاڵبوونی بەسەر هەڵوێستەکان، چونکە زۆربەی بڕیارەکان بۆ ئەو کەسانە بوو کە دووربوون و کاریگەری زۆریان لە دەست و پێوەندەکانی هیتلـەردا هەبوو، هەروەها دوو دڵ بوو لە پێدانی چەك و تەقەمەنی بەو کۆمەڵە نێو دەوڵەتییە.

جگـە لـە هێزەکـانی ئاسمـانی و تیپـی تانکـەکانی یـەدەگ کـە باشـترین هێزبـوون بـۆ بـەرگریکردن لـە رۆژئـاوا، ئـەو تیپانـەش هێـزی گـەورەی شـەڕکردن بـوون، زۆر لـەبار بـوون بـۆ جووڵانـەوە و لـە توانایانـدا هـەبوو گەورەترین خزمەت بە هاوبەشی هێزی ئاسمـانی پێشـکەش بکـەن. لیـوای بەناوبانگ (کیرفن جوین بێرگ) بەسەرکردەی یەکەکانی تانك لـە بارەگـای رۆنشتد دامەزرێنرا، کە لەپێش جەنگدا پلەی پاشکۆی سەربازی هەبوو لە باڵویزخانەی لەندەن، یەکێك بوو لە شـارەزاکانی رۆنشـتد دەربـارەی ئـەو شـتانەی پەیوەنـدیان بـە ئامـادەکردنی سـەربازەکان و گواسـتنەوە و بـەکارهێنانی زرێپۆشـەکاندا هـەبوو، نـاوبراو کەسـێکی لێهـاتوو بـیر و بۆچوونەکانی فراوان بوون، هیچ کاتێك بـیر و بۆچـوونی لەگـەڵ رۆنشـتد و دەستەی ئەرکانەکەی نەدەگونجا و کۆك نەبوون.

پێویستە بڕیارێك بـدا کـە کـەس پێشـبینی نـەدەکرد ئەوەنـدە کاریگـەری لەسەر هێزی ئاسمانی و جووڵانەوەی هێزەکانی گەورەدا هـەبێت، لـەدوای سـاڵی ١٩٤٣، چـونکە جـەنگی هێـزی ئاسمـانی بـەس ئەوکاتـە دەستیپێکرد ! ! ئەگەر هاتوو لیوا فۆن جـون بـیرك تووشـی پێکـان هـات، لەگەڵ ئەوەشدا بە تێڕوانینی رۆنشتد و دەستەی ئەرکانەکەی گرنگییەکی

زۆر بــه تیپــەکانی زرێپــۆش نادرێــت و دەبێتــە بەهانەیــەك بــۆ جووڵــە پێکردنی، چونکە لەوێدا بەرەیەکی دەریایی بی شوومار هەبوو کە لە جەزیرەی (تسل) درێژ دەبۆوە تا دەگەیشتە جەزیرەی (ئەپرون) لەلایەکی ترەوە بەرەیەکی تر هەبوو کە لە فندرس درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە منتون، بۆیە دوژمن لە توانایدا هەبوو لەهەر شوێنێك لەو شوێنانە هێزەکانی ئاسمانی بێتە خوارەوە.

گومان لەوەدا نەبوو کە هێزی زرێپۆشەکان ئامادە بوون بەرگری لەو شوێنانەدا بکەن کە لەوانە بوو هێزەکانی دوژمن لە ئاسمانەوە تیایدا دابەزن. بەڵام ئەگەری زۆری هەیە کەوا لە مرۆڤ دەکات کە دەستە وەستان بێت بەرامبەر دابەزینی دوژمن کە پێویست بوو لەو شوێنانەدا دابەزن !

کاتێك پێکهاتەی زرێپۆشەکان ئاگادار دەکرێتەوە بۆئەوەی بەخێرایی بجووڵێن و بۆ ئەو ناوچەیەی هەڕەشەی لەسەرە لە ئەنجامی باڵا دەستی هێزەکانی ئاسمانی دوژمن، ئەوکاتە نرخی زرێپۆشەکان لە رووی ئامادەکردنەوە کورت دەبێتەوە بەس.

لێرەدا پیچویستە ئاماژە بۆ لێکدانەوەکانی المارشاڵ (سیریل) بکەین کە سەرکردەی گشتی کەشتی گەلی ئاسمان بوو، ئەو پێی وابوو فریاکەوتنە گرنگەکان لەکاتی روودانی جەنگدا بوو لەو پۆلانەی کە پێویست بوون لە بەرەیەکی جەنگەوە بگوازرێتەوە بۆ بەرەی جەنگی رۆژئاوا ئەگەر پێویست بووایە.

لە ساڵی ١٩٤٣ نەتوانرا سەرکەوتنی ئاسمانی دابین بکەن، ئەگەچی هێزێکی ئاسمانی تەواو هەبوو بۆ گواستنەوەی سەربازە دیاریکراوەکانی

یەکەکانی زرێپۆشەکان. رۆنشتد (سبیریل) لە ساڵی ١٩٤٣ دەیزانی ئەو پەیمانەی کە دابووی بۆ گەیاندنی پێداویستیەکان لە ساڵی ١٩٤٤ نەگەیشتن لەبەرئەوەی هەڵوێستەکان لەوێدا لە گەشەسەندندا بوون.

دووبارە دەگەڕێمەوە سەر پێناسە جیاوازیەکانی نێوان بیر و باوەڕە هەمە جۆرەکان، لەوکاتەی دەمەوێ چارەسەری بەکارهێنانی یەکەکانی سوپا (ب) بە سەرکردایەتی رومل لە ساڵی ١٩٤٤ بکەم، لێرەدا بەوەندە واز دەهێنم کە تەنها بە دڵنیاییەوە کەوا بیر و بۆچوونی رۆنشتد و سەرۆکی دەستەی ئەرکانەکەی وایاندەزانی کەوا هێزەکانی زرێپۆشە یەدەگەکان بۆ هەڵوێستە ترسناکەکان زۆر پێویستن، بەڵام سەرکردەی بەرپرسی ناوچە فراوانەکانی بەرەی رۆژئاوا پێویستە لەسەری کەوا هێزە یەدەگەکان لە ژێر فەرمانیدا بێت، هەروەها بۆی هەیە هەر کاتێك بیەوێت بەکاریان بهێنێت بە گوێرەی هەڵوێستە گشتییەکان، بە بێ بوونی ئەم یەدەگانەش بەرگرییەکی سەرکەوتوو مەیسەر نابێت !!.....

سەرەڕای کاریگەری یەکلاکەرەوەکەی هێزی ئاسمانی لە جەنگدا، بە تەنهایی ناتوانێت بەتەنیا سەرکەوتن لە شەڕەکەدا بەدەست بهێنێ، لەبەرئەوەی هەردەم پێویستی بە هێزی پیادە دەبێت بە تایبەتی هێزی زرێپۆش، بۆیە نابێت رۆڵی هێزی پیادە فەرامۆش بکری و دەبێت مەشقێکی زۆر باشیانهەبێت و لەسەر هەموو جۆرە چەکێکیش رابهێنرێن، چونکە تاکو ئێستاش ناتوانری پشت لە هێزی پیادە بکرێ لە جەنگدا ببێتە ئامێرێکی سەردەمانە، وە راهێنانێکی ورد رابهێنرێن و بە چەکی سەردەمانە پڕ چەك بکرێن، رۆنشتد پێی لەسەر ئەمە دادەگرت و بەبێ دوو دڵی. ساڵی ١٩٤٣ خاڵی وەچەرخانی سەربازیی گەورە بوو، شەڕی وێرانکاری ساڵی ١٩٣٩-١٩٤١ بەسەرچوو و سەردەمی هێرشەکانی بە

دوای راکێشا لە بەرەی ڕۆژهەڵات و باکووری ئەفریقیا، خاڵی تەوەرەی ناوەڕاست رقیان هەستا بەتایبەتی یابان لەسەر بەرگریکردن پاش ئەوەی ئابلۆقە دران. لە ساڵی ١٩٤٣ –بەرەنگاربوونەوەی گەورە لە هاوپەیمانان دەستیپێکرد بەرامبەر تەوەر و شەڕی ئاسمانی لەسەر ئەورووپای ناوەڕاست، جگە لە هەڵسانی هێزی هاوپەیمانانی ئاسمانی بۆ گرژداچوونەوەی ڕۆژئاوا بۆ پێکهێنانی هێزێکی بێ شومار لە فڕۆکەی ئەمریکی و بەریتانییەکان، کە بەردەوامبوون لەسەر چالاکیەکانیان بێ کۆڵنەدان بەسەدان لەو تەیرە زیویانە لە باڵای ئاسماندا دەسوڕانەوە بە پێکهاتەی لێك نزیك ئەوا کاریگەری هەبوو لەسەر دەروون، جگە لە راماڵینی دەشتەکان بە بوردومانکردنی هێزەکانی ئاسمانی بۆ پێکانی فڕۆکەخانەی و شەمەندەفەر لەولاشەوە بۆردومانێکی ترسناك و ناڕەحەت پێ بە پێ لە زیادبووندا بوو بە شێوەیەکی گشتی نیشانە سەرەکییەکانی وەك ئامێری مەکینە و ئەو ئامێرانە بوون کە وەستا بوون و لە جووڵە دابوون. ئەو هەموو جۆرە هێرشانەش رۆژ لەدوای رۆژ زیادیان دەکرد، رۆنشتد بەسەر پیادەکانی هێڵی ئاسنی فەڕەنسی دا هەڵدەگوت و بەتایبەتی ئەوانەی بەردەوامبوون لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆیان، سەرباری ئەو هەموو زەرەر و زیانانەی کە بەردەوامبوو، هەر لەبەر ئەمەش رۆنشتد دیاری تایبەتی پێبەخشین لەوەش زیاتر بڕیارێکی دەرکرد بە ئازادکردنی خزم و کەسی ئەم کرێکارانە ئەوا لە جەنگدا لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە دەست بەسەر کرابوون لەساڵی ١٩٤٠ وەك رێزلێنانێك بۆ ئەوان.کاتێك هێرشە ئاسمانییەکان توند و تیژتر بوون رۆنشتد پێشبینی لەوە کرد کە ئەمە سەرەتای دەست پێکردنی داگیرکەرانە لەلایەن هاوپەیمانانەوە. بووردومانەکانیش زیاتر لەسەر شارە

پیشەسازییەکان هێڵی بەیەك گەیشتنیان بوو، نەوەك لەسەر داترازانی ویستی ئەڵمانیا بۆ بەرگریکردن. بەڵکو هەوڵیدەدا بۆ بەدەست هێنانی پڕوپاگەندە لە نێو پێکهاتەکانی هێڵی ئاسنیندا، هێرشکردنی راستەقینە لە سەرەتا هێندە ئاسان نەبوو بۆ سەر قەڵای ئەورووپی ناوەڕاست گەرهاتوو لاوازی بەردەست نەبێت، لە ئەنجامی شەڕی ئاسمانی وەلەسەر هەموو پێکهاتەکان وا پێویست بوو لە رۆژئاوا پارێزگاری لە تۆماری هێرشەکانی ئاسمانی بکەن بە دیاریکردنی کەی و لەکوێ روویدا بووردومانە ئاسمانییەکە،ئەمەش دیاری بکرێ لەسەر نەخشە تایبەتییەکان بۆ بەدەست هێنانی وێنەیەکی روون لە بۆردومانکردنی قورسەکان کەوا هاوپەیمانەکان گەرەکیان بوو لەگەڵ کەشتییەکانی ئاسمانی ئەڵمانی سێیەمساڵی ١٩٤٣، هێزەکانی زۆر لە کورتیدا و کورتیەکی بەرچاو، هەروەها دوژمن هێشتا نەیتوانیوە گەورەیی هێزی ئاسمانی بەدەست بهێنێ، هەروەها فڕۆکەخانەکانی فڕۆکە جەنگیەکان نزیکبوون لە کەنار هێواش هێواش بەرەو کورتی دەڕۆیشت، لەبەرئەوە وا پێویست بوو کە فڕۆکەکان بگوازێتەوە بۆ شوێنە دوورەکانی پشتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنی ئەو فڕۆکە شەرکەرانە رقیان هەبوو لەوەی کە بچنە ناو قوڵایی خاکی فەڕەنسا، بۆیە چالاکیەکانی ئاسمانی لە کەنار بەرەو کزی چوو، تۆپە دژە ئاسمانییەکانی عەیار ٨سم و عەیار ٨٨ ملیمەترەکانی ئەوا بەریتانییەکان دەیانهاویشت و دەستە وەستان بوو بۆئەوەی بگات بە بۆمبەکانی پێکهاتەکانی کەوا لە پێشتر بەرزتر دەفڕین. هەروەها تۆپە دژە عەیار ٨ و ١٢ سم نەیاندەتوانی ئاسانکاری بەرپا بکەن مەگەر بە شێوازێکی کەم نەبێت. کەشتی گەلە بچووکەکان زۆر لێهاتوو و وشیاربوون بەڵام سەرکەوتنی کەشتیە ژێر ئاوەکان لەگەڵ

بەسەرچوونی ساڵ لە جەنگی یەکەمی جیهانی بەرەو نەمان چوون، بۆیە ئەڵمانیا ناچار کرا لەسەر بەرگریکردن لەخۆ لە ڕێگای دەریاوە هەر لەو کاتیشدا بەمانای وشە هیچ کەشتی گەلێك نەما.

چالاکیەکانی کەشتی گەلی ناوچەی دەریای ڕۆژئاوا لە کەمیدا بوو بۆ بەرگکریکردنی لە کاروان و لە کەناری دەریاییە نزمەکان و کۆکردنەوەی زانیاری دیاریکراوی سنووردار، ئەو کاروانانەش مادەی خامیان لە ئیسپانیاوە دەهێنا کە هەندێ لەو مادانە لە ئەڵمانیا کەمبوو، لەسەر ئەو کاروانانەش پێویست بوو کە قۆناغ بە قۆناغ لە بەندەرێکەوە بۆ بەندەرێکی تر بڕۆن تا دەگاتە هۆڵەندە، چونکە ئەو کاروانانە هەموو کاتیچك لەو خاڵە نیشانکرانەبوون کە هێرشیان دەکرایە سەر لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانی ڕۆژئاوا لەڕێی ئاسمانی و دەریایی. بۆیە پێکهاتەی ئەو ژمارە کەمەی کەشتیە بچووکانەی کەوتبوونە دەریای ڕۆژئاوا، ئەرکەکانی خۆیان بەجێهێشت و خۆیان یەکلایی کردەوە بۆ بەرگریکردن لەم کاروانانە !

ئەو کەشتیە باشانەی ژێر ئاوەکان کە چەندان هێرشیان دەکردە سەر کەشتیەکانی دوژمن و ئەم هێرشانەش بەشێوەیەکی گشتی وەکو ئیشی لێدانی دەرزی وابوو لەسەریان هێندە کاریگەری هەبوو، هەروەها کە نەیاندەتوانی زانیاری تەواو بەرفرەوانی دەریایی وەربگرن مەگەر لەسەر شوێنێکی دیاریکراو نەبێت لەبەر نەبوونی ژمارەیەکی کەم بۆ ئەم کارە.

ئەو کەشتیانەی کە گەڕانەوەش کەوتنە ژێر چاودێریەکی تایبەتیەوە، لەدوای گەڕانەوەشیان بۆ بارەگاکانی لە (بورد) و لە (الاروشل) یان (نازیر) یاخود هەر بارەگایەکی تر کە تیایدا دەمانەوە و کەشتییەکانیان

تیادا پاك دەكردەوە و پشووشیان لەوی دەدا، كەشتیە ژێر ئاوەكانی ئیتالی و یابانیش ناوە ناوە ئەم شێوازەیان پەیڕەو دەكرد !!

دەریایەكە كەشتیەكی كەمی هەبوو لەگەڵ كەسێكی زۆر كە بەكاردەهێنران بۆ تۆپ هاوێشتن و بەرگریكردنی لەزەوی، ئەوەش فەرمانێك بوو كە دەرباز بوونیان نەبوو، ئەنجامیش هێزەكانی دەریایی هەستان بە جێبەجێكردنی ئەركەكان لە جیاتی سوپاكانی كەنار، ئەگەرچی هێزەكانی دەریایی گەورە بوون هەروەكو لە جەنگی یەكەمی جیهانییش گەورەبوو، چونكە بەرگریكردن لە كەنارەكان مەسەلەیەكی سەرەكی بوون كەواتە ئێستاكە ئەركەكان بە شێوەیەكی هەڵە جێبەجی دەكران. ئەو دابەزینەی كەنار دیمەنێكی سەرسوڕهێنەری بەخۆیەوە بینی، هیتلەر زۆر حەزی لە قەڵابەندی دەكرد،وشەی قەڵا كاریگەری زۆری هەبوو لەسەربیر و باوەڕ و دڵنیایی هیتلەر، بەڵام ئەو وشەیە هەمان كاریگەری نەبوو لەسەر ڕۆنشتد، بۆیە گرنگیەكی زۆر كەمی پێدا، بەرزبوونەوەش بۆ پلەی قەڵات كە ئێمە بە گاڵتەجاریەوە لە بارەگای ڕۆنشتدەوە ئەم باسەمان دەكرد، چونكە لە ڕاستیدا هیچ سوودێكی بۆ ئێمە نەبوو، هیتلەر هەوڵ و تێكۆشان و كاتێكی زۆری بەفیڕۆدا بۆ بەردەوامبوون لە دروستكردنی قەڵاتەكان، ڕۆنشتد زۆر بە دڵنیاییەوە دەیزانی كە دوژمن هێندە گێل نییە كەوا هەڵبكوتێتە سەر ئەم قەڵاتانە بە شێوازێكی ڕاستەوخۆ لە دەریاوە، لەبەرئەوەی دەیتوانی زۆر بە ئاسانی دەستیان بەسەردا بگرێت گەر لە ڕێگای كەنارەوە لە دەرەوەی ناوچەی قەڵا بێت، چونكە خاڵی بێهێزی دوایی كەوتبووە پشت قەڵاتەكان لە ڕووی وشكانییەوە، چونكە خاڵی بێهێزی قەڵاتەكە كەوتبووە لای

وشكانييەكەی هەروەكو چەند جارێك دوژمن لە ساڵی ١٩٤٣ ئەم لایەنەی بەكارهێنا بەهۆی پێگە پەرەشوتەكانەوە.

لەكوێوە دەتوانین بەرگری مسۆگەر بكەین لە ناوچەی قەڵاتەكان ؟

بەڕاستی پێویست بوو تیپێك یان دوو تیپ لە قەڵاتە گەورەكان هەبێت، لەگەڵ تیپێك لە قەڵاتە بچووكەكان، بەڵام ڕۆنشتد زۆر سوور بوو لەسەر باوەڕ هێنان بە بەرگریكردنێكی لاواز بۆ ئاسانكاری كەوا لە چەند كۆمەڵێك پێكهاتبوو كە لای ئەو بوو. هەروەها تۆپەكانی بەرگریش لە بەرەیەكی بەرفراواندا كەمبوو، لەبەرئەوەی لە نزیكەی هەموو بەتاریەی تۆپ هاوێژەكان لەناو خەندەقە پەنا دراوەكان جێگیر ببوون، لەسەر ئەو بنەمایەی كە دەتوانن بوردومانەكانیان بەرەو كەنارەكان بتەقێنن، بی ئەوەی گۆڕانكاری لە شوێنەكانیان هەبێت و ئاڕاستەكانیان بەرەو وشكانی بێت. ئەم دابەزینەش بووە هۆی دڵەڕاوكێیەكی گەورە بۆ سەركردە ڕۆژئاواییەكان. ئەگەرچی لەساڵی ١٩٤٤ دۆخەكان چاك نەبوون بەوەی كەوا هیتلەر هەندێك ئەفسەری باوەڕ پێكراوی دامەزراند و هەموو جۆرە متمانەیەكی پی هەبوون، بە پلەی فەرمانی دابەزین، لەسەر ئەم كەسانەش پێویست بوو سوێند بخۆن بە نووسراوێكی فەرمی كەوا بەرگری لەم قەڵاتە دەكەن ئەگەر بەهەر نرخێك بێت، ئەم سوێند خواردنە نووسراوەش بۆ هیتلەر ڕەوانە دەكرا، ئەگەرچی ئەو كەسانە یەكەیەك بوون پێویستیان نەبوو كە بتوانن پارێزگاری لە قەڵاتەكان بكەن، قەڵاتەكانیش تەنها چەند باڵاخانەیەكی ناتەواو بوون، بەپێی ئەو فەرمانەش كە تەنها ماف جووڵانەوەیان لەناو قەڵاتەكەدا هەبوو، هەروەها بیر و ڕای دەریاوانەكانیش وابوو كەوا بەرگری لەو قەڵاتە بكەن، فەرمانی ئەو قەڵاتەش دەستەڵاتێكی كاریگەری بەسەر هێزەكانی و هێزە

ئاسمانەکانەوە نەبوو، بەڵام لەسەر بەشەکانی تر هەیبوو، گەر زۆر پێویستی بکردبایە بۆ سزادانی کەسانی دەریاوان و هێزی ئاسمانی لە قەڵات کە نەیاندەتوانی بەتەنها بەیارمەتی دەستەڵاتی دادوەری هێزی دەریایی و هێزی ئاسمانییەوە جێبەجێ بکرابایە. هەر لەبەرئەوە ئەم فەرمانە لاوازەش هەموو کاتێك هەڕەشەی ترسناکی لە دادگا سەربازیەکانییەوە ئاڕاستە دەکرا، لەبەر بێهێزی ناو ئەم قەڵاتە یەکەیەکی ئاگادارکردنەوە دامەزرێنراو کەسانی سەربەو یەکەیەش زۆربەی زۆریان کرێکار و مەدەنی بوون لە جل و بەرگی سەربازیدا!!

بە هیچ شێوازێك کار لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا نەدەکرا ئەوەش کەوا لە ساڵی ١٩٤٤ ئەم ڕاستیە بە دیار کەوت، ڕۆنشتد هەڵسا بە پێداچوونەوەیەك بە شێوازی ڕاپۆرتێکی تەواوی بی پەردەیی و بەرپرسەکان ئاگادارکرانەوە لە سەختی هەڵوێستەکان و بە لێبوردنەوە کە ناتوانی بەسەریاندا زاڵبێ، بەڵام بێ سوود بوو، لێرەدا بە چاکی دەزانین کە تێبینییەك باس بکەین کە پەیوەندە بە نێوان هیتلەر و بیتان. هیتلەر پاش داگیرکردنی باشووری فەڕەنسا نامەیەکی درێژی تایبەتی بۆ مارشاڵ بیتان نارد تیایدا باسی ئەو هۆیانەی کردبوو کە وای لێکرد فەڕەنسا بە تەواوی بگری، بەم ڕستەی خوارەوەش کۆتایی پێهێنا کە دەڵی : (ئەی مارشاڵ گەر هەر داخوازی و تەنگ و چەلەمەیەکت هەیە لەلای مارشاڵ فۆن ڕۆنشتد باسی بکە) سەیر لەوەدایە هیچ یەکێك لەو نامانە نەگەیشتنە دەستی ڕۆنشتد. وا ڕوویدا لە ساڵی ١٩٤٢ بەڕێکەوت یەکێك لە فەرمانبەرانی ئەڵمانی باسی نامەکەی ڕۆنشتد دەکا کاتێك کەوا ئاگاداری هەندێك زانیاری دەکردەوە، ئەم فەرمانبەرە سەری سوڕما لەوەی کەوا سەرکردایەتی ڕۆژئاوا هیچ شتێك دەربارەی ئەو نامەیە نازانی، وەکو

ئەوەی کە مارشاڵ بیتان داوا دەکات بە گوێرەی نامەکەی هیتلەر دەبووایە بچێتە لای رۆنشتد بە سەردانێکی فەرمی، ئیتر هەر چۆنێك بێت ئەم سەردانە رووی نەدا، بەڵام دوای چەند رۆژێك رۆنشتد دانەیەکی لەم نامەیە بە دەست گەیشت، دەرئەنجامی ئەم نامەیەی هیتلەر لەساڵی ١٩٤٣، کەوا رۆنشتد لە پێشان زیاتر چاوی بە بیتان کەوتووە، لە هەمان کاتیشدا بوویتە هۆی گۆڕینەوەی بیر و رای ئەم دوو پیاوە بەو کارانەی کە پێویست بووە بە سیاسەتمەداران نەوەك پیاوانی سوپا، گەرچی رۆنشتد رقی لە سیاسەت دەبۆوە بەڵام رازیبوو بە گواستنەوەی ناخی حەزەکانی بیتان بۆ هیتلەر لەگەڵ ئامۆژگاریەکانی بۆ راییکردنی هەرچەند کە پێویستی بووایە لەو پێناوەدا، دوای گەڕانەوەشی بۆ بارەگای خۆی هەموو خاڵەکانی رێك دەخست و بە شێوەی بروسکە بۆ سەرۆکی گشتی سوپای ئەڵمانی دەنارد، لیوا بارون (فۆن نیرون) کە پلەی ئەفسەری پەیوەندییەکانی فیشی لە نێوان بیتان و رۆنشتد کاری دەکرد، وا دیارە کەوا نامەگۆڕکی هەبووە لە نێوان پێنتان و رۆنشتد سەرەڕای سەردانەکانی، گەرچی باڵوێزخانەی ئەڵمانیا بەرپرس بوو لە سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەڵمانیا، زۆرجاریش وا روویدەدا زیادە رەوی لە ئەرکەکان دەکرا لە نێوان پیاوی سوپا و سیاسەت ! !

کاتێك کە ئەو دوو سەرکردە سەربازیەمان دێتەوە یاد لە پاریس و برۆکسل کە سەرقاڵبوون بە سیاسەت هیتلەر و گەورە پیاوانی حزب سیاسەتێکی وایان پەیڕەو دەکرد کەوا هەموو دەستەڵاتدارەکانی خۆیان دەخستە دوای خۆیان، هەروەکو دەزانین چەندی بۆی کرا بەرگری لە سیاسەتەکەی کرد، سەرباری ئەمەش بۆی نەبوو بە هیچ شێوەیەك کەوا رێگر بێت لە دەرنەکەوتنی نوێنەرەکانی فوهر لەسەر شانۆی سیاسەت.

ئەو کەسانەش زۆربەی کات فەرمانبەری حزبی بوون و پلەی بالآیان هەبوو وە پالپشتیان لەلایەن هیتلەرەوە لێدەکرا، کە زۆر لە دەستەکانی ناوەخۆیی تر بەرزتر بوو. زۆر جاران ئەم فەرمانبەرانە دەستی دەستەلاتی ناوەخۆییەکانیان دەبەستایەوە، لە رۆژئاواوەش داخوازیەکی پێویست هەبوو بۆ بەدوادا گەرانێکی سەربازی لە ولاتە هاوپەیمانەکان یاخود پالپشتەکان بۆ پشکنینی دیواری ئەتلەسی، کە هیتلەر زۆر شانازی بەو دیوارەوە دەکرد، ئەم بە دواداچوونە سەربازیەش سەرکردەکان یەك لەدوای یەك سەرپەرشتیان دەکرد لە تورکیا و بولغاریا و هەنگاریا و فنلەندا و رۆمانیا و ئیتالیا و ئیسپانیا و ئەوانی تر..... ئەو ناوبانگیەی رۆنشتدی نێو دەولەتی وای لە خەلکە مێوانەکان کرد کە بێن لە نزیکەوە بیبینن و گەر بۆیان کرا بتوانن گفتوگۆی لەگەلدا بکەن، پەیوەندی تەلەفۆنی بوو بە شتێکی ئاسایی لە نێوان بارەگای رۆنشتد و ئەو کەسە بەرێزانەی کە ئارەزوویان دەکرد و لەسەر منیش وا پێویست بوو ئەم ئارەزووانە بە شێوەیەکی دیبلۆماسی بگەیەنم بە رۆنشتد، بەلام لەکاتی هاتنە ژوورەوەی میوانەکان سۆزێکی زۆر رووبەروویان دەبۆوە لەو پێشوازییە گەرمەی کە رۆنشتد لێی دەکردن بە خوو رەوشتێکی سۆزانە، کە هەموو پێی دلخۆش دەبوون، گفتوگۆکانی بە ئەلمانی و فەرەنسی ئەنجامدەدا لە هەموو سەردانەکان خواردنیان پێشکەش دەکرد و هەردەم کاتی سەردانەکانیش تەنها یەك کاتژمێر بوو. لە دوای نیوەرۆ، رۆنشتد گەر وەکو پێویست نەبووایە شتێکی وای نەدەخوارد وەکو باسبکرێ، بە خێرایی هەر لەدوای نان خواردنەکە دەرۆیشت زۆر جارانیش لە خواردنەکانی ئێوارە ئامادە نەدەبوو، دەتوانین ئاماژە بەم چیرۆکە بکەین (سەرۆکی نێردراوی تورکی بە پلەی لیوا دوای نان خواردن دەستی بە

قسان کرد و بەردەوامبوو لەسەر ئازایەتی سوپای تورکی گەورە لە ساڵی ١٩٣٠، ئەوەی کە تێبینیمان کرد، هەرچەند پیاهەڵدانەکان زیاتر دەبوون، ئەوا ڕۆنشتد هێواش هێواش تەنگەتاوتر دەبوو. کاتێك لە درێژەی قسەکاندا بوو، ڕۆنشتد هەڵساوە سەر پێ و بە بەرداخ لە مێزەکەی پێشەخۆیدا و گوتی (بەڕێزان بابخۆینەوە لەسەر شەرەفی وڵاتی تورکیا و گەلی تورکیا و سوپا ئازاکەی) میوانەکانیش بە کۆڵ یادگاری لەسەر کەسایەتی و کاریگەرەکان لەسەر هەڵس و کەوتەکانی پەروەردایەتی و ناوبانگی سەرکردەی نێو دەوڵەتی، زۆر بە ئاسانیش دەیتوانی کاریگەری خۆی لەسەر مرۆڤەکان جێبهێڵێت.

بەشی دەیەم

ماندووبوونەکانی بە فیرۆچوو

بەهاری ساڵی ١٩٤٣ رۆنشتد بۆماوەی سێ هەفتە پشووی وەرگرت و لە شاری بادتولز بەسەربرد، ئەو کاتە هیتلەر لە (برخستکادن) بوو ئەم دەرفەتەی قۆزتەوە بۆ بانگهێشتنی رۆنشتد بۆ بارەگای خۆی بەر لەوەی پشووەکەی تەواوبێت و بگەڕێتەوە بۆ رۆژئاوا، رۆنشتد لە کاتی پشوودا جل و بەرگی مەدەنی لەبەردەکرد، هەروەها خەڵك دڵخۆش بوون بە ناردنی ئەو ئۆتۆمبێلەی کە هیتلەر بە پاسەوانەکان بەدوای رۆنشتدی دانارد کە تاوەکو بیهێنێت بۆ بارەگای هیتلەر، سروشتی خەڵکەکەش وایان پێخۆش بوو کە رۆنشتد لەناو بەرگی سەربازیدا ببینن، کاتێك خەریکی سواربوونی ئۆتۆمبێل بوو خێزانەکەی پێی وت سەیرکە خەڵك چەندە تامەزرۆی بینینی تۆیە، رۆنشتد وەڵامی دایەوە گوتی ئا ئەوانە لە پێناو من نەوەستاون بەڵکو چاوەڕێی پاس دەکەن، سەرۆکی دەستەی ئەرکانی رۆژئاوا، سەرۆکی هۆبەی جووڵەکردنی مارشاڵی باوەڕپێکراوی (زمرمان) رەوانەکرد بۆ یادتولز بۆئەوەی رۆنشتد لەگەڵ هیتلەر بدوێ سەبارەت بە هەڵوێستە ترسناکەکان لە رۆژئاوا هیتلەریش وا لێی هاتبوو لەبەرپەچدانەوەی بابەتە سەخلەتدارەکان. بۆیە لەسەر بابەتی ترەوە قسەی دەکرد، لێرەدا گەورەیی هیتلەر زیاتر رەنگی دەدایەوە و بە وتەکانی بەوەی کە بیری لێدەکردەوە لە رووبەڕووبوونەوە گەورەکانی رۆژهەڵات، ئەم وشەیەش هێمایەك بوو بۆ قەڵات کە باشترین تیپ بەشداریان تێدا دەکرد، هەروەها باوەڕێکی پتەوی بە زرێپۆشە سەردەمیەکان هەبوو، کە ئاواتەخواز بوو بەلایەنی کەم ٩٠ تیپی رووسی

لەناو ببات، ئەم هێرشەش لە رووی (بایل کرود) دەگەیەنرا، هیتلەر زیاتر ترسی لە هەڵوێستی سیاسی ئیتاڵیا هەبوو پێشبینی دەکرد لە داهاتوویەکی نزیك بڕوخێ. لەو کاتەی ئیتاڵیەکان بچنە پاڵ هاوپەیمانەکان گەر ئەمەش روویدا دەبێت سوپای چوارەمی ئیتاڵی لە چەك دابماڵدرێت و مۆڵگەکانی بدرێتەوە دەست ئەڵمانییەکان بۆئەوەی کەوا رۆنشتد لە قسە بوەستێنی هیتلەر کۆتایی بە قسەکانی هێناو لەناکاو خودا حافیزی لە رۆنشتد کرد و گەڕایەوە بۆ پاریس بێ ئەوەی ویستەکانی بەدەست بێنێت، سەرۆکی بەشی جووڵە مارشاڵ زمرمان لە یادگارییەکانیدا نووسیویەتی دەڵێ :

(ئێمە باوەڕمان وابوو هیتلەر بەبێ پچڕان قسەی کردبێت، نەوەکو لەلایەن مارشاڵ رۆنشتدەوە گوێی لە شتێك بێت کە بەدڵی نەبێت، لەبەرئەوە رۆنشتد بڕیاریدا کەوا راپۆرتێکی درێژ و بێ پەردە لەسەر هەڵوێستی رۆژئاوا ئامادە بکات، کە دامەزرابێت لەسەر هەندێك راستی کە هیچ شك و گومانێکی تێدا نەبێت، بۆئەوەی سەرکردەی باڵا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، ئەم راپۆرتەش لە بەهاری ساڵی ١٩٤٣ نووسیویەتی جێگای تێڕامانی هەمووان بوو، هەر لە دەستپێکردنی هێرشەکانی هاوپەیمانان لە حوزەیرانی ساڵ ١٩١٤، ئەمەش لای رۆنشتد شتێکی روون بوو کە لەلایەن هاوپەیمانانی رۆژئاوا ساڵی ١٩٤٣ هێرشی دەکرێتە سەر، بۆیە دوو دڵ بوو لە هەڵوێستی هێزی بارەگاوە لە راستیا کەناری ئەورووپی رۆژئاوایی لە رۆژئاوا و باشوور بەرگری لێ نەدەکردن لەبەرئەوەی پارێزراو بوو، بە درێژایی شەڕگەکان زۆر گوێی نەدەدا بەیەکە دوورەکان کە دەستبەسەر دەکران. چونکە ئەورووپای ناوەڕاست بوو بە قەڵایەك، بەڵام ئەو قەڵایە قایم و پتەو نەبوو و هێزێکی تەواویشی لێ نەبوو، بۆیە هێزی هاوپەیمانان

به تەواوی چوار دەوری ئەم ناوچەیان گەمارۆدا، لەبەرئەوە لە توانایاندا هەبوو بە یارمەتی و هێرشێکی هاوبەشەوە هێرش بکەن، هەروەها هێزە ئاسمانییەکان لە هەلۆیستێکدا بوون کە دەتوانرا فڕۆکەکانیان لە سێ لاوە هێرش بکەن و ئامانجەکانیان بپێکن. هاوپەیمانەکان دەستیان بەسەر دەریادا گرت، لە هەر شوێنێ لە هەر جێگایەك لە رۆژئاوای ئەوروپا و باشووریشدا زۆر بە ئاسانی دەیانتوانی بخزن، ئەوانە پاڵپشتیان لێدەکرا لەسەرچاوەیەکی بە هێزەوە هەروەها لە توانایاندا هەبوو زۆر بە ئاسایی بەهۆی دەریاوانە بە تواناکان چۆنی بیانویستبایە جێگۆڕکێ بە هێزەکانیان بکەن. لە هەموو لایەکی بەرەکان بۆ ونکردنی مەشقەکانیان، تۆپ هاوێژە ئەڵمانییەکان لە بارێکی ئامادەکراو نەبوون کەوا بتوانن تێکەڵ بە یەدەگە خێرا گرنگەکان بن لە کەناری رۆژهەڵات بۆ رۆژئاوا یان لە باکوور بۆ باشوور لە پێناو پاراستنی خاڵە هەڕەشە لێکراوەکان، زۆر لە لە بەرەکانی شەڕ خامۆش بوون هەروەکو بەرەی نەرویج و فنلەندا و بەلقان لەبەر کەمی هێڵی شەمەندەفەر و هێواش لە کشانەوەی ئەم بەرانە و ئاگادار نەکردنەوەیان، هێزی ئاسمانی هاوپەیمانەکان هەردەم بەربەستیان بۆ دروست دەبوو سەبارەت بە هێڵی شەمەندەفەر بۆ گواستنەوە. ئەمەش وایکرد ببێتە بەربەستێك لەسەر جێگۆڕکردنی پێکهاتە گەورەکانی سوپا لە بەرەیەکەوە بۆ بەرەیەکی دیکە، هەر لە ساڵی ١٩٤٣ هاوپەیمانەکان رووبەڕووی گواستنەوەی سەربازی دەبوونەوە، لەولاوەش ئەڵمانیا قەیرانی کرایە سەر بۆ بەرگریکردن بۆیە تەرازووی هێزەکان ئاوەژووبووەوە و هەروەکو لە بەشی دووەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا روویدا، رۆنشتد وای دەبینی کەوا ئەڵمانیا دەوڵەتێکی دەشتاییە. کە چوار دەوری بە هێزەکانی ئەوروپای ناوەڕاست دراوە،

بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی تایبەتی گۆڕانکاری لە پرۆگرامی سیاسیدا بکەن، ئەگەرنا چارەنووسی دەبێتە لە ناوچوون هەر بە هێزەکانی دەوروبەر، بە پێوانەیەکی چاك نێوان سیاسەت و ستراتیژی دەنرخاند. هیتلەریش لەو باوەڕە دانەبوو لەم رۆژانە هێرشی بکرێتە سەر و راستیشی دەکرد بە دەست نیشانکردنی شوێنی هێرشکردنەکە بۆ نموونە سەرکردە ئەڵمانییەکان روودانی شەڕیان وا پێشنیار کرد کە لە (جنوی) یان لە باشووری ئیتاڵیا و یۆنان روویدات، لێکدانەوەکان بە بەردەوام لە گۆڕاندا بوو هەروەکو بە دەرکەوتنی هەندێك پرۆپاگەندە و ناردنی راپۆرتی درۆ بە دەستی ئەنقەست، زیادبوونی ئەم دیاردانەش زیاتر هیتلەریان خستبووە گومانەوە، تا گۆڕانکارییەکی سەرتاسەری بنەڕەتی لە بیرۆچکەی هیتلەر گۆڕا و گەیشتە ئەو باوەڕەی کە پێویستە بەرگری لە بستێك زەویدا بکات تاکو دوایین سەرباز و دوایین گوللە، ئەوەش لە ئەنجامی بێزاربوون و گۆڕانی بەخت ساڵی ١٩٤٣. بەمەش توانای جوڵە و هونەری سەرکردایەتی بەتەواوی گۆڕا کە پێشتر زیاتر جەختی لەسەر ئەو فەرمانە کردەوە بۆ یەکلاکردنەوەی کە نابێت دەستبەرداری پارچەیەك زەوی بن، وەناتوانن هیچ زەویەك چۆڵکەن تاوەکو بڕیار وەرنەگرن.

بۆی هەیە دوژمنەکانمان بەسەر سوڕمانەوە هەستیان بەوە کردبێت کەوا سەرکردایەتی باڵای ئەڵمانی شتێکی وای نەکردبوو هەر لە ساڵی ١٩٤٣ وە تاکو کۆتایی جەنگەکان، لەوەش زیاتر دەستی بە هێڵی بەرگریکردنێکی مات کرد بۆ سوڕان بە دەوری هەموو بەرەکان و دەرچوونی فەرمانی وازهێنان لە بەرگریکردن کە زۆر بە درەنگەوە دەکرا، ئەمەش بوو بەهۆی لە دەستدانی زەرەر و زیانێکی زۆر لە گیانی وماڵی، لە هەمووی گرنگتر ئەو باوەڕ بە خۆبوونە لە دەست درا. سەرکردە سەربازیە ئەڵمانییەکان

له ساڵی ١٩٤٣ زنجیری زۆر قورس و پەل بەست کرابوون و بێبەش بوون له هەموو سەربەخۆ بوونێك، ئەمەش گەیشتبووە دوا ترۆپك کاتێك پلدارە کۆنەکان دەسوڕان لە ناوچە بەرفراوانەکان لە کاتێکدا نەدەوێران یەك تیپ بجولێنی بە بێ بڕیاری هیتلەر، تاکوو دەگاتە ئەندامەکانی دەستەی ئەرکانی هیتلەر هەروەکو لیوا (جودل) دەبا رازیبوون لەلای هیتلەرەوە بەدەست بێنن، ئەمەش وایکرد سەرکردایەتی بەرەو تەسك بوونەوە بچێت و بوو بە هۆی دواکەوتنی گشت هەنگاوەکان، بارەگای هیتلەر کەوتبووە (بروسیا) ی رۆژهەڵات، بۆ دەرهێنانی هەر نەخشەیەك کە پێویست بوو لە بارەگاکەی لە هەر تیپێك لە تیپەکان چ لە رۆژهەڵات یا لە ئەفریقیا لە رۆژئاوا بۆ فەرمان دەرکردن زۆر دوا دەکەوت، هێڵی کەناریش تاکە شت نەبوو کە داگیر بکرێت لەبەرئەوەی زۆر دوورگەی گەورەتر لە پێشەوە هەبوو، تەنها بۆ ٢٠ تا ٣٠ سارباز بۆی تەرخانکردبوون. لە راستیا سەرکردایەتی بەرەی رۆژئاوا تەنها بەشێك بوو لە بەرەی ئەورووپی. بەڵام بەشێکی زۆر گرینگی هێرشیش چاوەڕوانکراو بوو لەهەر کاتێك لەلایەن هۆڵەندا و بەلجیکا و فەرەنساوە، رێگای دڵی ئەڵمانیا و ئەو ناوچەیەی راست بە بەلجیکادا دەڕوات، تا دەگاتە باکووری فەرەنسا بۆ (کولون) بەم پێیەش سەرکردایەتی رۆژئاوا بەتەواوی و لە راستیدا بەرەی باکووری ئەفریقیا و ئیتاڵیا لە ئەڵمانیا دابڕابوون، لەسەر ئەم بنەمایەش رۆنشتد و سەرۆکی دەستەی ئەرکانەکەی و سەرۆکی هۆبەی جووڵە لەو باوەڕەدابوون هێرشی سەرەکی لە نێوان (عالیە) و رێگای سەرەکی (سوم) رووبدات کە بەدوای دادی لە پاڵپشتی هاوپەیمانان بە شێوازی خێرا و بەرەو پێشەوە چوون بۆ (کودریان) بە تێپەڕبوون لە بەلجیکاوە لەسەر (ئەلایسن-کولون) یان نزیکەی (٢٠٠-٢٥٠) میل بە شێوەیەکی

راست، ئەمەش کارێکی سەیر نەبوو، ڕۆنشتد دەیزانی هەواڵگرەکانیش ئەم زانیاریانەیان بە دەست گەیشتبوو کە دیواری ئەتڵەسی لەبەرەی کالیان کاریگەرییەکەی تەنها رووکار بوو، هێندە بە هێز نەبوو لە هیچ لایەنێکەوە، ڕۆنشتد دەیزانی هەواڵگریەکان لەبەرەی بەلجیکاوە دیواری رۆژئاوای سنووری ئەڵمانیا بێ بەرگریە، هەروەها ناوچەی راین و زۆر بە بێ پارێزگارین، ژمارەیەکی زۆریش لە بیانییەکان لە هەموو جۆرەکان کاریان دەکرد بۆیە خزمەتی هەواڵگری هاوپەیمانان لە ئاستێکی خزمەتگوزاری هەواڵگریەکان ئەڵمانی بوون، ڕۆنشتد و سەرۆکی دەستەی ئەرکانەکەی دەیانزانی کەوا بارەگای هێزی هاوپەیمانان هەموو زانیاریەکیان هەیە کە پەیوەست بێ بە هەڵوێستەکان، هێرشە سەرەکیەکەی کە بە درێژایی هێڵی (کالیا-ئەبیڤن) بەرەو (ئەیش-کولون) دەستپێکرد هەروەکو چۆن ڕۆنشتد پێشنیاری کردبوو، بەرەی ئەوروپای رۆژئاوا و باشوور بەتەواوی تووشی داڕووخان بوون و بەتەواوی لە ئەڵمانیا دابڕان، ئەگەرچی ئێستا بۆتان روون دەکەمەوە هەندێك لەو بیر و بۆچوونانەی کە تۆزێك گۆڕان لەسەرەتای دەستپێکەکەی ساڵی ١٩٤٤ روویدا، بۆی هەیە هاوپەیمانە رۆژئاواییەکان هۆکارێکی گرنگیان هەبوو کەوای لێکردن هێرش نەکەن وەکو ئەوەی ڕۆنشتد پێشنیاری کردبوو، بۆی هەیە هەندێك هۆی پێشنیارەی ڕۆنشتد دابنابوو دەستی پێکرد، بەو هێرشەی کە لە کورترین هێڵ کە دەگاتە ئینگلتەرا هەروەها چەندان ئاسانکاری هەمە جۆری پێشکەش بە هێڵی ئاسمانی هاوپەیمانەکان کرد،بۆی هەیە هاوپەیمانەکان ترسا بن لەوەی کە ئەڵمانیا و لەبەری باشوورەوە بەرەو روویان ببنەوە، گەرچی ئەو رووبەڕووبوونەوەیە هیچ سەرکەوتنێکی نییە لەبەرئەوەی بەشی هەرە گەورەی لە تیپی

ئەڵمانییەکان بێبەش بوون لە جووڵە و پەرت و بڵاو بوون لە کەنارە فراوانەکان، ئەمەش چەند هەفتەیەکی دەویست بۆ کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە یەکەکان، بۆی هەیە ئەم یەکانەش هێزێکی ئەوتۆیان نەبووبێت بۆئەوەی لەسەر هاوپەیمانانەدا زاڵبن وەکو ئەوان کە خۆیان ئامادە کردبوو، سەرباری سەرکەوتوویان لە هێزی ئاسمانیدا، پێویستە ئەوەش تۆمار بکەین کە ئەم قەڵاتە رووپۆشێکە بۆ شاردنەوەی فێڵەکانی هەڵخەڵەتاندن، هەر ئەم بۆچوونەش هەبوو سەبارەت بە دیداری رۆژئاوا، ئەم رایەی خۆشی لەلایەن دوو میوانی بیانی دەربڕیبوو بەڵام بە شێوازێکی لەبار، رۆنشتد کەسایەتییەکی بە زاخ بوو لەسەر شێوازی لاسایی کردنەوەی کۆنینە پەروەردە کرابوو، سەرکردەیەکی متمانە پێکراو و بە توانا بوو لە راگوێزانی سوپا، وای دەبینی کە تاکە هونەری شەڕ لەوەدایەکە هەر لەگەڵ رۆنشتددا بەرگری بکەین، زۆر گرنگە بۆ هەموو خوێنەرێك کە بزانن بەم شێوازە بیر و باوەڕی رۆنشتد دیاری بکەین، گەر واش نەبێ ناتوانن وەکو پێویست لەبەسەرهاتەکانی داهاتوو بگەین، راپۆرتێکی سەبارەت بەرامبەر هەڵوێست بۆ بارەگای سوپای سوپای ئەڵمانی نارد و لە بەهاری ساڵی ١٩٤٣ پێشکەش بە هیتلەر کرا، وە ئەم راپۆرتەش لە بەدبەختی وەکو پێشتر باسمانکرد وەڵامی خێرا نەدرایەوە، بەڵام سەرکردایەتی باڵا دەستی کرد بە بیر کردنەوە، گەرچی تا ساڵی ١٩٤٣-١٩٤٤ هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوەیان وەرنەگرت، پاش ئەوەی رۆنشتد راپۆرتەکی نوێی لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٣ پێشکەش کرد، ئەم راپۆرتەش گڕی بەردایە سەر ئەفسەرە پایە بەرزەکانی بارەگای سوپا، لە بەشێکی تردا هەر لە دەرگای ئەم باسانە دەدەم، لەسەر سوپای ١٥ بوو کە بەرگری لە کەرتی کەناری

نێوان (ئەوستد) و رۆژئاوای (هاڤر) بکەن هەر لە هاوینی ساڵی ١٩٤٣ ئەم سوپایە بە رۆنشتدی راگەیاند کەوا چەند کارگەیەکی زل لە ناوچەی رێکخراوی (تود) دادەمەزرێنرێ بێ ئەوەی بزانرێ مەبەست لە دامەزراندنیان چیە، ئەم دامەزراوانەش بە شێوەیەکی زۆر نهێنی ئەنجامدەدران هەتاکو سەرکردەی گشتی سوپای ١٥ نەدەگەیشتە دیتن و شوێنی ئەم دامەزراوانە. هەروەکو شتێکی ئاسایی بوو، سوپاش نارەزاییەك بەرز بکاتەوە لەسەر دروستکردنی ئەم دامەزراوانە بێ ئەوەی هیچ زانیاریەکی لەسەر هەبێت، هەروەها سوپاش هەستی بە مەترسی بوونی ئەم دامەزراوانە کرد کە لەو ناوچەیدا هەبوون. چونکە ئەم دامەزراوانە دەبێتە تاکە هۆکارێکی بەرچاو بۆ بوردومانکردنی لەلایەن دوژمنانەوە، ئەمەش وایکرد ببێتە مەترسییەك بۆ سەر یەکەکانی دەوروبەری خۆی. رۆنشتد و دەستەی ئەرکانەکەی بێ ئاگابوون لەم شوێنە و ئەم کارە نهێنییە، بۆیە رۆنشتد داوای روونکردنەوەی لە بارەگای باڵا کرد لەسەر ئەم دامەزراوانە، ئەو کەسانەی کە لە بارەگای هیتلەر بوون سەریان سورما بەوەی کە تاکو ئێستا سەرکردایەتی رۆژئاوا هیچ هەواڵێکی پێنەداوە، ئەوانیش بەڵێنیان پێدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم هەڵەیە کە بێ ئەنقەست روویداوە، ئەمەش قسەیەکی سەرزارەکی بوو لەگەڵ توند بوون لەسەر نەدرکانی نهێنییەکانی ئەم دامەزراوانە، هەندێك نوێنەر کە دامەزرابوون لەلایەن سوپا و هۆبەی ئازووقەی بارەگای لیوا هەڵسان بە پێدانی زانیاری بۆ رۆنشتد، زانیاریەکانیش ئەمانەبوون پاش ماوەیەکی کورت ئامێرێکی نوێ دادەهێنرێ و لە رۆژئاوا بۆ یەکلاکردنەوەی ئەنجامەکان بەکاردێت وەك : چەکی سەرکەوتن ژمارە (١) چەکی سەرکەوتن ژمارە (٢) ئەمجۆرە چەکانەش لە زۆر شوێنی تایبەت

دەهاوێژران کە بۆ ئەم مەبەستە دروستکرابوون، وەك خەندەقی بە ترپە قورسەکان، شێوازی هاویشتنیان تاکو ئێستاش نهێنییەکی پارێزراوە، کەچی چەکی ژمارە (٢) موشەکێك هاوێشتن بوو کەوا لیوا (دورن بیرکەر) دایهێنا بوو لە هۆبەی سوپا، کاریگەری گەلێك لە موشەکی ژمارە (١) زیاتر بوو، بۆیە ئەم چەکە زیاتر تایبەتمەندی بە تۆپە قورسەکان دەچوو، ئەم دوو چەکەش دوور هاوێژبوون کە دەیانتوانی بگەن بە باشووری ئینگلتەرا، بەڵام پاش کاتێکی درەنگ فەرمانی هیتلەر گەیشت کە پێی داگرتبوو لەسەر بەشداریکردنی رۆنشتد لە بەکارهێنانی و ئامادەکردنی ئەم چەکانە. بۆ ئەم مەبەستەش لێژنەیەکی تایبەتی لە ژێر فەرمانی دانا، ناوەکەشی بە دەستی ئەنقەست ناو نا (بارەگای گشتی بۆ بەکارهێنانی تایبەتی) ئەم دەستەیەش پێکهاتبوون لە ئەفسەر و ئەندازیارانی هێزی ئاسمانی و هۆبەی ئازووقە و هەندێك ئەفسەری تۆپە قورسەکان کەوا سوپا دایمەزراندبوون، بەڵام دوایی زۆر بە خێرایی روون بووەوە کە ئەم دوو چەکە بەتایبەتی ژمارە (٢) بەکارنەهاتبوو لە ماوەیەکی زۆر ئەوانە هێشتان لە ژێر تاقیکردنەوە دابوون و زۆر هەڵەی هەمەچەشن روویدا لەکاتی دروستکردنیان، ئەمیش بەو تاقیکردنەوەی کەوا لە رۆژهەڵاتی ئەڵمانیا بەرێوە چوو و بە ئەنجام گەیشت، ماوەی دوور هاوێژی چەکی ژمارە (١) لە نێوان ١١٠-١٢٥ میلە، چەکی ژمارە (٢) ماوەی دوور هاوێژییەکەی لە نێوان ١٦٠-١٩٠ میلە بە ئامازەیەکی تر ماوەی دوور هاوێژیەکەیان بۆی هەیە بگاتە ٥٠٠ میل یان زیاتر گەر هاتوو دەرفەتی پێویست هەبێت، واش بریار بوو کە چەکی ژمارە (١) بۆ یەکەم جار بەکار بێت ، بەڵام کاتی بەکارهێنانی دیاری نەکرابوو،شوێنەکانی دانانی ئەم چەکانەش لە نێوان کالیا و رێژگەی(سین) دا بوو. دواتر هەڵسان بە

دروستکردنی خانووبەرە لە شێوەی گوند بەڵام زۆر بە فیڵاوی، ئەم ئامادەکاریەش لەلای دوژمن و هاوپەیمانان ئاشکرابوو، بۆیە ناوچەکەی لە شێوەی مافوور تۆپ باران کرد. شوێنی چەکی ژمارە (٢) جێگای زۆر بڵند و بەرزبوو، بە روونیش لە بەرچاوان بوو، بۆیە لەکاتی تۆپ بارانە ئاسایییەکان نیشانەیەکی لەباربوو، سەرکردایەتی رۆژئاوا دوای تاقیکردنەوەیەکی ناخۆش وا پێشنیاری کرد کەوا مۆڵگەی چەکی ژمارە ()١) زۆر بە ئاسانی و سروشتی دابمەزرێ تاکو لەبەرچاوان نەبێ، هیتلەریش لەسەر ئەم شێوازە رازیبوو، دەستکرا بە دروستکردنی ئەم مۆڵگانە بە شێوازێکی نوێ کە ژمارەیان ٩٠تا١٠٠ دەبوو، کاتێك کەوا هێرش ساڵی ١٩٤٤ دەستیپێکرد نزیکەی ٩٠ تا ١٠٠ مۆڵگە لە نێوان (کالیا) و (هاقر) دروستکرابوون، کێشەی دەستەڵات لەسەر ئەم چەکە روون نەبوو، چەکی ژمارە (١) بەدەست سوپا و هۆبەی ئازووقەوە بوو. دروستکردنی ئەم مۆڵگانە تایبەت بوو بە رێکخراوی تود، کاتێك چەکی ژمارە (٢) ئامادەبوو بۆ بەکارهێنان سەرۆك هملەر ئەم چەکەی داماڵی لە سوپا ! رۆنشتد ئامادەباشی لەم دوو چەکە وەرگرتبوو گەیشتبووە ئەم بیر و رایەی بێ دوو دڵی وێرانکەرن، بەڵام ناتوانن یەکلاییکەرەوەبن. سەرباری ئەمەش چەکی ژمارە (١) هەندێك کەم و کوڕی دیاریکراوی تێدا هەبوو، هەندێك جار وا رووی دەدا. ئەم چەکانە لە دواوەی دوژمانان بە زەوی دەکەوتنەوە وەیان لە بەلجیکا لەسەر زەوی دەکەوتنەوە، ئەمەش بەهۆی هەڵەکردن لە دروستکردنی ئامێری سەرکردەی ئەم چەکەیە. دوو دڵی رۆنشتد لە زیادبووندا بوو، چالاکیەکانی دوژمن لە رێگای ئاسمانییەوە بۆ سەر ناوچەی سوپای پانزەهەم، ئەمەش دەبووە هۆی لێکەوتنی زەرەرێکی زۆر لە بەرەکانی جەنگ و کە زیاتر لە زەرەرەکانی

دوژمن لە ئینگلتەرا. هەرچۆنێك بێت گرفتی ئەم دوو چەکە هونەری بوون، رۆنشتد و دەستەی ئەرکانەکەی هەرچەندی پێیان کرا پارێزگاریان کرد لەم نهێنیانە، چەکی ژمارە (١) لە شەوی ١٢ و ١٣ ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٤ بەکارهات ، بەلاّم چەکی ژمارە (٢) تاکو هاوینی ساڵی ١٩٤٤ بەکارنەهات، هەرچۆنێك بێت دەستەکانی هونەری ئەم دوو چەکە پێویستیان بە چەند یەکەیەکی راهێنراوی تایبەتی هەبوو، لە پڕ و لە مایسی ١٩٤٤ وا روویدا کەوا هیتلەر فەرمانی دەرکرد بە هاوێشتنی یەکەم جار لە ٦ ی حوزەیرانی ١٩٤٤ کە دەکەوێتە هەمان رۆژی دەستپێکردنی هێرش، کارگەکانی چەکی ژمارە (٢) بە شێوەیەکی گشتی کەوتبوونە چوار دەوری ئاراس لە (کونتناتن) لە نێوان (کان) و (سنت لو) دوایی پاش ماوەیەکی درەنگ گوازرایەوە بۆ هۆڵەندە، هەروەها باوبوو سوپای ئەڵمانی پێشوو کە فەرمان و رێنمایی دەربکەن. فەرمانی یەکلاکەرەوەشی نا بەڵکو ئاڕاستەیەکی گشتی لە سەرکردایەتی بالاّوە بۆ سەرکردە پێشڕەوەکان دەرکرد دەربارەی ئەرکەکانیان. ئەم شێوازەش زۆر جار ئاسایی بوو لە رۆژانی رابردوو، لەسەردەمی (مولتکە) و(شیلفن) ئەم شێوازەش دەستەی ئەرکانی ئەڵمانی گشتی پراکتیکی کرد لە ماوەی نێوان ١٩١٤-١٩٣٩، ئەم رێنماییانەش بە چاوێکی هەند و شوێنێکی بەرز و خزمەتێکی درێژ و تاقیکردنەوەو سەربەخۆیی سەرکردە پێشینەکان بوو لەکار، هەروەها ئەم رێنماییانە سەربەستی دەدا بە سەرکردەکان لە جێبەجێکردنی و جووڵە کردن بەگێرەی بارودۆخ. هەرچۆنێك بێت ئەم شێوازەش لە ساڵی ١٩٤٢ ونبوو پاش ئەوەی کەوا هیتلەری سەرکردەی بالاّ هاتە سەر کورسی دەسەلاّت و بوو بە سەرکردەی بالاّ فەرمانێکی درێژی تایبەتی دەرکرد بەیارمەتی دەستەی ئەرکانی و بەبێ گوێدان و بە

بێ هەند وەرگرتنی پلە و پایەی سەرکردە ئینجا گەر (مارشاڵ) بێت یان پلەی (عەقید) بێت !! رۆنشتد ساڵی ١٩٤٣ هەستی کرد کە هەردوو دەستی کەلەبچە دەکرێ گەر مەترسی هێرش لابچی و یان دوژمن لە دابەزینەکان رزگار بن. ئەو کاتە یان ناتوانی بەسەربەستی کاربکات، سەرباری ئەو ٢٥ ساڵە خزمەتەی کە هەیبوو، بەڵکو ناچار دەبێت دەست بکات بە پاڕانەوە بەر لەوەی هیچ فەرمانێك دەربکرێت، بۆیە داوای سەربەستی لە کار و دەرکردنی چەند پێشنیارێکی گشتی لە سەرکردایەتی گشتی کرد، بەڵام داواکانی بەباداچوو، رۆنشتد بە کردەوە هەڵوێستی وەرگرت و فەرمانی دەرکرد بە پشکنینی بە شێوەیەکی نموونەیی لە هەموو خاڵە لاوازەکانی سەرکردایەتی رۆژئاوا، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەش چەند دەستەیەکی پێکهێنا لە نێو هەموو ئەو سوپایەی کە لەژێر فەرمانی خۆیدا بوو، کە پێکهاتەی ئەفسەر و سوپا و هەردوو هێزی دەریایی و ئاسمانی لە پۆلی ئەندازەیی و تۆپ هاوێژ و دژە بەرگریەکان و زرێپۆشەکان و ئەندازیارەکانی رێکخراوی تود لە سەرووی هەموو ئەو دەستان، دەستە تێکەڵاوەکان لە لیوایەك لەناو سوپادا پێکهاتبوون. راپۆرتی ئەم دەستانەش پێشکەشی سەرۆکی سوپای شارەزا دەکرا، پاشتر لەلایەن سەرکردەی سوپاکەوە دەدرایە رۆنشتد بۆئەوەی بەسەریاندا بچێتەوە، بۆ جێبەجێکردن و پشکنینی بە شێوەیەکی نموونەیی بۆئەوەی بە وردی بەڕێوە بچێت، ئەم دەستانە کۆمەڵێك پرسیاریان دایە دەست کە پەیوەست بوون بە فەرمانگەکان تا وەڵامیان بدەنەوە، جگە لەوەش ئەو دەستانە کاتێکی درێژیان پێدرا بۆ چاودێرییەکی بەرفراوان، بۆ یەکە جیاجیاکان لە هەموو بەرە فراوانەکاندا بە ئازادی،

گرنگترین پرسیارەکانیش ئەمانە بوون:

١- بارودۆخی ئێستا و بایەخی سەربازی و خۆڕاگری و ئامادەکردن و ڕێکخستن و مەشقی یەکەکان.

٢- دەربڕینی بیر و رادەربڕین لەسەر ئەوەی کە ئامادەیە بۆ شەڕ یاخود شتی تر هەیە، هەروەها دەشێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە یان بەرگریکردن.

٣- پشکنینی قەڵابەندی هەمیشەیی و قەڵابەندی کەناری گۆڕەپان.

٤- هێز و ڕێکخستنی پارێزراوەکان و یەدەگ و چەك و بەرگریکردن.

٥- ئایا هاوکاری لە نێوان هەر سێ لای پڕ چەك بە تینە.

٦- پشکنینی پلانی هێڵە ئاگریەکان و چەکە قورسەکان.

٧- ئایا هەموو قەڵابەندیەکان بە شێوەیەکی چاککراون لەلایەنی پزیشکی و ئاو و دابینکردنی داو و دەرمان.

٨- ئایا رژێمی هاتوچۆ لە نێوان هەموو رەگەزە هێزە چەکدارەکانی پێشەوە بەردەوامە.

٩- چ هەڵوێستێك وەرگیراوە بۆ چارەسەرکردنی یەکەکانی پەڕەشووت و یەکەکانی هێڵی پشتەوە کە دادەبەزن.

١٠-ئایا یەدەگەکان بە شێوەیەکی چاك دانراون بۆئەوەی بە خێرایی بجوڵێن ئەمانەش گرنگترین خاڵی پرسیارەکان بوو کە لەلایەن رۆنشتدەوە ئاڕاستەیان کراوە.

داوا لە دوو سەرکردەی سەربازی لە پاریس و بروکسل کراوە کە لە ژێر فەرمانی سەرکردەی رۆژئاوا نەبوون، تاکوو بەشداری لە پشکنین و

ئامادەسازی لە ناوچەکەیاندا بکەن بۆ بەرگریکردن. چەند ئەفسەرێك لە دەستەی ئەرکانی سەرکردەی ڕۆژئاوا دامەزران بۆ ئەو پشکنینەی کە باسکران، بەمەش توانرا خاڵە لاوازەکان چاکبرێت کەوا دەتوانرا لەناوەخۆدا چاك بکرێن، بەلام ئەوانەی کە پەیوەست بوون بەو کێشانەی کە بە سەختی چارەسەر دەکران، بڕیاردرا بە ڕاپۆرتێك لەسەر ئەنجامی ئەو پشکنینانەی کە لە پاییزدا کران بۆ هیتلەر ڕەوان بکرێت، وە ئەم ڕاپۆرتەش بە کردار جێبەجێکرا، بەلام پاشان چی ڕوویدا لە دواییدا باسی دەکەین، ڕۆنشتد وا هەستی کرد لە کۆتاییەکانی بەهار بەهۆی داهێنانەکانی کەوا ئیتالیا لە هاوپەیمانان دوور دەکەوێتەوە، سەرباری دوو دڵی و هەڵوێستی گشتی بەرامبەریان، ئەم هەواڵەش ڕەوانەی بارەگای هیتلەر کرا بە شێوەی بروسکە کە هیچ وەڵامێکیشی نەبوو، بەلام ئەم بابەتە بە تەلەفۆن لە نێوان دەستەی ئەرکانی ڕۆنشتد و بارەگای سوپا تاوتوێ کرا.

جەنگی ئەفریقیا کۆتایی پێهات بە لەناوچوونی بارەگا، هاوپەیمانەکان لە سەقلیە دابەزین، زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو کە لە دۆڵی (مسینا) تێدەپەڕن بۆ ئیتالیای باشوور، هەموو زانیاریەکانیش دووپاتیان دەکردەوە کەوا یەکەکانی ئیتالی بەبێ ئارەزووی خۆیان شەڕیان دەکرد، بارەگاکانی ئەڵمانیا لە ئیتالیا زۆر کەم بوو لەبەرئەوەی زۆربەیان ئیتالی بوون بە بیانووی ئەوەی کەوا ئیتالیا وڵاتی خۆیانە و بەرگری لێدەکەن، بەلام ئەم هیوایەش لە جێگای خۆی نەبوو، یاخود یاخیبووەکان لە بازنەی جێبەجێکردن بوون دژی مۆسۆلینی و ڕۆژانە لە زیادبووندا بوون، بەلام زۆربەی ئەفسەرەکان دڵسۆزیان بۆ مەلیك نەدەشاردەوە. هەروەها ئەڵمانیاش هیچی تر نەیدەتوانی پیشەسازیە کاریگەرەکان و یارمەتی

سەربازی بگەیەنێتە سەربازە ئیتاڵیەکان. ئیتاڵیەکانیش زۆر سەخڵەت بوون بە لەدەستدانی هەموو سەروەت و سامانیان لە ئەفریقیا، ئێستاش دەبینین دوژمن خۆی ئامادە دەکات بۆ هەڵکوتانە سەر ئیتاڵیەکان لە باشوور، ئەمەش لە زووەوە لای رۆنشتد لە بیرۆکەیدا هەبوو کە ئیتاڵیەکان لە هاوپەیمانانی دادەبڕێن، ئەم ئامانجەش زۆر ترسناکە بۆ سەرکردایەتی ئەڵمانیا لەبەرئەوەی سەرکردە بەردەوام لەبەرەی باشوورەوە هەڕەشەی لێدەکرا، یانی لەبەرەی کەناری دەریای سپی ناوەڕاستی فەڕەنسی. بەڵام گەر هاوپەیمانان باکووری ئیتاڵیا بگرن ئەوکاتە دەکەونە دواوەی بەرگریەکانی رۆژئاوا، هەروەها دەتوانێت لە باشووری رۆژهەڵاتی ئیتاڵیای کاربکات دژی فەڕەنسا، رۆنشتد زۆر دەترسا لەوەی هاوپەیمانان ئیتاڵیا بە گشتی هێواش هێواش بەم هێرشانە بخەنە ژێر دەستەلاتی خۆیان. زۆریش دوو دڵ بوون لە دابەزینی خێرایی لە کەنداوی (جنەوی) یان لە (بندقیە) بەمەش دەبوو دوورکەوتنەوە لە هەموو شەڕەکانی چیا و کە ئامادە کرابوو لە (سالابریا) تاکو (البو) ئەمەش تەنها هەر ئیتاڵیای ئازار نەدەدا، بەڵکو ئەڵمانیا و سەرکردایەتی رۆژئاوا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەناو جەرگەی زیندوودا، ئەمەش شتێکی روونە کەوا هاوپەیمانەکان بیریان لەم پلانە کردبێتەوە، بۆی هەیە لەبەرچەند هۆیەکی گرنگ جێیەجێیان نەکردبێت، رۆنشتد هیچ زانیاریەکی لەسەر هۆیەکان لە ساڵی ١٩٤٣ نەبوو، ئەوەی کە زاڵبوو بەسەر ئیتاڵیا زاڵ دەبێت بەسەر (سردینیا) و (کورسیکا) و سەر کەناری دەریلی سپی ناوەڕاست، یانی ئەمەش هەڕەشەیەکی بەرگریکەرانی رۆژئاوایە لە باشوور بەتایبەت کەناری فەڕەنسای باشوور کە بۆیەکەم جار لە تشرینی دووەمی

(نۆڤمبـەر) ی سـاڵی ١٩٤٢ دەگیرکـرا، پلانـیش دانـرا بـۆ جێبـەجێکردن و پارێزگاریکردنی بەڵام جێبەجێنەکرا !!!

هێزەکـانی ئـەڵمانی لـە نێـوان سـنووری ئیسـپانیا لـە نزیـك (فنـدرس) و (تۆلۆن) زۆر بیّ هێز بوو، تۆپ هاوێژەکانی کەنار زۆر خـراپ بـوون، ئـەم یەکانەش لەسەریان پێویست بوو کە پارێزگاری لە مەیدانی جـەنگ بکـەن بە پێی توانای خۆیان، بەتایبەت خاڵە گرنگەکان تیپێك یـان دوو تیـپ لـە تیپەکانی رۆژئاوا هـەبوون لـە دۆڵـی (رون) و چـوار دەوری (تولـون) بـەڵام هەموو یەکەکان بەردەوام جێگۆڕکێیان پی دەکرا و لـە بـەرەی رۆژهـەڵات بەکاریان دەهێنان، هێزی دەریایی و ئەسمانی لە ساڵی ١٩٤٣ زۆر لـەوەی بی هێزتر بوو کە دەتوانێت پارێزگاری لـە بـەرەی باشـووری نـوی بکـات، بەڵام ژ روودەدات ئەگەر هاتوو ئەوەندەش زیادبکەین بەوەی کـە سـوپای ئیتـاڵی شـەڕ نەکـەن لـە (تولـون) و (منتـون) ئەوانـەش لـە ژێـر فـەرمانی رۆنشتد بوون، بەوەی کرا ئەم سوپایە شەڕ نەکات ئایـا دەبـی هەڵوێسـتی سەرکردایەتی رۆژئاوا چـی بێـت بەرامبـەر ئـەم سـوپایە، ئایـا چ یەکەیـەك جێیان دەگرێتەوە، ئـەو کاتـە وەڵام گـەلی ئاسـان بـوو کـە هـیچ هێزێکـی لەبار نەبوو بەکاری بێنن لە جیاتی سـوپاکە، بـۆی هەیـە سـوپای ئیتـاڵی فەرمان لە رۆمـا وەربگرێـت بـۆ شـەڕکردن لەگـەڵ ئـەڵمانیا ئەوکاتـە چـی روودەدات ئەمەش هەمووی روونکردنەوەیەکە لەسەر ئەوەی کەوا رۆنشـتد چـەند مانگێـك بـەر لـە رووخـانی ئیتاڵیـا چـەند راپـۆرتێکی بـۆ هیتلـەر بەرزکردبۆوە و ئاگاداری کردبـۆوە، جێگـای خـۆی بـوو یەکـەکانی ئیتاڵیـا دووربکەونـەوە لـە هـەر شـتێك کـەوا ئازاریـان دەدات یـاخود ئـەو پەیوەندییـەی پاشـکۆ بـوو لـە سـەرکردایەتی رۆژئـاوا، ئەنـدامانی ئـەم دەسـتەیەش خۆیان لـە هەڵوێسـتێکی دژوار و سـەخت دۆزیـەوە، ئـەوانی

هەروەکو هۆیەك بوون لە هۆیەکانی سیاسەت، بە پێی سروشت بە نهێنی ڕێنماییەکانیان لە ڕۆما وەردەگرت، هەروەها لەلایەکی دیکەش سەر بە ڕۆنشتد بوون، ئەمەش فەرمانی ڕۆنشتد ئاسانکاری لە هەڵوێستەکانیدا کرد.

لە کۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٤٣ هیتلەر فەریق (کودریان)ی بە سەرپەرشتیاری بەشی زرێپۆشەکان دامەزراند، بەمەش پیاوێکی لێهاتوو چالاك ئەم پلەوپایە وەربگرێت، دامەزراندنی ئەم پیاوەش سوودێکی زۆری هەبوو بۆ ئەوەی سەرکردەکانی باڵا و سەرکردەکانی سوپا تێکەڵاو و ئەو یەکانەی کە لە هێزی زرێپۆشەکانەوە لە ژێر فەرمانی ئەودا بوون بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاست لە ڕووی سەربازیەوە ئامادەبکرێت و بەکاربهێنرێن. پێویستە ئەوە بزانین زۆربەی سەرکردە پلە دارەکان و زۆر لە ئەفسەرەکانی ئەرکانی گشتی، لەم بەشەدا خزمەتیان نەکردبوو، بۆیە بێ شك ئامادەکاریو بەکارهێنانی سەربازی ئەو بەشە باشتربوو هەروەك لەساڵی ١٩٣٩ – ١٩٤٣ دا هەبوو، چونکە بەکارهێنانی بەشێوەیەکی باش و تێگەیشتوانە کە لەلای سەرکردە کۆنەکان بەم شێوەیە نەبوو.

ئەرکی کودریان بوژاندنەوەی ئەم تێگەیشتنە بوو لەنێوان سەرکردە کۆنەکان، ئەمەش ئەکێکی وا ئاسان نەبوو لەبەر ئەوەی کودریان نەیدەتوانی فەرمان بکات، بەڵام لە توانییدا هەبوو هەوڵیان لەگەڵ بداو یان ڕازیان بکات لە هەمان کاتدا نەیدەتوانی لەیەك کاتدا لەبەرەکانی جەنگدا ئامادەبێت، پێویستیش نەبوو زۆر لە بارەگای هیتلەر یا شوێنێکی تر ئامادەبێت، زۆر لە پلەو پایەی تری وەکوو زرێپۆشی لە بەشە گرنگەکانی سەرکردایەتی دا هەبوو، لیوا (بارون کیرفون جوین بیرك)ی دامەزراند بە سەرکردەی یەکەکانی زرێپۆشی ڕۆژئاواو بوو بە

پسپۆڕێك لەهەموو بوارەککانی وەك بەکارهێنانی زریپۆش و پاشکۆیەکیش بۆ لیوای ئەرکانی رۆنشتد.

لیوا (بارون کیرفون جوین بیرك) لە بەشی سوارچاکی بوو لە (رۆتبنێرگ) هەروەها ئەفسەرێکی ئەرکان و ناوەندێکی رۆشنبیری بەناوبانگ بوو، بیرو بۆچوونەکانی زۆر لەگەڵ بیرو بۆچوونەکانی رۆنشتد دەگونجا، لەبەر ئەوەی هەردووکیان توانای جووڵە کردن و تاکە گەوهەری هونەری شەڕی راستەقینەن، بۆیە مانەوەی هێزێکی گەڕۆکی زریپۆشی یەدەگی لەژێر فەرمانڕەوایی سەرکردایەتی رۆژئاوا بەپێویست زانی، ئەو هێزە یەدەگانەش دەبێت چەند تیپێك بن لەتەك پاریس...

لە تشرینی یەکەمی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٣ لەگەل رۆنشتد بۆ داوەتنامەیەکی تایەبەتی چوو لە سانت جرمان، لەو کاتەی کەوا مۆسیقا سەربازیەکان دەنگیان دەهات، لە ناکاو بانکرا بۆ سەر تەلەفۆن و تاکوو لەگەل بارەگای سوپا گفتوگۆ بکات و پێیان راگەیاند کەوا ئیتالیا بەیەکجارەکی دابڕاو لەگەڵ هاوپەیمانان کەوت، رۆنشتد ئەوەندە ملهوڕ نەبوو پێویست بەوە بکات کە بڵێین ئەم بانگوازە ئیتر تەواو بوو.

لەبەر ئەوەی ئیتالیا زۆر گرنگ بوو سەبارەت بە هەڵوێستی گشتی ئەڵمانیا بۆیە هیتلەر بڕیاریدا کارەساتێك بەسەر ئیتالیادا بهێنێ، گەر چی ئەو وا بڕیاری نەدا کەوا هێزی ئەڵمانی بەرەو باشورلەبەر ئەوەی ئیتالیا زۆر گرنگ بوو سەبارەت بە هەڵوێستی گشتی ئەڵمانیا بۆیە هیتلەر بڕیاریدا کارەساتێك بەسەر ئیتالیادا بهێنێ، گەر چی ئەو وا بڕیاری نەدا کەوا هێزی ئەڵمانی بەرەو باشوور دابەزی بۆ ئەوەی پاڵپشتی بکەن لە

هێزەکانی ئاسمانی هاوپەیمانان، بۆبەگەرخستنی باکووری ئیتالیا تاکوو ببێت بە بنکەیەك بۆ هێرشەکەیان.

هەروەها هیتلەر چەند تیپێکی ئەڵمانی نارد بۆ پالچپشتکردن لە سەرکردەی گشتی باشووری رۆژئاوا مشیر (کیسرلنگ) لەو کاتەدا گیانی شەڕکردنی ئیتالیەکان دەستپێکرد رۆژ لەدوای رۆج بەرەو دوو دڵی دەچوو، فریا گوزاریەکان لە ڤیەناو میونخ بەیارمەتی هێڵی شەمەندەفەرەوە بە تێپەڕبوون لە ئەڵپ یان لە رۆژئاوا بەتێپەڕبوون لە (مونت سنیس) بە شەمەندەفەر بەدرێژایی کەناری دەریای سپی ناوەڕاست کە بە تۆلۆن — نیس —جنوی—دا بەرەو ئیتالیا رەت دەبوون، هێلی شەمەندەفەر لە لیۆنەوە تا مونت سنیس و تاکوو تورین بەسەر بەرزاییەکانی‌دا رەت دەبوو لە بەرزایی (٦٥٠٠)پێ بەناو تونێلی مونت سنیس، گەر هاتوو ئەو هێلەش گیرا یان بۆردومان کرا یان شەمەندەفەرەکان لەکار کەوتن وا پێویست دەبێ ئەو کاتە کە هەموو شەمەندەفەرەکان لە تونێلی رۆژئاوادا لە شوێنە نزیکەکان بەتاڵ بکرێن.

هەروەها دوو تیپی تریش بەلای (مونت سنیس)دا رەوانەکران سەرباری بەفەرمی رانەگەیاندنی ئیتالیا لە جیابوونەوەکەی، بەڵام سوپای چواری ئیتالی فەرمانی نهێنی لە رۆما وەرگرت و بۆ ئاسانکاری هەڵوێستی ئەم سوپایە تیپی ئەڵمانیا کەوا لە ناوچەی ئیتالیەکان لەژێر فەرمانیدا بوون رێگایان دا بەتێپەربوون لە سنووری ئیتالیا. رۆنشتد لەوە زیاتر نەیتوانی هەڵسوکەوت بکات لەوەی کەوا بەرامبەر هاوپەیمانەکان کردی کە ببوون بە کۆسپ، ئەم تیپەی ئەڵمانیش چەند رۆژێك لەناو سوپاکانی ئیتالیا مانەوە لە دواییدا گواسترانەوە بۆ باکووری ئیتالیا زۆر بەهێواشی، ئەم هەڵوێستەش زۆر هەڵوێستەکی دەگمەن بوو؟

ئەم گۆڕانكاریەش لە ئیتالیا بە شێوەیەكی ئاشكرا لە تشرینی یەكەمی ئۆكتۆبەری ساڵی ١٩٤٣ بەدیاركەوت، كەسیش نیە گلەیی لە پێداگری هیتلەر بكات لە رەنگدانەوەی كارەكانی، بۆیە یەكەمجار فەرمانی بۆ سەركردایەتی رۆژئاوا دەركرد كەوا بەشی چواردە سوپا بە زووترین كات لە چەك دابماڵدرێ، ئەمجۆرە كارەش بۆ بەدبەختی ئەم بەشە زۆر گرینگ بوو لە هەڵوێستی وادا، دەتوانین بەشێوەیەكی گشتی بڵێین ئەم روویدا بەبێ بەرپەرچدانەوە، بەمەش بەرەی باشووری فەرەنسی بەتەواوی لە بەندەری (فندرس) تاكوو (مانتون) كەوتنە ژێر دەسەڵاتی ئەڵمانیا، لە پێناو ئەمەش سوپای ١٩ بەسەركردایەتی لیوای لێهاتوو فون (سود نستێرن) پێكهات.

هیتلەر وا فەرمانیدا كە پرسیار بكات لە دەستەكانی سوپای ئیتالی داماڵدراو لە چەك، بەوەی كەوا گەر دەیانەوێت بە خۆبەختانە بەردەوامبن لە كوشتار لەتەك ئەڵمانیەكان یاخود نا، ئەمەش شتێكی ئاساییە كە ئیتالیەكان رەتیان كردەوەو رازی نەبوون بە شەڕكردن لە تەك ئەڵمانیەكان تەنها چەند یەكەیەكی تۆپ هاوێژ نەبێت، كە ئەمەش لە كەناری دەریای سپی ناوەڕاست دانران، لەبەر ئەوەی بەتەریەی كەنار دوای ئەمە نەخۆشی سۆزو خۆشەویستی گەڕانەوە بۆ ناو خزم و كەس كەوتە ناویان. رۆنشتد زۆر بەڕێز بوو رێگای پێدان بگەڕێنەوە بۆ ئیتالیا نەوەك بەدیل بگیرێن، ئەو هەموو هەڵوێستەش بەگشتی شەرمەزاری بوو بەتایبەتی بەرامبەر دەستەی پەیوەندیەكانی ئیتالیاو پەیوەست بوونیان بەسەركردایەتی رۆژئاوا هەر لەزووەوە لیوا نایابی (مارازانی) بانگكرد. سەركردایەتی رۆژئاوا هەوڵیاندا یارمەتی پێشكەش بە ئەندامەكانی تری ئەم دەستەیە بكەن كەوا لە (٦) سەربازو هەندێك سەربازی پۆڵ بكەن

بەهەر شێوازێك بێت، بۆیە جارێكیـان لەگـەڵیان چـووین بـۆ (الاوپـرا) لـە پـاریس تـاكوو (كـوك)ی باناوبـانگ، گەرچـی ئیتالیـەكانی لـەو هەڵوێسـتە راسـتەقینەی ئێمـە نەگەیشـتن، تـاكوو ئێسـتاش هەنـدێك لـە ئەفسـەرە ئیتالیەكان نامە بۆ رۆنشـتدو مـن دەنێـرن، هـەروەها سـەرۆك فەرمانگـەی كۆمـاری ئیتالیـا لیـوا (مـارازانی) نامـە بـۆ رۆنشـتد دەنێـری، هـەروەها موقەدەمی خانەنشین كراو سكنورینی كەوا خاوەنی میوانخانەی (فلورا)ی بەناوبانگ بوو لە رۆما ئەمیش بەهـەمان شـێوە نامـە ڕەوان دەكـات، ئـەم هەڵوێستەش تەنها یەك جار كارەساتێكی ترسناكی لێ كەوتەوە لـە مونـت سنیس وەكوو پێشتر باسمانكرد، زۆر گرنگ بوو بۆیە هیتلەر وای دانا ئەم تونێلـە گرنگـە بەسـاغ و سـەلامەتی كەوتـە دەسـت ئەڵمانـەكان، كـە دەسكەوتێكی گەورە بوو، هەروەكو یەكەی چیاییەكان توانیان بـە فـرت و فێڵ دەستی بەسـەردابگرن، بـەڵام كاتـێ كـە تیمێكـی بچـووك رووبـەڕووی بەرهەڵسـتێكی زۆر بـەهێز دەبوونـەوە لـە دەرگـای چـوونە ژوورەوەی رۆژهەلات لەیەكەكانی شاخاوی ئیتالیـا، بەشـی رۆژهـەلاتیش كـەوا بـەتێل دڕەكان دەورە درابوو روخێنـراو ئـاو هاتەچـوورەوە، بەمـەش زەرەرێكـی زۆری لێكەوت لـە ئـەنجامی تەقینـەوەی غازەكـان، بۆیـە هەڵوێسـتی ئـەم دەستە بچووكانەی ئەڵمانی زۆر قورس بوو بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئـەم خالانـە بـەخێرایی، هەنـدێك یەكـەی تـر لـە یەكـە چـیاییەكان لـە دوو لای تونێلەكـەوە لـە سـەرەوەی رۆژهـەلاتی رێرەوەكـان، تـۆپ هاوێـژەكانیش بەشێوەیەكی چاك پاڵشتی ئەم دەسـتانەیان دەكـردو خاڵـە گرنگـەكانیش رووخـان و كـەوتنی ژێـر دەسـتی ئەڵمانـەكان، دوای دوو مـانگ شـوێنە رووخاوەكانیشـیان چـاكردەوە كاروبـاری رۆژهــەلاتی (مونتــون) یــان (الرفییرا) چۆن بوو؟

ئایا سەرکردەی گشتی لە باشووری رۆژئاوا (کیسرلنگ) هێزێکی تەواوی هەبوو بۆ بەرپەرچدانەوەی دابەزینی هاوپەیمانانی چاوەڕوانکراو لە کنداوی جنوی؟ ئێستاکە سەرکردایەتی رۆژئاواو سەرکردایەتی باشوور لە نزیك (منتون) بوون بە دوو سەرکردەی هاوسێ، (کیسرلنگ) لە باشووری ئیتالیا بەردەوام دەجەنگاو نەیدەتوانی بچێتە ناو گۆڕەپانی ئەو جوولانەوەی کەوا هاوپەیمانان لە نزیك جنوی بە شێوەیەکی کتوپڕ خۆیان بۆ ئامادەکردبوو، بۆیە وا پێویست بوو لەسەر رۆنشتد کەوا یەکە بێ هێزەکەی سەرباری بەرگری کەرەکانی کەنداو ئامادەبکات بۆ پێشڕەوی کردن بەرەو ئیتالیا بە تێپەڕبوون بە جنوی، گەر بهاتباو هاوپەیمانان لە ساڵی ١٩٤٣ دابەزیبان هیچ بەرگریەکی وایان تووش نەدەهات، گەرچی ئەوان هێرشێکیان رووەو رۆژئاوا کرد بەتێپەڕبوون بە ئەڵپ رووەو (لیون) کرد بۆ ئەوەی لە پشتڕا دەست بەسەر هێزی سەرکردایەتی رۆژئاوا دابگرن، گەر بهاتباو ئەوان هەستیان بە خاڵە لاوازەکان نێوان مۆناکۆ و گولون بکردبایە رووبەڕووی بەرهەڵستیەکی زۆربێ هێز دەبوونەوە، لەبەر ئەوەی ئەم کەرتانە وەکوو پێویست ئامادە نەکرابوون بۆ بەرگری کردن، دوای ئەوەی سوپای چواری ئیتالی ئەم شوێنەی جێهێشت، لەو کاتەدا دەیانتوانی بەرەو پێشەوە بۆ لیۆن بڕۆن،یا بەرەو رۆژهەلات پەرت وبلاو ببن تاکوو باکووری ئیتالیا لەئاستی ئەڵپەوە .

ئەرکەکانی سەرکردایەتی رۆژئاوا زیادی کرد سەرباری زیادبوونی بەرەیەکی بەرفرەوان بۆی لە نێوان مونتون و سنووری سویسرا لە تەنیشت مونت بلاك لەم لایە نەوەش تەنها دەست کرا بە داگیرکردنی رێڕەوی چیاییە زیندوەکان بە ڕێگایەك تاکوو بتوانن کەڵك لە خۆپەنادانی ئیتالیاو فەرنسا وەربگرن، ئەم خاڵە بەهێزانەش بۆیە دامەزران بۆ

ئەوەی لەهەموولایەکەوە بەرگری بکەن، لەبەر ئەوەی زۆر شارەزا نەبوو لەو گۆڕانکاریانەی شەڕ کە لای رۆژهەڵات یان لەلای رۆژئاوا روو دەدەن، هەر بەو پێیەش دارمانی ئیتالیا بوو بە هۆیەك و ئامانجێکی ترسناك بۆ سەرکردادیەتی ئەڵمانیاو بەتایبەتی سەرکردایەتی رۆژئاوا.

ناوچەی رۆنشتدو بەرەکانی زۆر لەم زیاتر درێژ بوونەوە، بۆیە پێویست بوو باشترین تیپی بۆ ئیتالیا ببات، هەروەها چەند بەرەیەکی نوێی بەهەموو بەشەکانیەوە داگیرکرد، ئەمەش کاریگەریەکی لەسەر بەرەی سەرەکی هەبوو لە قەنال و ئەتلەسی.

لە پێناو تەگەرەخستنی بەرەو پێشچوونی رۆژهەڵات یاخود بەرەو رۆژئاوا لەو کاتەی کە هێزی هاوپەیمان لە کاناری دەریای سپی ناوەڕاستی فەرنسی دادەبەزن، رۆنشتد فەرمانیدا بە دروستکرنی ئەم تەگەرانە بەتۆپ هاوێژەکان بۆ پاراستنی رێگا نزیکەکان، ئەم تەگەرانەش دۆڵی رون تارون یەك لەدوای یەك ئاستدابوون، ئەمەش شتێکی روون بوو کە ئەم شێوازە لاواز هێرشێکی بە تەقەلا نەبوو،خوێنەر دەتوانێ لەو هەموو ئەرکە قورس و سەختانەی رۆنشتد هەموو بەرەکانی جەنگدا لە سەر نەخشە تێبگات کە درێژییەکی ٢٥٠٠ میل بوو، گەر هاتوو خلیجان و گردۆڵکە زۆرەکانی کەناری دەریا داگیر کراوەکان بە چاوێکی هەند وەرنەگرین، ناتوانین بەرگری لەو هەموو بەرە بەرفراوانە بکەین، بە بەرگری کردنێکی جێگیر کە نەجووڵێ و تێکەڵ بۆوە بە هەندێك هێزی هەمە جۆر کەوا هێزەکانیان دەگاتە نێوان ٥٠ -٦- تیپ، ئەمەش خەیاڵێکی دوور لە راستەقینەیە.

پێویسته لێكۆڵینەوەیەكی ورد و سەركەوتووانە لەسەر نەخشەكە بكەین تاكوو لە هەڵوێستی رەخنەكان بگەین، لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە كەوا رۆنشتد ویستی شەڕی بەرگری كردن لە رۆژئاوادا بەرێوەببات لەسەر بناغەی كەوا جیاوازیەكی تەواو هەبوو لەگەڵ ویستەكانی هیتلەرو پێدا گرتنی لەسەر جێبەجێكردنی هەموو وردەكاریەكان، هیچ هێزێكی یەدەگی بەهێز لەبەشی زرێپۆشی لەژێر دەسەڵاتی رۆنشتدا نەبوو لە چواردەوری پاریس و باشووری، لەو لاش هەندێك لە یەكە زرێپۆشەكان لەپشتەوەی كەنارەكان سەرقاڵبۆون بە هەندێك بەرگری لاواز. شەڕی رۆژهەڵات زۆر هیلاكی كردن زۆر بە خێرایی جوولەیان كرد بۆ ئیتاڵیا و بۆ ئەوەی رۆژهەلات گەڕانەوە، كەلێنی زۆر لەو ناوچە فراوانەدا هەبوون و دەتوانرا بە ئۆتۆمبێل بۆ ماوەی كاتژمێرێك لە رۆژئاوا بجوولێی بەبێ ئەوەی تووشی یەك لە یەكەكانی شەڕكەری ئەڵمانی ببیت، بۆیە كاری (حركه الانصار) (بزوتنەوەی گەریلا) فەرەنسیەكان ئاسان بوو! !

هەندێك پێكهاتەی نوێی لاواز بەجڵ و بەرگی ئەڵمانی لەناوچەی كەنار دابەشكران، بارەگای سوپای ئەڵمانیش بە بەردەوام یەكەی بیانی بۆ بەرەكانی رۆژهەلات و سەركردایەتی رۆژئاوا بۆ ئەم مەبەستە نارد.

سەربازی ئەم یەكانەش بریتیبوون لەو خۆبەخت كەرانەی كە لە خزمەتی سەربازی لە یەكێتی سۆڤیەت و شێوەیەكی سەرەكی لە قەوقاس و جورجیاو ئەرمینیا هەلاتبوون... تد

بۆیە ئەوانەش بۆ ناوچەی رۆژئاوا گوازرانەوە لە ترسی تۆڵە سەندنەوەی رووسیا لێیان ئەو یەكانەش لەژێر فەرمانی یەكەی سەركردایەتی رۆژهەلات لیوا (الجینال كوی سترنك) دابوون: ئەو سەركردەیەش

زانیاریـەکی بـاوەڕپێکراوی لـە سـاڵانی رابـردوو لەسـەر رۆژهەڵاتەکانـدا هەبوو.

رۆنشتد بارەگای سەربازی ئەڵمانی ئاگادار کردەوە لە هەڵوێست و فێڵی نەخشەکان ئەو نەخشانەی کەوا هەمیشە بە پێوانـەی (١/١٠٠٠٠٠٠) بـوون، تـەنیا ئـەوە نـەبوو لـە هێڵـەکانی بـەرەی جـەنگ بـوو لەسـەر رۆخـی کـەنارەکان، بـەڵکو هـەموو بـەرەکان بـە ئـاڵای بچـووکی شـین دەستنیشانکرابوو!..

ئەگەر کەسێکی ئاسایی سەیری ئەم نەخشەیەی بکردابایـە رازی دەبوو، هەروەها پێـی خۆش بـوو بـەم تێڕوانینـەی لـە بـەرەکانی جـەنگ کـە بـە شێوەیەکی سەرەنج راکێش ناوچەکانی پشتەوە بەیەکـەوە چـڕو پڕەکـان پاڵپشت کردبوو، ئەم نەخشانە هەردەم بە پڕی خۆیان نیشان دەدا، بەڵام دەسـتەی ئـەکان کـەوا لـەو نەخشـانە دەکۆڵێتـەوە دەزانـێ کـە چـاو هەڵخەلەتێنەرە، چونکە ئەو هێڵە جوانانـەی بـەرەکانی جـەنگ نیشـانەی بـاوەڕ بـەخۆبوون، لـە راسـتیا وانـەبوو بـەڵکو بـێ هێـزو چـەندان کـونی گەورەی تێکەوتبوو، زۆربەی زۆری ئەو هێمایانەی کە لەسـەر ئـەو یەکانـە بـوون دەریـان دەخسـت کـەوا بەڵگـەکانیان راسـت نـین، بـەمجۆرە ئـەم نەخشانە هۆیەك بوون بۆ ری ونکـردن، بۆیـە ئەگـەر کەسێك هونەرمەنـدو حەزی لە گاڵتەی بووایە دەیتوانی ئەم شێوە گەورانە بەشـێوەیەکی روون دەربخـات، چـونکە لەراسـتیدا ئـەم نەخشـانە کاریگـەری زۆر ترسـناکی هەبوو.

رۆنشـتد لـە بارەگـای هیتلـەر زۆر لـە سـەرکردەکانی لـە تراویلکـەی ئـەم یەکانە ئاگادارکردەوە لەبەر ئەوەی لە راستیا ئەم یەکانە بوونیان نـەبوو،

ئەم نەخشانە نەیاندەتوانی دەری بخەن کەوا ئەم کاروبارانە بەشێوەیەکی راست بەرێدا دەڕوات یان بەم شێوەیە نەبوو کە پێویست بوو بەرەکان بەهێزبوون یان بەرەی خەراپ!!

بەر لەوەی بچمە ناو یادگاریە ترسناکەکانی رۆنشتد کە هەڵوێستی ترسناکەکانی رۆژئاوای چارەسەرکرد، گوێ لەم چیرۆکە دەگرین کە لە کاتی خۆیدا باسکرایە. پێشتر ئاماژەمان بەو ناخۆشیانە کرد کە ماوەی رووخانی ئیتالیا چەشتیان و رووبەڕووی تیپەکانی ئەڵمانیا بوونەوە لەکاتی تێپەڕبوونیان بۆ ئیتالیا بەتایبەتی لەنێوان ئەو ناوچەیەی کەوا سوپای چواری ئیتالی داگیری کردبوو، باسی چاوەڕوانی ژمارەی ئەو تیپە لەکار کەوتووانەمان کرد کە بۆ ماوەی چەند رۆژێك چواردەوری شاری (کان) و (نیس)و (مۆناکۆ)ی گرتبوو، لەو کاتەدا ئەفسەرو ئەفسەرانی پۆڵ و سەربازەکان ئەم ماوەیان بەهەڵ زانی کە لە چاوەڕوانیدا بوون بۆ سەردانی ناوچەی (الرفییرا)ی جوان، ملازمێکی گەنج لە دەم رووباری مۆناکۆ خۆی دەشووشت، ئافرەت و پیاوێکی ناسی ئەوانیش خۆیان دەشووشت، ملازمەکەیان بانگهێشتی ئاهەنگی سەمای ئێوارەکرد، ئەمیش داوەتەکەی رەت نەکردەوە، ئەفسەرە گەنجەکە هەستێکی ناسکی بەرامبەر خانمەکە دەربڕی، هەردوولا ئارەزووی پێکهێنانی هاوسەریان کرد، لەپاشاندا دەرکەوت کە خانمە بچووکەکە پەیوەندییەکی خزمایەتی بە تینی لەگەڵ ئەمیری مۆناکۆی دەسەڵاتدار هەیە، بۆیە پێویست بوو ئەم کارە بەشێوەیەکی فەرمی جێبەجێ بکرێ، لەبەر ئەوەی ئەم رووداوەش پێشینەی نەبوو ئەمیر بەم کارە رازیبوو و پاڵپشتی خۆی دەربڕی و فەرمانیدا بە کەتیبەی کە ئەو ملازمەی تێدابوو، کاتی ئەم فەرمانە گەیشتە لای رۆنشتد و فەرمانگەی کاروباری کەسی ئەڵمانی،

چونکه ئەم کارە پەیوەست بوو بەخزمایەتی ئەمیری دەسەڵاتدار لە مۆناکۆ، ئەمەیش هەڵویستی شەڕی نەبوو لە دژی ئەڵمانیاو بەشداری لەم لایەنەی دیبلۆماسیەت بەشداری کرد، سەفیری ئەڵمانیا لە مۆناکۆ ئاگادار کرایەوە کەوا هێنابوویانەوە بۆ پلەو پایەی خۆی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا بەم کێشە ئالۆزەوە، ئەم کاغەزەش شەڕێکی چالاکی لێکەوتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم خانمە بیانیەو بۆیە هیتلەر فەرمانێکی لە دژی ئەم ئەفسەرە بەستەزمانە دەرکرد.. لەبەرامبەر ئەمەش رۆ نشتد ئاخێکی ساردی بەرامبەر ئەم کارەی هیتلەر هەڵکێشا...

هەروەکوو پێشتر گوتمان کەوا رۆنشتد رێنمایەکی دەرکرد بۆ پشکنینی گشت جێگاو شوێنە بەرگریەکان، بۆ ئەم مەبەستەش چەند دەستەیەکی جۆراو جۆری پێکهێنا بۆ ئەوەی هەڵسان بە پشکنینی خاڵی بەرگریەکانی کەنار، ئەمیش بەپێیی کۆمەڵە پرسیارێك کە لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ئۆکتۆبەر دانابوو لە دوو توێی راپۆرتێك پێشکەشی سەرکردایەتی رۆژئاوا بکا، بەمەش دەتوانرا تاوو توێی راپۆرتەکان بکەن سەبارەت بەو دۆخەی کە بەرەکانی جەنگ لە رۆژئاوادا هەبوو، رۆنشتد بەبێ دوو دڵی هەڵسا وێنەیەکی روون و ئاشکرای لە راپۆرتەکە سەبارەت بە هەڵوێستی سەربازەکانی رۆژئاوا پێشکەش بە هیتلەر کرد.

رۆنشتد هەڵسا بێ ئەوەی زیادە ڕۆیی رەشبینیەکەی بکات، بەوەی کە وێنەی رووت و دیاری هەڵوێستی سەربازی لەرۆژئاوا بدات بە هیتلەر، ئەوەی گرنگە بۆ روونکردنەوەی راستیەکان بۆ ئەوەی تی بگەی سەرکەوتن تەنها کورتکردنەوەی ساڵی ١٩٤٤) لە دوابەزینەی کە لە نۆماندی روویدا هەروەها ئەو هاوپەیمانان دەکات لە هەر داگیرکردنێك لە هەر شوێنێکی تر

١-چاكترين يەكەكان گوێزرابوونەوە بۆ ئیتالیاو بەرەی رۆژهەلاّت، لە ناوچەی سەركردایەتی رۆژئاوا كەوا لەنێوان ٥٠-٦٠ تیپ دەبوو، بەلاّم راستی ئەم تیپانە چی بوو؟

لە راستیدا چەند تیپێكی كەناری بوون شوێنەكانیان هەردەم قەلاّ بەند بوو، ئەركی سەرەكیشیان بەرپەچدانەوەی ئەو هێرشانە بوو كە دەكرایە سەر ئەو بەرەیە كە درێژاییەكەی لە نێوان ٢٥- ١٠٠ میل دەبوو، لەمەش زیاتر كەنداوی (بسكای) باشووری (بوردو)و یەكەی بەرفرەوان بوو، بۆیە فەرماندەی فەوج ناچار بوو كەوا لە پشكنینی مۆلگەكان مانۆڕسكیل بەكار بهێنێ بۆ ئەم كارەش پێویستی بەرۆژێكی تەواو هەبوو! !

شوێنی ئەم بەرگری كەرانە پارێزراو نەبوو، بەلّكو تەنها مەلّبەندی چاودێری كردنی كەنارەكان بوو...

كەرتی (اوستند - ابیفیل) بەهێزترین پارێزراوبوو لەچاو كەرتەكانی تر، دوای ئەمیش هێلێكی لاوازبوو تا بەهافر دەگەیشت و لە (نورماندی)و ·بریتانی) كەرتی بەهێزبوو كە كوتبوونە لای سەروو بەلاّم نێوانیان هەروەكو هەوا سووك بوو، لەنێوان (لارویشل) و (بیارتیس) تەنها مەلّبەندێكی چاودێركردنی كەنارەكان هەبوو كە دوو تا سێ تیپی بێ هێز كە ماوەی پاراستنی ٣٠٠ میلی لەئەستۆ گرتبوو.

لە تەنیشت (برانیس) تەنها بەرگریكردن بوو لە رێڕەوە زۆر گرنگەكان لەسەر خاكی فەرەنسا، بەرەی دەریای سپی ناوەڕاست لە (فندرس) وە بۆ (منتون) لە رێگادا بوو بۆ دروستكردن، بەلاّم نەژمارەی تیپ و نە نرخی سەربازی و چاكسازیەكان بەس نەبوو بۆ بەرگری كردن لە دژی هێرشی هاوپەیمانانەكان كەچی لە بەرەی ئەلّپ لە نێوان (منتون)

سنووری سویسرا لە نزیك (مونت بلاك) تەنها چەندن خالێکی بەهێزی کەم ڕێورەوەکان هەبوو.

ئەم تیپانە لەژێر فەرمانی کۆمەڵەی کەناربوو و ئەرکەکانیشی هەروەکوو ئەرکەکانی تیپەکانی کەنار وابوو، یان لە پشتەوە یەدەگێکی نزیك بوو، بەلام زۆربەی ئەم پێکهاتانە لە ماوەیەکی زۆر کورت ڕێکخرابوونەوەو مەشقێکی تەواویان نەکردبوو پێیان دەگوترا تیپ کە شارەزایان لەشەڕدا جیاواز بوو، هەروەکوو ئەوەی چەند جاری دیکە باسمان لێوەکردووە، ئەوەی پێویست بوو دەبووایە ئەو تیپە نوێیانە لە ئەڵمانیا بمێننەوە، بەلام دواتر بۆ ڕۆژئاوا گوازرانەوە بۆ ئەوەی وەکوو تیپێکی سەربازی راستەقینە سەیر بکرێن، لەسەر ئەم تیپانەش وا پێویست بوو هەندێك شوێن زۆر پێویست لەبەرەکانی شەڕی کەناربگەنەوە، لە هەمان کاتیشدا لەسەر ئەو تیپانە پێویست بوو مۆڵگەی نوێ دروست بکات و سەربازە نوێیەکانیش لەسەر مەشق رابهێنێ بۆ بەهان هاتن و بۆ ئەوەی بەرەو بەرەکانی ڕۆچهەلات بیاننێرێت.

لە ناوچەی ڕۆنشتد کە کەوتبووە ڕۆژهەلاتی روسیا ئەو یەکە جۆراو جۆرانەی هەبوو، کە هەندێك جار پێکهاتبوون لە فەوجەکانی کە تێکەڵبوون بە چەند تیپێکی ئەڵمانی بۆ ئەوەی شوێنە بە تاڵەکان بگرنەوە، لەدواییشدا یەکەی ئاسایشی هەبوو کە لەژێر فەرمانی دوو سەرکردەی سەربازی وەك لباریس و بروکسل دابوون، لەسەر پشك کرابوون بۆ سەرکردایەتی کردنی ڕۆژئاوا بەئامانجی بەرگری کردن لە کەنارەکان.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم هێزانە لە کۆمەڵێك یەکەی سەربازی جۆراوجۆر پێکهاتبوو زۆر بەشیان توانای سەربازیان جێگای گومان بوو، بۆیە پێویست بوو ئەو هێزانە بەر لەوەی بەکاربهێنرێن لە جێبەجی کردنی فەرمانەکانیان تاقیبکرێنەوە بەو زانیاریانەی کە پێویست بوو ئەوانە دە یانزانی و لەگەڵ ئەواندا دەگونجان.

هەروەها ئەم تاقیکردنەوە یەش بەس نەبوو بۆ قەرەبووکردنەوەی زەرەە گەورەکان.

سەرکردایەتی ئەڵمانیا ناچاربوو کەوا ئەو سەربازە بەهێزانەی کە لە تەمەن بچووك بوون رابکێشێ و بیانێرێت بۆ بەرەکانی رۆژهەلات، سەرکردایەتی رۆژئاواش بە سەربازە تەمەن گەورەکان قەرەبوو بکرێتەوە، کە بریتیبوون لەو سەربازانەی لە جەنگدا بریندار ببوون: بەمجۆرە تیپەکانی رۆژئاوا بالآ پۆش کرابوو..

بۆ نموونە:

تیپی ٧٠ لەو پیاوانەی کە بەدەستی نەخۆشی گەدەوە بەهۆی خواردنەوە دەیانالاند، ئەفسەری لایەنە دەستکردەکانیش دەگمەن و زۆر نەبوون لەهەموو تیپەکاندا.

ئەم تیپانە زۆربەی بە سادەیی دەجەنگان لەدژی یەکەی هاوپەیمانانە داگیرکەرەکان، بەڵام لەسنووری توانیی خۆیدا تیپێکی زریپۆش لە بەشی رۆژئاوا هەبوو، هێزێکی کاریگەریش بوو، ژمارەیان لەنێوان ٥ — ١٠ تیپ دەبوو، زۆربەی کاتیش جێگۆرکێیان لەنێوان رۆژهەلات و رۆژئاوادا پێدەکرا، ئەم تیپانەش زۆربەیان زریپۆش نەبوون، یاخود ژمارەیەکی کەم زریپۆشیان لەگەڵدابوو، لەبەر ئەوەی بەرەی رۆژهەلات هەموو ئەو

زرێپۆشـیانەی هەڵاشـی بـوو، کـە تـازە دروسـتکرابوون، هەنـدێك تیپـی زرێپۆش هەبوون کە زرێپۆشیان نەبوو، هەندێ تیپیش هەبوو کە ٣٠ — ٥٠ —٦٠ زرێپۆشی هـەبوو، یـانی بـوونی ٨٠ زرێپـۆش کـە بەکـەڵکی کـارکردن دەهات بە بەخششێکی چاك دەدرایە قەڵەم.

تیپی بروسکی زرێپۆش زۆر لە تیپی زرێپۆشـی سـوپا چـاکتر بـوو لـە بـەر ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٣ ئەم تیپە بە هەموو جۆرێك پڕ سەربازو کەرەستەی سەربازی کرابوو چاکتر لە تیپی سـوپا بـە زۆر زیـاتریش لـە دروسـتکردنی بەرگریکردن.

٢—دامەزراندنی بەرگری کـەرەکانی کەنارەکـە بـەر لـە ئێسـتا باسـی ئـەم بابەتەمان کرد، بەهێزترین بەرگری کـردن کـەوتبووە نێـوان (ئەوستند) و (سوم) بەتایبەتی (کاپ کریـز— ینـز)، کـە زۆر بـەهێزبوو کـەوتبووە سـەر کەناری هۆڵەندی لـەژێر دەسـەڵاتی ناوچـەی رۆنشـتد، بـەڵام بـۆ رۆژئـاواو باشوور دیواری ئەتلەسی زۆر بەهێز دەبوو تـاکوو بـەخێرایی نـەدەما، بۆ بەهێزکردنی هەنـدێك چاکسـازی لـە گۆرەپـان بـۆ ئـەنجام درا، بـەڵام ئـەو هێـزە پێویسـت نـەبوو لـەرووی چاکسـازی و مۆڵگـەکانی بـەهۆی بـەهێزی بەرگریکەرەکان.

بۆیە باس نەکردنی ئەم بابەتە گرنگیەکی مەزن بوو بـۆ هەڵخەڵەتانـدن(١) هەروەکو پێشتریش باسمان کردیە.

٣—لە دەستدانی توانایی و جووڵەکردن:

شەڕی نوێ بە پلەیەك زۆر پێویسـتی بـە توانـایی و زۆر جووڵـە هەیـە بـۆ هێرشکردن و بەرگریکردن، بەڵام تیپی کەنار و تیپی پیادە زیاتر پشـتیان بـە رەشـەوڵاغەکان دەبەسـت بـۆ گواسـتنەوەیان، ئەمـەش بـە بۆچـوون و

تێڕامانی سەردەمانە وا دادەنرێت کە توانای جووڵە لە دەست دەدەن، ئەمەش گرنگترین هێڵی بێ هێزی بوو.

٤-دوای ئەمە راپۆرتەکە پێی لەسەر کەم کوڕیەکانی بەرگرییەکانی دژ بە تانکەکان و تۆپەهاوێژە بڕەرەکان و زرێپۆش و تۆپە دژە ئاسمانیەکان داگرتبوو، هەروەها سەربارى ئەمانەش جەختی لەسەر بێ هێزی کەلوپەلەکانی بەشی تۆپ هاوێژەکان و چەکەکانی گەورەی پیادەی دەکردەوە کەلە هێزی سوپای بیانی وەرگیرابوو سەربەهەموو دەوڵەت داگیرکراوەکان بوو.

٥-کەمی سووتەمەنی بە پلەیەکی بەرچاو وای لە فەرماندەی کەتیبەکان کردبوو کە نەتوانن بە ئۆتۆمبێل لەبەرە درێژەکانی جەنگ بسوڕێنەوە تەنیا چەند جارێك نەبێت لە مانگێکدا. زۆرشتی تریش کە ناتوانین ئێستا باسی لێوە بکەین مەگەر بە کورتی نەبێت، بەهەرحال بەشێوەیەکی تێروتەسەڵ لەلایەن رۆنشتد لە یادگاریەکانیدا چارەسەرکراوە، هەروەها ژمارەیەکی زۆری لەو نەخشەو هێلکاری بەو یاداشتنامەیە هاوپێچ کراوەو هەرتیپێکیش لەو ٦٠ تیپە بەجیا بەپێی توانا سەربازیەکان باسی لێوەکراوە، راپۆرتەکەی رۆنشتد تەنیا ڕووناکیەکی کورتکراوەیە لەرووی ژمارەی کەمی ئەو هێوانە بۆ ئەوەی ئەم هێزانە یارنەتی وێرانکەرەکان و بەلەمە هەڵمیە ژمارە کەمەکان کاریگەریان هەبێ لەسەر مەترسیەکانی دەریا لە دژی هێرشەکان.

چۆن لە توانایی ئازایەتی هەموو جیهاندا نەبوو کە بتوانێ بەم ژمارە کەمەی دەریاوانی کاریگەری هەبێت، بۆ نموونە:

ژێر ئاوییەکانی ئەڵمانیا دەچوونە قوڵترین دەریا بەبێ ئەوەی پێویستیان پێ هەبێت، لەجیاتی ئەوەی لەشوێنە ترسناکەکان هەڵسن بە ئەرکەکانیان!!

هێزی ئاسمانیش بەیارمەتی سەرکردەی گشتی کەشتی ئاسمانیەکانی سێیەم راپۆرتێکی راستەوخۆی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٣ بەرزکردەوە کە لەم ساڵەدا هێزەکانی ئاسمانی ئەڵمانیا لەرۆژئاوا ژمارەیان لە فڕۆکەی بۆردومانکەرو شوڕکەر زۆرکەم بوو، بۆیە نەیاندەتوانی گەورەیی ئاسمانی (الانکلور) و ئەمەریکیەکان بەسەرکەوتوویی بپارێزن.

رۆنشتد لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٣ راپۆرتەکەی بەدەستی ئەفسەرێك بۆ بارەگای هیتلەر نارد لە روسیای رۆژهەڵات، دۆخێکی خستە بەردەم سەرۆکی دەوڵەت، چەند رۆژێك هیچ شتێك رووی نەدا گەرچی سەرکردایەتی رۆژئاوا هەستیان کرد کە ئەم راپۆرتە لەسەر بناغەیەکی پتەو ئامادە کراوە، بۆیە پێویستە هیتلەر چاوی بکاتەوە، ئەو پشت گوێ خستنەی سەرکردەکانی رۆژئاوا تاکوو ئێستا بەدەستی ئەنقەست نەبووە، بەڵام هیوایەکی پێویست بوو، سوێندی هەرە گەورەی سوپای ئەڵمانیش ئەوەبوو کە بەشەو و رۆژ لەنێوان دەریای رەش و دەریای بەلتیق شەڕبکات لەدژی روسیا، لەساڵی ١٩٤٢ کە بۆیان دەرکەوت دەستەی هاوکاریان رۆژ لەدوای رۆژ لە زیادبووندایە، لەبەر ئەوە واپێویست بوو کە هەرشتێك توانای خزمەتی هەیە دەبێت بۆلای رۆژهەڵات رەوان بکرێت، شەڕێکی زۆرتووند لە باکووری ئەفریقاو بەرێوە دەچوو، دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئەفریقیاو رووخانی ئیتالیا شەڕەکە درێژ بووەوە بۆلای خۆی هێمنیەکی کاتیش رۆژئاوای داگرتبوو مەگەر هێزەکانی ئاسمانی و هێرشی زەمینی سادەو جارجارە نەبێت.

لەسـالّی ١٩٤٣ بـارودۆخی نـاوەخۆ زۆر ئـالّۆزبوو کاتێـك بزوتنـەوەی بەرهەلّسـتی توونـدترو گەشـەی دەسـەند تـا گەیشـتە پلـەی چـاو سورکردنەوەی سەربازی.

رۆنشتد هـەردەم سـەیری شـتەکانی بەشـێوەیەکی گشـتی دەکـرد نـەوەك ناوەخۆ، زۆریش وردەکاری لەسـەر نەخشـەی رۆژهـەلاّت دەکـرد نـەوەکوو نەخشەسازی رۆژئاوا هـەروەکوو پیادەکردنی هـەردوو شـەڕی رۆژهـەلاّت، ئەوەندەی گرنگـی بەخوێندنـەوەی راپۆرتـەکانی بـەرەی رۆژهـەلاّت دەدا، ئەوەندە ئـارەزووی لەخوێندنـەوەی راپۆرتـەکانی بـەرەی رۆژئـاوا نـەبوو، لەبەر ئەم هۆیەش تا کۆتایی سالّی ١٩٤٣، بەدابەزینی تیپی رۆژهـەلاّت و باشوور رەزیل نەبوو، لەراستیا ئەو هەستا بـە پێکهێنـانی وێسـتی خـۆی، بەلاّم کاتێك هەستی کـرد دۆخەکـە لـە رۆژئـاوا بـەرەو نائومێـدی دەچـن، ئەمەش شتێکە کەم سەرکردەی دووربین ئەم کارە بکات، بـەلاّم زۆربـەیان بەتووندی دەست بەو هێزانە دەگرن کە بەدەستیانەوەیە.

لەسەر رۆنشتد پێویست بوو کە بە هیتلـەر رابگەیـەنێ کـە چـیتر ناتوانـێ پالّپشتی بەردەوام و بەشێوەیەکی بەرفراوان بۆ بەرەی رۆژهـەلاّت یـاخود بۆ ئیتالیا بنێـرێ، لەبـەر ئـەوەی مەترسـی لـەرۆژئاوا لـە زیـاد بووندایـەو بەرپرسیاریەتێکی گەورەشی کەوتبووە سەرشـانی، ئێسـتاش کـاتی ئـەوە هاتووە سەربازو کەرەستە بۆ سەرکردایەتی رۆژئاوا ئامادەبکات، یـەرباری هەموو مەترسـیەکانی دیکـەی کـە لـە بـەرەکانی تـردا هـەبوون، دەبێـت هیتلەر بۆ بەهێزکردنی رۆژئاوا چیبکات.؟

سات لەدوای سات دلّە راوکێ ی لە زیاد بوونـدابوو هـەر لەگـەلّ دابـەزینی هاوپەیمانان لە پرتوگال و ئیسپانیاو جەزائیری بلیارد، بـەمانا لـە باشـوور

بۆ هێرش بردنە سەرناوچەی سەرکردایەتی رۆژئاوا بۆیە هەستا بەدانانی چەند پلانێك لەژێر چەندین ناوی هێما، ئەمەش هەرچۆنێك بێت شتێکی ئاسایی نیە کە خوێنەر حەز بە خوێندنەوەی بکات.

رۆنشتد خۆی لە خۆیا لەو باوەڕدا نەبوو کە هاوپەیمانان ئەو پلانە جێبەجێ بکەن، هۆکارەکانی باوەڕ هێنانەکەشی ئەمانەی خوارەوە بوون، ئەوە پێویستی بەپێشێل کردنی بێ لایەنی هەیە، ئەمەش کارێکی هاوپەیمانان بۆ هۆکاری گەلێکی سیاسی پەیڕەوی ناکەن.

هەروەها ئەو بەچاوێکی بەرزەوە دەیڕوانیە ئیسپانیەکان باوەڕی وابوو کە ئەوان بەرگری لە خۆیان دەکەن دژ بەهەر هێرشی و پەلامارێك کە هاوپەیمانان لەو حالەتەدا دەبێ رێگای دوورو درێژی نێوان زنجیرە چیای برانیس بەرەو باکوور بگرێتەبەر، رێگاکانی ئیسپانیاش و تۆری هێڵی شەمەنەفەر بەتایەبتی بەرادەی پێویست گونجاو لەبەر نەبوو کەرێگا بە هاوپەیمانن بدا لەماوەیەکی کەمدا بنکەیەکی پەڵ هاویشتن و جووڵەکردن بنیات بنێ هەرچەندە ئەوکارە پێویست و زەروور دەبێ لەپێناو دەست کردن بەهێرش و پەلامارێکی یەکلاکەرەوە لەوێوە.

رۆنشتد لەگفتوگۆ کردندا والێڕاهاتبوو و دەربارەی ئەم پلانە دەیگوت: (هاوپەیمانان هێندە گێل نین کەوا سەربەرزی ئیسپانیا پێشل بکەن، هەروەها ئیسپانیەکانیش رێگایان پێ نادەن، هەموو مرۆڤێکی ئاسایی دەیتوانی هەست بەزەحمەتی هاتنە پێشی هاوپەیمانان بکات بەتێپەربوون لە برانیس کارون و لوار، ئەمانەش هەموو دەتوانرێ بە نرخێکی کەم بەدەست بێن بە دابەزاندن لەشەڕداو بە پاڵپشتیکردنی

بنکەیەکی باوەڕ پێکراو لەئینگلتەرە، هەروەها ماوەی ڕۆیش تن لەوێوە کورترە لەوەی لە ئیسپانیاوە دابەزن...

هیتلەر لە هەڵسەنگاندنی خۆی لە ئیسپانیا نوشستی هێنابوو، بۆیە فەرمانی دەرکرد لەهەرشتێك دووربکەوەنەوە کەوا شپرەزەیان دەکا. بۆیە نەخشەکانی ئەم جوولانەوە بە پارێزراوی لەسەرکردایەتی ڕۆژئاوادا مایەوە، لەبەر ئەوەی هیچ شتێك تێدا جێبەجێ نەکرا.

بارەگای سوپای ئەڵمانی بەوە سەر قاڵبوو کە دابەزین لە ڕۆژئاوا نابێت و زۆر دوا بخرێت، روسەکانیش چوونە قۆناغی پەلاماردان و بەرەی جەنگ، ئەڵمانیان پاڵدەناو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەهێزتر دەبوون.

بەهێواشی و لەسەرخۆ ڕێگای خۆیان دەبڕی و کەرت لەدوای کەرت لە باشوورەوە بۆ باکوور تێدەپەڕین، وا زانرابوو کەوا هاوپەیمانان خۆ ئامادە دەکەن بە ئامادە سازیەکی ترسناك بۆ هێرشکردنەکی بەرفراوان لەرۆژئاوا، ئەو راپۆرتەی کە رۆنشتد لە تشرینی یەکەمی ئۆکتۆبەر پێکەش هیتلەری کردبوو زۆر کاریگەری دروستکر، بۆیە بەخێرایی فەرمانی نوێ یەکلا کەرەوەی بەپەلە دەرکرد بۆ بەهێزکردنی سەرکردایەتی رۆژئاواو پڕکردنی بەسەربازو جبەخانە.

هەرچۆنێك بێت بۆ ئەنجامدانی ئەم فەرمانە کات زۆر درەنگ بوو، لەبەر پشت گوێ خستنی بەرەی ڕۆژئاوا نەتوانرا چەند مانگێك ئەم فەرمانەی بقۆزنەوە لەگەڵ ئەوەشا چەند لە تواناداا هەبوو جێبەجێی کرد.

ڕێنماییەکانی الفوهرری ژمارە (٥١) زۆر درێژ دادڕبوون بە جۆرێك کە داوای لێبوردن لە دەرخستنی لێرە ئەوەندە بەسە کە ناوەڕۆکی بابەتەکە بگوازینەوە.

پێش هەموو شتێك هیتلەر ڕێنماییەکانی خۆی توندکرد کەوا هاوپەیمانەکان هێرش دەکەن سەر ڕۆژئاوا، ئەگەریش مسۆگەرە کە بەم نزیکانە یانی سالّی ١٩٤ ڕوودەدات، ئەنجامی شەڕەکەش بەستراوەبە سەرکەوتن و شکست هێنان. لەو باوەڕدابوو کە هێرش کردن لە کەنار ڕوودات و شەڕ بکەوێتە بەرەی سوپای پانزدەهەم. یان شەڕەکە نزیکەی بکەوێتە نێوان ئۆستەندو هافر. ئەم بۆ چوونەش نزیك بوو لە بۆ چوونەکانی ڕۆنشتدو هەروەها بۆچوونەکانی منیش، بەلاّم دەستپێکی ئەم کارانە لەوەدابوو (نابێت دەست لەیەك بستە زەوی هەلّبگرین) بەمانای ئەوەی پارێزگاریکردن لە کەنار بە هەر نرخێك بێت، ئەمەش هیچ تێڕوانینێك نەبوو کە لەگەلّ بیرو بۆچوونەکانی ڕۆنشتد یەك بگرێتەوە، زۆرجاریش ئەو جیاوازیە سەرەکیانەم دەستنیشانکردووە کە لەنێوان بیروباوەڕی هیتلەرو بەرگریکردنێکی وەستاو لەگەلّ بیرو باوەڕی مشیر ڕۆنشتد و جوولّەی سەربەخۆ، دەبێ ئێمە ئەو ڕاستیە لەبەرچاومان بگرین لەبەر ئەوەی ڕۆلّێکی گرنگی دەبینێ لەسەر هەموو شتەکانی ترو تاکوو خانەنشین کردنی ڕۆنشتد لە تەمووزی سالّی ١٩٤٤ کە درێەی هەبوو، لەهەموو ئەوەش گرنگتر یەدەگی ناوەنجی کە زۆر بەگەرمی داوای پێکهێنانی دەکرد لە ٥ تا ٦ تیپی زرێپۆش و ٨ – ١٠ تیپی پیادجە لەناوچەی پاریس و تا باشووری پێك نەهات.

دە تیپی پیادە بۆ ناوچەی پاریس و باشووری.

گەرچی هەندێك بارەگا هەبوون بۆ قەرەبووکردنەوەی زەرەو زیانەکانی یەکە ڕاهێنان و تۆپ هاوێژەکانی سوپاو پێکهاتە بچووکەکانی تر، کە بلاّوکرابوونەوە لەسەر کەنارەکان، ئەمەش بۆ قەرەبووە یەدەگە ڕەوان کراوە گەورەکان نەبوو هەرەوەکوو ڕۆنشتد دەیویست.

سەرەرای ئەمانەش رۆنشتد پەیمانی دابوو کە یارمەتیان بەهێزە ئازاو شەڕکەرەکانی هێزی ئاسمانی بدات کە لە رایخ و رۆژهەڵاتبوون، سەرکردەی گشتی هێزی سێیەمی ئاسمانی مشیر (اسبیرل) ژمارەی ئەو رادارانەی پێ راگەیەنرا، ئەوش لەلای خۆیەوە رۆنشتدی بەوە ئاگادارکردەوە، ئەم کارە زۆر پێویست بوو، چونکە دەبێتە بەردی بناغە کە هێڵی بەرگری لەسەری دەوەستێت بەو شێوەی کە سەرکردایەتی رۆژئاوا دەیەوێت، بەڵام دەبی دان بەوە دابنێین کە هیتلەر هۆکاری خۆی هەبوو کە ناچاری کرد شێوەیەکی بەرگری ووشك وتووند لە کەنارەکانی رۆژئاوا پەیڕەو بکات، هیتلەر لەوانە بوو کە پێیان وابوو هێزەکانی ئەڵمانیا لەوبارودۆخێکدا نین کە رێگایان پێبدات بەهەموولایەك و ئاراستەیەکدا جووڵە بکەن، ئەمەش تەنها لە رۆژهەڵاتدا کارێکی ئاسان بوو کە رووبەرێکی پان و بەرین و فرەوانی هەیە دەکرێ ئەوجۆرە جووڵەو بزاڤانە تیایاندا پیادە بکرێ، کارێکی پێویست بوو کە کەناری رۆژئاوا لەدەست دەرنەچێت کە رووبەرەکەی سنووردارن، چونکە دەست هەڵگرتن لەکەناری دەبێتە هۆی گەیشتنی دوژمن بەخێرایی بۆ سنوورەکانی ئەڵمانیاو بنکە ئاسمانیەکانیشی پێشکەش بەرۆژهەڵات دەکات..

هەروەك تەواوی بنکەکانی چەکی سەرکەوتن ژمارە (١) و (٢) لە رۆژئاوا دامەزراون، دەبوایە لە دەستیان بدەین هەموو کاتێك دوژمن بەنێو فەرەنسادا پێشڕەوی بکات.

ئەم هۆکارانەش بەڵگەی ئاشکراو روون بوون، گەرچی رۆنشتد بۆچوونەکانی خۆی بەپێچەوانەی کەم بۆ چوونانە دەبینی کە ئەڵمانیا شەڕی سەربازی لەهەربارێکدا کردبێت دۆراندویەتی، کۆتایی شەڕیش

وەستاوە لەسەر كات و لەسەر سیاسیەكان پێویستە ڕێگا چارەیەك بدۆزنەوە.

لە كاتێكدا ئەگەر هاوو سەربازەكان بەتەنها نەیانتوانی ئەم دۆخە بگۆڕن، لەراستیدا ڕۆنشتد و هەندێك لەسەركردەكانی تر پێیان وابوو ئەڵمانیا لەو ڕۆژەوە شەڕەكەی دۆڕاندووە كە هیتلەر شەڕی بۆ سەر رووسیا دەستپێكرد.

فەرمانەكانی پارێزگاریكردنی كەناریش لەهەموو بارودۆخێكدا بۆ چوونێكی تەواوە، بۆیە گەر بهاتباو بەرگری كەرەكان بێهێز نەبان هەروەكوو باسمانكرد لەجێبەجێ كردنی ئەم فەرمانە توندانە، لەسەر تیپی كەناری بێهێزو خەراپیش سەخت بوو ئامادە سازی بكات و بەرگری لە كەرتی نێوان ٢٥ – ٣٠ میل بكات. هەتاكوو فەرمانی توندیش نەیدەتوانی ئەم گۆڕانكاریە ئەنجام بدات، تاوای لێهات ڕێگانەدرا لە ڕۆژهەلات شێوازی جوولەی بەكاربێنن، لێرەشدا لە نائومێدیەكی بنەڕەتیدا شتێكی تر پەیرەوكرا ئەویش (خۆڕاگر بە تاكۆتایی)..!!

بیرۆ بۆچوونەكانی ڕۆنشتد لەسەر بەڕێوەبەردنی شەڕی خۆپارێزی زۆر جیاواز بوو لەگەڵ بۆچوونەكانی سەركردەی باڵا.

نموونەی ئەمەش پێناسەی بۆچوونەكانی زۆردەكرد:

((پێویستە واز لە باشووری فەرەنسا بێنین بەگشتی لەباشووری لوارو كشانەوەی هەموو ئەوكەرتانەی لەوێدا هەن، بۆ ئەوەی ببێتە هێزێكی یەدەگ لەناوچەی پاریس، لەكاتێكدا ئەگەرهاتوو هاوپەیمانان لەبەری قەناڵەوە دابەزین))..

لەبەر تیشکی ئەم بۆ چوونە رۆنشتد هەستا پێشنیارێکی پێشکەش بە هیتلەر کرد، کە چارەنووسەکەی دۆڕان بوو، لەبەر ئەوەی ویستی هیتلەر مردوو بوو: ئەویش پارێزگاریکردن بوو لە ٥٠٠٠ هەزار میل لەبەری کەنار بە تێکڕایی!

لە ئەنجامدا ئەم بیرۆچکەیەش بۆ فەریق (جودل) لە نامەیەکدا روون بووەوە کە لەدواییدا لەگەڵ سەرۆکی گشتی لەسەری رێکەوتن، پێویست بەگوتن ناکات چونکە من هیچ وەڵامێکم وەرنەگرتووە...

پێشنیارەکانی رۆنشتد بە گوێرەی بیرکردنەوەی هیتلەر دووبارە بەسەریدا بچێتەوە.

بۆ ئەوەی خوێنەر باوەڕ بە کەمی هێزەکانی ئاسمانی ئەڵمانیا بهێنێت لەرۆژئاوا لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٣ چەند ژمارەیەك دەهێنینەوە:

١-فڕۆکەی جاکوار (شەڕکەری بچووك) کە ژمارەیان (٣٤٣) فڕۆکەبوو لەمانە تەنها (١٨٠)یان بۆ بەکارهێنان دەگونجا.

٢-فڕۆکەی شەڕکەر ژمارەیان (٣٤٠) فڕۆکە بوو لەمانە تەنها (٢٥٠)یان بۆ خزمەتکردن دەگونجا.

٣-فڕۆکەی بۆردومانکەر (٢٩) فڕۆکەبوون لەمانە تەنها (١٣)یان گونجاو بوو.

٤-فڕۆکەی زانیاری و هەواڵی دوور ژمارەیان (٨٠) فڕۆکەبوو لەمان تەنها (٢٨) یان بۆ کارکدن دەشیان.

٥-فڕۆکەی زانیاری و هەواڵی نزیك کە ژمارەیان (٤٠) فڕۆکەبوو تەنها (٢٥)یان بۆکارکردن دەشیان.

٦-تۆپە دژە فڕۆکەکان کە ژمارەیان (٣٣٩) بەتەریەی قورس بوو، تۆپە سوکەکانیش ژمارەیان (٤٠٢) بەتەریەبوو.

خۆێنەریش دەتوانی لەوە بگات کە سەرکردایەتی رۆژئاوا نەیدەتوانی شەڕێکی بەرگری بە درێژایی (٢٥٠٠) میل بکات بە ژمارەیەکی هیچ لەبەرامبەر گەورەیی ئاسمانی هاوپەیمانان.

سەرەڕای کەمی سوتەمەنیش ئەو ژمارە کەمەی فڕۆکەی نایابەکان ئەرکەکانی خۆیان بەجێ دەگەیاندو سوتەمەنیش بەشی فڕۆکەکانی نەدەکردو مەگەر کەمێکی نەبێت، گەرچی فڕۆکەوانە ئەڵمانیەکان لە ململانێی ناخۆشیەکان زۆر دەگمەن بوون و لە خەباتێکی بێ هیوا بەردەوامبوون کەوا شایەنی گەورەترین پاداشت بوون.

هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان لەسەرتای هێرشەکانیان لەرۆژی ٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٤ هەروەکوو لیوا (فولر)(١) لە کتێبە بێ وێنەکەی شەڕی جیهانی دووەم باسی کردووە بەمجۆرە بوو:

١-فڕۆکە بۆردومانکەرەکان ٢٢١٩ فڕۆکە.

٢-فڕۆکەی گواستنەوە ٢٣٩٥ فڕۆکە.

٣-٨٦٧ فڕۆکەی سەرئاو.

بەناوبانگترین کتێبی سەربازی بەریتانییەکانە.

هەرچۆنی بێت لەوانەیە ژمارەی فڕۆکە شەڕکەرەکان کەمترین لەوەی کە (فولر) باسی کردوون، چونکە گەورە یی ئاسمانی هاوپەیمانا لەبارچاوبوو، سەرکردایەتی رۆژئاواش لەو کاتیدا زانیاریەکی ز ۆریان لەسەر هێزو مەبەستەکانی دوژمن نەدەزانی، هەروەها ئامێرێکی سیخوری تایبەتی

خۆیان نەبوو، لەبەر ئەوەی خزمەتی سەربە سوپای ئەڵمانیابوو، سەرکردایەتی رۆژئاوا جاجارە دەیتوانی هەندێك هەواڵ لەم دەسەلاتانەی خوارەوە وەربگرێ ئەوانیش هێزی دەریایی رۆژئاوا، سەرکردە سەربازیەکانی ئاسمانی سێیەم، هێزی دەریایی رۆژئاوا،سەرکردە سەربازییەکانی پاریس و برۆکسل، سەفیری ئەڵمانیا لە پاریس و یاخود لەهۆبەی هەواڵگری تایبەتی هێزی بروسك.

رۆنشتد هرەدەم لە تاریکیدا کاری دەکردو ئەم زانیارایانەی کە وەری دەگرتن لەبارەگای هیتلەرەوە بەدەستی دەگەیشت ئەگەرچی زانیارییەکان کەمیش بوون، هەروەها دەیتوانی داوای زانیاری ئاسمانی لە کەشتی ژمارە (۳۹ بکات دەربارەی قەنال و ئینگلتەرەو رۆژئاوای دەریای س پی ناوەڕاست تاکوو دەگاتە دەوروبەری (سردینا))، گەرچی ئەم فڕۆکانە زۆربەی کات نەیاندەتوانی بە ئامنجەکانیان بکەگەن، بەڵکو زۆریان لە شوێنی دواوەی خۆیان دەداو هێزە شەڕەکانی دوژمنیان نەدەپێکا. لەهەمان کاتیشدا کەوا چەند چرکەیەکی خێرا لێرەوە لەوێ زانیاری لەشەودا لەسەر گواستنەوەی سەربازەکانی باشوور ئینگلتەرە وەردەگرت.

هەرچەندە ئەم تیشکە زانیاریە کەمانە کەلکێکی زۆری نەبوو، هێزی دەریایی رۆژئاواییەکانیش لەچەند یەکەیەکی بچوکی کەم پێکهاتبوون و ئەو هێزە نەبوو کە بتوانرێ بەردوام زانیاری بەدەست بهێنێ تەنها لە هەندێك کاروان نەبێت بەو پێیەی کەنزیکبوو لە کەناری ئینگلتەرای باشوور، بەلام راستەقینە چییە؟

لەوێ کەس نەیدەزانی چ روودەدات!.. هەر لە ئینگلتەرە ژمارەیەکی لە بریکارەکانی ئامێری بێ تەلیان پێ درابوو، جار جارەش دە یانتوانی هەندێك زانیاری رەوانە بکەن.

هەر چۆنێك بێت (خزمەتگوزاری ئاسایشە ناوەخۆییەکان)(١)ی بەریتانی بەشێوەیەکی چاك کاریان دەکردو هەر بۆیەش بەریتانیا لەلای رۆنشتد خاکێکی قەدەغە کراو بوو.

هەروەکوو ناسراوە لە ساڵەکانی (١٩٤٣ –١٩٤٤) کەوا دوو سوپا جۆراو جۆر لەباشووری ئینگلتەرە هەبوو، یەکێکیان بە سەرکردایەتی لیوا (ایزنهاور) و ئەوی تریان بەسەرکردایەتی لیوا (مونت کومری) بوو، بەڵام چۆن ئەم دوو سوپایە پێکهاتن؟ کەس ناتوانێ بیزانێت!

لەوێدا مەشقی تایبەتی دەربارەی دابەزین ئەنجام دەدرا، ناوچەی کەناریش بۆ هاوولاتیان بەشێوەیەکی گشتی ببو بە ناوچەیەکی قەدەغە کراو، هەروەها بەهۆی تۆڕی دیبلۆماسیەتی وڵاتە هاوپەیمانەکان زانیاریان دەست دەکەوت و ناوەناوەش مۆڵەتی سەربازەکانی هەڵدەوەشاندەوە، هەروەکوو هەندێك لە فڕۆکەوانە ئەڵمانیەکان تێبینیان دەکرد لە گواستنەوەی ئامێرەکان کە زۆر بە روون و ئاشکرا بەرەو باشوور دەچوون. هەروەها هاوپەیمانان بۆیان ببو بەسەرچاوەیەکی گرنگ، بەڵام نایدەتوانی وەکوو پێویست زانیاری زۆر کۆبکەنەوە، بۆیە گرنگیەکی تایبەتیان دا بەناوچەی دەوروبەری دورگەی (وایت) تاکوو دەگەیشتە ئاستی (بورد پموپ)، بەڵام بیرکردنەوەی ئاسایش لەوێ بەشێوەیەکی تایبەتی زۆر بی هێزبوو.

رۆنشتدو دەستەی ئەرکانەکەی لەساڵی ١٩٤٣ بیروڕای راستەقینەیان وابوو کە هێرشی هاوپەیمانان لەنێوانئەوستند و هافر دەبێت، لەدواییدا هێدی هێدی هاتنوە سەرخۆو بەشێوەیەك کە بیروڕایان رۆژ لە دوای رۆژ لە زیادبووندابوو کە هێرش بەرەو (نورماندی) یان (بریتانی) دەکرێت.

رۆنشتد پێی وابوو کە ناوچەی دورگەی (وایت) بۆی هەیە بەئاسانی ببێتە مۆڵگەیەکی قەڵەم بازی، بۆیە هەموو ئەو راپۆرتانەی کە یەك لەدوایەك بۆ هیتلەر بەرز دەکرانەوە لایان وابوو کە هێرشی چاوەڕوانکراو لەدژی (نورماندی) ببێت. بەندەرە دەستکردەکانیش تا ئەو کات بەرێژەیەکی کەم ناسرابوون تەنها کەمێکیان نەبێت(١)، وایان دانابوو کەوا دوژمن لە دەشتاییەکی رووت ئاشکرا هەڵدەستێت بەدابەزین.

بەتایبەتی لەو بەندەرەی کە شوێنی ناردنە دەرەوە بوو.

(شارلبورگ) یەکێك بوو لەو بەندەرانەی نادرنە دەرەوە کە دەتوانرا جیابکرێتەوە لەو دەریایەی کە لە تەکیابوو، گومان لەزیادبووندا بوو لە دەرەوەی ئەو بۆچوونەی کەوا دۆخی کەنارو ئەو ئاوەی کە درژایە ناو (سین) و (شارلبورغ) لە بارنەبوو، وەك بۆ چوونێك کەوا بۆ دابەزین کەشتی بارهەڵگر پێویستی بەشێونێکی فرەوان هەیە، هیچ بناغەیەکی جێگیریش نەبوو پاڵپشتی لەو پێشبینیەی دابەزین بکات، لەبەر ئەوەی هۆکارەکانی زانیاری سنووردابوون.

بۆیە کاروبارەبان بۆ هۆبەی هەواڵگری هاوپەیمانان زۆر لەوە ئاسانتر بوو!

کەهێزێکی ئاسمانی زۆر کارامەو وسەرکەووتوو لەژێر فەرماندەی ئەوان دابێت: هەموو جۆرە زانیاریەکی چاکیان دەهێنا، دوژمن بەسەر دەریادا

زۆر زاڵبـوو، لـەژێر فەرمانیشـیاندا تـۆڕێکی سـێخوری ڕێـك و پێکـی لـە ناوجەرگـەی ڕێکخراوێکـی نێـو دەوڵەتیـدا لـە سوێسـراو وڵاتـانی تـردا هەبوون، لەمەش زیارت خزمەتگوزاری سیخوری هاوپـەیمانان دەیـانتوانی بـەبێ هـیچ کێشـەیەك لـە وڵاتـانی وەك فەرەنسـاو بـەلجیکاو هۆڵەنـدا کاربکەن. کێ هەبوو بەرامبەریان ناڕەزایی دەرببڕێت!

هیچ بەرگریەك لەبەرامبەریان نەبوو، هەر وەکوو دەیانتوانی پاڵپشـتیەکی زۆری دانیشتوانیش بەدەست بهێـنن، بەتایبـەتی بزوتنـەوە (گـەریلا)کـە مەترسیەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیادبووندا بوو.

ئێمە دەمانزانی کەوا نزیکەی ٣٠٠ وشـەی نهێنـی هێمـادار هـەبوو، کـە لـە پەیوەندیە نهێنیەکانی نێوان ئینگلتەرەو بزوتنەوەی (گەریلا) لە ڕۆژئاوادا بەکاردەکات. هر بۆ نموونە:

یەکێك لەم وشە نهێنیانە ئەوە بوو (کلب صدیقتنص الارنب) واتە (سەگی ڕاو کەروێشك ڕاو دەکات) ئەمەش نیشانەیەکە کـەوا ماناکـەی پێچـەوانەی مانـا دیارەکەیـە، مانـای ئـەو وشـە نهێنیانـەش ٥٠٪یـان لـەلای ئێمـە زانراوبـوون، بـەڵام مانـای هەنـدێك لـە وشـەکانیمان نـەدەزانی و تێنەدەگەیشتین.

بەشی یازدەهەم

ساڵی هێرشەکە

تێگەیشتنەکانی مارشاڵ ڕۆنشتد لە ئان و ساتی هێرشەکەی هاوپەیمانان بەم شێوەیە بوو: ڕۆمل لەپاش نوشستی ئەفریقیا بێ کارو بەرپرسیاریەتی بوو، هیتلەریش هیوایەکی زۆری بەو مارشاڵە لاوە هەبوو کە هەموو گیانی چالاکی و داهێنان بوو، پیاوەکانیشی زۆر خۆشیان دەویست، ڕۆمل خۆی دەیویست لە کارو چالاکی دابێت، لە هەلێکیش دەگەڕا بۆ ئەوەی بۆشایی نوشستیەکەی ئەفریقا کە شایەنی ئەو نەبوو پڕ بکاتەوە .

مارشاڵ (کیسلرنگ)ی سەرۆکی گشتی بەرەی باشووری ڕۆژئاوا لە ئیتالیا دەجەنگا، بەرەکەشی لەو کاتەدا زۆر لە باشووری پێڵاوە درێژەکە (نەخشەی ئەو کاتەی ئیتالیا لەسەر شێوەی پێڵاوێکی درێژ بوو) دوور بوو، بۆیەش بڕیاریدا مارشاڵ ڕۆمل لە دەستەی ئەرکانی سوپای (ب) لە باکووری ئیتالیا دەست بەکاربێت، ئەرکەکەشی کۆنترۆل کردنی بەرگرییەکانی دورگەی جەنەوا و بوندقیەبوو دژی دابەزینەکانی هێزی هاوپەیمانان، لە هەمان کاتدا بەرپرسی دابین کردنی پاڵپشتیەکانی ئەڵمانیا بوو بۆ ئیتالیا لە ڕێگەی چیای ئەلپەوە تا سنوورو پاشان ناردنی پاڵپشتیەکان بۆ بەرەی (کیسلرنگ) لە باشوورو ئیشەکەی دیکەشی داماڵینی هێزی ئیتالی بوو بەشێوەیەکی ئاشتیانە لەو چەکانەی کە لەژێر دەستیان دابوو، پاشان ئەو یەکە ئیتالیانە ڕێك بخاتەوە، بەتایبەتی

ئەوانەی بڕوایان بە وەفاداریەتی یەکێتی ئەڵمانیا هەیە، ئەوەش لەو کاتەی کە ئیتاڵیا دەڕمێت.

ئەم ئەرکە تازەیەش لەگەڵ رۆمل وەکو سەربازێك هەرگیز نەدەگونجا، دابەش کردنی بەرپرسیارتییەکان لە ئیتالیا هەروەك لە سەرکردایەتی رۆژئاوازۆر خراپ بوو، چونکە پێویست بوو بەرپرسیاریەت لەژێر دەستی یەك سەرکردە دابێت، نەك دوو سەرکردە، بۆیە چاوەڕوان دەکرا کێشە لەسەر بەرپرسیارەتیەکان ڕوو بدات، ئەگەرچی هەردوو مارشاڵەکە هاوڕێیەتی و یەك مەبەستیان هەبوو لە دونیادا.

دەتوانیت بەخوازراوی بڵێیت کە ڕۆمل پێشبڕکێی (کیسلرنگ)ی دەکرد، بۆیەش کیسلرنگ داوای لە هیتلەر کرد کە یەکێکیان بۆ سەرکردایەتی هەڵبژێرێت، هەربۆیەش لەدەستەی ئەرکانی سوپای ئەڵمانیا بیرۆکەی هەڵوەشانەوەی دەستەی ئەرکانی سوپای (ب) دروست بوو، بەڵام هیتلەر داوای کرد ئەو دەستەیە پاڵپشتی لێبکرێت چونکە چاوەڕێی دروست بوونی ڕووداوی گرنگی دەکرد لەبەرەی رۆژئاوا، یان هەر بەرەیەکی تر، بۆیەش وەکو یەدەگ دەستەکەی هێشتەوە، پاشان ڕۆمل دەستەکەی راسپارد کە لەماوەی داهاتوودا بەرپرسیاریەتیەکی مەترسیداری پێ دەسپێرێت لەشوێنێکی دیاریکراودا، بۆیەش هیتلەر بەرپرسیاریەتی پشکنینی بەرگرییەکانی رۆژئاوای بە ڕۆمل سپاردو چەندان ئامۆژگاری کردن، کە سەرکردایەتی رۆژوئاوا لە مەبەستی ناوەڕۆکەکەی تێنەگەیشتن.

مەبەست لە دامەزراندنی ڕۆمل بریتی بوو لە :-

١-ئاشنا کردنی بەو یەکەیەی بەرەی رۆژئاوا کە پارچەیەکی یەکلاکەرەوەبوو لەبەرەی (قەنال).

٢-پەیڕەوکردنی توندترین یەکەی بەرگریکردن لەبەرەی رۆژئاوا لەلایەن ئەو مارشاڵە لاوەی کە جێگەی متمانەی تەواوی هیتلەر بوو لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی بەهێزی بە ئەندامانی پارتی نازی و رێکخراوی (تود) و (ئەبسیر) و (کوبلز)ی وەزیر هەبوو، بۆیەش دەتوانێت هەموو شتێکی لێیانەوە دەست بکەوێت.

٣-سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ڕۆمل لەشەڕی دژی بەریتانیەکان.

ئەم خاڵە گرنگانە لەڕاستیدا ناوەڕۆکی تایبەتی پێشنیارەکانی هیتلەر بوو بۆ ڕۆمل، زۆر لە ئەفسەرە کۆنەکانی سەر بەهیتلەر پێشنیارەکانیان جێبەجێ کرد، سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئەڵمانیش فەریق (جودل) بۆ جێبەجێ کردنی ئەو هێڵانەی هیتلەر داینا پەیوەندی بە ڕۆمل کرد، هیتلەریش لەلایەن خۆیەوە داوای لە ڕۆمل کرد کە ئەنجامی پشکنینەکانی بۆ رۆنشتد ڕوون بکاتەوە.

ئەم ئامادەکارییانە بەپێی سروشتی کارەکان چاك نەبوو وەکو ئەوەی پێشتر لە ئیتالیا پێشنیاری بۆ کرابوو، یان ئەو بیووایە بە سەرکردەی گشتی یان ئەوی تر، چونکە دەبوایە یەك سەرکردە هەبێت و بەرپرسیاریتەکان وەربگرێت نەك دوو سەرکردە.

هیچ جیاوازیەك لە نێوان رۆنشتد و ڕۆمل دا نەبوو بەقەد ئەوەی لە نێوان سەرۆك ئەرکانەکاندا هەبوو، بەڵام نەشدەتوانرا ڕێگە لەو بەیەکداچوونانە بگیرێت کە لە ئەنجامی تێکەڵ بوونی ئەرکەکاندا دروست دەبوو.

ڕۆمل هەموو کات رێزی لە پیاوەتی رۆنشتد دەنا، رۆنشتد بەهۆی تەمەن و کولتور و پێگەیاندنی جێگەی رێزی کەسانی دەوروبەری بوو.

ڕۆمل لەسەر حەق بوو کاتێك ڕاستەخۆ پەیوەندی بە هیتلەرەوە کرد، بۆیە نەیدەتوانی ڕێگری لەبەرپرسیاریەتی سوپا بکات کە بەسەرکردایەتی رۆنشتد بوو، رۆنشتد یان ڕۆملی پشکێنەر! ! ئەم بەرپرسیارییەتە کێبرکێی لەنێوان خەڵکی هەردوو بازنەکەدا دروست کردبوو، لە سەرکردایەتیش ئەم کێبرکێیە ڕەنگی دابوووەوە بەتایبەتی لەسەرکردایەتی هێزی چەکداری ئەڵمانیا و هێزی ئاسمانی سێیەم و دەریایی رۆژئاوا.

پشکنینەکەی ڕۆمل بۆ ئامادەکارییەکانی بەرگری کەناری رۆژئاوا تا دانیمارك درێژدەبووەوەو، هەتاکو لە ناوچەی رۆنشتدیشی رەت دەدا.

لە تشرینی دووەمی ١٩٤٣ مارشاڵ(کایتل) لەسەر فەرمانی هیتلەر گەیشتە پاریس بۆ ئەم مەبەستە، هەروەها ڕوونیکردەوە کە هیتلەر بڕیاری گۆڕینی کەسەکانی داوە، (ڕۆمل)یش دەبێت لەژێر فەرمانی رۆنشتد دابێت کاتێك سوپای (ب) ئامادەکاری دەبێت بۆ شەڕکردن.

لەسەردانەکەیدا کایتل ڕای هیتلەری دەربارەی ڕۆمل گوێ لێبوو (ڕۆمل سەرکردەیەکی ستراتیژی نییە، ئەو سەربازێکی ئیشکەری زیرەك و پێشکەوتووە لە مەسەلەی ئامادەکارییەکاندا)، پێویستە لێرەدا باس بکەین کە هیتلەر، هەردەم ئاماژەی بەڕۆڵی مارشاڵ (کلوکا) دەکردو دەیگوت ئەو جێگەی رۆنشتد دەگرێتەوە ئەگەر نەخۆش بکەوێت یان نەمێنێت.

ڕۆمل پاش ئەوەی گەیشتە رۆژئاوا لەگەڵ (کوز)ی سەرۆك ئەرکانەکەی حەزی کرد گفتوگۆی پێشەکی لەگەڵ رۆنشتد دا بکات، هەروەها ئارەزووی کرد بارەگاکەی نزیك بێت، رۆنشتد بەم داواکارییە رازی بوو،

هاوکـاری گواسـتنەوەی ڕۆمـل و سـەرۆك ئەرکانەکـەی کـرد (بارەگـای پێکهاتـەی سـوپای (ب)) بـۆ (فونتنبلـۆ). لـە کـانوونی یەکـەمی ١٩٤٣ ڕۆنشـتد، ڕۆملـی لـە بیرۆکـە تایبەتیـەکانی هەلوێسـتی گشـتی لـە ڕۆژئـاوا ئاگـادارکردەوە، هـەروەها باسـی ویسـتەکانی هەوپـەیمانانی بـۆ کـرد لـە هێرشـکردنە سـەر مۆڵگـەکان، لەگـەڵ توانـا راسـتەقینەکانی بـەرگری، بیرۆکەی ئەو ئامۆژگارییانەیش بەم شێوەیە بوو:-

لەئینگلتـەرە نزیکـەی (٦٠) تیپـی تـەواوی ئامـادەکراو هەیـە، پیاوەکـانی لەپلەی یەکەمن بۆ شەڕکردن، ئـەو تیپانـە چـەندان ڕاهێنانیـان لـە بـواری دابەزین دا کردووە، هەروەها تیپی تۆپهاوێژو چەتردارەکانی لە نێوان ٨- ١٠ تیپ خەملێنراوە، زانیـاری زیـاتر لـەم زانیاریانـەش دەسـت ناکـەوێت، چونکە چـاودێرییەکانمان بـێ هێـز بـوون، نـەتوانراوە زانیـاری بەسـوودی دیکە وەربگیرێت.

هەرچەندە ئەم زانیاریانە بەردەست بوون، بـەڵام نـەتوانرا تـا ئـەو کاتـە شوێنی دابەزینی دوژمن بزانرێت، تەنانەت ڕۆژی دابەزینەکەش نەزانرابوو، چونکە سوپای ئەنگلۆ-ئەمەریکی لەسەر هێڵی (دۆفـر - بلایمـۆس) بـوو، بۆیـەش هێرشـەکە لەبەشـێکی ئـەو بـەرەی شـەڕەدا ڕوودەدات، ئـەو کەشتیانەی هاوپەیمانان کە لەکەنارەکانی ئینگلترە بـوو، دەتـوانرا لەهـەر خاڵێـك بیانـەوێت کـۆی بکەنـەوە، دەسـتەڵاتی ڕەهـای ئاسمـانیی لـەژێر کۆنترۆڵی هاوپەیمانان بوو، بۆیەش هێزی ئاسمانی سییەم لە هەڵوێستێك دا بوو کە کاریگەری بەسەر شەڕدا نەدەبوو، لەو کاتەدا داوای پاڵپشـتی و هاوکاری ئاسمانی کرد.

لەوانەبوو کاتی هێرشەکە لە ڕۆژەکانی مانگی مایس و ئەیلوولی (١٩٤٤) دابێت، ئەو کاتە کەش و هەوا لەبار دەبێت و کەناری (قەنال)یش لەژێر هەرەشەدابوو، چونکە نزیکترین ڕێگابوو بۆ ناوچەی (ڕاین) کە بەرگری لێ نەدەکرا، ئەم جۆرە هەڵچوونەش دەبێتە هۆی لێك دابڕاندنی سەرکردایەتی ڕۆژئاوا لە ئەڵمانیا بە یەك لێدان.

شەڕ لە هۆلەندا چاوەڕوان نەدەکرا، چونکە زەویەکەی یارمەتی گواستنەوەی یەکە گەورەکان نادات، ئەی ئەگەر ئەو یەکانە تانکیشی لەگەڵدا بێت!!.

لێکۆڵینەوەی ئەم باسانە بەدوور نەدەزانرا کە دابەزینەکە لە نورماندی بێت، ئەم باسانە جموجۆڵەکانی درێژە پێ دەدا، چونکە ڕێگەی نورماندی بۆ ئەڵمانیا دوور بوو، بەڵام مەترسیدار نەبوو وەکو ڕێگەی (کالیە) بۆ ئەڵمانیا.

لە کۆتاییدا بەدوور نەدەزانرا چاوەڕێی هێرش بکرێت بۆ هەردوو لای (هاڤر)، بۆ ئەوەی بگەن بە پاریس و بە پاڵپشتی هۆی سیاسی و گەڕاندنەوەی شکۆ.

دابەزین دەگونجا لە (بریتانی) بێت تەنانەت لە بەرەی دورگەی (باسکای)ش بەڵام بەهۆی پاڵپشتی یەکەو سەرزەمینەکان بێت، دابەزین لە دورگەی (باسکای) هیچ ئەنجامێکی ستراتیژی بەدەستەوە نەدەدا، چونکە ڕێگاکەی بۆ ئەڵمانیا دوور بوو، بەپێچەوانەشەوە کەناری فەرەنسی دەریای سپی ناوەڕاستیش لەژێر هەرەشەدا بوو، دەتوانرا لەڕێگەی ئیتالیا یان ئەفریقیا یان سەردینیا و کۆرسیکا هێرشی بکرێتە سەر، بۆیە گفتوگۆی زۆرهەبوو بۆ ئەوەی هێزەکان لە کەناری باشووری

فەرەنسا جێ بهێڵن و بەرەو ناوچەی ناوەڕاستی دەوروبەری پاریس بگوازرێنەوە.

ڕۆمل چەندان زانیاری تری دەربارەی یەکەکان و ئامادەکاری و چەك و بەرگرییەکانی پێگەیشت، ڕۆنشتد لەکاتی گفتوگۆی لەگەڵ ڕۆمل ئاماژەی بە (دیواری ئەتلەسی)، دەداو بە دیواری پروپاگەندەی وەسف دەکرد، لەکۆتاییدا ڕۆمل زانی ئاسانکاری نابێت بکرێت لە بەرگریەکان و تیپی سەرزەمینی، چونکە هیچ باسێکی لەدواوە نەبوو، تەنها هێڵێکی دیاریکراو هەبوو لە (سوم – ساوون – سنوری سویسرا).

گفتوگۆی ڕۆنشتد و ڕۆمل تەواو بوو بە وتەیەکی ڕۆنشتد (بارەکە بەتاریکی بەدیاردەکەوێت).

کاریگەریەکانی ڕۆمل بە ئاشکرا دیاربوو، بەڵام هیوا بڕاو نەبوو لە چارەسەرکردنی هەڵوێستەکە، بە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هیتلەرو پیاوەکانی (رایخ)، لە پروپاگەندەکانی (گۆپلز) بە ئاشکرا ناوی ڕۆمل دەهات، تەنانەت باسی ڕۆمل لە هەواڵەکانی هەفتانەش بڵاودەکرایەوە.

لەڕاستیدا پشکێنەری گشتی بە پەرۆشیەکی مەزنەوە ئەرکەکانی جێبەجێ دەکرد، و بەبێ ماندوو بوون هەموناوچەکانی بەرەی کەناری بەسەر دەکردەوە، لە سوپایەکەوە بۆ سوپایەکی ترو لە تیپێکەوە بۆ تیپێکی تر، هەوڵی دا داواکارییەکانی هیتلەر بۆ پاڵپشتی کردنی بەرگری جێبەجێ بکات، بەڵام نەیدەتوانی فەرمان بەسەر سوپادا بکات، چونکە ئەو پشکێنەرێك زیاتر نەبوو، هەندێك جار بەیەکهەڵشاخانی سەخت لەنێوان (ڕۆمل) ی پشکێنەر و سەرکردە ناوچەییەکان رووی دەدا کە

لەژێر فەرمانی رۆنشتد دا بوون، ئەمە وایکرد کەلەبەرێکی گەورە لەنێوان سەرکردایەتی رۆژئاواو رۆمل دا رووبدات.

رۆنشتد داوای لە هیتلەر کرد هەڵوێستەکانی بگۆڕێت، رۆمل بەو ئەرکانەی پێ سپێرداربوو، ئەرکی زیاتری دەکردو خۆی لە زۆرشت هەڵدەقورتاند، بۆیەش رۆنشتد چەند پێشنیارێکی ئاراستەی هیتلەر کرد لەسەر حەزو ئارەزووەکانی رۆمل:-

رۆمل دەستەی ئەرکانی سوپای (ب) بکرێتە دامەزراوەیەکی بەرگریکاری و بەرپرسیاربێت لە :-

١- سەرکردایەتی کردنی یەکەکانی بەرگری لەزەوییە نزمەکان، لە کەناری هۆلەندا.

٢-سوپای پازدەهەم لەنێوان (ئاوستند) و رۆژئاوای هافرو ئاورێژی (لوار)، نیمچە دورگەی نورماندی و بریتانی بگرێتەوە،

بۆیەش رۆمل مەترسیدارترین یەکەی هەبوو کە یەکەی قەنال و هەردوو نیمچە دورگەی ناوبراوان، ئەو کاتە رۆمل دەبێتە بەرپرسیاری ئەو ناوچانە و دەتوانێت فەرمان لەوناوچانە بدات کە لەژێر دەسەلاتی دایە وەکو سەرکردەیەك.

سوپای (ج) بەسترابووە لەگەڵ سەرکردایەتی تیپی (بلاسکوولیتس) و ئەم یەکانەی لەژێر دەسەلاتدا بوو:-

١-سوپای یەکەم لە ئاورێژی لوار تا (بیارتیس)، یان بەرەی دورگەی باسکای.

٢-یەکەکانی باکووری برانیس.

٣-سوپای نۆزدەهەم لە دەریای سپی ناوەڕاست لە (فندرس) تا (منتون).

٤-یەکەکانی چیای ئەلپ لە (منتون) تا (مۆنت بلانك).

بەمجۆرە هێزەکانی رۆژئاوا کە لەژێر فەرماندەیی رۆنشتد بوو ئەمانەبوون:-

١-پێکهاتەی سوپای (ب) لەژێر سەرکردایەتی رۆمل.

٢-پێکهاتەی سوپای (ج) لەژێر سەرکردایەتی بلاسکوویتس.

لەوەش زیاتر رۆنشتد هاوکاری گەلەکەشتی دەریایی سێیەم و سوپای دەریایی رۆژئاواو هەردوو سەرکردەکەی تری دەکرد، پاش چەندان ڕوون کردنەوەی تر لەلایەن هیتلەرەوە، ڕازی بوو لەسەر پێشنیارەکانی رۆنشتدو، فەرمانی دا ئەم پێشنیارانە جێبەجێ بکرێن، ئەگەرچی سستەمی سوپای (ج) تا ئەکاتە شێوەی ئاسایی خۆی وەرنەگرتبوو.

هیتلەر گۆڕانکاریەکی گەورەی دروست کرد، بەڵام گۆڕانکارییەکان تەنها ڕوالەتی بوون، لەباشووری فەرەنسا چاوەڕوان دەکرا بلاسکوویتس لە سەرکردایەتی سوپای (ج) بمێنێتەوە، بەڵام ئەو لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت بەخۆی ئەم کارەی نەکرد، گەرچی بلاسکوویتس سەربازێکی نایاب بوو، بەڵام هیتلەر خۆشی نەدەویست، بەتەنها گەیشتبووە سەرکردایەتی سوپا، رەنگە هیتلەریش حەزی نەکردبا بیکاتە هاوشێوەی رۆمل، لەو کاتەش پەیوەندی ڕوون لەنێوان رۆنشتد و رۆمل دروست ببوو، هەر یەکەیان ئەرکی دیاری کراویان هەبوو و وە بەرپرسیار بوون لەسەر ئەنجام دانی، لە رۆژەکانی یەکەمی گۆڕانکارییەکان چەند بارگژییەك دروست بوو، چونکە رۆمل تا ئەو کاتە پشکێنەری هەموو کەنارەکان بوو،

حەقی ئەوەی هەبوو سەرپەرپشتیاری هەموو بەرەکانی جەنگی بلاسکوویتس بکات لەلایەنی بەرگرییەوە، بەلام ئەو حەقەی کەم ببووەوە چونکە ئەو سەرقالی بەهێزکردنی ناوچەکەی خۆی بوو.

لە دەستپێکی ١٩٤٤ لە پاریس چەند ڕاهێنانێك دەربارەی تفاقدان ئەنجام درا، کە بەرپرسی خۆراکی سوپا ئامادەی بوو، ڕاهێنانەکە لەکارەکانی بەرپرسی هۆبەی جموجۆلی سەرکردایەتی رۆژئاوا (زمرمان) بوو.

ناوەڕۆکی ڕاهێنانەکان تاڕادەیەکی زۆر ڕاستی پێوە دیاربوو، ڕاهێنانەکان وەکو ئەوە بوو کە لەشەرێکی راستەقینەدا بێت، وا دانرا کە هاوپەیمانن لە ئاسمانەوە دابەزینە بۆ (نورماندی) و لە کەناری باکووریش دابەزیونەتە سەر (کونتنتین).

هیتلەر زۆر شپرزە بوو بە ئاگادارکردنەوەکانی رۆنشتد کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ پێشکەشی کردبوو، دەست بەجێ سەرۆك ئەرکانی سوپای ئەلمانی (جودل) ی ناردە رۆژئاوا، ئەمە شتێکی ئاسایی نەبوو، چونکە هیتلەر هەرگیز نزیکەکانی دەورروپشتی خۆی نەدەنارد تەنها بۆ کارێکی زۆر گرنگ نەبوایە.

لەسەر (جودل) پێویست بوو پشکنین بۆ کەناری قەنال (سوپای پازدەهەم) و سوپای لیوا بارۆن فۆن لە (بتلر) و سوپای حەوتەم لە (نورماندی) و (بریتانی) و لیوا (ویرلی مونت) لە کەناری باشوور بکات و هەموو هەلوێستەکانیش بە هیتلەر رابگەنێت.

(جودل) بارودۆخەکانی سوپای بە رۆنشتد راگەیاند، رۆنشتد هەلەکەی قۆستەوەو بێ پێچ و پەنا راوبۆچوونی خۆی بەسەرۆك ئەرکانی سوپای

ئەڵمانی ڕاگەیاندو شێوازی سەرکردایەتی باڵای ڕوون کردەوەو دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی کورت دوو ڕای جیاواز لە ڕۆژئاوا هەبوو:-

١-ڕۆنشتد و سەرۆکی دەستەی ئەرکان و سەرۆکی ژووری جموجۆل وای دەبینن، پارێزگاری لە کەنار بکرێت لە دووری دووهەزار و پێنج سەد میل و چەند یەکەیەکی بێ هێز تیایدا بهێڵرێتەوە، ئەگەر دوژمن توانی ئەو خاڵانەی بەرگری ئەڵمانی ببڕێت، ئەوا یەکەکان کە لەو دوورییەدان دەتوانن دابەزینی هاوپەیمانان دوابخەن، بەڵام دەبێت بەرگرییەکان لە ڕۆژئاوا پاش ئەم ڕووداوە بەخێرایی بێت و بەرگرییەکی چونەپێش بێت، بۆیەش پێویستە یەدەگێکی ناوەندی گەورە لەدەوروبەری پاریس دا هەبێت کە چەندان جاری تریش ئاماژەی پێ درا بوو، و وە پاڵپشتی ئاسمانی بەردەوام هەبێت.

٢-ڕۆمل بەهۆی ئەزموونی خۆی لە ئەفریقیا و ئیتالیا وای دەبینێت بەهەموو هێزەکانەوە لەنێویشیاندا تیپی تانکەکان لە بەرەی کەنار، پارێزگاری لە کەنارەکان بکرێت.

ڕۆنشتد بیروڕایەکی ڕەوانەکردنی هێز هەبوو، بەڵام ڕۆمل بیروباوەڕێکی ئامادەکاری و خۆسازادنی هەبوو.

ڕۆنشتد سەرکردەی گشتی هێزەکان بوو، لەسەری پێویست بوو چاوی لەسەر هەموو بەرەکانی جەنگ بێت، بەڵام ڕۆمل تەنها پەیوەست بوو بە ناوچەکەی خۆی کە سەر بە سەرکردایەتی ڕۆژئاوا بوو.

ئەو تێگەیشتنە بە شێوەیەك بوو کە ڕۆمل بایەخ بدات بەیەکەکانی قەناڵ و بەس، بەڵام ڕۆنشتد سەرکردایەتی ئەوشەڕەی دەکرد کە چاوەڕواندەکرا

له دورگەی باسکای و کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست روبدات، چار چیه بۆ ئەوە؟

لەو کاتەی شەڕ دروست ببوایە، هەموو تیپەکانی سەرزەمینی کە توانی کارکردنیان هەبوو وە هەمو تیپە زریپۆشەکانی ناوچەی کەناریان نزیك کەنار، نه دەتوانرا پاشه کشەیان پێ بکرێت، یان زۆر بەزەحمەتی لەژێر ئاگری دوژمندا پاشەکشەیان دەکرد، ئەو جێگرەوانه چی بوون کە لەلای رۆنشتدا بوون بۆ بەرگری کردن له ناوچەی بەرفراواندا؟

رۆمل چەند هۆیەکی بە هێزی هەبوو کەهیچ شارەزایەك نەیدەتوانی گفتوگۆی لەگەڵ بکات (رۆنشتد) یش بەهەمان شێوه لەوکاتەدا دوو بیرۆکەی دژ بەیەك و بەرپرسایەتیەکی هاوبەش هەبوو لەیەك کاتدا، گەر رۆمل سەرکردەی گشتی بوایه له رۆژئاوا، ئەوا چەند یەکەیەکی زریپۆشی له دەوروبەری پاریس جێگیر دەکرد ، بۆ ئەوەی لەو بەرانە بەکاربهێنێت کە (٢٥٠٠) میل دووربوون لێیەوە.چەندین گفتوگۆی ئەکادیمی لەم بارەوە کرا، بەڵام لەراستیدا زۆر سادەبوون، ئەگەر هەست بکرابوایە کە لەچ بەرەیەکەوە دابەزینی هاوپەیمانان ئەنجام دەدرێت، ئەوا هەموو هێزەکان لەم شوێنەدا کۆدەکرایەوە، بەڵام ئەگەر شوێنی دابەزینەکە نەزانرێت سەرکردایەتی باڵا چۆن دەتوانێت هێز له شوێنێکی دیاریکراو کۆبکاتەوە، جودل هەردوو بۆچوونەکەی بە هیتلەر گەیاند، نێردراوەکەی هیتلەر چەند بۆچوونێکی نوێی له قسەکانی لیوا(مارکس) پیاوێکی ناسراوی سوپا بوو، بێباکانه بە (جودل)ی راگەیاند کەئەو هێزەی لە ژێر دەستی دایە نەك هەر ناتوانێت ئەرکی بەرگری کردن، تەنانەت ناتوانێت ئەرکی دواخستنی هێزی هاوپەیمانانیش بگرێتە ئەستۆ، گەر هێزەکانی ئەویش تێك شکا، ئەوا بەرەی کەناری دەبێتەپارویەکی نەرم و بە ئاسانی و بەماوەیەکی

کـەم داگـیر دەکرێـت. جـودل گەیشـتە ئـەو قەناعەتەکـەی کـە بەهانـە هێنانەوەیە گەر بڵێین بەو هێزە بچوکەی نورماندی دەتوانرێت پارێزگـاری لـە نورمانـدی بکرێـت و هێڵێکـی بـەرگریش بـۆ بـەرەی کـەناری دروسـت بکرێت، لەگەڵ بۆچوونەکانی رۆنشتد هاوڕابوو پێویستە هێزێکی بەهێز لە زریپۆشەکان لەدەوروبەری پاریس کۆبکرێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە یـەدەگێك بۆ ئەم بەرەیە.

هیتلەر لەسەر بۆچوونەکانی بڕیاری دا کە پارێزگاری لەکەنارەکان بکرێت لەسەر بۆچوونەکەی رۆمل، رایگەیانـد دەبێـت هێزێکـی یـەدەگ کـە پێـك هاتبێت لـە زریپۆشـەکانی رۆژهـەڵات و بەشـێوەیەکی تـر ڕێـك بخرێتـەوەو لەدەوروبەری پاریس جێگیر بکرێن، ئەگەر نـەتوانرا یەکـەی نـوێ دروسـت بکرێت و لەژێر سەرکردایەتی خۆیدابێت.

هیتلـەر زۆر حـەزی بـە پیاهەڵـدانی سیسـتەمی بـەرگری دەکـر، وا بـڕوای دەکرد کە رۆخـی کـەنارەکان چـەند هێـزی ئامادەباشـی تیایـدا جـێگیرەو فێڵی هونەری بەکاردەهێنێت بۆ داخستنی کەنارەکان بـەرووی دوژمـن دا، ئەو لەسەر ئەو نەخشانە بۆچوونەکەی بنیات دەنا کە ٩٠٠ میل لە شـوێنی راستەقینەی ڕووداوەکان دوور بوو! !

ئەو نەخشانەی سەرمێزەکەی زۆرچاك بـوون بـۆ دامرکاندنـەوەی تـوڕەیی هیتلەر.

هیتلەر حەزی دەکرد ئەڵمانیا لە نەگبەتی و نوشست هێنان دووربخاتـەوە بەهۆی بەرگری کردن بە ئاسن و کۆنکریتەوە.

هیتلەر زۆر دوو دڵ بوو، چـونکە بۆچـوونەکەی ڕۆمـل کـاری لـێ کردبوو، هیتلـەر هـەرگیز خـاوەنی ئیرادەیـەکی چەسپاو نـەبوو وەکـو بـە ڕواڵـەت

دەبینرا، تەنها رۆنشتدو ئەوانەی لە چواردەورییەوە بوون چاکیان دەناسی، کە زۆر لە بڕیاردان بەگومانەو زۆر بەئاسانی دەتوانرێت کاری لێ بکرێت. بۆ ئەو کەسانەی کە حالەتی دەروونی هیتلەریان دەزانی، (هیدەر) کە سەرۆك ئەرکانی سوپا بوو لەرۆژهەلات زۆر هەولی دەدا هیتلەر بە بۆچوونێك ڕازی بکات، هەر لەو کاتەدا ڕازی دەبوو بەلام پاش کەمێك ڕایەکەی خۆی بەپێچەوانەوە دەگۆڕی، ئەمەش لەبەر ئەوەی بوو کە کەسێکی تر بۆچوونێکی تری بۆ پێشنیار کردووە.

ڕۆمل هەموو ڕۆژێك پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ هیتلەر دەکرد، بەلام رۆنشتد ئەو کارەی نەدەکرد، گەر بە ڕوونی سەیری گفتوگۆیەکانی ڕۆمل و هیتلەر بکرێت، دەردەکەوێت هەردووکیان زۆر بەگەرمی باسی شتەکانیان دەکردو هەردووکیان هەستی یەکتریان بەرز دەکردەوە و زۆر بەدرێژی باسی داهێنانە سوپاییەکانیان دەکرد کە هیتلەر زۆر حەزی بە بیستنی دەرکرد.

ڕۆمل توانی بەهۆی باوەڕی تایبەتی خۆی و یارەمەتی سەرکردە دیارەکانی حیزب بیروباوەڕەکانی هیتلەر لەبیروباوەڕەکانی تایبەتی خۆی نزیك بکاتەوە، بۆیەش پێش دەستپێکردنی هێرشەکە دەستبەرداری دەزگای بەرگری ڕۆژئاوا بوون بەتەواوی، ئەو دەزگایە ماوەیەکی زۆر خەریکی ئامادەکردنی بوون بەپێی بنەما سەرەکیەکانی سوپا، لێرەدا پێویست بلێین گەرچی جیاوازی و بەیەکداچوون هەبوو بەهۆی ئەو راستیانەوە، بەلام رۆمل و رۆنشتد هەرگیز دەستبەرداری ئەو پەیوەندییە نەبوون کە لەنێوانیاندا بوو.

رۆمل لەسەر ڕایەکانی سووربوو، پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ هیتلەر هەبوو، بەمەش خۆی بەسەر رۆنشتدا سەپاندبوو، بەڵام رۆنشتد دڵی فراوان بوو. ئەمە لەسەر سەرۆکی روکنەکەشی سبیدل دەچەسپیّ کە لە بەهاری ساڵی ١٩٤٤ جێگەی لیوا (کون)ی گرتەوە، سبیدل ئەفسەرێکی زیرەك بوو، ڕۆڵێکی باشی هەبوو لە هێور کردنەوەی ئەو بارە دژبەیەکەی کە لەنێوان دەستەی ئەرکانی ڕۆمل و رۆنشتدا هەبوو.

هەردوو سەرۆك ئەرکانی سەرکردایەتی رۆژئاواو سوپای (ب) لە ساڵی (١٩٢٠)وە یەکتریان دەناسی و کاریان بەیەکەوە کردبوو، زۆرچاویان لەسەر هەردوو سەرکردەکە بوو ، بە ئەرکی خۆیان دەزانی هەرکاتێك کێشەیەك لەنێوان هەردوو مارشاڵەکە دروست بوو ئەوا ئەوان خۆیان تیایدا هەڵقورتێنن.

لە شوباتی ١٩٤٤ مارشاڵ رۆنشتد لە مۆڵەت دابوو لە (بادتویلز) ئەو ئەفسەرەش کە جێگەی ئەوی دەگرتەوە لە هێزی ئاسمانی سێیەم مارشاڵ (سبیدل)بوو، مارشاڵ رۆمل دوای لێکردم بەیەکەوەبەرگرییەکانی کەناری (بریتانی) بپشکنین، هەلێکم بۆ رەخسا لەنزیکەوە رۆمل بناسم، گەشتی پشکنینەکە سێ رۆژی خایاند لە (سنت نازیر) دەستی پێکرد بۆ (لۆرین) و (بریست) و (سنت بریوس) و پاشانیش بۆ سەرکردایەتی سوپای حەوتەم لە (ریمس) کە لەلایەن (دولمان)ەوە سەرکردایەتی دەکرا.

رۆمل بەیانیان زوو لەخەو هەڵدەستاو کاتژمێر هەشت دەستی بەکارەکانی دەکرد، بێ ئەوەی ماندوو بێت یان ناڕەزایی دەربڕێت، سەری لەهەموو یەکەکان دەداو لەگەڵ بەرپرسەکانی گفتوگۆی دەکردو

داوای ڕوونکردنەوە لێ دەکردن دەربارەی سیستەمی بەرگری کردن، کاتێك هەستی کردبوایە ئیشەکان وەکو پێویست و بە ئارەزووی ئەو بەڕێوە ناچن ڕەخنەی توندی دەگرت. وام تێبینی دەکرد بەرپرسی یەکە سەربازییەکان زۆر لە ڕۆمل دەترسان و هەناسەی خۆشیان هەڵدەمژی کاتێك ڕۆمل بەجێیدەهێشتن و خواحافیزی دەکرد.

ڕۆمل زۆر بایەخی بە ئەندازیارەکانی دەدا و بە خۆشحاڵیەوە رایدەگەیاند کە هونەری ئەندازەیی لای ئەو زۆر گرنگ بووە کاتێك قوتابی کۆلیژی سەربازی بووە، لەگەشتەکانی پشکنین هەموو جارێك سەرکردەی ئەندازەیی سوپای (ب) لەگەڵدابوو کە ناوی دکتۆر (میز) بوو، لەگەڵ راوێژکاری دەریاریی ئەدمیرالد (رانج).

ڕۆمل شەو و ڕۆژ چەند کێشەیەك لە مێشکیدا دەخولایەوە:-

١-کێڵگەکانی مین:- نەیدەتوانی ڕێژەی پێویستی لە مین دەست بکەوێت، ئەو داوای ملیارەها مینی دەکرد بۆ ئەوەی کێڵگەی فراوان دروست بکات، ئەڵمانیا نەیدەتوانی ئەو ڕێژەیە بەرهەم بهێنێت، بۆیە ڕۆمل داوای لە کارگەکانی فەرەنسا کرد مین دروست بکەن.

مێشکە فراوانەکەی هەردەم بیری نوێی بۆ دەهێنایە خەیاڵ، دەیویست مین لە ژێر هەموو دەرختەکاندا بچێنێت و مینی ساختەی دروست دەکرد بۆ ئەوەی دوژمن ڕێگەی لێ تێك بچێت.

٢-(میوە نایابەکانی ڕۆمل) ئەو ناوە گاڵتەجارییە بوو کە یەکە سەربازییەکان لەو دارستانە بەرفراوانەیان نابوو کە ڕۆمل لە (مێخ)ی دروست کردبوو، مەبەستەکەشی لەو مێخانە دواخستنی هاوپەیمانان بوو لەکاتی دابەزینیان و دروست کردنی کۆسپ و تەگەرە بوو بۆ

سەربازەکانی دوژمن کە لەئاسمانەوە دەهاتنە خوارەوە بە تایبەتی لەو دارستانانەی کە دارودرختەکان بەرزییان ١٠ تا ١٥ پێ بوو، داوای لە دانیشتوانانی ناوچەکانی نزیك ئەو دارستانانە کرد یارمەتی بدەن و تەنانەت موچەشی بەو جوتیارانە دەدا کە هەماهەنگیان لەگەڵدا دەکرد.

٣-رۆمل زۆر بایەخی بە بەندەرەکانی کەناری ناوەند دەدا، تاکو دوژمن دوابخات، بەدرێژایی کەناری بەندەرەکان هێڵێکی چڕوپڕی مێخەکی چاندبوو و هەر سەرێکی مێخەکێکیش پۆپکەیەکی دڕکاوی هەبوو.

ئەگەرچی ئەمە کارێکی گران و قورس بوو هەموو دار مێخەکانی دەوروبەریان گواستەوە کەنارەکان، بەڵام ئەو کارانە لە ئارەزووەکانی مارشالیان جێبەجێ نەکرد، بیرۆکەی چاندنی هەر مینێکی لەژێر دارمێخەکێرا هاتبوو مێشکیەوە، بەهەر حاڵ کات و ئیش کردن نەدەتوانرا لەهەموو بەرەکاندا بقۆزرێتەوە، بۆیەش زیاتر کارکردنیان خستبووە سەر ئەو بەرانەی کە لەژێر هەرەشەدا بوون، ڕۆمل زۆر تووڕە دەبوو کاتێك هەستی دەکرد یەکە سەربازییەکان بەکارەکانی خۆیان هەڵناستن و هیچ بەهانەیەکی بەڕەوا نەدەبینی!!

کاتێکیش دەستەی ئەرکانی سوپاکەی لە چواردەورەی مێزی نان خواردن دا کۆدەبنەوە، وا هەست دەکرا ڕۆمل زۆر هەستی لێیان دوورە، مێشکی بەردەوام لە بۆچوونی نوێ دەگەڕا،

هەرگیز بایەخی بەدیمەنی سروشتی و باڵەخانەی مێژوویی نەدەدا، ئەو تەنها سەربازێك بوو و بەس...

زۆرجار قەڵەم و کاغەزێکی لەدەست دەگرت لەکاتی نان خواردن دا، چەند بۆچوونێکی خۆی دەکردە پلان و پێشکەشی سەرکردەی ئەندازەیی

دەکرد بۆ ئەوەی لە بەیانی دا کاری لەسەر بکات، هەندێك جار داوای لە پیاوە ئەندازیارەکانی دەکرد یارمەتی یەکەکانی تر بدەن و بۆچوونی نوێش دروست بکەن.

رۆمل ئێواران زوو دەخەوت، بۆ ئەوەی بەئاسانی لە بەیانیدا لەخەو هەڵبستێت، هەردەم دوو پەیامنێری رۆژنامەوانی لەگەڵ خۆیدا دەگێڕا، ئەو دوو کەسە وێنەی (ڕۆمل) یان دەگرت و هەواڵەکانیشیان بە رۆژنامەکان دەگەیاند.

رۆمل تەنها تامەزۆری و چاونەترس و چالاك و خاوەن بیری نوێ نەبوو، ئەو خاوەنی بەهرەی تێڕوانینیش بوو، مەبەستی بوو چەند یەکەیەك لەژێر زەویدا جێگیر بکات، بەڵام رۆنشتد ئەو پێشنیارەی رەت کردەوە، چونکە بێ بایەخی بوو بەرامبەر دانیشتوانانی فەرەنسی ئەو ناوچەیە، بەڵام لە لایەنی ئامادە باشیەوە بیرێکی سەرکەوتوو بوو، کە کۆتایی بەگەشتەکەی هێنا بۆ (دنیس)ەوە بەرەو پاریس گەڕاینەوە، دەست و پێوەندەکەی لە ئۆتۆمبێلەکانی لە پێشەوە دەرۆیشتن و من و (ڕۆمل)یش بەیەکەوە لەنێو ئۆتۆمبێلێك دا بووین کە خۆی لێی دەخوری، رۆمل ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا ئەوەی لەنێو دڵی دایە بۆمنی هەڵبڕێژێت.

هەرکە (دنیس)مان بەجێ هێشت، دەستی بە قسەکانی خۆی کرد، بەشێوەیەکی سەرەکی باسی شەڕی باکوری ئەفریقیای دەکرد، رەخنەی زۆری لە هەندێك کەسایەتی خاوەن بڕیار گرت، کە لێرەدا ناویان ناهێنین، باسی ئەو کێشەو ئەستەمیانەی کرد کە لە سەرکردایەتی ئەفریقیاوە بەسەری هاتووە، ئەمەش بەهۆی نەرم و نیانی سیستەمی رێکخستنی سوپاوە بووە، بڕیارەکانی لە هیتلەرو مۆسۆلینی و

سەرکردایەتی سوپای ئەڵمانی بۆ دەردەچوو و تەنانەت سەرکردایەتی باڵای (رۆما)ش فەرمانی بەسەردا دەکرد، پیاوێکی وەکو رۆمل چۆن دەتوانێت لەو بارودۆخەدا بۆچوونی خۆی دەربڕێت کاتێك ئەو ژمارە زۆرەی بەرپرس وخاوەن بڕیارەکانی بەسەرەوەیە و لەژێر کۆنترۆڵی ئەوان دایە.

بارودۆخی ئەفریقیای زۆر بە بارودۆخی رۆژئاوای دەشوبهاند، رۆنشتد داوای لێکردبوو ئامادەکاری گونجاو بکات، چونکە چەندان بەرەنگاری هاتۆتە پێشەوە کە ئازادی بڕیاردانی بەرتەسك دەکەونەوە.

سوپای بەریتانیا زۆر قازانجی کرد کاتێك پاشەکشەیان بە ئاراستەی سنورەکانی میسر کرد، لەپاش شەڕێکی بەردەوام، بەمەش خالی تفاقدان و بنکەکانی زۆر لێیەوە نزیك بوون لە (سویس)ەوە، بەڵام لەلایەکی تردا رۆمل دڵی تێك شکابوو، چونکە نەدەتوانرا یارمەتی بۆ ڕەوانە بکرێت لەسەر هێڵی گشتی دا.

لەو کاتەدا رۆمل هەشتا فڕۆکەی بچوکی شەڕکەری (جیکەر)و هەندێك سوتەمەنی و تفاقی هەبوو، ژمارەی زرێپۆشەکانی تا دەهات کەم دەبوونەوە بۆ رێژەیەکی مەترسیدار و یارمەتیەکانی لەسەر ڕێگای دەریایی لێ بڕا بەهۆی کاریگەری هێزی دەریایی و ئاسمانی بەریتانیا و هەردوولای دەریایی و ئاسمانی دەریای سپی ناوەڕاستی لەدەست دا، و چەندان کەشتی ئەڵمانی کە یارمەتی و سوتەمەنی و چەکیان تیادا بوو نقوم بوون.

رۆمل چەندان راپۆرتی لەسەر ئەم مەترسیانە گەیاندە هیتلەر، بەڵام گۆڕانکاری ڕووی نەدا!

چونکه نەدەتوانرا یارمەتی لەڕێگای ئاسمانیەوە بۆ سنووری میسر بگوازرێتەوە.

رۆمل خۆی بە فڕۆکە سەفەری کرد بۆ لای هیتلەر، بۆ ئەوەی بەدەمی خۆی کێشەکانی بۆ باس بکات، هیتلەر چەندان وشەی ناخۆشی بەرامبەر رۆمل بەکارهێنا، و بارەگای سوپای ئەڵمانیش بە ئاگادارییەوە پێشوازییان لێکرد، چونکە لەشەڕەکەدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنابوو لەو کاتەدا.

رۆمل هۆی تورەبوونی خۆی بۆ دارو دەستەکەی هیتلەر ڕوون کردەوە، بەڵام فۆهرەر پاش نیوەڕۆی ئەو سەردانەی داوای لێکردبوو سەردانی بکات و بەیەکەوە چایان خوارد بۆوەو بالۆرەی بۆ هەلوێستی رۆمل هێنابووەوە، بۆیەش دارو دەستەکەی هیتلەر هەوڵیان دابوو لەلای رۆمل خۆیان شیرین بکەنەوە.

لەمە شەوی مانگی شوبات دا رۆمل هیچ رەخنەیەکی دژی هیتلەر نەگرت، بەڵام چەندان وشەی ناخۆشی بەرامبەر رژێمەکەی بەکارهێنا، و ئەو هەردەم بایەخ بە لایەنی سەربازی دەدات و لایەنی سیاسی لەلا گرنگ نییە، رۆمل وتی تا مانگی مایس ئەگەر هاوپەیمانان نەیەن زۆرچاکە، بەڵام پاش ئەو مانگە دەتوانن بێن.

مەبەستی ئەوەبوو تا مانگی مایس یەکە بەرگرییەکانی بەهێز دەکات لەکەنارداو زۆر باسی چۆنیەتی و شێوازی شەڕی هێزی بەریتانیای کرد لە ئەفریقیا.

رۆمل لەگەشتەکەیدا باسی لایەنی مرۆڤایەتی خۆی کردو وتی ئارەزووی مەزنم پاش جەنگ بریتی دەبێت لە دروست کردنی چەندان کێڵگەی

میوەیی و سەوزەی نێو ماڵە شوشەییەکان، کە لە هۆڵەندا زۆر سەرنجی ڕاکێشا بوو، لێرەدا ئارەزووەکانی ڕۆمل و ڕۆنشتد یەك دەگرنەوەو هەردووکیان حەزیان لە چاندنی نەمام و بەخێوکردنی ئاژەڵ بوو، ڕۆنشتد زۆر زیرەك بوو لە کێشانی نەخشەی کێڵگەی میوە و سەوزەکان، زۆر دڵگران دەبوو کاتێك باخچەکەی بە ناڕێکی دەبینیّ.

ڕۆمل زۆر بەقووڵی باسی ژیانی خۆی کرد، بۆیەش زۆر ماندوو ببوو، کاتێك هەستمان کرد لەگەڕەکەکانی (پاریس)ین، ڕۆمل و دەستەی ئەرکانی سوپای (ب) لە (لاروش- کویون) نیشتەجیّ دەبوون و منیش لە هوتێلی جۆرجی پێنجەم لە پاریس دەگیرسامەوە.

بەو چەند کاتژمێرە زۆر دڵخۆش بووم بەناسینی ژیانی مرۆڤایەتی ڕۆمل، گوێم لە گلەیی و تامەزرۆیی بوو بۆ جەنگی ئەفریقیا.

بەڵام هەڵوێستی سیاسی و سەربازی و مرۆ ڤایەتی ئەڵمانیا لە ساڵی (١٩٤٤) گەیشتبووە ڕادەیەکی پێگەیشتووی دوو دڵی، مین و مێخەك و ڕێگرییەکان کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر دوژمنەوە نەبوو.

هیتلەر زۆر دڵگران بوو بە توانای سەرکردایەتی بۆ سەرکەوتن و بەرگری کردن کە پێنج سەد میل لێیەوە دوور بوو، هیچ داهێنراوێکی نوێش نەیدەتوانی ئەم ڕاستیانە بگۆڕێت.

هێرشەکان لە ٦ی حوزیرانی ١٩٤٤ دا سەرکەوتوو بوون بیّ ئەوەی ئەو ڕێگەیانەی کە باس کران هیچ لە ڕاستیەکان بگۆڕن، چونکە زانیاری هاوپەیمانان زۆر ڕاست بوو لەو سەرچاوانەی کە لەڕێگەی وێنەی ئاسمانی و دەریایی یەوە گیراون لە خزمەتگوزارییەکانی هەواڵگرییەکانەوە

بەدەست کەوتبوون، ئەڵمانیەکان بۆیان دەرکەوت کە ئەو ڕێگریانە ناتوانن بەرگری بکەن.

لە مانگەکانی زستاندا بارەگای سەرکردایەتی رۆژئاوا کە لە هوتێلی جۆرجی پێنجەم لە پاریس بوو، بەڵام لە بەهاردا گوێزرایەوە (سانت جیرمان)، بەهۆی کەمی سوتەمەنی لە هۆتێلەکانی پاریس دا.

رۆنشتد و سەرۆکی دەستەی ئەرکانەکەی و یارمەتیدەرەکانی لە ماڵێکی لادێیی لە کێڵگەیەکی (سانت جیرمان) نیشتەجێ بوون، ئەم خانووە لەگەڵ ئارەزووەکانی رۆنشتد دەگونجا چونکە باخچەی تیادابوو، رۆژانەش لەگەڵ جوتیارە فەرەنسیە پیرەکان قسەی دەکرد.

لە ساڵی ١٩٤٣ ئەو خانووە هیچ حەشارگەیەکی دژی هێرشی ئاسمانی نەبوو، هەر مووشەکێك دەیتوانی خانووەکە تەخت بکات و هیچ پاسەوانێکیشی نەبوو.

رۆنشتد بۆ ماوەی کاتژمێرو دوو کاتژمێری بەیانی لە سانت جیرمان رۆژانە پیاسەی دەکرد بەنێو باخچەو کێڵگەکاندا، بێ ئەوەی هیچ چەکێك هەڵبگرێت یان کەسێکی تری لەگەڵدا بێت.

رۆنشتد لەلایەن دوو پیاوی هەواڵگری ئەڵمانیەوە چاودێری دەکرا لە دوورەوە، بەڵام زۆر بەخێرایی هەستی پێ کردن و بەگاڵتەجارییەوە ئاماژەی بۆ کردن و خۆی لێیان دەشاردەوە.

زۆر جار لە پیاسەکردنیدا ڕوداوی دڵخۆشکەری بەسەر دەهات، زۆرجار مارشاڵ پارچە کێك و شیرنەمەنی بەسەر منداڵاندا دابەش دەکرد و منداڵەکانیش کاتی پیاس کردنی رۆنشتدیان دەزانی، هەندێك جار پیاوێکی ئاینی یان ئەفسەرێکی فەرەنسی دەبینی بەجلی شارستانی.

هیتلەر بە نەبوونی حەشارگەو بێ پاسەوانی سەرکردەی گشتی هێزەکانی زانی، لە سانت جیرمان تەنها چەند تۆپهاوێژێکی دژە فڕۆکەی لێ بوو، دانیشتوانانی سانت جیرمان دەیانگوت (مارشاڵ ڕۆنشتد باشترین پارێزگارییە بۆمان)

ڕۆنشتد ڕێگەی نەدەدا هیچ ژێرزەمینێك لە بیناکان تاوەکو لە کێڵگەکانی سانت جێرمان دروست بکرێت و دەیگوت مردن لەهەموو شوێنێك دێت، ئەگەرچی هیتلەر دەیزانی مارشاڵ پێشنیازی دروست کردنی حەشارگەیەك ڕەت دەکاتەوە، بەڵام هیتلەر داوای لە ڕێکخراوی (تود) دەکرد کە حەشارگە دروست بکەن و پاشان بە کۆتایی هاتنی پێی ڕابگەیەنن.

کاتێك ڕۆنشتد مۆڵەتی وەرگرت و چوو بۆ (بادتویلز) لەساڵی (١٩٤٣) هەموو شتێك ئامادەکرابوو بۆ دروست کردنی حەشارگەیەك لە نهۆمی خوارەوەی باڵەخانەیەك، کاتێك تەواو بوو هیتلەر داوای کرد لەژێر زەویدا ڕێگەیەکیشی بۆ دروست بکەن بۆ دەرەوەی کێڵگەکانی سانت جێرمان.

کارەکان تەواو بوون و ڕۆنشتد سەیری کردو دڵخۆش بوو کە هیچ کێڵگە و دارو نەمامێکیان تێك نەداوە، حەشارگەکەیان بە کۆنکریت داپۆشیبوو، لەناویشیدا چەند ئامێری لاسلکی و تەلەفۆنی تیادابوو، بۆئەوەی هەرچەندە بارودۆخیش دژوار بێت بتوانن بە بەردەوامی کاربکەن. لەگەڵ ئەوەش باقی خەڵکەکەی تر بە بێ ژێرزەمین بوون بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە لە سانت جیرمان مانەوە تاکو نیوەی مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٤.

بەشی دوازدەهەم

خەباتی زرێپۆشەکان

(رومل) دەیویست تیپی زرێپۆشەکان لە خوارووداو نزیك لە کەنارەکە جێگیربن، بەڵام (رۆنشتد) داوای دەکرد کە شوێنەکەیان دوورتربێت، لەبەر ئەوەی وەکو یەدەگێك بۆ بەرەی سەرکردایەتی رۆژئاوا بەکاردەهات. هەریەکە لە لێکۆڵەرەوەی یەکەی زرێپۆشی گشتی (کودریان) و سەرکردەی یەکە زرێپۆشەکانی رۆژئاوا فۆن (گوین بیرك) پاڵپشتی بیروراکانی رۆنشتدیان کردو، وەك رۆنشتد داوایان کرد کە یەدەگێکی بەهێز ئامادەبکەن بۆ سەرکردایەتی رۆژئاوا لە پاریس.

هیتلەر جارێکی دیکە مەیلی بۆ بیروراکانی (رۆمل) چوو، هەردوو لامان بینی کە بەدوای هۆکاری بڕوا پێهێنەردا دەگەڕان، بەڵام بارەکە گەیشتبووە ئەو قۆناغەی کە دەبێت ڕای یەکێکیان بە تەواوی جێبەجێ بکرێت.

هەرشتێك ئەگەر بچووك بوایە یان گەورە پەیوەندی بە هیتلەر هەبوو، بڕیاری بەکارهێنانی زرێپۆشەکان لە دەستی ئەودا بوو.

نەخشەکانی سەرکردایەتی رۆژئاوا لە ساڵەکانی (١٩٤٣ – ١٩٤٤) ئاماژەی بە بوونی ١٠ تیپی زرێپۆشی دەکرد، بۆیە دەبووایە ئەو تیپانە بەس بوایە ئەگەر پێکهاتەکەی راستەقینە بوایە، بەڵام زۆربەیان لە رۆژهەڵاتدا توشی گورزی کوشندە بووبوون، تەنها چەند ژمارەیەکی کەمیان لێ مابووەوە، ئەو تیپانەی دیکەش کە باسیان لێوەدەکرا هێشتا دروست نەبووبوون و زرێپۆشیان نەبوو، ئەمانە هەموو تراویلکە بوو.

رۆنشتد چەند راهێنانێکی لەسەر سەرکردایەتی هێزی زرێپۆشی لە رۆژئاوا چەسپاند، مەبەستیش لەم راهێنانە بەرگریکردن بوو دژی دوژمن، (رۆمل) خۆی و سەرۆکی دەستەی ئەرکانەکەشی لیوا (سبیدل) ئامادەی راهێنانەکە بوون، لە راهێنانەکەدا چەند دابەزینێکی ئاسمانی لە ناوچەی کەناری (نورماندی) جێبەجێ کرا، هەروەها چەند دابەزینێکی تری ستراتیژیش لەدووری کەنارەکان کرا، چونکە لە چەند راپۆرتێکدا کە لە (یورما)ەوە هاتبوون ئاماژەی بە ئەگەری دابەزینی ئاسمانی دەکرا، هەروەها (کیرفۆن جۆبن بیرك) کە بەپێی ئەوەی پاشکۆیەکی سەربازی پێشوو بوو لە لەندەن، زۆر بایەخی بە ئامادەکارییە ئاسمانییەکانی بەریتانیا دەدا.

سەرکردایەتی رۆژئاوا لای روون بوو کە هیچ شتێکی نییە بۆ ئەوەی بەرگری لە دابەزینێکی ئاسمانی بکات لە دەوروبەری پاریس یان بۆ پاشکۆی لەشکری پازدەهەم، هیچ ئامادەکارییەکی گشتی یان ئامادەکارییەکی خێرا نەبوو، ئامادەکارییەکان هەمووی لە نزیك کەنارەکان بوو.

ئەم راهێنانە چەند بیرۆکەیەکی دیکەی لای رۆنشتد دروست کرد، ئەگەر دوژمن لەسەرەتادا دابەزینێکی گومڕاکردنی کرد ئێمەش بەهەموو توانایەکەوە بۆ رێگە لێگرتنیان تۆپبارانمان کردن، ئەو کاتە هێرشی راستەقینە بۆ هەموو خاڵەکانی تر دەکرێت.

کۆمەڵەی سوپای (ئەنگلۆ — ئەمەریکی) کە لە باشووری بەریتانیادا بوون ئەم دەرفەتەیان هەبوو، دەیانتوانی چەند هێزێکی بێهێز بۆ گومڕاکردن لە نزیك (ئامیانس) یان لە هەر شوێنێکی تر دابەزێنن بۆ ئەوەی هێزی

ئەڵمانی بۆ ئەو شوێنە بهێنن و لەوانەش بوو پاشان هێزی دابەزینی سەرەکیان لەسەر (نورماندی) یان (بریتانی) بێت، ئەوکاتەش ئەڵمانیەکان هیچ یەدەگێکی سەربازییان نەبوو.

بەڵام چارەسەر چیە ئەگەر دوژمن هێزەکانی لەسەر کەناری دەریای سپی ناوەڕاست دابەزاند؟ بیرۆکە کۆنەکان دووبارە دروست دەبێتەوە و سەرکردەش ناتوانێت لە شەڕکردندا سەرکەوتووبێ ئەگەر هێزی ئامادەباش و یەدەگی نەبێت، بەڵام ئەم بیرۆکەیە لە سەر بەرگریکار دەچەسپێت وەکو ئەوەی لەسەر هێرشبەر دەچەسپێ، چونکە وەکو لە هونەری شەڕوجەنگدا هاتووە کە بەرگریکار کاری پاراستنی هێڵە پارێزراوەکانە.

لیوا (کیرفۆن جوبن بیرك) داوای لە رۆنشتد کرد کە بیروڕاکانی کە بە شێوەیەکی داڕێژراو رێکخرابوون، بۆ خودی هیتلەر بخاتەڕوو لە بارەگاکەی لە (برختسکادن)، رۆنشتدیش لەسەر ئەم داواکارییە رازی بوو، ئەنجامەکەشی لە کۆتاییدا دروست کردنی یەدەگێك بوو لە چوار تیپی زرێپۆش، بەڵام ئەمە دوا چارەسەری نەبوو، چونکە سەرکردایەتی رۆژئاوا نەیدەتوانی ئەم یەدەگە بەکاربهێنێت تا هیتلەر رازی نەبێت، بۆیە دووبارە شتەکان دەستاو دەست کران.

بێجگە لەمەش ئەم چوار تیپە نەیاندەتوانی وەکو کۆمەڵەیەك لە ناوچەکانی دەوروبەری پاریس جێگیربن، بۆ دابەشکردنیشیان کات پێویست بوو، تیپی وێرانکەری زرێپۆشی دوازدەهەمین و تیپی راهێنەرانی زرێپۆش لە رۆژئاوای پاریس جێگیربوون، تیپی وێرانکەری زرێپۆشی یەکەم لە بەلجیکا، تیپی وێرانکەری زرێپۆشی حەڤدەهەم لە

باشووردابوون، لە دواییشدا دەرکەوت کە تیپی وێرانکەری زرێپۆشی حەڤدەهەم تا ئەوکاتەش لە قۆناغی دروست بوون دابوو.

لەسەرکردایەتی رۆژئاوا پێویست بوو کە هەموو تواناکان بخاتە کارو هەموو جۆرە راهێنان و کارێك بکات بۆ دروست کردنی یەدەگێك بۆ خۆی، دروست کردنی تیپی تۆپهاوێژەکان شێوازێکی نوێ بوو، لە رابردووشدا ئەم شێوازی دەست گرتن بە یەدەگی تۆپهاوێژەکان بەکارهاتبوو، ناپلیۆنی یەکەم لە یەکێك لەو تیپانە کاری کردبوو، بەلأم لەوکاتەدا ئەوان ئامانجێکی تریان هەبوو.

رووسەکان لە رۆژهەلأت دا هەلّسان بە دروست کردنی تیپی تۆپهاوێژێکی جیاواز و بە قەبارەی جیاجیا و ئامێری نوێ، ئەم تیپانەش وەکو ئامرازێکی چالاك بوو بە دەست سەرکردایەتی بالأ، سوپای ئەلّمانی لە سالّەکانی (١٩٤٤ - ١٩٤٥) چەند تیپێکی تۆپهاوێژی هەبوو کە لە شەش جۆر یان زیاتری تۆپهاوێژ پێکهاتبوو ئەندازەکانیشیان لە نێوان (٥, ٧) تا (٢١) سانتیمەتر بوو، ئەم تیپە تۆپهاوێژانەش زۆر چالاك بوون لە جەنگی (ئاخن).

بەلأم دروست کردنی تۆپهاوێژەکان تا بەهاری ١٩٤٤ جێ بەجێ نەدەکرا، پێویستی بەکاتی زیاتر هەبوو، لەنێوان سێ سەد سەرە تۆپهاوێژ بڕیاردرا کە ١٠جۆری ئەندازە جیاواز بۆ دروست کردنی چوار تیپ بەکاربهێنرێت، بەلأم جیاوازییە گەورەکانی کاتی ئیش کردن، وای کرد کە دروست کردنەکەی تا کاتی بەرپابوونی شەڕ دوا بکەوێت.

شارەزای گشتی زرێپۆشەکان کە (کودریان) بوو، سەردانی بەرەی رۆژئاوای کرد لە نیسانی ١٩٤٤دا، بۆ ئەوەی چاودێری چۆنیەتی دروست

بوونی یەکەی زرێپۆشەکان و راهێنانەکانیان بێت و گفتوگۆی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو زرێپۆشانەش بکات.

ئێمە دەمانزانی کە (کودریان) پشتگیری بیروڕاکانی رونشتدی دەکرد بۆ بەکارهێنانی ئەو تیپە زرێپۆشانە لە ناوچەی کەنارەکان دا نەك لە کەنارەکاندا، لەو سەردانەیدا لەگەڵ ڕای سەرکردایەتی رۆژئاوا کۆك بوو کە ئاگاداری لەو شوێنانەوە بڵاوبکرێتەوە کە دوژمن تیایدا دادەبەزێت، پێشنیارەکانی (کودریان) گواستنەوەی یەکە زرێپۆشەکانی کەناربوو بۆ ئەو شوێنەی کە دەتوانرێت کۆنترۆڵی ڕاست و چەپی پێ بکرێت، ئەگەر چی وێرانکردنی پردەکان بەهێرشی ئاسمانی و تێکدەرانە کارێکی چاوەڕوانکراو بوو، بۆیە پێویستی دەکرد کە ڕێڕەوی پەڕینەوەی کاتیی بۆ شوێنی ئەو پردانە دروست بکرێت، (کودریان) داوای کرد کە ئەو گۆڕانکارییانە و گواستنەوانە لەڕێگە لاوەکیەکانەوە بێت و لەسەر زەویە چۆلەکان بکرێت دوور لە ڕێگا گشتیەکان و ئامادەکاری تەواویشی بۆ بکرێت.

هیتلەر بەم شێوەیە وەڵامی پێشنیارەکانی (کودریان)ی دایەوە ((ئەو پێشنیارانە زۆر باشن، بەڵام من زۆر متمانەم بەراستیەکانی رۆمل هەیە ! ! برۆ بۆ لای رۆنشتد و رۆمل پاشان هەواڵم بدەرەوە))

(کودریان) بەئۆتۆمبێلەکەی خۆی لە (سانت جێرمان)ەوە بۆلای رۆمل رۆیشت لە (لاروشت کویون)، بەڵام نەگەیشتنە هیچ رێککەوتنێك.

رۆمل سوربوو لەسەر بیروڕایەکانی خۆی و باری کەرتە زرێپۆشەکانی نزیك کەنار، (کودریان) لەرێگەی گەڕانەوەی بۆ (سانت جێرمان)

پەیوەندی بەڕۆنشتد کردو هەردووکیان لەسەر بڕیارەکانی پێشوویان سوربوون....

لەسەرەتای مایس (کودریان) ئەنجامی ئەو گفتوگۆییانەی بە هیتلەر ڕاگەیاند، ئەویش پشتگیری (ڕۆمل)ی کرد.

وەکو لە پێشوتردا باسمان کرد ڕۆنشتد پێشنیلری دروست کردنی لەشکرێکی نوێی کرد کە لەو لەشکرەی کە لە دورگەی (بسکای)و دەریای سپی ناوەڕاست پێك هاتبێت و پاشان چەند یەکەیەکی نیشتەجێ (ئەلپ)یشی بۆ زیاد بکرێت، سەرۆکی گشتی ئەو لەشکرەش بۆ لیوا (بلاسکو ویتس) و سەرۆك ئەرکانەکەشی لیوا (فۆن کیلرن فیلدت)ی بۆ دەست نیشانکرا بوو.

بڕیاربوو کە دەستەی ئەرکانی ئەم لەشکرە لە ڕۆژی ١٠ مایس دا ئامادەبن، بەڵام ئەو دابەزینەی کە ڕۆنشتد چاوەڕوانی دەکرد تا دەهات زیاتر دەبوو لە مانگەکانی ئازارو نیسان و مایس دا، چالاکیە ئاسمانیەکانی هاوپەیمانان بە پلەی یەکەم زیادی کرد، کاتێك (کودریان) سەردانی سەرکردایەتی ڕۆژئاوای کردو هەستی بەفراوانی کۆنترۆلی هاوپەیمانان کرد، هێرشی هاوپەیمانان بەردەوام بوو، تەنها بۆ سەر فڕۆکەخانەکانیش نەبوو، بەڵکو ناوچەی ڕاهێنان وهێلی شەمەندەفەریشی گرتەوە، بۆیەش ئەو یەکانەی کە دەیانویست بچن بۆ پاریس، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کەمتر دەبۆوە، هێرشەکان سەنتەری گەیاندنی ڕۆژئاوای لە هۆلەنداو بەلجیکاو باشووری فەڕەنساشی گرتەوە، هێرشەکانی هاوپەیمانان بەربەستی لەبەردەم کۆمەکی ئەڵمانیەکان دروست کرد، لەمانگی مایس دا

دەست کرا بە خاپوورکردن و وێرانکردنی پردو بەربەستەکان، هەردوو ناوچەی (نورماندی) و (بریتانی) لەباکوور و باشوور لەیەکتر جیاکردەوە.

ئێمە هەستمان بەوە کردبوو کە دوژمن مەبەستی ئەوەیە تیپی لەشکری پێنجەم نەگوازینەوە رۆژئاوا، و رێگە بگرێت لە جموجۆلی هێزی ئەڵمانیا لە باشووری فەرەنساوە بۆ باکوور، بەشێوەیەکی رێکو پێکیش دەیویست هەردوو ناوچەی (بریتانی) و (نورماندی) لەناوچەی سەرکردایەتی رۆژئاوا جیابکاتەوە، هێرشەکانی بزوتنەوەی بەرگریکارو کارەتێکدەرەکانیان تادەهات زیاتر دەبوون، ئەمەش مانای ئەوەبوو دوژمن مەبەستی هێرشێکی یەکلاکەرەوەیە.

پاریس هەر بەئارامی مایەوە، سەنتەری بزوتنەوەی بەرگریکاری فەرەنسی لە ناوچەی ئەلپ بوو لە رۆژهەلاتی رۆن، بە شێوەیەکی بەردەوامیش (تۆلۆز) و (لی مۆکس) و (کلیرمونت – فیرانت)یان کردبووە ئامانج، زۆربەی زۆریشیان لە ناوچەی (براینس) و بریتانی) بوون.

ئەوان بزوتنەوەیەکی هەماهەنگی کارو رێکخراو بوون و لەلایەن ئەفسەرانی فەرەنسیەوە بەڕێوە دەبران، بێجگە لەمانیش چەندان دەستەی چەتەگەر هەبوو جلی شارستانی و هەندێك جاریش جلی میریان لەبەردابوو، ئەو چەتانە بەزۆری لە ئیسپانی و خوێن رێژە پەرتو بڵاوەکانی سوپای ئیتالی هەڵوەشاوە بوون لە ساڵی ١٩٤٣دا، بۆیەش دایشتوانانی فەرەنسا داوای پاراستنی گیانی خۆیان لە ئەڵمانیەکان دەکرد.

لە ساڵی ١٩٤٤ دا کارگەیشتبووە ئەو ڕادەیەی کە کاروانی چەکداری دروست بکرێت لە باشووری فەڕەنسادا، بۆ پارێزگاری کردن لەو بارە خۆراك و کەلوپەلانەی کە دەگوازرانەوە بۆ شوێنە ئارامەکان.

لادانی شەمەندەفەرەکان لە هێلی ڕاستەقینەی خۆیان و ئەنجام دانی هێرشی زەمینی و خاپورکردنی وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەباو ئامرازەکانی گواستنەوە، تەنگیەکی گەورەی دروست کرد، تەنانەت مەترسیەکی گەورەبوو بۆ بەشی دواوەی بەرەی ئەڵمانی.

هەردوو سەرکردەی سەربازی لە پاریس و برۆکسل هەوڵیان دا کە کۆنترۆلی جموجۆلی بزوتنەوەی بەرگریکاری بکەن بە یارمەتی پۆلیسی نهێنی، سەرۆکی پۆلیسی فەڕەنسا ئاماژەی بەوەدا کە هێزەکانی ژمارەیان کەمەو، چەکدارکردنیان ماوەیەکی زۆری دەوێت بەجیاوازی کردن لەگەڵ پەناهەندە دوژمنەکانیان.

سەرکردەی سەربازی لە پاریس داوایەکی پێشکەش بە هیتلەر کرد بۆ ئەوەی ژمارەی پۆلیسی فەڕەنسی زیاد بکات و بە باشترین چەکیش چەکداریان بکات، رۆنشتد فەرمانەکەی جێبەجێ کردو بڕواشی وا بوو کە ئەو چەکانە دوولایەنە دەبن، هیتلەریش زۆر بەئاگا بوو بەڵام هەر رازی بوو لەسەر زیادکردنی پاسەوانە میللیەکان بۆ شەش هەزار کەس و پاشان بە باشترین چەکیش چەکداربکرێن، بە تایبەتی بەدەمانچەی بەریتانی، کە شەوان بۆ بزوتنەوەی بەرگریکاری فڕێ دەدرایە خوارەوە.

لەکاتی شەڕدا زۆرجار چەند یەکەیەکی تەواوی پۆلیسی فەڕەنسی لەگەڵ یەکە ئەڵمانیەکان یەکیان دەگرت.

ڕێژەی بزوتنەوەی بەرگریکاری هەرگیز نەدەتوانرا بەشێوزەیەکی ورد دیاری بکرێت، دەسەڵاتدارانی فەڕەنسا هێزی بزوتنەوەی بەرگریکارییان بە شەست تا نەوەد هەزار کەس دەخەملاند، بەڵام زۆربەی ئەڵمانیەکان ژمارەکەیان لەوە زیاتر دەزانی، سیفەتی هەر بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی ئەوەیە نایەوێت ڕێژەی بەشداربووەکانی بدرکێنێت، چونکە ناوبەناو ژمارەیان زیاد و کەمی دەکرد.

بەرحاڵ گەشەسەندنی ئەم بزوتنەوەیە بەم شێوەیە مەترسیدارە لە کۆتایی بەرەی کەنارەکان، بەڵگەیەك بوو لەسەر نزیك بوونەوەی بەرواری هێرش کردن، زۆربەی دانیشتوانەکان ئارام بوون، بەڵام بەشێکی زۆریشیان دڵیان لەگەڵ ئەواندابوو.

هیتلەر مانگی نیسان یان ناوەراستی مایسی ١٤٤ بەسەرکردایەتی ڕۆژئاوای ڕاگەیاند، کە هەندێك ڕاپۆرت ئاماژە بەدابەزینێك دەکەن لە نورماندی.

ڕۆنشتد داوای هاتنە خوارەوەی سوپای ئەڵمانی کرد، ئەو تیپەی ڕاهێنانی تۆپهاوێژەکانیان دەکرد گواسترانەوە بۆ ناوچەی باشووری ڕۆژئاوای پاریس ئەگەرچی تا ئەوکاتە بەتەواوی ڕێك نەخرابوون، تیپی وێرانکاری تۆپهاوێژەکانی دوازدەهەمیش لە باشووری پاریس لە ئامادەباشیدا بوون، بەڵام ئەو دووە تیپە وەکو یەدەگێکی گشتی بەکاردەهاتن، ئەمەش مانای ئەوەبوو هیتلەر خۆی سەرپەرشتی بەکارهێنانیان دەکات.

ژمارەی کۆتایی تیپەکان گەیشتە شەست تیپ، هاوپەیمانان لە بەریتانیا هێزێکی زیاتریان لەو هێزانەی ئەڵمانیانە بوو، بەڵام جیاوازیەکە

لەوەدابوو ئـەڵمانیا هـەزار پێـنج سـەد میلـی لـەژێر دەسـت دابـوو، بـەڵام هێزەکانی هاوپەیمانان دەیانتوانی لەهەر ناوچەیەك بیانەوێت کۆببنەوە.

تیپە ئەڵمانیەکان زۆر جیاواز بوو لە تواناو سیفەتە سەربازییەکان، بـەڵام لـەڕووی چـەك و سـوتەمەنی و کەلوپـەل هـەژاربوون، ئەگـەر جیاوازیمـان لەگەڵ یەکەی هاوپەیمانان پێکرد.

لە بەهاری ١٩٤٤ هیتلەر زانیاری باوەڕپێکراوی وەرگرت کـە هاوپـەیمانان لە نورمانـدی دادەبـەزن، بـەڵام سـەرکردایەتی ڕۆژئـاوا ئـەم زانیارایانـەی نەدەزانی، بۆیەش لەم ناوچەیەدا هێزێکی زۆریان کۆکردەوە هەر لەیەکەی یەکـەم و نـەوەدی ئاسمـانی و چـەند یەکەیـەکی بـەهێزی تیپـی (٢٤٣)ی زەمینی، وەدەستەی چەترداری (جیکر)ی دووەمیشیان نارد بۆ ئەوشوێنە کە ئەو کات تازە دروست کرابوو.

لـــە دەوروبـــەری پاریســـیش لیـــوای تـــانکی دەیـــەم (أ) کـــە لەلایـــەن سەرکردایەتی ڕۆژئاواوە دروست کرابوو جێگیربوو کـە بۆماوەیـەکی کـاتی ئامادەکرابوو و چەندان تـانکی فەڕەنسـیان هـەبوو، ئامادەکارییـەکان تـا (کونتنتین) بەردەوام بوو، سوپای حەوتیش بۆ ئەم ناوچە هێرش لێکـراوە گوازرایەوە، سەرکردەی سەربازی پاریس دەستەیەکی پاراسـتنی بـۆ ئـەم مەبەستە تـەرخان کـرد، ئـەم خۆرێکخسـتنە سودێکی زۆری نـەبوو بـەڵام کارێك بوو دەبوایە بکرابوایە.

سـەرکردایەتی ڕۆژئـاوا هـیچ هێزێکـی تـری نـەبوو بێجگـە لـەم هێزانـە، دەتوانرا چەند یەکەیـەك بەتـەواوی لەناوچـەی سـوپای پازدەهـەم بگـوازر بوایەوە، بـەڵام کـەس نەیدەزانی ئـەم ناوچـە گرنگـە، لـە لایـەکی تـرەوە هێرشی بۆ ناکرێت، دەتوانرا وا بزانرێت کە نورماندی تەنها ناوچەیەکە بـۆ

خەلەتاندنی ئەڵمانیەکان بۆ ئەوەی هەموو هێزەکانیان تیایدا کۆبکەنەوە، یان ئەوەتا هێرشی سەرەکی لە (سوم) و (سین) یان لە باکووری (سوم) روو دەدات؟ ئەم هەموو پرسیارەبوون بە مەتەڵێك، وەکو ئەو بارەی کە لە کەناری دەریای س پی ناوەراست بوو، ئایا دابەزینی تیادا روودەدات یان نا! !رۆمل هەڵوێستی خۆی لەبەرەی سوپای (ب)پێش دابەزینەکە بەم شێوەیە دەربڕی:-

ئامێرە لاسلکیەکانی بەریتانیا بۆ ماوەیەکی زۆرە بێ دەنگن، بەڵام لە ٣٠ی مایس چالاك بوونەتەوە و لە ١ی حوزەیراندا چەندان نامەی لاسلکی کۆد ئامێزیان بە ئاراستەی بزوتنەوەی بەرگریکاری فەڕەنسی ناردووە، لەبەر ئەوەی گواستنەوە لاسلکیەکان زۆربوون، بۆیەش نەدەتوانرا بزانرێت ئایا دوژمن لە چ ناوچەیەك دادەبەزێت.

هێرشە ئاسمانیە بەردەوامەکانی سەر بەرەی کە شاری (دانکرك - دییب)و پردەکانی (سین) و (ئەیسن) ئامازەیەکی دیاربوون کە گەڕانی هێرشی سەرەکی بۆ سەر ناوچەی سوپای یازدەهەم دەبێت.

پێش دەست پێکردنی هێرشەکان، رۆمل هەستی بەدابەزین کرد بۆ سەر یەکەی سوپای حەوتەم و ناوچەی سوپای یازدەهەم، بۆیەش بیروراکەی لەگەڵ (هیتلەر) و (رۆنشتد)یەکی گرتەوە.

(سبیدل) کە سەرۆك ئەرکانی دەستەی رۆمل بوو، ژمارەی هێزەکانی دوژمنی بەچوار لەشکر مەزندە کرد کە زۆربەیان هێزی سەربازی بن، رۆنشتد و رۆمل و سبیدل لەو بڕوایەدا بوون کە ئەگەر دوژمن لەم شەڕەدا سەرکەوت ئەوا راستەوخۆ بەرەو ناوچەی پاریس دەچێت.

ئامادەکارییەکان لەسەر داوای مارشاڵ رۆنشتد کران بۆ ئەوەی چارەسەری هەموو هێرشەکان بکرێت، ئەگەر کرانە سەر بەرەی سەرکردایەتی رۆژئاوا کە (٢٥٠٠) میل بوو، دەکرا چەند یەکەیەك لە کەنارەوە بگوازرێتەوە ئەو شوێنانەی کە چاوەڕوانی هێرشی لێدەکرا.

ئەو فەرمانانە تەنها ئەو هێزانەی نەگرتەوە کە بەرپرسیاربوون لە شوێنی هێرشەکە بەڵکو ئەو هێزانەش ئاگادارکرابوونەوە کە لە شوێنەکانی تردا بوو، تەنانەت ئەو ڕێگایانەشی بۆ دیاریکرابوو کە لێیەوە جموجۆلی تیادا بکەن، هەموو ئەوکارانەش خرابوونە ئەستۆی سەرۆکی هۆبەی جموجۆلی سەرکردایەتی رۆژئاوا کە ناوی (زمرمان) بوو، لە پێشوشدا زۆرمان باسکردووە.

سەرکردەی گشتی لەشکری حەوتەم کە لە نورماندی و بریتانی جێگیربوون، راهێنانێکی سەربازی لە (ریمس) دەست پێکرد، چەندین بەرپرسی یەکە سەربازییەکان تیایدا بەشداربوون، هەر لەوکاتەدا ئەو لەشکرە بڕیاری دا کە ئاگاداری سەخت بۆ سەر یەکە سەربازییەکان بڵاونەکاتەوە، چونکە ماندوبوونیان پێوە دیاربوو، رۆمل بارەگاکەی خۆی بەجێهێشت و گەڕایەوە (ئۆلم)و مۆڵەتی لە سەرکردایەتی هێزەکانی ئەڵمانی وەرگرت لەبەر چەند هۆیەکی خێزانی و بۆ ئەوەش لە (برخستکادن) هیتلەر ببینێت و بەشداری کۆنگرەیەکیش لەوێ بکات.

یەکەم زەنگی ئاگادارکردنەوە بۆ سەرکردایەتی رۆژئاوا بریتی بوو لە نامەیەکی لاسلکی نهێنی کە لە کاتژمێر نۆو چارەگ و نۆو نیوی شەو بوو، لە نامەکەدا بەریتانیا داوای لە بزوتنەوەی بەرگریکاری فەرنسی کرد لە شەوی ٥/٦/ی حوزەیران شەڕ بکەن.

(زمرمـان) یەکـەم کـەس بـوو کـە ئـەو نامەیـەی بەدەسـت گەیشـت و بارەگاکەی ئاگادار کـردەوە بـۆ کـارکردن و پرسـی بـە سـەرۆکی ئـەرکانی سـەرکردایەتی رۆژئـاوا کـردوو، نامەیـەکی ئاگادارکردنـەوەی بـۆ بارەگـای لەشـکری (ب) و لەشـکری (ج) لـە باشـووری فەرەنسـا و هێـزی ئاسمـانی سـێیەم و هێزەکـانی دەریـایی رۆژئـاواو هـەردوو سـەرکردەی سـەربازی (پاریس) و (برۆکسـل)ی ئاگـادار کـردەوەو لـە سـەعات دەو نیـودا هـەموو ئامادەییەکان جێبەجێ کرابوون، لەشکری پازدەهەمیش کە لە گۆرەپـانی شـەڕەکە دا بـوون ئاگـاداری سـەربازەکانی کـردەوە کـە لـە ئـەو پـەڕی ئاگاداری و خۆپارێزی دابن.

پاش ئەنجامدانی ئەم کارە سەرەتاییانە، بەنامەیەك (رۆنشتد)یان ئاگـادار کـردەوە لـە ئـیش و کارەکانیـان، ئـەمیش لەلایـەنی خۆیـەوە کۆمـەڵێك بروسکەی بۆ هەموو سەرکردایەتی و بەرپرسـانی ناوچـەکە نـارد، سـەعات بیست و یەکی بەیانی رۆژی (٦)ی حوزیران لاسلکیەکان ئـەو بروسـکەیان گەیاندە دوا وێستگە، ئەمەش مانای خێرایی و وەرگرتن بروسکەکان بـوو، هـەمان هەڵوێستیشـیان بـە (مـیرد لیترنـك) بەرپرسـی ژووری هـەواڵگری بارەگای هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا راگەیاند.

لیوا (سبسیدل) لە (٦)ی حوزەیران دا خـۆی بـە سـەرکردایەتی رۆژئـاوای راگەیاند کە لـەنێوان کاتـژمێر دوو وسـێی بـەیانی هێـزە چـەترداەکان و یەکەکانی هاوپەیمانان هێرش دەکەنە سەر دورگەی (کونتنتین)، لـە کـاتی خۆئامادەکردن دا لە خولەکی (٣٠)ی پاش نیوەشەوداو لە کاتـژمێر یـەکی نیـوی بەیانیـدا بـۆ مـاوەی کاتـژمێرێك لـە ئاسمانـەوە چـەترداەکانی هاوپـەیمانان دابـەزین، راپۆرتـەکان ئاماژەیـان بـە هـیچ فڕۆکەیـەك نـەکرد

هێرش بکاتە سەر نورماندی، یەکەکانی سوپاش لەگەڵ دوژمن دا کەوتنە شەڕ بەڵام ئەنجامی شەڕەکە لەو کاتەدا نەزانرابوو.

رۆنشتد چاوەڕوانی دابەزینێکی سەختی لەو جۆرەی نەدەکرد، وای دەزانی دابەزینەکە درۆو هەڵخەلتاندنە، چاوەڕوانی دەکرد دابەزینی سەرەکی زۆر مەترسیدار دەبێت، بەڵام چاکی دەزانی کە بەرەی باکووری کەناری (نۆرماندی) لەژێر هەرەشەدایە، و لەوانەشە دەروازەکانی روباری (وۆرن) و (فایر) ببنە شوێنی دابەزینێکی تر، بەڵام هەرچەندە سەرکردایەتی رۆژئاوا توانای تێگەیشتنی ئەو بیرۆکەی نەبوو کە ئەو رووداوانەی لەو چەند کاتژمێرە رویدا سەرەتا شەڕێکی راستەقینەیە، بەڵام هەندێك گومان هەبوو لەوەی ئەو هێرشانە تەنها هێرشێکی مام ناوەندییە و پشتی بەدابەزینی ئاسمانی بەستووە، و هیچ هێرشێکی دەریایی لەپشت نەبووە تا ئەو کاتە، سەرکردایەتی رۆژئاوا وای دانابوو هاوپەیمانان ناتوانن هێرشەکان تەنها بە دابەزینی ئاسمانی بکەن ئەگەر هێرشی دەریایی نەکەن، چونکە دابەزینی ئاسمانی خۆبەکوشت دانی راستەقینەی ئەو هێزە دەوڵەمەندەیە و بەس، رۆنشتد لە بەرەبەیاندا بڕیاری دا هێرش بکاتە سەر دوژمن بۆ رێگە گرتن لەو یەکە چەتردارانەی لە ئاسمانەوە دادەبەزن، ئەگەر هێرشەکە سەرکەوت، ئەوا نیەتەکانی دوژمن دەردەکەوێت و دەزانرێت ئایا بیر لە هێرشی راستەقینە دەکاتەوە بۆ سەر کەنارەکان.

نەدەتوانرا چاوەڕێ بکرێت بۆ ماوەیەکی زۆر، پێویست بوو لەشکری (ب) کە ناوچە مەترسیدارەکان بوو بەهۆی هێزە تایبەتیەکانەوە داخی دڵی خۆی بەدوژمن دابمرکێنێتەوە. ئەو ئامانجانە ئامادەکارییە خێراو دووربینە کانی (رۆمل) بوو.

رۆمل لە سەرکردایەتی رۆژئاوا بوو و هەموو ئامرازەکانی خستبووە کار بۆ بەرەنگاربونەوەی دوژمن، نەدەتوانرا لە بیست و چوار سەعاتی یەکەم دا هیچ زیادەیەکی بۆ بکات، ئامێرەکان کەوتنە کارو لە بیست وچوار سەعاتی دوایدا، چەندان هێزی ئامادەکراوی گەورە لە گۆڕەپان دا بەرچاو دەکەوتن، پێش ئەوەی ئەو هێزانە بەشداری شەڕ بکەن، هیچ دەست تێوەردانێکی تایبەتی نەبوو ، لە شەوی ٦/٥ی حوزەیران دا رۆمل بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بەرەو بەرەی شەڕ بەرێ کەوت.

لەشکری حەوتەم زۆرماندووبوو لە شەڕی بەرەنگاربونەوەی چەتردارەکانی هاوپەیمانان، تەنها تیپی بیست و یەکی وەکو یەدەگ هەبوو، و ئەم تیپەش ئامادەکاری تازەی بۆ کرابوو هەر لە تانکی فەرەنسی کە دەسکەوت بوو، ئەو تانکانە سلیان نەدەکردەوە لە بەرەنگابونەوەی تانکە تازە بابەتەکانی هاوپەیمانان.

رۆنشتد لە نیوەی شەوی ٦/٥ی حوزەیران بروسکەی بۆ هەردوو ناوچەی سەربازی هەردوو تیپی زرێپۆش نارد بۆ ئەوەی ئامادەباش بن هەرکاتێك فەرمانیان پێکرا بە ئاراستەی (کان) و (سنت لو) بجولێن، لەلایەکی ترەوە لە نێوان کاتژمێر دوو نیوو نیوو سێو نیوی بەیانیدا فەرمانی بەسەر هەموو شوێنەکان دا راگەیاند، و بەرپرسیاریەتی خستە سەر شانی هەردوو ئەو تیپەی سەر بە بارەگای هێزە چەکدارە گشتیەکانی ئەڵمانیان بەم شێوەیە:

((تیپی وێرانکاری زرێپۆشی دوازدەهەم بەخێرایی بەرەو ئاراستەی (لی سیوکس) دەروات و تیپی راهێنەرانی زرێپۆشیش لە ئامادە باشی دابن لە جموجۆلیان بەرەو وێستگەی (ئلبرت) و پاشان هەردوو تیپەکە کاتێك

چوونە گۆرەپانی جموجۆلەکان دەکەونە ژێر سەرکردایەتی لەشکری (ب)، بۆیەش ئەو یەکانەی لەو دوو تیپە زرێپۆشەکە ئێوارە دەچنە نێو شەڕەکە.

سەرۆکی دەستەی ئەرکان و سەرۆکی هۆبەی جموجۆلی سەرکردایەتی رۆژئاوا چەند پەیوەندیەکی تەلەفۆنیان لەگەڵ بارەگای گشتی هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا کرد بۆ ئەوەی رەزامەندی بدەن لەسەر دەرچوونی ئەو دوو تیپە، پەیوەندییە تەلەفۆنیەکان لە نێوان کاتژمێر سێ و شەشی بەیانیدا بوو، لە نێوان ئەم کاتژمێرانەدا هێزی ئاسمانی سێ هەواڵیان نارد ئەو پالپشتیانەی کە بەڵنیان پی دابوون ناتوانن جێی بەجێ بکەن چونکە هەلۆێستی ئەوان لە رۆژهەلات لاوازە، ئەمەش مانای ئەوەبوو هەموو ئەو ئامادەکاریانەی لەپێشوتردا بڕیاری لەسەر درابوو لە پلانەکانی سەرکردایەتی رۆژئاوا لەگەڵ بادا رۆیشت.

هێزی ئاسمانی سێیەم لە بەرەبەیانی ٦ی حوزەیران تەنها (٩٠) فڕۆکەی هەبوو کە توانای کارکردنی هەبێت لەگەڵ (٧٠) فڕۆکەی شەڕکەریش، نەدەتوانرا هیچ دابەزینێك بەرێژەیەکی گەورەی ئەو هێزانە بکرێت.

سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا بڕیاری جولەی هەردوو تیپە زرێپۆشیەکەی ڕاگرت، ئەو بڕیارەی رۆنشتد لەسەر ئەرکی خۆی دایبوو.

لە بەشی باکووری (کونتنتین) چەندان هێزی ئەمەریکی لە هێزە ئاسمانیەکان لە شەڕدابوون، ژمارەیەکیان نزیك لە نیمچە دورگەکە دابەزیبوون، ئەمەش لەوانەیە لەبەر هۆی باوبۆران بێت، ئەو یەکە ئەمەریکیانە دژی تیپی حەفتاویەکی ئاسمانی ئەڵمانی و چەند یەکەیەکی

زەمینی دووەم دەجەنگان، بۆیەش ئەو یەکانە سەرگەرمی شەڕبوون لەگەڵ هێزە سەرەکیەکانی دوژمن، زۆربەی یەکە دابەزیوەکان لە کەنارەکەدا کۆبونەوەو پاشان لە دەریایەوە پشتگیریان لێوە کرا.

وەکو لە پێشوتردا باسمان کرد سەرکردەی تیپی نەوەدو یەکی ئاسمانی لە ٥ی حوزەیراندا لە (ریمیس) بوو، پاش گەڕانەوەی لە شەوی هێرشەکەدا بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی کەوتە نێو بۆسەی یەکەی چەتردارە ئەمەریکیەکان و خۆی و هاوڕێکانی کوژران.

ئەو ڕوداوانە لە نیوەی شەو کاتژمێر شەشی بەیانی لە بەرەی کەنارەوە ڕویاندا، هەر لەم کاتەدا بەرگرییەکانی کەنار خۆیان ئامادەکردبوو بە بەرگریکردن، وا دەرکەوت ئامادەکارییە پێش وەختیەکانی چەتردارو یەکە ئاسمانیەکانی هاوپەیمانان هێرشی سەرەکی بەدوادا دێت.

لەشکری (ب) سەرکردایەتی رۆژئاوای لە نێوان کاتژمێر شەش و شەش و نیوی رۆژی ٦ی حوزەیران لە دابەزینی یەکەی هاوپەیمانان لە ناوچەی بەرفراوانی نێوان (لاوون) و (فایەر) ئاگادارکردەوە کەبەردەوامیش دابەزاندن هەبوو، ئەم دابەزینەش لە ژێر تۆپبارنێکی سەخت لەلایەن تۆپهاوێژەکانی دەریاو هێرشی ئاسمانی بەڕێوە چوو، ئەم ڕاپۆرتەش بۆ هەموو ناوچەکان و سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان نێردرا.

لەو کاتانەدا سەرکردایەتی باڵای ئەڵمانیا فەرمانێکی بۆ ناوچەکە ناردو هەر لەو فەرمانەدا جموجۆلی هەردوو تیپە تۆپهاوێژە بەناوبانگەکەی ڕاگرت، بۆ ئەوەی تیپی دوازدەهەم بەردەوام بێت لە جموجۆلی بەرەو (لی سیوکس)، و تیپی ڕاهێنەرانی تۆپهاوێژیش لە شوێنی کۆنی خۆیان لە رۆژئاوای پاریس بمێننەوە، و سەرکردایەتی رۆژئاواشی ئاگادار کردەوە

که تەقەبولی رەخنەلەخۆگرتن بکەن بەهۆی بەکارهێنانی ئەو دوو تیپە تۆپهاوێژە لەسەر بەرپرسیاریەتی خۆیان و بێ ئەوەی فەرمانی فۆهرەر وەربگرن.

کاتێك بەرپرسی ژووری جموجۆلەکان (زمرمان) بەو ئەفسەرەی راگەیاند که بۆ سەرکردایەتی بالآی ئەڵمانی دەنارد، دابەزینەکان بەردەوامن و داواشی کرد هەردوو تیپی زرێپۆشەکان بەکاربهێنن.

ئەفسەرەکە گوتی (تۆ ناتوانی بڕیاری لەسەربدەی چونکە دابەزینی سەرەکی لەوانەیە لە شوێنێکی تر بێت).

سەرکردایەتی رۆژئاوا زۆر هەوڵی دا بۆ ئەوەی سەرکردایەتی بالآی ئەڵمانیا رازی بکات بەوەی کە کاتی بەرگری کردن هاتووە، و نابێت دوا بکەوێت و ئەگەر دوژمن هێرشی کردە سەر بەرەیەکی تر دەبێت بتوانرێت پاڵپشتی بۆ ئەو بەرەیە ڕەوانە بکرێت و ئەگەر هاوپەیمانان لە نورماندی سەرنەکەوتن، ئەوا هێزی زیاتر دەنێرنە ئەو بەرەیە.

بەتەلەفۆن پەیوەندیم بە بارەگای هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیاوە کرد لەمەڕ ئەم بابەتەوە، لە بەیانیەوە تا چەند کاتژمێرێکی دوای نیوەڕۆش هەر خەریکی پەیوەندییەکان بووم، بەلآم بێ ئەنجام بوو، وەلآمەکانیان دووبارە بوو دەیانگوت: دەبێت فۆهرەر بڕیاری بدات!!

هیتلەر تا کاتژمێرەکانی بەیانی کاری دەکردو نیوەڕۆیانیش دەخەوت، بۆ یەش لە بارەگای سەرکردایەتی بالآی ئەڵمانیا کەسێك نەبوو بتوانێت هیتلەر لە خەو هەڵسێنێت، بۆیەش زانیارییە گرنگەکانی پی نەگەیشت تا چەند کاتژمێرێکیش کە دوژمن پەلی هاوێشت بوو، لە کۆتایدا هیتلەر لە کاتژمێر سێ و چواری شەو بڕیاری بەشداری پێکردنی هەردوو تیپە

زرێپۆشەکەی دا تا بەشداری بکەن، بەڵام ئەوکاتە زۆر درەنگ بوو، چونکە ئەو دوو تیپە تا ٧ی حوزەیران نەیان دەتوانی بەشداری شەڕ بکەن، تەنانەت وابیردەکرایەوە کە بۆ ٨ی حوزەیران بەشداری دەکەن لەبەر چەند هۆیەکی خەتەرناکی ئاسمانی، ئەو کاتەش هاوپەیمانان زەفەری بە چەند بنکەیەکی کەناری دەگەیەنن، و چەند پردێکی دروستکراویش بنیات دەنێت، بۆیەش لەو باوەڕە دانەبوون هێرشی بەرامبەر سەرکەوتوو بێت.

رەشبینی باڵی کێشابوو و شەڕەکەش لە داخورپان بوو، هەردوو تیپە زرێپۆشەکە لە نیوە شەوی ٦ی حوزەیران بەڕێ کەوتن، بەهەر حاڵ رۆنشتد و سەرۆکی دەستەی ئەرکان لە هەڵوێستەکە دوو دڵ بوون کە ئایا دەتوانرێت بەم شێوەیە رێگە لە دابەزینی دوژمن بگیرێت.

ئەگەر ئەو دوو تیپە زرێپۆشە لە کاتژمێر یەکی بەیانی جموجۆڵیان بکردایە، یەکە پێشکەوتووەکانیش نەیاندەتوانی لە بەرەبەیانی ئەو رۆژەدا بگەنە شوێنی شەڕەکە کە ئامانجی هێرشی ئاسمانی هاوپەیمانان بوو.

تیپی کاولکاری زرێپۆشی دوازدەهەم زۆر لەناوچەی دابەزینەکە نزیک بوو، و دەیتوانی لە نیوەڕۆدا بەشداری شەڕەکە بکات، یان بەلایەنی کەمەوە لە شەودا بەشداری بکات، چونکە (١٠٠) میل لە دابەزینەکە دوور بوو، ئەگەر ئەو دوو تیپە زرێپۆشە پێکەوە بڕۆ یشتبانایەوە لەبەرەبەیانی رۆژی ٧ی حوزەیران دا بەشدارییان بکردابوایە، بەڵام ئەو لێکدانەوانە لە راستیەوە زۆر دوور بوون.

هێرشی هاوپەیمانان ناوچەی کەناری گرتەوەو بەرگرییەکانی ئەڵمانیا لەژێر هێرشی ئاسمانی سەخت دابوو، ئەگەر چی هێرشەکان سەخت بوون

بەڵام کاولکاری نەبوون، بۆیەش هەموو یەکەکان ئاگادار کرانەوە کە ئەوان لەژێر هێرشێکی تۆپبارانی سەخت دان لەلایەن تۆپهاوێژە قورسەکانی دەریایی.

سەرکەوتنی هاوپەیمانان بە ئاسمانی بوو، بەڵکو بەهۆی ئەو لایەنە هونەری و ماددیەی کە هەیان بوو، کەمێکیش سودیان لە هەڵەی ئەلمانەکان وەرگرت، چەکی ئەڵمانی لە ساڵی (١٩٤٤)ەوە پێشکەوتنی بەخۆوە نەبینبوو، هەندێك لە تیپەکان باش بوون و هەندێکی تریان زۆر خراپ بوون، هاوپەیمانان لەبەرەیەکەوە بەهەموو هێزی ئاسمانی و ماددیەوە هێرشیان کرد، بەرگریەکانی ئەڵمانیایان تێك شکاند، وەکو بەرگرییەکانی ساڵی (١٩٤٤-١٩٤٥).

ئێوارەی ٦ی حوزەیران شتەکان ڕوون بووە و هیچ هیوایەك نەما بۆ هەوڵی ڕێگەگرتن لە دابەزاندنی ئەو هێزە مەزنە، لەوانەشە دژە هێرشیش هەبێت کە رەنگە سەریش بکەون، بەڵام ئەمەش بارودۆخی گشتی ناگۆڕێت. تیپی هەشتاو هەشتی ئەمەریکی جەختی کردبووە سەر دەوروبەری فالۆن، هەروەها تیپی سەدو یەکی ئەمەریکیش لە نزیك کارینتان بوو، ناوچەکانیشی درێژ دەبووەوە تاکو ئۆرن، راپۆرتەکانیش ئاماژەیان بەوە دەکرد کە سنووری هەردوو تیپەکان تاکو رۆژئاوای بابۆکس درێژ دەبووەوە، شەڕکردنی زووی دژ بە تیپی هەشتاو دووی ئەمەریکی سەرکەوتوو بوو، بەڵام دژە هێرشەکانی ئەڵمانی سەرکەوتنی یەکلاکەرەوەیان بەدەست نەهێنا.

هاوپەیمانان ئێستا دوو ئاراستەیان هەیە کە دەتوانن هێرشی لێ بکەن: بەرەو ئارون بە ئاراستەی پاریس، هەروەها بەرەو باکووری کۆنتنتین بە ئاراستەی قەڵای شاربۆرگ.

بەشی سێزدەهەم

دواهەمین تیر

رۆنشتد لە (٦)ی تەمووزەوە تا سەرەتایەکانی مانگی ئەیلوولی ١٩٤٤ بەخانەنیشن کراوی مایەوە، بەلاَم بۆ ئەوەی مانای دووبارە بانگ کردنەوەی بزانین بۆ دووبارە وەرگرتنی سەرکردایەتی شەڕ، پێویستە باسی هەموو ئەو ڕووداوانە بکەین کە لەماوەی خانەنشینی رۆنتشد دا ڕوویان دابوو.

پاش چەند ڕۆژێك لەوەرگرتنی پۆستەکەی سەرکردەی گشتی (فۆن کلوکا) هەستی بە هەڵوێستی ئەڵمانیەکان کرد کە لە ڕۆژئاوادا دژی هاوپەیمانەکان شەڕیان دەکرد. هاوپەیمانان کۆنترۆڵی ئاسمانیان کردبوو. هەستی کرد ئەو هەڵوێستەی ئەو پێشتر چاوەڕوانی دەکرد زۆر جیاوازترە لە هەڵوێستی راستەقینەی ئێستا. لەسەرەتا زۆر بەتوندی لەگەڵا رۆمڵ بەگژ یەکداچوون، ئەو داوای لە رۆمڵ دەکرد هەموو فرمانەکانی جی بەجێ بکات، کلۆکا زۆر چالاك و بەهەڵوێست بوو، هەردەم لە هێڵەکانی پێشەوەی شەڕ بوو، پێویست بوو لەسەری پێش هەموو شتێك ڕێکخستنی سەرکردایەتی رۆژئاوا رێك بخاتەوە، ئەو رێکخستنەی کە پێشتر لە بەرەی رۆژهەلاَت ئەزموونی ئاوای نەبینیبوو، لە نورماندی نە تەنها هەڵوێست لە خراپەوە بۆ خراپتر دەچوو،بەڵکو لە بەدبەختیەوە سەرکردەی پێکهاتەی سوپای (ب) (ڕۆمل) زۆر بەخەستی بریندار بوو، ئەمەش کاتێك چەند فڕۆکەیەك هێرشیان کردە سەر ئۆتۆمبێلەکەی لەو کاتەی بەرەو بەرەی رۆژئاوا لەسەردانێك دابوو، شوفێرەکەی کوژراو ئۆتۆمبێلەکەشی خۆی بە

درەختێك داداو ڕۆملیش خۆی فڕی دابووە دەرەوەی، چەند ئەندامێکی لەشی زۆر خراپ شکا بوو، چارەسەری سەرەتایی بۆ کراو گواسترایەوە نەخۆشخانەی (فینسنت) لەیەکێك لەگەڕەکەکانی پاریس. هیتلەر بەم هەواڵەی زانی و داوای لە کلوکا کرد ببێتە بەرپرسی سوپای (ب) ش بێجگە لە کارەکەی خۆی، لەو هەلۆیستە ناخۆشەدا فۆن (کلوکا) لە هەلۆیستێکی دژواردابوو کە نەدەتوانرا بەردەوام بێت، چونکە ئەو لەیەك کاتدا سەرکردەی بەرەی رۆژئاواو سەرکردەی گشتی پێکهاتەی سوپای (ب) بوو. کلوکا بڕیاری دا بچێتە (لاروش – کویون) واتە بۆ بارەگای پێکهاتەی سوپای (ب)، بۆ ئەوەی شەڕی نورماندی لەوێوە بەڕێوە ببات، لەهەمان کاتدا کارەکانی خۆی بەهۆی دەستەی ئەرکەکانی لە سانت جیرمان بەڕێوە دەبرد، بەمەش دوو بارەگای گەورەی هەبوو کە (٤٠) میل لە یەکترەوە دوور بوون. لەنێوان هەردوو بارەگاکە پەیوەندی بێتەل هەبوو، منیش هەموو رۆژێك سەردانی (لاروش–کویون)م دەکرد بۆ ئەوەی هەرچی ڕوداوی نوێیە پێی ڕابگەینم و ڕاپۆرتەکانی وەر بگرم. لەم هەلۆیستانەدا لە ٢٠ ی تەموز چەند ڕوداوێکی ناخۆش ڕوویان دا،(هەوڵی کوشتنی هیتلەر– و) لە (١٥) ی ئاب هاوپەیمانان هێزەکانیان لە کەناری دەریای سپی ناوەڕاستی لای فەڕەنسا دابەزاند، و ئەنجامەکانی ڕووداوی (٢٠) تەموزیش بە ڕوونی پاش هەفتەیەك دەرکەوتن، لە ناوەڕاستی مانگی ئاب بەرەی رۆژئاوا ببووە مەترسیدارترین بەرەکانی جەنگ.

(کلوکا) لەرێگای گەڕانەوەی بۆ لای کەس و کاری لە (متن) ژەهر دەخوات و، مارشاڵ (مودل) لەجێگای ئەو دا دەست بەکار دەبێت، سەرکردەی سەربازی لەپاریس لیوا (فۆن ستول بناگل) لە ٢١ ی تەموز هەوڵی خۆکوشتنی دا کاتێك لەرێگای گەڕانەوەی بوو بۆ بەرلین و هەردوو

چاوی له دهست دا. لهڕاستیدا ئهو ڕۆژانه ڕۆژانێکی سهخت بوو. (مودل) ههروهکو سهرکردهی گشتی له ڕۆژئاوادا سهرکردهی گشتی سوپای (ب) بوو له بارهگای سوپای (ب)، کاتێك هاوپهیمانان هێرشیان کرده سهر (سین) لهناوهڕاستی مانگی ئاب دا، مودل بارهگای هێنایهوه دواوه، من فهرمانی گواستنهوهی بارهگای گشتی سوپام وهرگرت بۆ ناوچهی چیایی نزیك (ریمس)، بهمهش دووری نێوان ههردوو بارهگاکه بووه نزیکهی (٦٠) میل. (مودل) له بارهگای پێکهاتهی سوپای (ب) سهرقاڵ بوو به شهڕی سهختی باکووری فهڕهنسا، من و سهرۆکی ژووری حهرهکات سهرقاڵ بووین به دروست کردنی پهیوهندی لهگهڵ فڕۆکه ئاسمانی و هێزی دهریایی و سوپایی (ج) له باشووری فهڕهنسا. لهبارهگای سهرکردایهتی ڕۆژئاوا چهندان دهنگ داوای گهڕانهوهی (ڕۆنشتد) یان دهکرد بۆ خزمهت، پاشان چهند گفتوگۆیهك لهگهڵ (زمرمان) ی سهرۆکی هۆبهی حهرهکات، بڕیارم دا نامهیهك بۆ فهریق (جودل) بنێرم، له نامهکهدا بۆ سهرکردایهتیم ڕوون کردهوهو گوتم سهرکردهی گشتی تاکه کهسێکه و بهرپرسی دووبارهگایه که له یهکتریهوه دوورن و بهرپرسی دوو ئهرکیشه و داوام کرد فۆن رۆنشتد وهکو سهرکردهی گشتی له ڕۆژئاوادا دابمهزرێتهوه. مودل ئهم داواکارییهی گهیاند به بارهگای سهرکردایهتی باڵای ئهڵمانیا، پاش چهند ڕۆژێك ههواڵی خۆشمان پێگهیشت، ئهوه بوو هیتلهر داوای له مارشاڵ ڕۆنشتد کردبوو جارێکی تر پۆستی سهرکردایهتی هێزه گشتیهکانی لهڕۆژئاوادا وهربگرێت، ههڵوێستهکهی هیچ ئامانجێکی لی چاوهڕوان نهدهکرا، بهڵام دووباره مارشاڵ گهڕایهوه. له مارشاڵ فۆن ڕۆنشتد یان پرسی: بۆچی گهڕایتهوه پۆستی سهرکردایهتی له ڕۆژئاوادا، ههرچهند ئهوهش دهزانیت ههڵوێستهکه بۆ ئهڵمانیا سهختە، بهڵام وهڵامی

دایــەوەو گــوتی (هۆیەکــە زۆر ئاســانە، مــن ئــەرکی ســەربازی جێبــەجێ دەکەم، رێگرنیم لە ئەرکی خۆم جا لـە هــەر مەترسـیەکدا بێـت، دەشـزانم یەکە سـەربازییەکان دڵگران بـوون بەخانەنشـین کردنـی مـن لـە (١٩٤٤)، هەروەها ئەوەش دەزانم کە هەڵوێستەکە سـەخت بـووە بەتێکـەڵ کردنـی سەرکردایەتی رۆژئاواو سەرکردایەتی پێکهاتەی سوپای (ب).

ســەرکردە گــەورەکانی هاوپــەیمانان و هەرێمــەکانی تــر هەســتیان بــە گەڕانەوەی مارشاڵ رۆنشتد دەکرد و لە ناوەڕۆکی گەڕانەوەی دەگەیشـتن و وەکو ئەوەبوو وڵاتەکەیان مەترسیەکی بەسەردا هاتبێت. رۆنشـتد دوور بوو لە هــەر مەبەسـتێکی تاکەکەسـی لەگەڕانەوەیـدا. رۆنشـتد لـە (١٩٤٠) گەیشتووە پلەی (مارشاڵ) پاش ئەو سەرکەوتنە مەزنانەی کـە بەدەسـتی هێنا بوو، ئەمەش بەرزترین پلەیە کە ئەفسەرێکی سوپا هەوڵی بـۆ بـدات، ئەو هەرگیز پێویستی بە نیشانەی ئازایەتی و لاواندنەوە نەبوو، جانتاکەی پڕبوو لەو دیاری و بەخشینانەی کە لە ماوەی خزمـەتی درێـژدا بەدەسـتی هێنــابوو، دەیتــوانی لــە ئــەڵمانیا دوور لــە هــەموو بەرپرسـێتیەك بـژیت. رۆنشتد چەندین جار هەستی بە هەڵوێستە مەترسیدارەکان دەکرد هەر لـە دەست پێکردنی هەڵمەتەکان بۆ سەر رووسیا، لەسـاڵی (١٩٤٣) نـەیتوانی هەڵوێستە مەترسـیدارەکانی بگۆڕێـت و بـوونی لـە نێـو پیاوەکانیـدا بـەرز ببـووەوە، چـونکە لـەکاتێ تەنگانـەدا بـەجێی نەهێشـتبوون. ئـەو وڵاتانـە چەند دڵخۆشن کە پیاوی لەو جۆرەیان هەبێت، ئەوانەی خزمـەتی دەکـەن بەبێ بەرامبەر.

لەتــەموزی (١٩٤٤) داوام کــرد بمگوازنــەوە یەکــە چــالاکەکان بــەڵام سەرکردایەتی باڵا داوایەکـەی ڕەت کردمـەوە، بـەڵام ئێسـتاو لەسـەرەتای

ئەيلوول داواكەيان قبول كردم، لەپشتی منەوە ليوا(ويستفال) هەبوو كە ئەفسەريكی خاوەن ئەزمونی مەزن بوو لە ئەفريقيا و ئيتاڵيا.

لەسەرەتادا پۆستی سەركردايەتی فەيلەقێكی وەرگرت پاشان بوو بە سەركردەی سوپا لە رۆژئاوا، بەم دووريە زۆر دڵتەنگ بووين، بەڵام بڕيارەكانی هيتلەر هەرگيز هەوڵی رەت كردنەوەی تيا نەبوو.

لە ٥ ی ئەيلوول دا ئۆتۆمبيلەكەی مارشاڵ گەيشتە سەركردايەتی رۆژئاوا لە (ئارن بێرك) نزيكی (كوبلنز)، هەموو ئەفسەرو سەربازەكان بەدەم زەردەخەنەوە سلاويان لە سەركردەكەيان كرد.

رۆنشتد زانياری تەواوی وەرگرت و هەلويستی گشتی لەلا روون بووەوە، لە كاتێك دا سەرۆك ئەركانی نوی ليوا (ويستفال) لەبارەگای هيتلەر كاری دەكرد. رۆنشتد هەلويستەكەی بەم شێوەيە روون كردەوە :-

((ئێستا ئێمە لەسەرەتای ئەيلوولی (١٩٤٤)داين، ئايا هاوپەيمانان دەتوانن چی بكەن؟ هێڵی گشتی جموجۆلەكان وەكو لە پێشتردا باسمان كرد لە نورمانديەوە بەرەو هەردوو لای پاريس و هەردوو لای(ئيخن) درێژ دەبێتەوە بەئاراستەی رۆژ و باكووری ئەڵمانيا و ، بۆ ناوەوە بە ئاراستەی بەرلين، بۆيەش باكووری ئەڵمانيا زياتر لەباشووری ئەڵمانيا و ناوچەكانی تر مەترسيدارترە بۆ شەڕكردن.

((بەريتانيەكان هێڵی جموجۆلەكانی تايبەت بەخۆيان گۆڕی و بەلجيكايان بڕيوەو بەرەو ڕاين هاتن بەرەو باكووری ئەڵمانيا و كەنارەكانی، فەرەنسيەكانيش لەگەڵ هێزێكی بی هێزی ئەمەريكی بەرەو پێش دەهاتن بە ئاراستەی ڕاين لە باشووری ئەڵمانيا، بەپێی پلانە كۆنەكەيان لەسەردەمی لويسی چواردەهەم، ئايا بەشێكی ئەو هێزە سەركوتكەرەی

ئەمەریکا بەرەو کویّ دیّت؟ ئایا دەتوانن بە هەماهەنگی سوپای باشووری هاوپەیمانان، بەرەو (فرانکفۆرت)بیّت، یان هاوکاری لەگەلْ هیّزە بەریتانیەکان دەکەن و بە ئاراستەی (ئیخن– رۆر – بەرلین) دیّن؟؟ بڕوام وابوو بەشیّکی مەزنی سوپای ئەمەریکا بەرەو باکووری رۆژهەلات دیّن لە سەر هیّلّی (تریر – ئیخن)و بەئاراستەی یەکەی (کولون–رۆر) باشوور بەرەو باکووری ئەلمانیا، پاش ئەوەی هاوپەیمانان دەگەنە سنوری ئەلمانیا، ئەلمانیای باشووریش کە بەرگەی هیّرش ناگریّت بە ئاسانی دەکەویّتە دەستیان.

((کاتیّك جموجۆلەکان ڕیّڕەوی خۆیان گرت هەستم کرد ڕایەکانی خۆم زۆر ڕاست دەرچوون، پیّشبینیم کرد هاوپەیمانان پیّش رووسیەکان هەولْ دەدەن بگەنە بەرلین)).

بیرۆکەی ڕۆنشتد کەپەیوەست بوو بە باشترین پلانی هاوپەیمانان لە پایزی (١٩٤٤) دا زۆر دلْخۆش بوو، چونکە دەستەی ئەرکانەکانی بەریتانیا و ئەمریکا و فەڕەنسا و کتیّبە سەربازیەکان ماندوو ببوون بە باسکردنی ئەو کیّشەیە. وادیترابوو مارشالْ (مونتکۆمری) بیرۆکەکانی زۆر لە مارشالْ (رۆنشتد)نزیك بوو، پیّشبینی کردبوو لە ئەیلوول دا ئەم ڕوداوانە ڕوودەدەن:–

ئەرکی سەرەکی سەرکردایەتی ڕۆژئاوا بریتیە لە ڕاوەستاندنی جموجۆلی پاشەکشەکردنی گشتیە و بەهیّزکردنی یەکەی بەرەکەیە. لەبەرئەوەی سەرکردایەتی بالا زۆر دەست وەردەداتە ئەرکەکان، بۆیە ئەم هەولْدانە سەرکەوتنی تەواو بەدەست ناهیّنیت، هۆلّەندا کە لە بازنەی لای ڕاستی بەرەی گشتی بوو، دەبوایە پاریّزگاری لیّ بکریّت جا بەهەر شیّوەیەك

بێت، دوور لە چۆڵکردنی ئەو وڵاتە بەشێوەیەکی ڕێکخراو. وە بەشێکی ڕێك نەخراوی یەکەکان کەبە سوپای نۆزدەهەم ناسرابوو، دەبوایە پارێزگاری بکرابوایە دوور لە ڕۆژئاوا چونکە هیتلەر فەرمانی دابوو هێزی زرێپۆشی پێنجەم هێرش بکاتە سەر دەشتی (لانکرس)، ((سوپای نۆزدەهەم لەسەری پێویست بوو زۆر بەخێرایی هێڵی ڕۆژئاوای چیایی فۆجی (بلفورت) بگرێت، بۆئەوەی لەو شوێنەدا سوپاکەی ڕێك بخرێتەوە و بە هاوکاری سوپای یەکەمیش کە ئامادەباش بوو لە باکووردا پارێزگاری بکەن لە بەرەکە. ڕۆنشتد بەسەیرکردنی توانای بەرگری، هەڵوێستی بەم شێوەیە ڕوون کردەوە: من دەتوانم بڕیار لەسەر ڕاستەقینەیی (دیواری ڕۆژئاوا) دا بدەم کەهیچ گونجاو نییە، دیارترین کەم و کوڕیەکانی ئەم دیوارە درێژ بوونەوەیەتی لەیەکەی باشوورەوە بۆ (شاربورغ)، دەبوایە درێژ بونەوەکەی لەچیاکانی فۆجەوە بەئاراستەی (بلفورت) بوایە لەکاتێکی گونجاودا. ئەم هێڵەش لەسەر نەخشە ئاماژەی بۆ کراوە، بەڵام هەرگیز دروست نەکراوە. قەڵای میتزیش هەمان ڕۆڵی خەمناکی بینی وەك ئەوەی قەڵاکانی کەنارەکانی فەڕەنسا بینیان. ئینجاش هیچ بڕیارێك دەرنەکرا بۆ ئەوەی لەکاتێکی گونجاودا فەرامۆش بکرێن، ئەمەش پاش ئەوەی بەرە بەرە بایەخی نەدەما لە بەرەی جەنگ، ئەو قەڵایانەش بەردەوام دەبوونە هۆی ئەوەی سەربازەکانمان قووت بدرێن بە بێ ئەوەی بتوانێت دوژمنەکانمان ڕابگرێت.

((هیچ بەرگرییەك نەبوو بۆ (ڕاین)، پارێزگاریەکەش بەشێوەیەکی گونجاو نەبوو، سەرکردە هەرێمیەکانی نازیەکان چەندان بەرگریان بە هاوکاری دانیشتوانانی ڕۆژئاوای ڕاین لەنێوان دیواری ڕۆژئاوا و ڕووبارەکان دروست کردبوو، بەڵام لە لایەنی سەربازییەوە ئەو بەرگرییانە سوودیان

نەبوو)). بیرۆکە سەربازیەکان پێیان وابوو دەبێت بەرگرییەکی سەخت بکرێت بۆ ماوەیەکی زۆر لە رۆژئاوادا، بۆ ئەوەی کات بەدەست بهێنریت، پاش ئەوەش دەتوانریت پاشەکشە بکرێت بۆ دواوەی راین. کاتێك رۆنشتد گەڕایەوە سەرکردایەتی رۆژئاوا لە ئەیلوولی (١٩٤٤) دا بەرەکە بەم شێوەیە درێژ بووەوە:-

(ئەوستند - ئەنتویرب - ماستریخت - لیبج - ولاتی لۆکسمبۆرگ - میتز - نانسی - بەرەو باشووریش)، هیچ پەیوەندیەکیش لەگەڵ (بلفورت) نەبوو تاکو سنوری سویسرا، دەبوایە پەیوەندی هەبوایە لەگەڵ سوپای نۆزدەهەم لەباشووری فەرەنسا، بەلام ئەو سوپایە لەم رۆژانەدا شەڕی دەکرد لە رۆژئاوادا. سەرکردایەتی رۆژئاوا لە دوو تێکەلە سوپا پێك دەهات کە بەم شێوەیە بوو :-

١- پێکهاتەی سوپای (ب) بەسەرکرایەتی (مودل) بوو هەریەکە لە سوپای پازدەم و سوپای چەتردارەکان و سوپای (حەوتەم) ی لەخۆ گرتبوو.

٢- پێکهاتەی سوپای (ج) بەسەرکردایەتی بلاسکویتس بوو هەردوو سوپای یەکەم و نۆزدەهەمی لەژێر کۆنترۆل دا بوو.

سنووری جیاکەرەوەی نێوان هەردوو پێکهاتەی سوپاش لە (هۆزدن) درێژدەبۆوەو بە (بیت بیرگ) ەوە دەچووە (ئەندەرناخ) و ئینجا بۆ راین.

رۆنشتد لە لایەنی سەربازیەوە هەستی دەکرد کە شەڕەکەیان دۆڕاندووە و سیاسیەکانیش بە ئاراستەیەکی خراپ هەنگاو دەنێن، بەلام لە گۆشە نیگای سەربازی و لاوەکییەوە بێجگە لەمە چارەسەری تر نەبوو کە گونجاو بێت، مارشاڵ کاتێك گەیشت درکی کردو:- فەرمانی دەرکرد بۆ

هەردوو سوپاکە تاکو بەرەکانیان بگوازنەوە بۆ هێڵی (زۆول) — لیسل— ئارینم —مۆن— دیواری رۆژئاوا — لایەنی رۆژئاوای چیاکانی فۆج—بلفۆرت) وە دووربکەونەوە لە هەر شەڕێك کەپێویست نییە و رێگا بگرن لە هاتنە ژوورەوەی دوژمن، بەمەش کات بەو یەکە ماندووانە دەدات لەشەڕەکەدا زیندوییەتی و رێکخستنی خۆیان وەربگرنەوە بۆ بەرگری کردن، بەپێی بڕیارەکانی رۆنشتد یەکەی زرێپۆشەکان دەبوایە شوێنی خۆیان بگرن لە دوورەوەی ئەو بەرەیەی کە بۆیان دەست نیشان کرابوو. لەو کاتەدا هاوپەیمانان پێویستیان بە راوەستانێکی کورت دەبێت بۆ رێکخستنەوەی هێزەکان، ئەم ڕاوەستانەش سوود بە ئەڵمانیەکان دەگەیەنێت. بەڵام ئەو هەموو بیرۆکانە چ سوودێکی هەیە کاتێك فەرمانی سەرکردایەتی باڵا بە (نا) وەڵام بدرێتەوە !!! وەکو پێشتر وتمان رۆنشتد حەزی دەکرد واز لە هۆڵەندا بهێنێت و هەموو هێزە بەرگرییەکان بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەکاتی پێویست دا بەکاریان بهێنێت. بەهەرحاڵ رۆنشتد دەیزانی دوژمن پاشەکشێ ناکات و ئەویش ناتوانێت لا ببرێت یان گۆڕانکاری تیادا بکرێت، هۆڵەنداش کارێگەریەکی ئەوتۆی نییە لەلایەنی سیاسیەوە، ئەگەرچی هیتلەر بیری لێ دەکاتەوە. پارێزگاری کردن لە زەوییە نزمە کشتوکاڵیەکان بایەخێکی ئابووری هەبوو، بەڵام هۆڵەندا خۆی تووشی کێشەیەکی خۆراکی و کەمی خۆراکی ببوو، بنکەیەکی چەکی سەرکەوتنیش لە باکووری هۆڵەندا بوو، بۆیە دەبوایە پشت لەو بنکەیە بکرێت، بەڵام ئەو بنکەیە کارێگەری بەسەر جەنگەوە نەبوو. هاوپەیمانان بەرەو رۆژهەڵات دەهاتن و گەیشتنە هێڵی (بلفورت — فۆج —میتز—لیونج) و هەندێك لە یەکە سەربازیەکانیش ئاراستەیان بەرەو باکوور بوو بۆ راینی خواروو، بەڵام هێزەکان لاواز بوون. بیرۆکەیەك هەبوو بۆ ئەوەی لە

هۆڵەنـداوە ئەڵمانیـەکان هێـرش بکـەن بـەرەو (ئـەنتویرب) و بـەرەی هاوپەیمانان لە باکوور کۆنترۆل بکەن، بەڵام لە سـاڵی (١٩٤٤) ئـەم جـۆرە بیرکردنەوەیە گونجاو نەبوو، چـونکە ئەوهێزانـە دەبوایـە ئامادەباشـیەکی چاکیان هەبووایـە و کارێگـەری دوو هێزیـان تیـا بوایـە، لـە هـەمان کاتـدا دەبووا هێزی ئاسمانی ئەڵمانی بەهێزتر بکرابووایە. هەروەها زۆر ئەستەم بـوو هێـزە ئەڵمانیـەکان بەربەسـتە تـەکنیکی و زەوییـە تەنگـەکانی خوارەوەی راین و مۆز و ناوچەی ژێر ئاوکەوتووەکان ببڕن.

لە مارتی (١٩٤٤) دا رۆنشتد بڕوای وا بوو کە روبارو ناوچە بەرزاییەکان شوێنێك نین کە بتوانریت پارێزگارییان لێ بکرێت بۆ ماوەیەکی زۆر، بەڵام بۆ ماوەیەکی کورت کێشە دروست ناکات. جارێکی تر لێڵیەك دروست بـوو لـە پەیوەندییـەکانی نێـوان سـەرکردە ناوخۆییـەکان، رایـن لـە نێـو دەشتەکانی ئـەڵمانیا بـوو، بەمـەش بۆیـە نـەدەکرا دەسـەڵاتی نـاوەخۆیی بارەگاکان سەرقاڵ بن بەو ناوچەیەوە، سەرکردە نازییەکانیش هەوڵیان دا لەگـەڵ خـەڵك دا رێگریـان درووسـت کـرد بۆبەرگرییـەکانی رایـن بەمـەش هەوڵەکانی رۆنشتدیان سەخت تر کرد بۆ پارێزگاری کردن لە رووبارەکان. لە دواییدا بڕیاردرا دەسەڵاتی پارێزگاری کـردن لـە ڕووبارەکـان بدرێتـەوە دەسـت سـەرکردایەتی رۆژئـاوا، لـەم کاتەشـدا رۆنشـتد تـەنها توانـای دەرکردنی بڕیاری پارێزگاری کردنی لە راین لە دەست دا بوو، ئەگەر چـی هەستی دەکرد کاتەکە زۆر دواکەوتووە. ڕووداوەکانی لایەنی ئـەڵمانی لـە رۆژئاوادا لە نێوان ساڵەکانی (١٩٤٤–١٩٤٥) جەنگێکی دۆڕا بوو کە پیاوە سیاسیەکان دەستیان لێ شوشتبووەوە، لە ناوەڕۆکیشدا پاڵەپەستۆیەکی گـەورەیان لەسـەر بـوو لـە هـەردوو لایـەنی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوا دا، رووسیەکان زۆر بـەخێرایی بـەرەو رۆژهـەڵاتی سنوری ئـەڵمانیا و باشـوور

دەرۆیشتن و ئاراستەی ولاتی هەنگاریا. هاوپەیمانان پالەپەستۆیان خستبووە سەر باکووری ئیتالیا و لە ناوچەی دۆڵەکانی (ئەلبو) و (ئەلەب) نزیک دەبوونەوە، دوژمن هەنگاوەکانی بەرەو سنوری رۆژئاوای ئەڵمانیا رێکخستبوو، هێزە ئاسمانیەکان دەیانتوانی لە چوار قۆڵەوە هێرشی ئاسمانی بکەن و، گواستنەوەی بەروبوومە پیشەسازی و خەلوزو ئاسن و ماددەی تریش کارێکی گران بوو لەژێر هێرشی هێزە ئاسمانیەکانی هاوپەیمانان. لە مانگی ئەیلوولی ساڵی (١٩٤٤) شەڕ لە رۆژئاوا زۆر سەخت بوو، سەرکردایەتی بالاش بڕیاری دابوو کە دەبێ پارێزگاری لە هەموو زەوییەکان بکرێت جا بە هەر شێوەیەك بێت، سوپای پازدەهەم و خۆی لە بارێکی مەترسیداردا دەبینیەوە لە باشووری هۆڵەنداو باکووری بەلجیکا. لە چرکەی کۆتاییدا رێگە درا بەپاشەکشێ کردن بۆ خوارەوەی (سکیلدت)، بەلام ئەم پاشەکشێ کردنە لە راستیدا بەزین بوو. سوپای (ب) توانی بەرەیەکی هەماهەنگ دروست بکات بۆ پارێزگاری کردن لە هۆڵەندا. رۆنشتد توانی بەرەیەکی پتەو دروست بکات ئەگەرچی دەستەی ئەرکانی هێزە گشتیەکانی ئەڵمانیا هونەری جەنگیان بەرەو گاڵتەجاری گۆڕیبوو، چاوەڕوان دەکرا پاش چەند هەفتەیەك هاوپەیمانان بتوانن ئەم هێڵە ببڕن. تیپی چەترداراني (جیکەر) تا ئەو کاتەش توانایەکی باشی شەڕیان هەبوو، چەند تیپێکی زرێپۆشیش دەیانتوانی چارەسەری بارە ناهەموارەکانی بکەن، بەلام ئەم تیپە زیاتر لە چل تا پەنجا زرێپۆشی هەبوو. جەنگەکە تا دەهات سەختتر دەبوو، چونکە هیتلەر بەردەوام فەرمانی دەدا کە جێگاکانی خۆیان جێ نەهێڵن و یەکە سەربازییە ئەڵمانیەکانیش رۆژ بەرۆژ لەبەر یەك هەڵدەوەشایەوە. ئایا بۆچی هاوپەیمانە رۆژئاواییەکان ئەم هەلەیان بۆ شەڕ نەقۆستەوە؟

لەسەریان بوو بە ئاراستەی ناوچە زیندوەکان بچن و بەرەی ئەڵمانی ببڕن، ئەگەر هیچ بەرگرییەك نەبوایە ڕێگریان لێ بکات. ڕۆنشتد چاوەڕێی هێرشێکی گەورەی ئینگلتەرا و ئەمریکای دەکرد بە ئاراستەی باکووری ڕۆژئاوا لە ناوچەی (ئایخن–ڕۆد)تاوەکو بەرلین. ڕۆنشتد خۆشحاڵ بوو کە هاوپەیمانان هەلێکی تریان داوەتی تاوەکو بۆ ماوەیەکی کاتی تیشك بخاتە سەرسنوری ئەڵمانیای ڕۆژئاوا. سەرکردە ڕۆژئاوایەکانی هاوپەیمانان لەوانەیە چەند هۆیەکیان هەبوبیت بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ هێرش نەکەن، لەوانەیە دیواری ڕۆژئاوایان بە بەربەستێکی سەخت دانابێت لەبەردەم هێرشەکانیان، یان ئامادەکاری پاڵپشتی هێزەکانیان نەبوبێت،بۆیەش بۆ کاتێك لە جموجۆل وەستان، ئەم بیرو بۆچوونانە لەکاتدا لە سەرکردایەتی ڕۆژئاوای ئەڵمانیا باس دەکرا، بەڵام هۆی سەرەکی وەستانی جموجۆلی دوژمن نەدەزانرا لە ساڵی (١٩٤٤)دا. هەواڵگری ئەڵمانیا هێزەکانی دوژمنیان بە نۆ یەکەی ئاسمانی بەریتانی مەزەند دەکرد، نیوەی ئەو هێزانە لە ناوچەی نورماندی بوو بەڵام نیوەکەی تر نەدەزانرا لە کوێیە؟ سەرکردایەتی ڕۆژئاوای ئەڵمانیا پێشبینی دابەزینی دوژمنیان لە ناوچە زیندووەکانی بەرەی (دیواری ڕۆژئاوا)و نزیك (بلفورت) دەکرد و، ئەوکات لەگەڵ ئەو هێزە ئەڵمانیەی کە پاشەکشێیان کردبوو دەکەوێتە جەنگەوە، سەرکردایەتی ڕۆژئاوای ئەڵمانیا هەستی کرد کە لە ناوەڕاستی ئەیلوول دا، بەریتانی و کەنەدییەکان هێرش دەکەنە سەر ڕاین، چونکە دوژمن هەموو ناوچەکانی خوارەوەی ڕاینیان لەڕێگەی ئاسمانەوە وێنە گرتبوو، لەگەڵ پێشبینی دابەزانیان لە ناوچەی (ئایمرج)و(ئارن هایم). هێزە چەتردارەکانی یەکەمیش لەو ناوچەیەدا بوون،لە (١٧)ی ئەیلوول دا ئەوەی چاوەڕوان

دەکرا، ڕوویدا. لە (١٧)ی ئەیلوول دا ڕۆژێکی خۆش بەدەرەوە بوو، بۆیە چاوەڕوانی شتێك دەکرا..بارەگای پێکهاتەی سوپای (ب) بەسەرکردایەتی مارشاڵ مودل گوازراوە بۆ ناوچەی (ئارینم)، بۆ کاتی فریاکەوتن. ناوچەی دابەزینی چەترداره‌کانی هاوپەیمانان و یەکە ئاسمانیەکان زۆر بەفراوان بوو، ناوچەی (ئارینم-کلیفس-هوفن-تیبل)ی گرتەوە، بەڵام کوا دابەزینی ستراتیژی لە راینی خواروو وەك ئەڵمانیەکان پێشبینیان دەکرد؟

ڕۆنشتد وای دەبینی کە دابەزاندن لە ئاسمانەوە هیچ مانایەکی نییە گەر مەبەستێکی ستراتیژی بەدواوە نەبێت،واتە داگیرکردنی راین، یاخود مەگەر هێرشێکی پیادەی لەگەڵ نەبێت کە سوپای ٢١ ی بەریتانی پێی هەڵسێت.

ڕۆنشتد زۆر دڵخۆش بوو، چونکە سەرکردەیەکی زیرەکی وەکو (مودل)سەرکرایەتی هێزەکانی دەکردو نزیکیش بوو لە ناوچە ترسناکەکان. هێرشی بەریتانیەکان لەسەر زەمین دا سەرکەوتوو نەبوو، سەرکردایەتی ڕۆژئاوای ئەڵمانیا ئەو هێزانەی هاوپەیمانانی بە شەش تا حەوت تیپی سەرزەمینی و چوار تا پێنج تیپی زرێپۆش مەزندە کردبوو، وای چاوەڕوان کردبوو کە بازگەکانی راین لە ڕێگەی (ویسل)و(ئارینم)ەوە دەبڕن. لە (١٨)ی ئەیلوولدا هێرشی دووەمی بەریتانیەکان بەهۆی زرێپۆشەکانیانەوە بەرەو ناوچەی (ئایتر هوفن) دەهاتن، لەوێش توانیان بگەن بەو هێزانەی کە لەو ناوچەیە دابەزیبوون. لەهەمان ڕۆژدا لە ناوچەی (ئارینم) دابەزینی دوژمن تا دەهات زیاتر دەبوو، توانرا یەکەی بەریتانی یەکەم و تیپی دووەم و هەشتەم و سەدویەکی ئەمەریکی لە یەکتر جیا بکرێتەوە، تەنانەت بەپێی راپۆرتی هەواڵنێرەکان لیوایەکی

پۆڵەندیش بەشدار بوو تیایدا. لەرۆژەکانی دوای ئە بەرواره شەڕێکی سەخت روویدا لە نزیك (ئارینم) کە لە ٢٣ی ئەیلوولەوە تا ٦ ی ئەیلوول بەردەوام بوو. هێزەکانی بەرتانیا هێرشەکانیان سەرکەوتوو بوو بەئاراستەی (راین) ی خواروو. بەهەر حاڵ کوشت و بڕ لە هەردوولا دا زۆر بوو، سێ هەزار ئەلمانی بریندار بوون و کوژران، ئەمەش سەختی شەڕەکە دەسەلمێنێت. سەرکردایەتی باڵای ئەڵمانیا هەردەم چاوەڕێی جموجۆلی تری دەکرد لە رۆژئاوا، وا بیریان دەکردەوە کە دەتوانرا بەهێرشی پێچەوانەوە ئەو زەویانەی کە کەوتبووە دەست دوژمن جارێکی تر بگەڕێتەوە ژێر کۆنترۆڵیان. لەئەیلوول دا سوپای زرێپۆشی پێنجەمیان بە سەرکردایەتی(مانتوفل) لە رۆژئاوای (ساربیرك) جیگیر کرد، بەڵام ئەو هێزە تا ئەو کاتە ئامادەباشی شەڕی تیادا نەبوو، چونکە لەشەڕەکانی پێشووتردا یەکەکانی تووشی زەبرێکی کوشندە ببوون. بڕیاردرا تیپی زرێپۆشی دوازدەهەم بهێنرێت، پلانەکەی هیتلەر و راوێژکارەکانی بۆ رەوان کردنی ئەو هێزە بۆ رۆژئاوا لە ناوچەی (ناسنی) بۆ ئەوەی بگاتە هێڵی (مۆزل)، بۆ ئەوەی یەکەکانی ئەمریکا لە یەکتر بترازێنێت، بەڵام رۆنشتد بەم هەنگاوانە دڵخۆش نەبوو، چونکە وای دانابوو ئەو هێزانە دەبێت بۆ ناوچەی (ستراسبۆرغ) بنێردرێت، کاتێك فەرمانەکانیان جێبەجێ کرد ئەوسا رەوانەی سوپای ناوچەی (ئیخن) بکرێت. سوپای زرێپۆشی یەکەم توانی رێگەبگرێت لە هاتنە ژوورەوەی ئەمەریکیەکان. هیتلەر بە بێ پرس کردن بە راوێژکارەکانی چەندان سەرکردەی خاوەن ئەزموونی لەسەرکردایەتی هێزەکانی ئەڵمانی دوورخستەوەو سەرکردەی دیکەی لە جێگە دانان، بۆئەوەی چارەسەری ئەو هەلۆێستە مەترسیدارە بکەن. لەم چەند هەفتەیەی کۆتایی ئەیلوولدا (بلاسکویست)ی

لەسەرکردایەتی گشتی پێکهاتەی سوپای (ج) دوورخستەوە مارشاڵ (بالك)ی لە جێگەی دانا، کەپێشتر لەبەرەی رۆژهەڵات دا بوو. هیتلەر وای بیرکردبووەوە کە گۆڕینی سەرکردەکان دەتوانێت ئەم بارە ناهەموارەی هێزەکانی ئەڵمانیا بگۆڕێت. (بلاسکویست) سەرکردەیەکی گەورە بوو بە لابردنی ئەوسەرکردەیە رۆنشتد زۆر پێی ناخۆش بوو، ئەگەر چی (بالك) زۆر ناسرابوو لە رۆژهەڵات دا بەڵام بۆ ناوچەی رۆژئاوا کەسێکی نەناسراو بوو. رۆنشتد کاتێك سەرکردایەتی رۆژئاوای وەرگرت لە ئەیلوولی ١٩٤٤ دا زۆر بایەخی بە ناوچەی (ئیخن) دەدا، پێشبینی دەکرد کە هاوپەیمانان بەرەو باکووری ئەڵمانیا دەچن لەرێگای ناوچەی(ئیخن-رۆد)ەوە بێت، بەڵام ئەم بۆچوونەی راست دەرنەچوو. رۆنشتد بڕوای وا بوو کە سەربازی ئەڵمانی لەو ماوەیەدا (١٩٤٤-١٩٤٥) بەرزترین توانای متمانەیان هەبوو بە خۆیان بە جیاوازی کردن لەگەڵ سەربازەکانی ساڵی (١٩١٨). جەنگی (ئیخن)دەستی پێ کردو بەشێوەیەکی سەرەکی زرێپۆشەکان لولەیان بەرامبەر یەکتر بەرز کردەوە وەکو ئەوەی لە جەنگی یەکەمی جیهانی روویدا و هاوپەیمانان توانیان دیواری رۆژئاوا ببڕن بە ئاسانی، سوپای ئەمەریکیش توانی هێڵی ئەڵمانیەکان ببەزێنێت لە (ئیخن) تاوەکو ناوچەی (رۆر)، (ئیخن) کەلێرەدا باسی دەکەین تەنها شارێك نییە بەڵکو ناوچەیەکی گەورەی لە دەوروبەر دابوو وەکو (ئیخن-کیلن کیرجن).

لەسەرەتای ئەیلوول دا بە تەواوی شەڕ دەستی پێ کرد، وەکو شەڕی شامبین لە ناوچەی (فردون)و (سوم)و (فلاندرس) لە جەنگی یەکەمی جیهانی دا روویدا. چەند هەفتەیەك شەڕێکی توند بەردەوام بوو، دواتر شەڕەکە کەمێك ئاسایی بووەوە، هەروەها رۆژ هەبوو شەڕەکە گەرم دەبوو، رۆژیش هەبوو شەڕەکە سارد دەبووەوە، ئەڵمانیەکان ئەم

ڕووداوانـــەیان بـەم شـێەیە دابـەش کردبـوو: شـەڕی یەکـەم و دووەم و سێیەمی (ئیخن). بەڵام هاوپـەیمانان بە جەنگەکـەیان دەوت (بـەرەوپێش چوونی هێڵی سیکفرید) و (ئـیخن) و (بـەرەوپێش چـوون بـەرەو روبـاری رۆر) جەنگی یەکـەم لـە (٤-٢٣)ئـەیلوول بـوو، جـەنگی دووەم (٢تشـرینی یەکەم -٢٢ تشرینی یەکەم) و سێیەمیش (٢کانونی یەکەم - ناوەڕاستی کانونی یەکەم)، لەئەنجامی ئەو جەنگە کە لە دەوروبەری دیواری رۆژئـاوا روویدا ناوچەی (ئیخن) کەوتە دەسـت هاوپـەیمانان و ناوچـەی (رۆر) یش کەوتــە ژێـر دەسـتی هاوپـەیمانان. رۆنشـتد هـەر کـاتی گەڕانـەوەی لـە ئەیلوولی ١٩٤٤ دەیوسـت جەنگەکـە بـە شـێوەی بـەرگری بـەڕێوە ببـات، بۆیەش داوای کرد هێزەکانی ئەڵمانیا پاشەکشێ بکەن بۆ (دیواری رۆژئاوا فۆج) ە لەویدا بەرەیەکی رێك دروست بکات و تاوەکو هاوپەیمانان خۆیـان بۆ شەڕەکە بێن نەك ئەڵمانیا هێرش بکات.

شەڕی (ئادین) رۆڵێکی گەورەی هـەبوو لـە ئـەڵمانیاو دەرەوەو لـە ئـابی ١٩٤٤ دا لەو کاتەی شەڕ لـە نۆرمانـدی بـوو هیتلـەر ناوچـەی ئـاردینی بـۆ هێرش کردن دەست نیشان کرد (رۆنشتد) و (مودل) ئاگایان لەو بڕیارەی هیتلەر نەبوو، هەردوو مارشاڵەکە بێ ئاگا بوون، بۆئەوەی کارەکە زۆر بـە نهێنی بکرێت (جودل) چوار جموجۆلی وەسف کرد :-

١- هێـرش لـە ناوچـەی (فلنـو) بـۆ سـەر (مـۆز) دەسـت پێـدەکات بـە ئاراستەی (ئانتویرب).

٢-هێرش لـە بـاکووری (لوکسـمبۆرگ) بـەرەو بـاکووری رۆژئـاوا دەبێـت، ئاراستەکەی بەرەو باکوور دەگۆڕێت تاوەکو ناوچـەی بـاکووری رۆژئـاوای ئیخن

٣–دوو هێرشی تر لە ناوەڕاستی (لوکسمبۆرگ)و (متز) دەست پێدەکات و لە ناوچەی (لونك وی) بەیەك دەگەن

٤–دوو هێرشی تـر لـە (متـز) و (بکرات) بـۆ سـەر (نانسـی) دەسـت پـێ دەکات.

٥_دوو هێرشی تر لە (ئابینال)و ناوچەی (موین بل کان) دەست پێدەکات بۆ سەر (فیسول).

هیتلەر لەگەڵ راوێژکارانی باسی ئەو پێنج پێشنیارانەی کرد، پلانـی سـێ یەم و چوارەم و پێنجەمی رەتکردەوە،چونکە هیچ ئـەنجامێکی ستراتیژی نەدەدایـە دەسـت،ئێمە دەزانـین کـە هیتلـەر ئـەو بەهرەیـەی هـەبوو کـە بتوانێت باشترین ئاراستە هەڵبژێرێت بۆ هەڵمەت بردنەسەر دوژمـن، بـەڵام لە کاتەدا پێویست بوو بزانێت کاتەکە و بەرەی شەڕ و هێزەکـان چـۆنن و شارەزایی دەربارەیان هەبێت. گفتوگۆی هیتلەر لەگەڵ کەسـە نزیکـەکانی لە سەرەتای تشرینی یەکەم گەیاندیە ئـەوەی بڕیـار لەسـەر پلانـی دووەم بـدات بـە وردەکـاری زیـاترەوە. واتـە حەرەکـەی شـەڕی ئـەردین، پاشـان مـودل و رۆنشـتد بەپلانەکـەیان زانـی بەتایبـەتیش سـەبارەت بـە پلانـە سـەرەکیەکە. هاپـەیمانان دەسـتیان بەسـەر ژمارەیـەکی زۆر لـە بەڵگەنامانـەدا گـرت، ئـەو کاتـەی کـە مێـژووی شـەڕەکان بـە تـەواوی دەنووسرێتەوە ئینجا دەسەلمێندرێت کە هـەموو ئـەو حەرەکانـە لـە بـیرو بۆچوونی هیتلەرەوە هەڵقوڵاون. ئەو فەرمانانەش دواتر گەیەنرایە رۆنشتد و ناوی ئەویان لەسەر دانا، کـە لەڕاستیشـدا ئـەو پلانـە هـی ئـەو نـەبوو، بەڵکو تەنها جێبەجێ کردنەکەی لەسەر ئەو بوو.

ئەو هۆیانەی کە وای لەهیتلەر کرد بڕیار بدا هێرش لە رۆژئاواوە بێت ئەمانەبوون:

١- ئاواتی دەخواست کتوپڕ هێرش ببرێتە سەر هاوپەیمانان، لەکاتێکدا کە ئەوان وادەزانن هێزەکانی ئەڵمانی ماندوو و هیلاکن.

٢- ورەی گەلی ئەڵمانی بەرزبکاتەوە، چونکە لەو کاتەدا دڵەڕاوکێ رووی لە ئەڵمانیەکان کردبوو، بەتایبەتیش کە هێزەکانی هاوپەیمانان لە رۆژئاواو رۆژهەڵاتی ئەڵمانیا نزیک دەبوونەوە.

٣- بەدەست هێنانی کاتی زیاتر ، بۆ ئەوەی دەرفەت هەبێت چەك و کەرەستەی جەنگی نوێ دروست بکرێت.

٤- وا بکات کە نزیك بوونەوەی دوژمن لە ناچەی (رۆ) زیاتر زەحمەت بێت.

٥- هیتلەر وای بینی کە رووخانی ئەڵمانیا لە رۆژهەڵات و رۆژئاواوە دێت، هەروەها لەبەرئەوەی رووسیا لە رۆژهەڵات بالادەست ترە لە ئەڵمانیا لەهەر خاڵێك لە خاڵەکانی بەرەی شەڕ لە رۆژهەڵات، بەلام لەبەرەی رۆژئاوا هێزەکانی هاوپەیمانان بەو شێوەیە نییە وەك لە بەرەی رۆژهەڵات هەیە، بۆیە هیتلەر بەو ئاواتە بوو بە هێرشێکی کتوپڕ و لەناکاو هێزەکانی هاوپەیمانان بشلەژێنێ، ئەمەش ئەوە روون دەکاتەوە، کە دەڵێین بۆچی پلانی شەڕی ئەردین داڕێژرا؟

هیتلەر لە رۆژی ٢٠ ی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٤٤) هەردوو مارشاڵ (مودل)و(رۆنشتد)ی بانگ کرد بۆبارەگاکەی خۆی، بەلام لەدواییدا بیروڕاکەی گۆڕی و هەردوو سەرۆك ئەرکانەکەی بانگ کرد کە(ویستفال) لەسەرکردایەتی رۆژئاواو (کریبس) لە پێکهاتەی سوپای(ب) بوو

پێیگوتن"هەڵوێست لەرۆژئاوادا ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت بەبەرگری کردن، بەڵکو دەبێت هێرش بکەین".

هیتلەر بۆ ئەوەی دوورکەوێتەوە لەناڕەزایی هەردوو مارشاڵەکە بۆیە راستەوخۆ بانگی نەکردن، بۆیە بەهەردوو سەرۆك ئەرکەکانیان فەرمانەکەی رەوانەکرد. هیتلەر باسی سێ هەزار فڕۆکەی جۆری (جیکەر)ی کرد کە ئامادە کرابوو بۆ هێرشەکە.

بەڵام لەبەرئەوەی ژمارەی تەواوی فڕۆکەکانی نەدەزانی بۆیە تەنها باسی هەزارو پێنج سەد فڕۆکەی کرد..........لەوانەش هەشت سەدیان ئامادەبوون بۆ خزمەت کردن، لەو ژمارانەش نزیکەی ١٠٠ فڕۆکەی نوێ و تازەیان تیابوو. .

نزیکەی سێ ملیۆن گالۆنی سوتەمەنیان خەزن کردبوو بۆ داواکاریەکانی یەکەم، لەباکووری بەرەی رۆژئاواش بارەگایەك بۆ سوپای سێیەم کرایەوە بۆئەوەی بەرپرسیاریەتی لە پێکهاتەی سوپای(ب) وەربگرێت، چونکە مودل بەپێی فەرمانەکان دەبوایە زۆر بەخێرایی هێرشەکانی جێبەجێ بکات.

کاتێك لیوا (ویستفال) سەرۆکی دەستەی ئەرکانی رۆنشتد کۆتایی هێنا بە خوێندنەوەی راپۆرتەکەی، ماشاڵ رۆنشتد بەم شێوەیە رای خۆی دەربڕی: (من دڵخۆشم کە لەکۆتاییدا لەگەڵ هێزێکی مەزنی رۆژهەڵات بەیەك دەگەین، پێش ئەوەی بەگژداچوونەکەش دەست پێبکات (راین) رزگاردەبێت، دەتوانم بڵێم کەئامانجی دوور بریتیە لە(ئانتویرب)، ناشتوانرێت بەم هێزەی هەیە بگەینە ئەوێ، چونکە لەوکاتەدا هەردوو لای هێرشەکە ئاشکرادەبێت))

لەسەرەتای تشرینی دووەمی ساڵی(١٩٤٤)لەبارەگای هیتلەرەوە دەستنووسێکی هێڵە گشتیەکانی جموجۆلی هێزەکان کەدەستەی ئەرکانی هێزە چەترداره‌کانی ئەڵمانیا ئامادەیان کردبوو، گەیشتە دەست رۆنشتد، (رۆنشتد) یش لەلایەن خۆیەوە رەوانەی لای (مودل)ی کرد کەبەرپرسی گشتی بەرێوەبردنی هێرشەکە بوو. هەڵوێستەکان لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا تادەهات مەترسیدارتر دەبوو، هیتلەر ویستی لەنزیکترین کاتدا هێرشەکان دەست پێبکات، بۆیە بریاری دا لە (٢٥) تشرینی دووەمی (١٩٤٤)هێرش بکرێت، بەڵام هەر بەروارەکە دوادەخرا، تا لەدواییدا رۆژی(١٦)ی کانونی دووەم بۆهێرشەکە دانرا.

هیتلەر وەکو ساڵی(١٩١٨) بیری دەکردەوە، بەڵام نەیدەزانی قەدەر چی ئامادە کردووە، چونکە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ساڵی(١٩١٨)و ئێستا هەبوو.

پێش ئەوەی هێرشەکە دەست پێبکات هیتلەر چاوی بەرۆنشتد کەوت، رۆنشتد زۆر رەخنەی لەهیتلەر گرت، بەڵام هیتلەر بەرۆنشتدی گوتی (من لەتۆ بەتواناترم بۆبریاردان لەسەر ئەم بارە، ئەی مارشاڵ من هاتووم یارمەتیت بدەم)) رۆنشتدیش رووی لی وەرگێراو قسەی نەکرد.

هێرشەکەش لە لایەن دوو سوپای زرێپۆش و هێزێکی پیادە جێبەجێکراو، بەرەو باکوور هەنگاویان نا، سوپای بروسك ئاسای زرێپۆشی شەشەم بەسەرکردایەتی (سیب دیترج) کە لەچوار تیپی زرێپۆشی و تیپێکی پیادە پێك دەهات، دەبوایە بەرەوپێشەوە برۆن و لەناوچەی(مونس جاو) باشووری (ئیخن) دەربچن و بەرەو (ئانتویرب)بچن.

لەلای راستیشەوە (لەباشوور) سوپای (مانتوفل)ی زرێپۆشی پێنجەم هەبوو، کەلە چوارتیپی زرێپۆش و سێ تیپی پیادە پێك دەهات دەبوایە بەرەوپێش بڕوات و (نامور-برۆکسل) ببڕێت و بەرەو(ئانتویرب) بڕوات، سوپای حەوتەمیش کە لەشەش تیپی پیادەو تیپێکی زرێپۆش پێك هاتبوو بەرپرس بوو لەپاراستنی ئەوهێزانە و ئامانجەکەی لەباشووربوو.

فەیلەقی تێکدەری حەوتەم ئەرکەکەی لەباکوور بوو هەر لەناوچەی باشووری(رویرمونت) بەپێی پلانەکەی رۆنشتد ماوە بەلام هیتلەر ئەم پلانەی رەت کردەوە.

لە(١٦)ی کانونی دووەم بەدرێژایی بەرەی (ئیڤل) جەنگ دەستی پێکرد، سوپای ئەلمانی نەیدەتوانی جەربەزەیی و هێرش کردن بکات، لەکاتژمێری یەکەم ودووەمدا سەرکەوتن هەبوو، بەلام لەدواییدا هێواش تربووەو پاشان یەکە سەربازییەکان گەیشتنەوە شوێنی خۆیان.

شەمەیکیە کان زۆر بەخێرای وەلامی ئەوهێرشەیان دایە، چالاکیان نواندو لەباشووردابەشێوەیەکی تایبەتی چەندان مێرشیان کردەسەر لایەنی بیهێزی سوپای حەوتەم و لەباکوورییش هێزەکان

بەریتانیا بەهانیان هاتن.

پێشبینیەکانی رۆنشتد بە خێراییەکی زۆر هاتەدی، ئێستا ئەلمانیەکان لەلایەن هاوپەیمانانەوە لە سێ لاوە هێرشیان دەکرێتە سەر، تیپی بروسك ئاسای زرێپۆشی شەشەم هەرچۆنێك بێت کەمێك بەرەو پێش چووبوو لەلای راستەوە، بەلام سوپای (مانتو فیل)ی زرێپۆشی پێنجەم لەلای چەپ دا کە سەرکردایەتیەکەی باشبوو سەرکەوتو بوو لە پێشڕەوی کردن، بەلام بەتەنها نەیدەتوانی شەڕەکە بەرێتەوە، بۆیە بەخێرایی

هێرشـەکەی هیتلـەری، گۆڕا بۆ بـەرگریی هیتلـەری، هێـزە ئەڵمانیـەکان خۆیـان لـەبارێکی دژواردا بینیـەوە، لەبـەر ئـەوە پێویسـت بـوو دووبـارە پاشەکشـە بکـەن بۆ ئـەوەی هێزەکانیـان ڕێکبخەنـەوە، هـەروەك پێشـتر ڕۆنشتد پێشنیاری کردبوو، بەڵام ئەو پاشەکشـەیە کاتەکـەی زۆر درەنـگ بـوو، ئەمـەش بـەهۆی ئـەوە بـوو کـە هیتلـەر نەیـدەتوانی بـەرەنگاری ڕاستییەکان ببێتەوە، چونکە پلانەکەی سەرکەوتوو نەبوو، ئـەنجامی ئـەم دۆڕانەش بووە هۆی ئەوەی زیانێکی زۆر بە هێزەکانی ئەڵمانی بکەوێت و، دوا هیـوای ئەڵمانیـەکانیش بەسـەرکەوتن لەباریـەك بچێت، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەش سوپای ئەڵمانی بێ پسانەوە و بـە جەرگانـە لـەڕۆژئاوا بـەردەوام بـوو لەبـەرگری کـردن لـە(ڕۆر) و (ڕایـن) و (ویـن) و ئایـب)، بـەڵام ئـەوەی هیوایەکیان هەبێت.

بەشی چواردەهەم

چارەنووسی نادیار و تاریك

شەڕێکی سەختی خوێناوی بەدرێژایی مانگەکانی زستانی ساڵی (١٩٤٤-١٩٤٥) درێژەی کێشا، هەروەها بەفەرمانی هیتلەر چەندان گۆڕانکاری یەك لەدوای یەك لەسەرکردایەتی کرا، سەرتیپ (بالك) لەبەرپرسیاریەتی سەرکردایەتی کردنی پێکهاتەی سوپای (ج) لە زاس لادراو لەجێگەی ئەویشدا سەرکردەیەکی حزبی بەناوی (هیملەر) دانرا، کە بۆ ماوەیەکی کەم ئەندامێکی هێزەکانی بروسك ئاسا بوو، دواتریش مارشاڵ (بلاسکویتس) گەڕێنرایەوە بۆ سەرکردایەتی پێکهاتەی سوپای (ج)..هتد، بەدوای ئەویشدا چەندین گۆڕانکاری تریش کرا.

سیاسەت لەوکاتەدا نەیدەتوانی هیچ شتێك بەدەست بهێنێت، تەنها خۆ بەدەستەوەدان مابۆوە، لەباشوور و باشووری ڕۆژهەڵات هاوپەیمانان بەشێوەیەکی بەردەوام پاڵەپەستۆیان خستبووە سەر ئەڵمانیاو، هێزە ئاسمانیەکانیان بە بەردەوام هێرشی وێرانکاریان لەهەموو لایەکانەوە دەکردە سەر ئەڵمانیا ، چارەنووس لەو شوێنە دەرچووبوو کەبەزەیی پێیان بێتەوە، لەم کاتەدا لە زستانی (١٩٤٤-١٩٤٥) پاش ئەو هەموو گۆڕانکارییە بەردەوامە، بەرەی ڕۆژئاوای ئەڵمانیا کە لەژێر سەرکردایەتی(ڕۆنشتد) بوو بە سێ پێکهاتەی سوپا ڕێکخرا، لەلای ڕاست و باکوور سوپای (ج) بوو بەسەرکردایەتی (ستودنت)و دواتریش(بلاسکویتس).

لەناوەڕاستیش (بەرەی سەرەکی) سوپای (ب) بوو بەسەرکردایەتی مارشاڵ(مۆدل)، لەباشووریش سوپای (أ) بوو کە سەرکردایەتیەکەی جێگیر نەبوو، بەڵکو هەمیشە گۆڕانکاری تیا دەکرا، لەکانوونی دووەمی (١٩٤٥) بەرەی رۆژهەڵاتی ئەڵمانیا پێویستی بە فریاگوزاری خێرا بوو، بەڵام لەکوێوە دەتوانرێت ئەو فریاگوزارییە دابین بکرێت؟ تەنها دەتوانرێت لەرۆژئاواوە دابین بکرێت. ئەنجامەکەشی گواستنەوەی سوپای (دیتریج)ی زرێپۆشی شەشەم بوو لە رۆژهەڵاتەوە، لەگەڵ چەندان یەکەی تری سەربازی.

لەبەردەم هاوپەیمانەکاندا نەدەتوانرا بێهێزی بەرەی رۆژئاوای ئەڵمانیا بشاردرێتەوە، مارشاڵ (رۆنشتد) هەر لەکانونی دووەمی (١٩٤٥)ەوە رۆژانە پێشبینی کۆبوونەوەی هێزەکانی هاوپەیمانانی دەکرد لەهەموو بەرەکانەوە، هەر لەهێرشەکانیان بەرەو (راین) و پاشان رووەو ئەڵمانیا، پێشبینی ئەوەشی دەکرد بەماوەیەکی کەمیش لەشکری بیست و یەکی بەریتانیاش بەسەرکردایەتی مارشاڵی بەتوانا (مۆنتکومری) بێتە نێو گۆڕەپانەکە.

بەپێچەوانەی ئەمەریکیەکان کە بەتوندوتیژی و زەبروزەنگی شەڕیاندەکرد، بەریتانیەکان ماوەیەکی درێژ پشوویان وەرگرت، مارشاڵ(رۆنشتد) لەوکاتەدا چاوەڕێی هێرشی بەریتانی لەهەردوو لای (فنلو) و (موز)ی دەکرد، هەروەها وای دەبینی کە هێرشی بەریتانیەکان پێش هێرشی ئەمەریکیەکان دەبێت بۆ رێگە گرتن لە هاوکاریەکانی ئەڵمانیا بۆباکوور.

لە٨ی شوباتی(١٩٤٥) وەکو چاوەڕوان دەکرا،بەریتانیەکان هێرشێکی گەورەیان کرد، کەنەدییەکان بەرەو(ریجس وولد)ی نزیکی (کلیفس) هاتن، شەڕێکی خوێناوی لەنێوان(موز) و (راین) روویدا، بەریتانیەکان شەڕیان کردو ململانێیەکی بەهێز لەهەردوو لایەنەوە هەبوو دوژمن توانی بە هێمنییەکی زۆرەوە دەست بەسەرخاکەکەدا بگرێت.

دوژمن پاش چەند ڕۆژێك مانەوە، توانی هێزی چەترداره ئازاکان بەرەو پشتەوەی (راین) و (ویسل) و (ئایمرج) بنێرێت، لەسەر لەشکری بیست و پێنجیش پێویست بوو پێکهاتە دوای پێکهاتەی هێز بەرەو لەشکری چەترداری یەکەم بنێرێت کەبەسەرکردایەتی (جلم) بوو ، تاکو هاوکاریان بکات .

هێرشی دووەمی بەریتانیەکان کە لە باشوورەوە کردیانە سەر (فنلو) و مارشاڵ (رۆنشتد) یش زۆر ترسی لێی هەبوو، نەیتوانی ئامانجەکای خۆی بپێکێ. مارشاڵ (رۆنشتد) خۆی سەردانی ناوچەی شەڕی چەتردارەکانی کرد، هەر لەوێشدا لە فەیلەقی چل و حەوتی زرێپۆشەکان گرمەی شەڕی ناوچەی (کوج) ی بەچاوی خۆی بینی، بەم شەڕەش هەرەشەکانی سەر بەرەی باشووری لەشکری چەتردارەکانی نێوان (موز) و (راین) بەردەوام زیاتر دەبوو، ئەگەر لەشکری ئەمەریکا لەباشوور بەشداری شەڕەکانی بکردبوایە، ئەوا وێستگەیەکی مەترسیدار دروست دەبوو.

لە ٢٣ شوباتی ١٩٤٥ هێرشی ئەمریکیەکان لەرێگەی (رۆر) ەوە بەرەو (راین) دەستی پێکرد لەسەر هێڵی (کۆلۆن–دۆسلدرۆف)، لە٢٥ی شوباتی ١٩٤٥دا دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرت و کۆنترۆلیان کرد، بەم شێوەش

بەریتانی و ئەمەریکیەکان دەیانتوانی بەچەند رۆژێك بگەنە (راین)، پاشان بۆ چەند کاتێك هێرشەکانیان رادەگرن بۆ بەسەربردنی کاتی پشوو و دابین کردنی پێداویستیەکانی پەڕینەوە، بەلاَم کاتی هێرشەکە هەرگیز بۆ ماوەیەکی درێژ دواناکەوێت.

لەسەر کەناری (راین)ی رۆژهەلاَت هیچ کارێکی پارێزگاری نەبوو، تەنانەت هیچ بەربەستێك نەبوو،

لەباکووری (مۆزل) شەڕێکی رێگری کاری گەورە روویدا لەنێوان هەردوو ناوچەی (رۆر) و (راین)، بەهێواشیەکی مەزنیش توانیان بەرەی ئەلمانی بەرەو دواوە بکشێننەوە، کشانەوەکە زۆر هێواشتربوو وەکو ئەوەی لەفەرنسادا روویدا.

لە١٠ی مارس دا یەکەکانی ناوەڕاستی لەشکری چەترداەکانی یەکەم لەبەرامبەر بەریتانیەکان دا پاشەکشەیان کرد رووەو (راین)ی نزیك (ویسل) بێ ئەوەی زیان بەچەك و تەقەمەنیەکانیان بگات.

هێرشەکان بەتایبەتی بەرەی ئەلمانی کردبووە ئامانج لە (رۆر)ی نێوان(دیورین) و (یرکلنس)، پاشان (بۆن) و (کۆلۆن) و (دۆسل دورف)یان کردە ئامانج، و لەشکری چەترداەکانیان ناچارکرد کە بەئاراستەی (کریفیلد) پاشەکشێ بکەن.

بەرەی ئەلمانی لە ١ی مارس دا لەباکووری(مۆزل) درێژدەبۆوە لەسەر هێلی گشتی (ترير-برويم-سجيلدن-ئيرفت-مۆنجين-کلادباج-فنلو-کيلدين) بەرەو (ئامریج)ی پشت (راین) (ریمیکن) ناوچەیەکی بچوك بوو لەناوەڕاستی (راین)ی باشووری (بۆن) لەوێدا پردێکی هێلی شەمەندەفەر هەبوو، کاتێکیش (هیتلەر) لەسەر بیرۆکەکەی خۆی سوربوو بۆدەست

گرتن بەوزەو تواناکانی خۆی، بۆیەش نیگەرانیەکی مەزنی هەبوو بۆ پاراستنی ئەوپردانەی کەلە(راین)دا هەبوون تا بەکاری بهێنێ بۆ رێگەگرتن لەدوژمن، ئەگەرهێزی ئاسمانی هاوپەیمانان وێرانی بکردبووایە، یان ئەگەر تانکەکانی بەریتانی و ئەمەریکیەکان توانیان کۆنترۆلی بەرەی ئەڵمانی بکەن ئەوا بەئاسانی دەست بەسەر پردەکانی (راین) دادەگیرا، ئەوکاتە پاشماوەی بەرەی ئەڵمانی ناتوانن لەرێگای (راین)ەوە بەرەو دواوە پاشەکشێ بکەن.

بێگومان لەهەر دەروازەیەك پارێزگارییەکی بچوك هەبوو کەخۆی لەچەند سەرە پردێکی بچوك دەبینیەوە، هەرپردێکیش بەرپرسیارێکی خۆی هەبوو کەچاودێری دەکرد، بەڵام ئەگەر تانك و زرێپۆشەکان هێرش بکەن و فرۆکەکانیش لەئاسمانەوە تۆپ باران بکەن، ئەوا بەرپرسیاری پردەکە ناتوانێت هیچ بکات، بۆیەش گرفتی سەرەکی پاراستنی ئەو پردانە لەبڕیارێکدا کۆدەبۆوە: چ کاتێك پێویستە ئەوپردانە بتەقێنرێنەوە.

هیچ کەسێك نەیدەوێرا بیرۆکەی تەقاندنەوەی پردێك بۆ بەرپرسی پردەکە پێشنیاربکات و پێی بڵێت پردەکە بتەقێنەرەوە پێش ئەوەی دوژمن دەستی بەسەردا بگرێت. بۆ ئەوەی دوژمن سودی لێ وەرنەگرێت، بەرپرسی پردەکە چۆن دەتوانێت مەزەندەی بارودۆخی گشتی بکات؟ ئەگەر تانکەکان هێرشیان کرد، ئەوا بێگومان دەبێت پردەکە خاپور بکات، ئەگەر خاپوری نەکات، دوژمن دەستی بەسەردا دەگرێت.

هەرئەوەش بوو کە رووداوی پردی هێڵی شەمەندەفەری (ریمیکن)ی دروستکرد لە ٦ و ٧ ی مارسی ساڵی ١٩٤٥، کە تاکو ئێستاش بڕیاری خاپورنەکردنی ئەوپردە بەنادیاری ماوەتەوە، بۆیەش یەکەی زرێپۆشی

ئەمەریکیەکان داگیریان کردو دوژمنیش توانی (راین) داگیربکات، لەوانەیە تەقەمەنیەکانی کە بۆ ئەم پردە تەرخانکرابوو نەتەقیونەتەوە، یان چەند یەکەیەکی ئەڵمانی ئەو پردەیان بۆ پاشەکشێ کردن بەکارهێنابێ، بەهەرحاڵ ئەوپردە بەئاسانی کەوتە دەست ئەمەریکیەکان، هەواڵی دەست بەسەرداگرتنی پردەکە بۆ هیتلەر زۆر گران بوو، بۆیەش یەکسەر داد گایەکی سەربازی دروست کرد بۆ سزادانی ئەوانەی کە کەمتەرخەم بوون لەم گۆڕەپانەدا. لەو کاتەدا پروپاگەندەی زۆر هەبوو کە دەست بەسەرداگرتنی پردەکە کاری تێکدەران بوو‌بێت، بەڵام تاکە راستی کە گومانی تێدانەبوو، ئەوەبوو کە ئەو پردە بە تەواوەتی کەوتە دەست ئەمەریکیەکان. لە باشووریش تا (مۆزل) بەرەی ئەڵمانی لێکترازا، ئەمەش بە هۆی فەرمانی هیتلەر بوو کە دەیگوت: بە هەمیشەیی خۆڕاگربن و نەرم و نیان و چاوپۆش مەبن. هەر لەسەر نمونەی ئەم قسانەش لەشکری تۆپهاوێژی حەوتەم لە (دیواری رۆژئاوا) ی نێوان رۆژهەلاتی (بروم) و (ترير) خۆڕاگر بوون، بەڵام بەرەی لەشکری پازدەهەم لە باکوور بەرەو رۆژهەلاتی (راین) پاشەکشەیان کرد، چەندان هەڵوێستی سەیر روویانداو لە سەر نەخشەش وێنەی سەرسوڕهێنەر بەدیار کەوت. مارشاڵ (رۆنشتد) خۆی ئەو هەڵوێستانەی بە (هیتلەر) راگەیاند، بەڵام هیتلەر و راوێژکارەکانی ئەم هەڵوێستانەیان بە هیوابڕاوی لەقەڵەم دا. بەرەی ئەڵمانی لە ١٠ ی مارسی ١٩٤٥ بە شێوەیەکی نزیك کراوەیی لەسەر هێڵ دا، بەم شێوەیە درێژ دەبۆوە:.لە ناو رێژگەی (راین) بەرەو رۆژهەڵات بە (ئایمرج– ویسل – دۆسل دورف – کۆلۆن – ریمیکن – بۆن – کوبلنز)دا تێدەپەڕی بۆ کەناری رۆژهەڵات، هەروەها لە (کولبرنج) درێژدەبووەوە بۆ باشووری رۆژهەڵات و لەسەر سنوری (مۆزل) تا (ترير) و لە سەر سنوری

کەناری رۆژهەڵات بە (ئیستراربورك) تێپەڕدەبێت بۆ باشوور تاسەر سنوری سویسرا. هێڵی گشتی پێشاندەری ئەو خەباتە بەرزەن کەیەکە پەرتەوازە ئەڵمانیەکان تا رۆژە بێ هیواکانی مارسی ١٩٤٥ بەجێیانهێنا. هاوپەیمانەکان سەرکەوتوو نەبوون لە هەنگاوە خێراکانیان بەرەو (راین) و نەیانتوانی رێگەی ئەم روبارە ببرن، تەنها بە شەڕێکی سەخت وگران نەبێت. من باسی باری بەرەی ئەڵمانیم کرد لە رۆژی ١٠ ی مارس، چونکە لەو رۆژەدا بڕیاردرا کە مارشاڵ (رۆنشتد) بۆ دواجار خانەنشین بکرێت. لە ٩ ی مارس دا پروپاگەندەیەك بڵاوبۆوە کە مارشاڵ (رۆنشتد) خانەنشین دەکرێت و مارشاڵی هێزە ئاسمانیەکان (کیسرلنك) جێگەی دەگرێتەوە. هیتلەر بارەگایەکەی خۆی بۆ نزیك بارەگاکانی سەرکردایەتی رۆژئاوا گواستەوە، کاتێك (ئاردین) رووبەڕووی هێرش بووەوە، بەم جۆرە یەکەم پەیوەندی باوەڕپێکراو لە نێوان هیتلەر و (رۆنشتد) دروست بوو، هیتلەر دەیتوانی لەوکاتەدا دڵنیا بێت لەوەی کە ئایا رۆنشتد دەتوانێت بە دروستی بڕیار لەسەر هەڵوێستەکان بدات، رۆنشتد بە شێوەیەکی بێ باکانە هەڵوێستە رەخنە ئامێزەکانی بۆ هیتلەر دەدرکاند، بۆیەش پەیوەندیەکی باش لە نێوانیان دروست بوو، لەوکاتەدا جیاوازییەکی بنچینەیی لە نێوان بارەگای هێزە چەترداره ئەڵمانیەکان و سەرکردایەتی رۆژ ئاوا دروست بوو.

بەرهێرش کەوتنی رووسیای مەزن مەترسی دروست کرد، لەسەر سەرکردایەتی رۆژئاوا پێویست بوو کە یەکەو ئامێرە تۆپهاوێژەکانی بۆ بەرەی رۆژهەڵات بنێرێت، ئەنجامی ئەمەش ئەوەش بوو کە رۆنشتد داوای کرد گشت هێزەکان لە رۆژئاوا بۆ هێڵێکی بچووکتر پاشەکشە بکەن و وازیش لە هۆڵەندا بهێنن. رۆنشتد لە نامەیەکدا بۆ خودی هیتلەر داوای

لێکردبوو سەربەستی بکات لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی شەڕ. سەرەتا هیچ وەڵامێکی نەدرایەوە، هەروەها ئەوەشمان لەبیرە کە پێشتر فەرمان بە رۆنشتد کرابوو هەموو شتەکان وەك خۆی لێ بگەڕێت و بەرگرییەکی توندیش لەگشت بستێکی خاکەکەیان بکات.

لە کۆتایی مانگی شوباتدا دڵەڕاوکێ زیادی کرد، ئەمەش کاتێك روویدا کە رۆنشتد لە راپۆرتێکدا کە بۆ سەرکردایەتی گشتی سوپای ئەڵمانیای ناردو، تیایدا بە سوکی باسی دیواری رۆژئاوای کردبوو و، بە "تەڵەی مشك"ی وەسف کردبوو.

ئەو راپۆرتە توندەی رۆنشتد دەربارەی دیواری رۆژئاوا هیتلەری تووڕەو پەرێشان کردو، ئەو وەسفەی رۆنشتدی بە ئیهانەو سوکی دانا، هەروەها هیتلەر لەمبارەیەوە گوتی:" دوژمن بەرامبەر ئەو بەربەست و قەڵابەندیانە دەلەرزێت". هاوکات لەگەڵ بوونی ئەو دڵەڕاوکێیانە، لە ٦ی مارت ویستفالی سەرۆکی دەستەی روکنی رۆنشتد راپۆرتێکی سەبارەت بە بارودۆخ بۆ هیتلەر لە بەرلین نارد، تیایدا وەکو رۆنشتدی سەرکردە گشتیەکەی باسی بارودۆخەکەی کردبوو، ئەمەش بووە هۆی زیاتر تووڕەبوونی هیتلەر.

هیتلەر باش دەیزانی کە رۆنشتد کەسایەتیەکی ناسراوە لە دەرەوەی سنووری ئەڵمانیا، ئەمەش نهێنی نەبوو کە ئەو سەربازە لە دەروەی ئەڵمانیا لەلایەن زۆر کەسەوە جێی رێزو تەقدیرە، هەروەها دەمێکیشە ئەوەش روون و ئاشکرایە کە رۆنشتد لەلایەن دەستەی روکن و هێزەکانیشی جێگای رێزو خۆشەویستیە. بۆیە رەنگە هیتلەر لەو

باروودۆخە دژوارەدا لەوە بترسایە، کە رۆنشتد دەست بەسەر دەسەڵات دابگرێت و سنوورێك بۆ ئەو هەموو کارانە دابنێت.

لە نیوەی دووەمی مانگی شوباتی ١٩٤٥ ئێزگەکانی هاوپەیمانان دیعایەکیان بڵاو کردەوەو تیایدا رایانگەیاند بوو: " هاوپەیمانان بە خۆبەدەستەوەدانی ئەڵمانیا رازی نابن، تەنها لەلایەن یەك کەسەوە نەبێت، کە ئەویش مارشاڵ رۆنشتدە". هەرچۆنێك بێت کەس باوەڕی بەم دیعایەیە نەکرد، بەڵام هیتلەر گوێبیستی ئەم هەواڵە بوو، کاتێکیش رۆنشتد خۆی گوێی لەم دیعایەی هاوپەیمانان بوو، بە سەرۆکی دەستەی روکنەکەی گوت: تازە پلەو پایەکەم درێژەی نابێ!!.

ئەوەی رۆنشتد بناسێت بە تەواوی دەزانێت کە ئەو هەرگیز خیانەت لە سوێندەکەی ناکات، لەبەر ئەوەی رۆنشتد سوێندی خواردبوو کە وەلای بۆ هیتلەر هەبێت، بۆیە خیانەتی لێ نەدەکرد. بەڵام دیکتاتۆر بە سروشتی خۆی متمانەی بە کەس نەدەکرد، بە تایبەتیش لەو کات و ساتە دژوارانەی ساڵی ١٩٤٥.

رۆنشتد دوای چەند رۆژێك لە بڵاوکردنەوەی دیعایەکە بانگکرایەوە بۆ بەرلین، لە رۆژی ٨ی مارت مارشاڵ کایتل پێی راگەیاند کە هیتلەر بیر لە گۆڕانکاری کردن لە سەرکردایەتی رۆژئاوا دەکاتەوە، لە ٩ی مارتیش پەیوەندیەکی تەلەفۆنی دیکە کراو راگەیەنرا کە مارشاڵ کیسرلنگ سەرکردایەتی رۆژئاوا وەردەگرێت. لە ١٠ی مارت رۆنشتد خواحافیزی و ماڵئاوایی لە دەستەی روکنەکەی سەربازەکانی کرد، کە بە یەك ریز وەستابوون بۆ ماڵئاوایی لێکردنی، کە رۆنشتد سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو، گشتیان هەستیان کرد: تازە هەموو شتێك تەواو بوو.."

هیتلەر فەرمانی بە رۆنشتد دا لە لایەکی بەرلین ببینێت، گفتوگۆکەیان درێژەی نەکێشا، بەلاّم بە رێزو ئیحتیرامەوە بوو، تیایدا هیتلەر سوپاسی رۆنشتدی کرد سەبارەت بە خزمەتەکانی، هەروەها میدالیای شمشێری سوارەی پێ بەخشی، هەروەها پێشی گوت کە ئەو ناچار بوو هێرشی ئەردین بکات، هەرچەندە خۆشی بێ ئومێد بوو لە سەرکەوتنی...

بۆ دواجار ئەو دوو پیاوە کە لە راستیدا هیچ رق و بوغزێکیان لە نێوان نەبوو لە یەکتر جیابوونەوە، دواتر رۆنشتد چووە بادتویلز لە باڤاریا و لەوێ مایەوە تا ئەو کاتەی ئەڵمانیا خۆی بەدەستەوە داو، ئەویش بە دیل گیرا. بەلاّم بەرخودانی هێزەکان بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو، هەروەها زۆر پێکهاتەش خۆی بەدەستەوە نەدا تاکو ٩ی مایسی ١٩٤٥، ئەم بەیەکدادانەی چەند هەفتەی دوایی ناتوانرێت بە شەڕ ناوی ببرێ، هەروەها هیچ سەرکردەیەکی ئەڵمانی بە مانای راست لەوێ نەمابووەوە، لەگەڵ ئەوەش هێزەکانی ئەڵمانی تا کۆتایی فەرمی شەڕ هەر بەردەوام بوون لە شەڕکردن.

پڕ به دڵ سوپاسی مامۆستا خالید مەلا فائیز دەکەین کە دەقی عەرەبی ئەو کتێبەی پێ بەخشین.

چاپخانەی ڕۆژ هەڵات